حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانیی

سکوڵی زمان – بەشی کوردیی

# ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە

# لە زمانی کوردییدا

نامەیەکە

هیوا مەولود عەبدوڵڵا

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە، وەك بەشێك لە پێویستییەکانی خوێندنی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

سەرپەرشت

پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

٢٠١٦ ی زایینی ٢٧١٦ ی کوردیی

ئەم نامەیە (ئەنالۆژیی کۆد_گۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا) بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا.

ناو : پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

ڕۆژ :       /      / ٢٠١٦

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ :       /      / ٢٠١٦

# پێشکەشە بە

- دایکم، کە ماندونەناسانە ئێمەی گەیاندە ئەم ڕۆژە.

- ڕۆحی پاکی باوکم، کە هەمو ئامانج و ئاواتێکی سەرکەوتنی ئێمە بوو لە خوێندندا.

- هاوسەری خۆشەویستم.

- سان.

- خوشك و براکانم.

# سوپاس و پێزانین

– سوپاسی بێپایانم هەیە بۆ بەڕێز (پ.ی.د. شاخەوان جەلال فەرەج)، کە بە بەردەوامیی سەرچاوەی زانیارییم بووە و بە ئەمەکەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتووەتە ئەستۆ. هەمیشە بە تێبینییە ورد و زانستییەکانی سودمەندبووم و هاوکارییەکی بێسنوری کردووم.

– زۆر سوپاس بۆ مامۆستا بەڕێزانەی، کە بە ڕێنماییە بەپێزەکانیان و پێدانی سەرچاوەی زانستیی، هاوکارییان کردووم.

– زۆر سوپاس بۆ هەمو ئەو کەسانەی، کە لە تایپکردنی ئەم نامەیە، یان بە هەر شێوەیەکی تر هاوکارییانکردم.

# فەرهەنگی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ا |
| Blinding | ئاوێتەکردن |
| Analogy | ئەنالۆژی (چونیەکیی/ چون ئەویی) |
| Language Analogy | ئەنالۆژیی زمانیی |
| Analogy of Code-switching | ئەنالۆژیی کۆدگۆڕینەوە |
| Prime Analogy | ئەنالۆژیی بەرایی |
| Word Analogy | ئەنالۆژیی وشە |
| | ب |
| Creativity\ Productivity | بەبەرهەمیی |
| Focusing and Diffusion | بەچەقکردن و تەشەنەکردن |
| Friction Language | بەریەککەوتنی زمانیی |
| Creolization | بەکریۆلکردن |
| Encoding | بەکۆدکردن |
| Morse Encoding | بەکۆدکردنی پیتەکان |
| Discourse Encoding | بەکۆدکردنی دەق |
| Syntactic Encoding | بەکۆدکردنی سینتاکسیی |
| Phonological Encoding | بەکۆدکردنی فۆنۆلۆژیی |
| Semantic Encoding | بەکۆدکردنی واتایی |
| Interference | بەیەکداچونی زمانیی |
| | پ |
| Sociological System | پێڕەوی کۆمەڵایەتیی |
| Prefix and Suffix | پێشگر و پاشگر |
| Transfer Process | پێواژۆی گواستنەوە |
| Imitation Process | پێواژۆی لاسایکردنەوە |
| | ت |
| Monolingual | تاک_زمان |
| Individuality and Conformity | تاکگەرایی و هەڵکردن (پابەندێتیی) |

| | |
|---|---|
| Performance of electing | توانای هەڵبژاردن |
| Mental competence | توانستی ئاوەزیی |
| Communicative Competence | توانستی پەیوەندیکەرانە |
| Grammatical competence | توانستی ڕێزمانیی |
| Sociolinguistic competence | توانستی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی |
| Strategic competence | توانستی ستراتیژیی |
| Discourse analysis competence | توانستی شیکردنەوەی دەق |
| Baby Talk Theory | تیۆریی ئاخاوتنی منداڵان |
| Experience Theory | تیۆریی ئەزموونکردن |
| Mental Theory | تیۆریی ئاوەزیی |
| Silence Theory | تیۆریی بێدەنگیی |
| Communication Theory | تیۆریی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن |
| Situation Theory | تیۆریی بارودۆخ |
| Cognitive Theory | تیۆریی درکپێکردن |
| Information Theory | تیۆریی زانیاریی |
| The Interaction Theory | تیۆریی کارلێککردن |
| Imitation Theory | تیۆریی لاسایکردنەوە |
| Inter-Language Theory | تیۆریی نێوان_زمانیی |
| Speech Accommodation Theory | تیۆریی هاوشێوەبوونی ئاخاوتن |
| Facilitation | تێپەڕاندن |
| ج | |
| Bilingual | جووت_زمان |
| Bilingualism | جووت_زمانیی |
| Horizontal Bilingualism | جووت_زمانیی ئاسۆیی |
| Reciprocal Bilingualism | جووت_زمانیی ئاڵوگۆڕکەرانە |
| Non-reciprocal Bilingualism | جووت_زمانیی ئاڵوگۆڕنەکەرانە |
| Ideal Bilingualism | جووت_زمانیی نموونەیی |
| Functional Bilingualism | جووت_زمانیی ئەرکیی |
| Balanced Bilingualism | جووت_زمانیی هاوسەنگکراو |
| Educational Bilingualism | جووت_زمانیی پێگەیەنەریی |

| | |
|---|---|
| Individual Bilingualism | جووت_زمانیی تاکگەراییانە |
| Complementary Bilingualism | جووت_زمانیی تەواوکارییانە |
| Diagonal Bilingualism | جووت_زمانیی چەمسەرییانە |
| Stable Bilingualism | جووت_زمانیی جێگیرانە |
| Home Bilingualism | جووت_زمانیی خێزانیی/خۆماڵیی |
| Artificial Bilingualism | جووت_زمانیی دەستکردانە |
| Information Bilingualism | جووت_زمانیی زانیاریی |
| Progressive Bilingualism | جووت_زمانیی زیادبوو (بەرەوپێشچوو) |
| Vertical Bilingualism | جووت_زمانیی ستونییانە |
| Natural Bilingualism | جووت_زمانیی سروشتییانە |
| Official Bilingualism | جووت_زمانیی فەرمیی/دیوانیی |
| School Bilingualism | جووت_زمانیی قوتابخانەیی |
| Regressive Bilingualism | جووت_زمانیی کەمبووەوە |
| Social Bilingualism | جووت_زمانیی کۆمەڵایەتیی/دابەزیو |
| Unstable Bilingualism | جووت_زمانیی ناجێگیر |
| Soordinant Bilingualism | جووت_زمانیی هاریکار |
| Compound Bilingualism | جووت_زمانیی هاوبەش/لێکدەر |
| Analogy variation | جۆراوجۆریی ئەنالۆژیی |
| Language Variation | جۆراوجۆریی زمانیی |
| Society Variation | جۆراوجۆریی کۆمەڵایەتیی |
| چ | |
| Expectation | چاوەڕێکردن |
| خ | |
| Borrowing Society | خواستنی کۆمەڵایەتیی |
| Facilitation | خۆلادان/ تێپەڕاندن |
| د | |
| Custom | دابونەریت |
| Insertion | دانان/هێنانەناوەوە |
| Language Accusation Device | دەستگای زمانوەرگرتن |
| Linguistic Context | دەوروبەری زمانیی |

| | |
|---|---|
| Context of Situation | دەوروبەری نازمانیی |
| Isolate Building | دروستبووی جیاکراوەی تاکوتەنها |
| Back Formation | دورستکردنی وەرگەڕاوە |
| Diglossic-Bilingual | دوودیویی جووت_زمانیی |
| Diglossia | دوودیویی زمانیی |
| | ڕ |
| Visual Method | ڕێبازی بینەریی |
| The Reform Method | ڕێبازی چاکسازیی |
| The Reading Method | ڕێبازی خوێندنەوە |
| Universal Grammar | ڕێزمانی جیهانیی |
| Relativity Language | ڕێژەیی زمانیی |
| Social Agreement | ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی |
| The Direct Approach | ڕێگای ڕاستەوخۆ |
| | ز |
| Using Language | زمانبەکارهێنان |
| Language Learning | زمانفێربوون |
| Language Education | زمانفێرکردن |
| Language Accusation | زمانوەرگرتن |
| Esperanto Language | زمانی ئیسپرانتۆ |
| Pidgin Language | زمانی بێکەس |
| Mixed Language | زمانی تێکەڵ |
| Mother language | زمانی دایك/شیریی |
| Second Language | زمانی دوهەم |
| Majority Language | زمانی زۆرینە |
| Standard Language | زمانی باڵا/ستاندارد |
| Official Language | زمانی فەرمیی/دیوانیی |
| Minority Language | زمانی کەمینە |
| First Language | زمانی یەکەم |
| | ش |
| Idiolect | شێوازی ئاخاوتنی تاك |

| | |
|---|---|
| | ف |
| Multi-Dialects | فرەزاریی |
| Plurilingualism\ Multilingualism | فرەزمانیی (فرەیی) |
| Lexical Phrase | فرێزی بەلێکسیمبوو |
| Idioms Phrase | فرێزی ئیدیۆمیی |
| Second Language Learning | فێربوونی زمانی دوهەم |
| | ك |
| Effectiveness | کارایی |
| Acronym | کورتکردنەوەی دەنگیی/ ئەلفوبێیی |
| Clipping | کورتکردنەوەی وشەیی |
| Ideology Code | کۆدی ئایدۆلۆژیی |
| Cognitive Code | کۆدی درکپێکردنیی |
| Code-Mixing | کۆد_تێکەڵکردن |
| Individual Code-Mixing | کۆد_تێکەڵکردنی کەسیی |
| Sociology Code-Mixing | کۆد_تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتیی |
| Code-Switching | کۆد_گۆڕینەوە |
| Conversational Code-Switching | کۆد_گۆڕینەوەی ئاخاوتنیی |
| Metaphorical Code-Switching | کۆد_گۆڕینەوەی مێتافۆڕیی |
| Tag Code-Switching | کۆد_گۆڕینەوەی وشەیی |
| Decoding | کۆد_لێدانەوە/لێکدانەوە/هەڵوەشاندنەوە |
| Syntactic Decoding | کۆد_لێکدانەوەی سینتاکسیی |
| Semantic Decoding | کۆد_لێکدانەوەی سیمانتیکیی |
| Phonological Decoding | کۆد_لێکدانەوەی فۆنۆلۆژیی |
| Elaborated Code | کۆدی بڵاو |
| Broadcast Code | کۆدی باو |
| Restricted Code | کۆدی سنوردار |
| Behavior Code | کۆدی ڕەفتاریی |
| Ignored Code | کۆدی فەرامۆشکراو |
| Linguistic Code | کۆدی زمانیی |
| Sociology Code | کۆدی کۆمەڵایەتیی |

| | |
|---|---|
| Maturely Code | کۆدی گەشەکردوو |
| Narrowcast Code | کۆدی باڵا |
| Speech Community | کۆمەڵی ئاخێوەران |
| | گ |
| Contrastive Hypothesis | گریمانەی هەمبەریی |
| Output Hypothesis | گریمانەی دەرکردە |
| The Scaffolding Hypothesis | گریمانەی دروستەی کاتی پاڵپشت |
| Error Analysis Hypothesis | گریمانەی شیکردنەوەی هەڵە |
| Identity Hypothesis | گریمانەی ناسنامەدیاریکردن |
| Positive Transfer | گواستنەوەی ئەرێنی |
| Negative Transfer | گواستنەوەی نەرێنی |
| | ل |
| Alternation | لەبریدانان (جۆری ئازاد) |
| Agglutination | لکاندن |
| | م |
| Language Conflict | ململانێی زمانیی |
| | ن |
| Intra-Sentential | ناو ڕستەیی |
| Inequality | نایەکسانیی |
| Semi-Lingual | نیمچە زمانیی |
| Inter-Sentential | نێوان ڕستەیی |
| | هـ |
| Zone of Proximal Development | هەرێمی گەشەکردنی نزیك |
| Error Performance | هەڵەکانی توانا |
| Error Competence\ Mistake of Competence | هەڵەکانی توانست |
| Speak Situation | هەڵوێستی ئاخاوتن |
| Sign | هێما |
| Significatum\ Signified | هێمابۆکراو |
| Symbolic Sign | هێمای ڕەمزیی |
| Sign of Language | هێمای زمانیی |

| و | |
|---|---|
| Culture Borrowing | وەرگرتنی کەلتوریی |
| Borrowing Translation | وەرگێڕانی قەرزکەرانە |
| Word Creation | وشە داهێنان |
| Word Formation | وشە دروستکردن/فۆڕمداڕشتنی وشە |
| Word Mixing | وشە تێکەڵکراوەکان |
| Word Coinage | وشەلەسکەدان |
| Borrowing Word | وشەوەرگرتن/ وشە خواستن/قەرزکردن |
| Metaphor | وێنەگواستنەوە |

# پێڕست


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ١ – ٣ |
| ١/٠) | بووار و ناونیشانی نامەکە | ١ |
| ٢/٠) | هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە | ١ |
| ٣/٠) | سنوری نامەکە | ١ |
| ٤/٠) | کەرەستەی نامەکە | ١ |
| ٥/٠) | ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٦/٠) | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٧/٠) | ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| بەشی یەکەم: بەرایيەك لەسەر زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ | | ٤–٤٨ |
| ١/١) | زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی | ٥ |
| ١/١–١) | زمان و کۆمەڵ | ٧ |
| ١/١–٢) | کۆمەڵی ئاخێوەران | ١١ |
| ١/١–٣) | شێوازی تاك و شێوازی کۆمەڵ | ١٥ |
| ١/١–٤) | گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی زمانیی | ١٧ |
| ٢/١) | گۆڕانی زمانیی لە فێربوونی زمانییدا | ٢٥ |
| ٢/١–١) | زمانپژان | ٢٥ |
| ٢/١–١–١) | تیۆرییەکانی زمانپژان | ٢٧ |
| ٢/١–١–٢) | قۆناغەکانی زمانپژان | ٢٩ |
| ٢/١–٢) | فێرکردن و فێربوونی زمانی دوهەم | ٣١ |
| ٢/١–٢–١) | پەروەردەی تاك و فێربوونی زمانی دوهەم | ٣٣ |
| ٢/١–٢–٢) | تیۆریی و ڕێگاکانی زمانفێرکردن و فێربوونی زمانی دوهەم | ٣٧ |
| ٣/١) | کاریگەریی هەمەچەشنیی زمانیی لە فێربوونی زمانی دوهەمدا | ٤٢ |
| ٣/١–١) | دو_دیویی زمانیی | ٤٣ |
| ٣/١–٢) | جووت_زمانیی | ٤٤ |
| ٣/١–٢–١) | هۆکارەکانی جووت_زمانیی کۆمەڵگە | ٤٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ١/٣-٢-٢) | جۆرەكانی جووت_زمانیی | ٤٦ |
| بەشی دوهەم: ئەنالۆژیی کۆد و کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا | | ١٢٦-٤٩ |
| ١/٢) | کۆد لە هێمالۆژییدا | ٥٠ |
| ٢/١-١) | کۆدکردن و کۆدلێکدانەوە | ٥٤ |
| ٢/١-٢) | چەشن و جۆرەکانی کۆد | ٥٨ |
| ٢/١-٢-١) | کۆدە کۆمەڵایەتییەکان | ٥٨ |
| ٢/١-٢-٢) | کۆدە لێکدانەوەییەکان | ٦٢ |
| ٢/١-٢-٣) | کۆدە دەقییەکان | ٦٣ |
| ٢/١-٢-٤) | کۆدە واقعییەکان | ٦٥ |
| ٢/١-٣) | کۆد لە بەجێهێنانی ئەرکدا | ٦٥ |
| ٢/١-٤) | کۆدە زمانییەکان لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا | ٦٦ |
| ٢/١-٤-١) | شێوازەکانی ئاخاوتن | ٦٧ |
| ٢/١-٤-٢) | توخمەکانی ئاخاوتن | ٦٨ |
| ٢/١-٤-٣) | توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە | ٧٢ |
| ٢/٢) | کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن | ٧٥ |
| ٢/٢-١) | پاڵنەر و هۆکارەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردن | ٧٧ |
| ٢/٢-٢) | کۆدگۆڕینەوە | ٧٩ |
| ٢/٢-٢-١) | جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە | ٨١ |
| ٢/٢-٢-٢) | پێکهاتە زمانییەکانی کۆدگۆڕینەوە | ٨٣ |
| ٢/٢-٣) | کۆدتێکەڵکردن | ٨٥ |
| ٢/٢-٣-١) | ڕوانگە و تیۆرەییەکانی کۆدتێکەڵکردن | ٨٦ |
| ٢/٢-٣-١-١) | ڕوانگە زمانییەکان | ٨٦ |
| ٢/٢-٣-١-٢) | ڕوانگە ئاوەزییەکان | ٨٩ |
| ٢/٢-٣-١-٣) | ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەکان | ٨٩ |
| ٢/٢-٣-٢) | شێوەکانی کۆدتێکەڵکردن | ٩١ |
| ٢/٢-٣-٢-١) | شێوەی چەسپاوی کۆدتێکەڵکردن/ کۆدتێکەڵکردنی کۆمەڵایەتیی | ٩١ |
| ٢/٢-٣-٢-٢) | کۆدتێکەڵکردنی کاتیی/کەسیی | ٩٣ |
| ٢/٢-٣-٣) | پێکهاتە زمانییەکانی کۆدتێکەڵکردن | ٩٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٢) | ئەنالۆژی و ئەنالۆژیی زمانیی | ٩٨ |
| ٢/٣-١) | چەمك و پێناسەی ئەنالۆژی | ٩٨ |
| ٢/٣-٢) | چەشن و جۆرەکانی ئەنالۆژی | ١٠٠ |
| ٢/٣-٣) | ئەنالۆژی و زمان | ١٠١ |
| ٢/٣-٣-١) | ئەنالۆژیی زمانیی | ١٠٥ |
| ٢/٣-٣-٢) | ئەنالۆژی و (توانست و توانا) | ١٠٧ |
| ٢/٣-٣-٣) | ئەنالۆژی و (زمانپژان و زمانفێربوون) | ١٠٧ |
| ٢/٣-٤) | ئەنالۆژیی وشە دروستکردن | ١٠٨ |
| ٢/٣-٤-١) | وشەداهێنان | ١١٢ |
| ٢/٣-٤-٢) | وشەداڕشتن | ١١٤ |
| ٢/٣-٤-٣) | فرێزی بە لێکسیمبوو | ١١٧ |
| ٢/٣-٤-٤) | کورتکردنەوەی وشە | ١١٨ |
| ٢/٣-٤-٥) | وشە وەرگرتن | ١٢٠ |
| ٢/٣-٤-٦) | مێتافۆڕ | ١٢١ |
| ٢/٣-٥) | ئەنالۆژی و گۆڕانی زمانیی | ١٢٢ |
| ٢/٣-٦) | ئەنالۆژیی و پێشبینیکردن | ١٢٣ |
| ٢/٣-٧) | ئەنالۆژیی کۆدگۆڕینەوە | ١٢٥ |
| بەشی سێهەم: ئەنالۆژیی وشە کۆدتێکەڵکراوەکان | | ١٢٧-١٦٤ |
| ١/٣) | ئەنالۆژیی فۆڕم و واتای وشە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٢٨ |
| ٣/١-١) | ئەنالۆژیی وشە داڕێژراوە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٣١ |
| ٣/١-٢) | ئەنالۆژیی وشە لێکدراوە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٣٥ |
| ٣/١-٣) | ئەنالۆژیی وشە لێکدراوە داڕێژراوە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٤٩ |
| ٣/١-٤) | ئەنالۆژیی وشە ئاوێتەکراوە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٥٥ |
| ٢/٣) | ئەنالۆژیی فرێزە بەلێکسیمبووە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٥٦ |
| ٣/٣) | ئەنالۆژیی کورتکراوە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٦١ |
| ٣/٣-١) | ئەنالۆژیی کورتکراوە وشەییە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٦١ |
| ٣/٣-٢) | ئەنالۆژیی ئەکرۆنیمە دەنگیی/ئەلفوبێییە کۆدتێکەڵکراوەکان | ١٦١ |
| ئەنجام | | ١٦٤ |
| سەرچاوەکان | | ١٦٥ |

| | |
|---|---|
| **ألخلاصه** | ١٧٣ |
| Abstract | ١٧٤ |


## پێڕستی نەخشەکان


| ژمارە | نەخشە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نەخشەی ژمارە ١ | ٥٥ |
| ٢ | نەخشەی ژمارە ٢ | ٦٨ |
| ٣ | نەخشەی ژمارە ٣ | ٧٢ |

# پێشەکیی

## ١/٠) بووار و ناونیشانی نامەکە

ناونیشانی نامەکە بۆ (ئەنالۆژیی کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە و لە بوواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدایە. تێیدا هەوڵدەدەین، فۆڕمە زمانییە کۆدگۆڕراوەکان لە ڕووی فۆڕم و واتاوە لەسەر بنەمای پێوەرە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی شیبکەینەوە.

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

چەند هۆکارێکی گرنگ لە پشت هەڵبژاردنی ئەم بابەتەوەن، لەوانە کرانەوەی کۆمەڵی کوردیی بە ڕووی جیهاندا و هاتنە ناوەوەی کەرەستە و پێداویستییە ڕۆژانە و تەکنەلۆژییەکان، هاتنی کۆمپانیا، ڕێکخراوە بیانییەکان و تەشەنەکردنی خزمەتگوزارییە کۆمپیوتەریی و ئینتەرنێتییەکان وەك (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارەکانی پەیوەندیکردن). هەروەها زیادبوون و فراوانبوونی فێربوونی زمانی دووهەم و کاریگەرییدانانی فێربوونی زمانی دووهەم لە قسەکردنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی زمانیی کوردییدا. لە ئەنجامی ئەمانەشەوە ژمارەیەکی زۆر وشەی زمانە بیانیی و ڕۆژئاواییەکان، بەتایبەت زمانی ئینگلیزیی، بۆ ناونانی کەرەستەکان و چۆنێتی بەکارهێنانیان، هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە و بەکارهێنانیان لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بووە بە پێویستیی و دەستلێهەڵگرتنیان کارێکی ئەستەمە و بەردەوامیش لە زیادبووندان. سەرەڕای ئەوەش هەندێك لەو وشانەی وەرگیراون لەگەڵ وشە و مۆرفێمە بەندەکانی زمانی کوردییدا تێکەڵکراون و وشەی نوێیان دروستکردووە. واتە ڕووبەرێکیان لە فەرهەنگی زمانی کوردییدا داگیرکردووە و جێگە بە وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردیی لەقدەکەن. هەموو ئەمانەش وایانکرد، کە ئەم بابەتە ببێتە جێی سەرنجدان و تێبینیکردن و قسەلەسەرکردن.

## ٣/٠) سنووری نامەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەناو زاری کرمانجی ناوەڕاستدایە و بۆ شیکردنەوەی داتا زمانییەکانی ئەو زارە لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا تەرخانکراوە.

## ٤/٠) کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەشمان قسەکردنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی کوردیی (زاری کرمانجیی ناوەڕاست)ە و بە پێی پێویستیی نامەکەیش نموونەی زمانەکانی تریشمان بەکارهێناوە. لەگەڵیشیدا بۆ ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە، سوودمان لە کۆمەڵێك سەرچاوەی زانستیی باوەڕپێکراو بە زمانی کوردیی و چەند زمانێکی بیانیی، وەرگرتووە.

## ٥/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا سوود لە ڕێبازی پەسنکەرانەی شیکەرەوانە و میتۆدی زانستی زمانیی کۆمەڵایەتیی وەرگیراوە و لە هەندێك شوێنیشدا بە پێی پێویستیی لێکۆڵینەوەکە، وەك یاریدەدەر/تەواوکەرێکیش، سوودمان لە ڕێبازی بەراوردکاریی وەرگرتووە.

## ٦/٠) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە

ئامانجی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە، کە لە هەندێك کۆدە گۆڕراو و تێکەڵکراوەکانی زمانی کوردیی (کوردیی–ئینگلیزیی) بکۆڵینەوە و ڕۆڵی ڕێسا ئەنالۆژییەکانی زمانی کوردیی لە داڕشتن و لێکدانیان، کاریگەریی کۆمەڵ، گۆڕان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جووت_زمانیی لە وەرگرتنی وشە بیانییەکان و تێکەڵکردنیان لەگەڵ وشەکانی زمانیی کوردییدا، بخەینەڕوو.

## ٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە

ناوەڕۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکیی، سێ بەش، ئەنجام، پوختە و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. ناوەڕۆکی سێ بەشەکە بەمشێوەیە خستومانەتەڕوو:

بەشی یەکەم/ بەرایییەك لەسەر زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ: لە سێ پار پێکدێت، کە (زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، ئەرکی گۆڕانی زمانیی لە فێربوونی زمانییدا، کاریگەریی هەمەچەشنیی زمانیی لە فێربوونی زمانی دووهەمدا)ن. لە یەکەمیاندا لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ، کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتریی، جۆرە زمانییەکان، شێوازی تاك و شێوازی کۆمەڵ، گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی زمانیی دەکەین. لە دووهەمیشیاندا لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی یەکەم، زمانی دووهەم، زمانپژان، فێربوونی زمانی دووهەم، تیۆرییەکانی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم دەکەین. لە پاری سێهەمیشدا باسی هەمەچەشنیی زمانیی دەکەین و لەو چوارچێوەیەدا لە دوودیویی زمانیی، جووت_زمانیی، هۆکارەکان و چەشنەکانی جووت_زمانیی دەکۆڵینەوە.

بەشی دووهەم/ ئەنالۆژیی کۆد و کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردییدا: ئەم بەشە لە سێ پار پێکدێت، کە (کۆد لە هێمالۆژییدا، کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن، ئەنالۆژیی و ئەنالۆژیی زمانیی). لە پاری یەکهەمیاندا لە کۆدی زمانیی، بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە، جۆرەکانی کۆد، ئەرکەکانی کۆد، بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا، توخمەکانی ئاخاوتن و توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە دەکۆڵینەوە. لە پاری دووهەمیشدا لە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن و بیرۆکە و تیۆرییەکان و جۆرەکانیان و پێکهاتە زمانییەکانیان بە نموونەوە، دەکۆڵینەوە. لە پاری سێهەمیشدا لە ئەنالۆژیی و ئەنالۆژیی زمانیی و ئەنالۆژیی وشە دروستکردن و پەیوەندی ئەنالۆژیی زمانیی و گۆڕانی زمانیی و پێشبینیکردن دەکۆڵینەوە. دواتر بە بەراییەك لە ئەنالۆژیی کۆد_تێکەڵکردن، بەشی دووهەم کۆتایی پێدەهێنین.

بەشی سێهەم/ ئەنالۆژیی وشە کۆدتیکەڵکراوەکان: لەم بەشەدا بە پێی ئەو پۆلێنەی، کە لە بەشی دووهەمدا بۆ یاساکانی وشە دروستکردنی زمانی کوردیی دەکەین، چەند نموونەیەك لە وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان وەردەگرین و لە ڕێسا ئەنالۆژییەکانیان و فۆڕم و واتا سێمانتیکیی و پراگماتیکییەکانیان دەکۆڵینەوە. دابەشی سێ پارمان کردووە، کە ئەمانەن: (ئەنالۆژیی فۆڕم و واتای وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان، ئەنالۆژیی فرێزە بەلێکسیمبووە کۆد_تێکەڵکراوەکان، ئەنالۆژیی کورتکراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان)ن. لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکمان لەو بارەوە خستووەتەڕوو.

# بەشی یەکهەم

# بەرایییەك لەسەر

# زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و

# پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ

## ١/١) زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی

مرۆڤ هەمیشە سەرنجی خۆی و جیهانی دەوروبەری خۆی داوە. ئەمەش وایکردووە، بە دوای تایبەتمەندیی و نهێنیی و ناڕوونییەکانی هەر شتێکدا بگەڕێت، کە دەستییپێدەگات، یان دەیبینێت، یان درکییپێدەکات. لەمەشەوە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ شتەکان سەریهەڵدا، هەتا بە پلەی زانست گەیشتن. زمانیش یەکێکە لەو بووارانەی، کە لەمە بەدەر نییە و جێگەی گرنگییپێدانی مرۆڤ بووە. چەمکی ئەم گرنگیی پێدانەش بوون بە بنەمای سێ تێڕوانینی سەرەکیی:

یەکەمیان: تەنها وەك پێکهاتەیەکی ئاوەزیی و بیریی دابڕاو لە کات و شوێن و کەسانی بەکارهێنەر لە زمان دەڕوانێت.

دووهەم: لە زمان دەڕوانێت، وەك ئامێرێکی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و کەلتووریی هەر کۆمەڵێك.

سێهەم: تێڕوانینی سێهەمیش، کە پێیدەوترێت (Interaction) هەوڵدەدات بە لێکدانی دوو تێڕوانینەکەی تر (ئاوەزیی و کۆمەڵایەتیی) و تێکەڵکردنیان بە لایەنی درکپێکردن، لە زمان بڕوانێت.

ئەم زانستە (زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی[١]) بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەکەی، چەمکەکەی، تایبەتمەندییەکانی، مەبەستەکانی و ئامانجەکانی، کۆمەڵێك پێناسە و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر و فرەلایەنی لەسەرکراوە، کە تەوەرەی سەرەکیی هەموویان لە پەیوەندیی و کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتریی دەخولێتەوە.

دەتوانین بڵێین زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی: "ئەو زانستەیە، پەیوەستە بە کۆمەڵەوە و لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات و لایەنەکانی زمان و ڕێگاکانی بەکارهێنانی، کە پەیوەندیدارە بە ئەرکە کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییەکانەوە، ڕێکدەخات. (شاخەوان جەلال،٢٠١٣: ٥٠)". هەر لەو بارەوە، بۆچوونێکی تر هەیە، وا پێناسەی

---

[١] - زانایانی بواری زانستی زمان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زمانەوە لەسەر دەستی (فێردیناند دیساسۆر De Saussure)، سەرنجی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمانیشیان داوە. یەکێك لەوانە خودی دامەزرێنەر خۆیەتی، کە دەڵێت: "زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت لەو ڕووەشەوە لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت". لەم ڕووانگەیەشەوە، لەبەر گرنگیی پەیوەندی زمان و کۆمەڵی بەکارهێنەری و بۆ شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە و لە دوای ئەوەی زانستی زمان لەسەر دەستی (دیساسۆر De Saussure) و کۆمەڵناسیش لە سەردەستی (ئەمیل دۆرکهایم) بوون بە دوو زانستی سەربەخۆ، زانستی زمانی کۆمەڵایەتییش، وەك زانستێکی نێوان_زانستیی، لەسەردەستی (فێرس J. R. Firth و مالینۆفیسکیی Malinowski) دامەزرا و (فێرس Firth)یش لە ساڵی (١٩٣٥) بۆ یەکەمجار زاراوەی (زمانەوانیی کۆمەڵناسیی) بەکاریهێناوە. ئەوەش لە چوارچێوەی (تیۆریی دەوروبەر)دا بۆ لێکدانەوەی واتا بوو، کە جەخت لەسەر (کەسێتیی قسەکەر و گوێگر، بارودۆخی قسەکردن، ئەرکی قسەکردن و کاریگەریی قسەکەر) دەکاتەوە. دۆزینەوەی مەیدانییەکانی دوای ساڵانی شەست و حەفتاکانیش، هاندەرێکی گرنگبوون، بۆئەوەی ئەم زانستە هەنگاوی گەورە بهاوێژێت و گەشەی زۆر بەخۆوە ببینێت.

بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە: هدسن (١٩٨٧: ٢١٦)، محەمەد مەعروف (٢٠١٠: ١٣٦)، شاخەوان (٢٠١٣: ٤٣)، الخربی (٢٠٠٧: ١٦٨—١٦٩) و ئەو سەرچاوانەشی تیایاندا هاتووە.

دەكات، كە "لێكۆڵینەوەیە لە زمان پەیوەست بە كۆمەڵەوە (هدسن،١٩٨٧: ١٦)". یان بە شێوەیەكی فراوانتر دەكرێت بڵێین، "لقێكی زانستی زمانە و لێكۆڵینەوە وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتیی لە زماندا دەكات، لە پەیوەندی نێوان زمان و كۆمەڵ و كاریگەرییان لەسەر یەكتر دەكۆڵێتەوە. واتە خەریكی لێكدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە، كە لە نێوان هەڵوێستی كۆمەڵایەتیی و هەڵبژاردنی زمان، یان زاردا هەیە (محەمەد مەعروف فەتاح،١٩٨٦: ١١٥)". لێرەوە دەتوانین بڵێین: زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی ئەو زانستەیە بە سوودوەرگرتن لە تێڕوانینەكانی زانستی زمان و زانستی كۆمەڵناسیی، لە زمانبەكارهێنان و ئەو هۆكارانەی كاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی زمانیی، شێوازی قسەكردن و گۆڕانە زمانییەكان دادەنێن، دەكۆڵێتەوە.

لە زمانەوانیی كوردییدا چەند ناوێك بەرامبەری بەكارهێنراوە، وەك (زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی[٢]، زمانەوانیی كۆمەڵایەتیی و كۆزمانەوانیی). ئەم زانستە زانستێكی دابڕاو نییە، بەڵكو پەیوەندیی و كاریگەریی و ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەگەڵ زانستەكانی تریشدا هەیە، وەك زانستە مرۆڤییەكان و فەلسەفییەكان، چونكە زمان بەرهەمی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانە و ئامرازی گواستنەوەی كەلتوورییە (بای،١٩٩٨: ٤٢)، زمان و كۆمەڵیش هەریەكە بۆخۆیان، دەچنە ناو لێكۆڵینەوەی زانستەكانی ترەوە، یەكێك لەو زانستانە (زانستی زمانی گشتیی[٣])یە.

زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی وەك هەر زانستێكی تر، دوو لقی لێكۆڵینەوەی هەیە، كە لقی (تیۆریی) و لقی (مەیدانیی/ پراكتیكیی)ین (هدسن،١٩٨٧: ١٧). لە دوو لایەنی ئاسۆیی و ستوونییشەوە لە زمان دەكۆڵێتەوە:

١- "مەبەست لە ئاسۆیی، وەك ژینگەی گرووپی كۆمەڵایەتیی و بەها و گرنگیی ئەو كۆمەڵە لە ڕووی جیاوازیی جوگرافیی و ژینگەیی و جیاوازیی زمانیی لە ڕووی زار و شێوەزار و جۆرە زمانییەكانی ترەوە.

٢- لایەنە ستوونییش چینی كۆمەڵایەتیی، خوێندەواریی، تەمەن، توخم و سیاسەت دەگرێتەوە (شاخەوان،٢٠١٣: ٥١)".

لێكۆڵینەوەكانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی لە زمان بە شێوەیەكی گشتیی، بۆ گەیشتنە بە دوو ئامانج، كە:

١- "جیاوازیی زمانیی لە بارودۆخە كۆمەڵایەتییەكاندا چۆن ڕوودەدات.

٢- چۆن لێیانبكۆڵینەوە و بیاخەینەڕوو (Tagliamonte, 2006: i)".

---

[٢]- پێش بە زانستبوونی و ناونانی بە (زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی)، لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی زمان و كۆمەڵ لە ژێر چەند ناوێكی تردا كراوە: "anthropological ethnography, ethnography, communication" (محەمەد مەعروف فەتاح،٢٠١٠: ١٣٥).

[٣]- زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی لەگەڵ زانستی زمانی گشتییدا لەوەدا لەیەكدەچن، كە هەردووكیان گرنگیی بە زمان دەدەن و زانایانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی خۆیان بە زانای زمان دەزانن. هەروەها زانایانی زانستی زمانییش شارەزاییان لە زانستە كۆمەڵایەتییەكاندا هەیە، بەڵام جیاوازییشیان لەوەدایە، كە زانستی زمان لە بونیاد و پێكهاتەكانی زمان لە مێشكی مرۆڤدا دەكۆڵێتەوە، بەبێ گوێدانە كەسی بەكارهێنەر و دەوروبەری بەكارهێنانی زمان، بەڵام زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی لە زمانبەكارهێنان و بنەما كۆمەڵایەتییەكانی ئەو بەكارهێنانە و ئەو لایەنانەی كاریگەریی لەسەر دادەنێت، دەكۆڵێتەوە (هدسن،١٩٨٧: ٢٢).

بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، هەوڵدەدات کاریگەرییەکانی کۆمەڵ و سیستەم و کەلتووری کۆمەڵ بەسەر دیاردەکانی زمانەوە نیشانبدات (تالیب حوسێن،٢٠١٤: ٢٠٥)، بەڵام زمانەوانەکانی ئەم زانستە لە دیاریکردنی سنوور، ئەرك، مەبەست، ئامانجی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و لە هەندێك بابەت و ناونیشان، کە دەبێت زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لێیانبکۆڵێتەوە و گرنگییانپێبدات، تا ڕادەیەك هاوڕان، بەڵام لە وردەکارییەکاندا جیاوازن. ئەوەیش بۆ جیاوازیی گرنگیپێدان و پێویستی لێکۆڵینەوەکانیان دەگەڕێتەوە، بەڵام. ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەکیان دەخەینەڕوو:

١- (هالیدای Halliday) سنووری لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی بە لێکۆڵینەوە لە (زمان و کۆمەڵ، گەشەی زمانیی منداڵ، زمانی نەتەوەیی/ستاندارد، هەمەچەشنیی زمانیی، جووت_زمانیی، فرە_زمانیی، فرە_زاریی، پلاندانانی زمانیی، زارە کۆمەڵایەتییەکان، شێواز و ڕێبازی قسەکردن، گواستنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەریی لە ئاستەکانی زمان دەکەن)، دیاریکردووە (نهر،١٩٨٨: ٣٥).

٢- زمانەوانێکی تر سنووری توێژینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی بە لێکۆڵینەوە لە ئاخێوەر/ نێرەر، گوێگر/ وەرگر، بابەتی قسەکردن و چۆنێتی ئەنجامدانەکەی، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون، پلە و پێگەی کۆمەڵایەتیی و پیشە دیاریکردووە (هدسن،١٩٨٧: ١٧-٣٤).

٣-یەکێکی تر پێیوایە، کاریگەریی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەر زمان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی ئاخێوەران بەرامبەر بە زمان و زار و ئاخێوەرانیان، بە ئەرك مەبەستی ئەم زانستە دیاریکردووە (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٣٩).

٤-"لەو لایەنانەی زمان دەکۆڵنەوە، کە زمانەوانیی بەجێیاندەهێڵێت و هۆکاری دەروونیی و زمانییان تێکەڵدەبێت (هێمن عەبدولحەمید شەمس،٢٠٠٦: ٢٤)".

## ١/١-١) زمان و کۆمەڵ

مرۆڤ بەشێوەیەکی سرووشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە کۆمەڵ دەژین. بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان خۆیاندا و گۆڕینەوەی خواست و هەست و سۆزەکانیان و گەیاندنی بیرەکانیان بە کەسانی تری کۆمەڵەکەیان، پێویستیان بە ئامرازێك یان کەناڵێکی گەیاندن هەیە. گرنگترین و بە بەهاترین ئەو ئامرازانەش بە درێژایی مێژوو، "کە لە ئەنجامی پێویستییەکانی تاك و کۆمەڵەوە، لە پێواژۆیەکی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییدا دروستبووە و گەشەیکردووە، زمانە (شاخەوان،٢٠١٣: ٣١)". واتە هەر دیاردەیەك و هەر پێکهاتە و داتایەکی زمانیی و کۆمەڵایەتیی پێش هەموو شتێك، لە پێویستیی مرۆڤەوە و بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی دێتە ناو

کۆمەڵەوە و ئەندامانی کۆمەڵیش هەر بە پێی ئەو ڕێککەوتنە، ناوێکی بۆ دادەنێن، یان لەسەر ناونان و چۆنێتی بەکارهێنانی ڕێکدەکەون.

زمانیش بە کاریگەریی هۆکارەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و شارستانییەت و ڕادەی پێشکەوتوویی، یان دواکەوتوویی و فراوانییەکەی، لە کارلێککردنییەوە لەگەڵ کۆمەڵ، زیندوویێتی خۆی دەپارێزێت، وشەکانیشی گەشەدەکەن و نوێدەبنەوە و خۆیان دەنوێنن. وەك (ساپیر Sapir و وۆرف Whorf)یش بۆیاندەرکەوتووە، دەربڕراوەکانیشی ڕەنگدانەوەی گرنگییێدانەکانی کۆمەڵن (کسپە ئەبووبەکر،٢٠١١: ٢٠).

(جان بۆدوان) لە سەدەی نۆزدەدا سەرنجی زمانەوانانی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی زمان ڕاکێشاوە و لە فرەجۆرییە کۆمەڵایەتییەکان و بەریەککەوتنە زمانییەکان و زمانی کەمینە نەتەوایەتییەکانی کۆڵیوەتەوە (بارتیشت،٢٠٠٤: ٧٦). ئەمە سەرەڕای ئەوەی فەیلەسوف و بیرمەندانی ئینگلیزییش وەك (ئادەم سمیس Adam Smith، ڕید Read و دۆگلاس ستیوارت Doglass Stuart) ڕای خۆیان لەم بابەتەدا دەربڕیوە و پێیانوابووە زمان لە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە لە ناوخۆیاندا بۆ ناونانی شتەکان، دروستبووە (عەبدوڵڵا حوسێن،٢٠١٥: ١٠٤). هەر لەمبارەوە، (مالینۆفسکی Malinowski)یش وتوویەتی: "بە پشتگوێخستنی پێشینە و کەلتوور و ڕەنگدانەوەیان لە زماندا، ناکرێت لە زمان بکۆڵینەوە (بەکر عومەر و شێرکۆ حەمەئەمین،٢٠٠٧: ٣٣)".
(ساپیر Sapir و وۆرف Whorf)یش لە گریمانەکەیاندا باسی ڕێژەیی و حەتمییەتیان لە زماندا کردووە. ڕێژەیی بە واتای ئەوەی پەیوەندی زمان و کەلتوور و پێڕەوی نوێنەرایەتیی نێوان وشە و شت، کە مەرج نییە بەرامبەربن، بەڵام حەتمییەت بە واتای ئەوەی زمان تەنها واقیع نانوێنێت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر نەست و ڕەفتاری ئاخێوەرانیشی هەیە (Thomas & Ltd,2004:25). (فێرس Firth)یش بە سوودوەرگرتن لە کار و بۆچوونەکانی (مالینۆفسکی Malinowski) و زمانەوانانی سەدەی نۆزدەهەم، (تیۆریی دەوروبەر)ی دانا، کە جەخت لەسەر کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر واتای وشەکان دەکاتەوە (عەبدە ئەلراجحی،٢٠١٣: ٢٥-٢٧).

زمان پێناسەی مرۆڤ دەکات. زمان واتە ڕەگی خۆی لە کەلتوور، دابوونەریت، ڕەفتار و بیرکردنەوەی تاکەکانیدا داکوتاوە (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٣٧) و تاکەکان بە ڕەنگی کۆمەڵی ئاخێوەری زمانەکە دەنەخشێنێت. هەتا تاك لە تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵی ئاخێوەراندا ڕۆبچێت، زمانەکە زیاتر ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ڕەفتار، هەستوسۆز و بیرکردنەوەی دادەنێت (لویس،١٩٥٩: ٣١). هاوکات ئاخێوەرانیش زمان دەناسێنن و ئێمەش بەهۆی بەکارهێنەرانی زمانەوە دەزانین، کە ئەو زمانە بوونی هەیە و زیندووە. بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵی کوردیی و کەلتوور و دابوونەریتەکەی، بەهۆی زمانی کوردیی و فەرهەنگە زمانییەکەیەوە لە کۆمەڵەکانی تر جیادەکرێتەوە، هەروەها زمانی کوردییش بەهۆی کۆمەڵی کوردیی و

بەکارهێنەرانی کوردەوە، خۆی زیندوو ڕادەگرێت و لە زمانەکانیتر جیادەکرێتەوە و دەناسرێتەوە، چونکە "زمان هێندەی بۆ پتەوکردنی پەیوەندی و بەستراوەیی کۆمەڵ بەکاردێت، نیو هێندە بۆ دەربڕینی بیر بەکارنایەت (اولمان،١٩٧٥: ٢٦)"، چونکە ئەوەی دەبیبنین لە ناو کۆمەڵدا مرۆڤی قسەکەرە لەگەڵ مرۆڤیتردا. هەر بۆیە زمانەوانان پێناسە گەلێکی زۆریان لەسەر پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ خستووەتەڕوو. لێرەدا چەند نموونەیەکیان دەخەینەڕوو:

یەکێك لەو پێناسانە ئەوەیە، کە پێیوایە "زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵ بە ئامانجی پەیوەندیکردن و هاوکاریی، ئەنجامیدەدات (عبدالعزیز، محمد. ١٩٨٣: ٧٧)". جەختی ئەم پێناسەیە لەسەر چالاکیی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندیکردنە، واتە زمان بە چالاکیی و پەیوەندیکردنەوە زیندووە. لە بەرامبەردا، ڕایەکی تر هەیە، کە دەڵێت "زمان مرۆڤ و دەوروبەر دەگەیەنێت بەیەکتریی و لەهەمانکاتیشدا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە، کە قسەکەرانی تێدا دەژین (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٣٨)"، واتە زمان سەرەڕای پەیوەندیکردن و گەیاندن، دۆخی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی و کەلتووریی قسەکەرانیش دەخاتەڕوو. هەروەها (ساپیر Sapir)یش دەڵێت: "زمان ئامێرێکی مرۆیی پوختە (اولمان،١٩٧٥: ٢٠)". بەپێی (قوتابخانەی ئەرکیی)یش"زمان یەکێکە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەگی زمان بۆ ناو بینای کۆمەڵایەتیی درێژدەبێتەوە و لە کەلتوور و دابوونەریتی کۆمەڵ دادابڕێت. (هێمن،٢٠٠٦: ٢٢) (ساجیدە ع. فەرهادیی،٢٠٠٨: ١٥)".

ئەوەی لەم پێناسانەی پەیوەندیی زمان و کۆمەڵەوە تێگەشتین ئەوەیە: زمان بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ و کۆمەڵە مرۆڤییەکان و ئاوێنەی نواندنیی کۆمەڵی بەکارهێنەرێتی. واتە زمان بەهۆی فەرهەنگی وشەکانیەوە، ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بیروباوەڕە ئایینیی و کەلتووریی و ڕۆشنبیرییەکانی ئەو کۆمەڵەیە، کە بەکاریدەهێنن (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٩٣)، چونکە کەلتوور و ڕۆشنبیریی، زمان و زمانبەکارهێنان کۆنترۆڵدەکەن و توانای بیرکردنەوەی مرۆڤیش دیاریدەکەن. هەروەها بڵاوبوونەوە و گۆشەگیریی زمانێك، پەیوەندی بە دەوڵەمەندیی و فرەیی کەلتوور و دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیەوە هەیە (مالبرج،٢٠١٠: ١٦٠).

کەلتووری هەر کۆمەڵێك پێڕەو و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە ناو دابوونەریت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ و فەرهەنگی زمانیی ئەندامانی کۆمەڵدا هەڵگیراون. وەك (دیل هایمز)یش دەڵێت: هەر کەلتوورێك یان کۆمەڵێکی زمانیی ڕەفتار و شتەکان بە شێوەیەکی لە خۆوەیی ڕیزبەندەکات، وەك ئەوەی بەرهەمهێنراوبن (بە دروستکردن و پێگەیاندن) و بە پێی گرنگییشیان لە پەیوەندیکردندا بەکاریدەهێنن و دەیگۆڕنەوە و

لێکدانەوەیان بۆ دەکەن (Winkin, 2001: 20). سەرەڕای ئەوەش،بیرە هەرەوەزییەکان و واقیعی کۆمەڵایەتیی لە تاکەکان بە دەستەڵاترن و تاك ناچار بە پەیڕەویی لێکردنیان دەکەن (بارتیشت،٢٠٠٤: ٨٨).

بە بێ زمانیش، مرۆڤ توانا و هێز و دەسەڵاتی بەسەر خۆی و بیرەکانی دەوروبەرییدا نامێنێت، یان وەك (ساپیر Sapir) دەڵێت: "بەوپێیەی زمان خاوەن هێزێکی کۆمەڵایەتییە و ڕۆڵی گرنگیی لە پێکهێنانی کەسێتی تاکدا هەیە و بوونیادی زمانیی کەسێك یارمەتی شێوەی بیرکردنەوەی دەدات، بۆیە ئەو شارستانییەتانەی، کە لە زماندا هاوبەشن، لە بیرکردنەوەشیاندا هاوبەشن (کسیە،٢٠١١: ١٤)". هەر لەمبارەوە، زانا (ئۆلبێرت) ڕۆڵی زمانی لە کۆمەڵدا لەسەر تاکەکان، لە چوار خاڵدا کورتکردووەتەوە، کە ئەمانەن (نهر،١٩٨٨: ٦١-٦٢):

١- بەهای کۆمەڵایەتیی بە بیرە مرۆڤییەکان دەبەخشێت.

٢- دابوونەریت و کەلتووری کۆمەڵ نەوە لە دوای نەوە دەپارێزێت.

٣- ئامرازی فێرکردنی تاکە.

٤- کەرەستەی بیرکردنەوە بە تاکەکان دەبەخشێت[٤].

کەواتە زمان و کۆمەڵ کاریگەرییان لەسەر یەکتر دوولایەنەیە، هەم زمان لەسەر کۆمەڵ و هەمیش کۆمەڵ لەسەر زمان هەیانە. هەروەها زمان و کۆمەڵ لە چەند تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتییدا لە یەکتر دەچن، یان دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەك هاوشێوەن، کە وەك دیاردە لە کۆمەڵدا هەن و تاکەکان ناچار بە فێربوون و پەیڕەوکردنیان دەکەن. لەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە:

١- (زمان و کۆمەڵ لە چەند یاسایەکی گشتییدا خۆیان فۆرمەلەدەکەن. واتە وەك چۆن هەر دیاردە و ڕەفتار و دابوونەریتێك کۆمەڵە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە، هەر یەکەیەکی زمانییش هەر پێکهاتەیەکی هەبێت، یاسای پێکهاتن، دارشتن، واتابەخشین و بەکارهێنانیی تایبەت بە خۆی هەیە.

٢- زمان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەرهەمی بیری کۆمەڵن و تاکن و گشت مرۆڤەکانیش بەشدارن لە خولقاندن و گۆڕین و فەرامۆشکردنیاندا.

---

[٤]- بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (شاخەوان جەلال، ٢٠١٣). تێیدا سێ جۆر کاریگەریی، یان سێ پۆل کاریگەریی کۆمەڵایەتیی بە پێی ڕێژەی کاریگەرییەکەیان لەسەر زمان، جیاکردووەتەوە:

ا) کاریگەرییە جێگیرەکان، وەك : نەژاد، توخم و چینی کۆمەڵایەتیی.

ب) کاریگەرییە گۆڕدراوەکان، وەك : خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتیی، هەڵوێستی ئاخاوتن و مۆدێلی قسەکردن.

پ) کاریگەرییە هەنوکەییەکان/ دەوروبەر : پەیوەستە بە بارە هەنوکەییەکانەوە وەك (کارکردن،ماڵەوە و کۆمەڵی ئاخێوەران... هتد ).

٣– لادان و دەرچوون لە هەریەكە لەو یاسا و ڕێسایانەی زمان و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان، تاك توشی گوشاری كۆمەڵایەتیی و ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاریی كۆمەڵ دەكات (هێمن،٢٠١٠: ٢٦٦) (نەوزاد،٢٠١٤: ٤)).

٤– هەرگۆڕانێك، یان هاتنەناوەوەی دیاردەیەكی نوێی ڕۆشنبیریی و كەلتووریی و كۆمەڵایەتیی، لە ڕێگەی تاكەكانەوە دێنەناو زمانەوە و دەبنە هۆی دیاردەیەكی گۆڕانی زمانیی، یان دیاردەیەكی زمانیی نوێی، یان خواستنی وشە و چەمك لە زمانی ترەوە. هەریەكەشیان بۆ ئەوەی ببن بە ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتیی، پێویستیان بە ڕێككەوتنی ئەندامانی كۆمەڵ هەیە.

## ١/١–٢) كۆمەڵی ئاخێوەران

مەبەستمانە لێرەدا تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵی ئاخێوەران، یان كۆمەڵی بەكارهێنەری زمان باسبكەین و ڕۆڵ و كاریگەرییان لەسەر زمان شیبكەینەوە. پێش هەموو شتێكیش زمانەوانەكان بە چەند شێوەیەك پێناسەی كۆمەڵی ئاخێوەرانیان كردووە. لە هەریەكە لەو پێناسانەدا، چەند بنەمایەكی جیاواز كراون بە پێوەر:

یەكەم: زمانەوانەكانی وەك (جۆن لیۆنز J. Lyons، ڕاڵف فاسۆڵد Ralph W. Fasold و سافیل ترۆیك) لەسەر بنەمای بەكارهێنانی زمانێك، كۆمەڵی ئاخێوەرانیان دیاریكردووە:

بەجەختكردنەوە لەسەر ژمارەی بەكارهێنەرانی زمان، (ڕاڵف فاسۆڵد) دەڵێت: "مەبەستمان لە كۆمەڵی ئاخێوەران كۆمەڵە خەڵكێكن، كە لە كۆمەڵی بچووكی چەند سەد كەسیی پێكهاتوون، تا دەگاتە گشت نەتەوەكە (فاسولد، ٢٠٠٠: ١)". واتە دەكرێت لە ناو كۆمەڵدا كۆمەڵ و گرووپی بچووكتر هەبن. یان دەتوانین بڵێین، "ئەو كۆمەڵە خەڵكەیە، كە لە كۆمەڵێك نەریت و یاسا و ڕێسادا هاوبەشن و چاوەڕێی ئەوەیان لێدەكرێت لە كاتی بەكارهێنانی زماندا، ئەو جۆرە یاسا و نەریت و گریمانانە بەكاربهێنن (شاخەوان،٢٠١٣: ٤٩)"، واتە هاوبەشیی و بەكارهێنانی زمان و بۆنەكان لە نێوان تاكەكانی كۆمەڵدا، بە بنەمای سەرەكیی بوونی كۆمەڵی ئاخێوەران دادەنێت. (جۆن لیۆنز Lyons)یش، كە جەختی لەسەر تاك_زمانییە، دەڵێت: "كۆمەڵی ئاخێوەران هەموو ئەو خەڵكانەن، كە زمانێك بەكاردەهێنن (هدسن،١٩٨٧: ٥٢)". (سافیل ترۆیك)یش دەڵێت: "پێوەری سەرەكیی كۆمەڵ، ئەزموونێكی هاوبەشە. بەڵام كۆمەڵی ئاخێوەران پەیوەندیدارە بە مەودا و شێوازی هاوبەش لە نرخپێدان و بەكارهێنان و لێكدانەوەی زماندا (LIamas & Ltd,2007:86)".

دووهەم: هەندێكی تر لە زمانەوانەكان بنەمای پەیوەندییكردنی نێوان كۆمەڵەكانیان كردووە بە پێوەر، لەوانە (چارلیز هۆكێت Hockett) و (لیۆنارد بلۆمفیڵد Bloomfield):

"(بلۆمفیڵد Bloomfield) دەڵێت: كۆمەڵی ئاخێوەران، كۆمەڵە خەڵكێكن لە ڕێگەی قسەكردنەوە مامەڵە دەكەن و پەیوەندی بە یەكترەوە دەكەن. (هۆكێت Hockett)یش دەڵێت: هەر زمانێك خۆی پێناسەی

کۆمەڵی ئاخێوەرانی دەکات، ئەوانیش هەر کۆمەڵە خەڵکێکن، کە بەهۆی زمانێکەوە، پەیوەندی بە یەکترەوە دەکەن (هدسن،١٩٨٧: ٥٢)". ئەم دوو پێناسەیە جیاوازییان لەوەدایە، کە (هۆکێت Hockett) باوەڕیوایە تەنانەت ئەگەر لە زمانێکدا کۆمەڵی ئاخێوەران بەهەمان زمان قسەکردن بکەن، بەڵام پەیوەندی و تێکەڵاوییان نەبێت، ئەوا دەبن بە دوو کۆمەڵی جیاواز و سەربەخۆ، بەڵام (بلۆمفیلد) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە دەکرێت لە هەمان کۆمەڵێکی ئاخێوەراندا زیاد لە زمانێك هەبێت (هدسن،١٩٨٧: ٥٢). بۆچوونی (بێرتل ماڵبێرگ Bertil Malberg)یش لەوەی (بلۆمفیلد Bloomfield)ەوە نزیکە، چونکە ئەمیش باوەڕی وایە، کە دەکرێت زمانێك کۆمەڵە نەتەوە و گەل لەخۆبگرێت، وەك (ئەنگلۆفۆنیی، فرانکفۆنیی، ئیسپانیۆلیی) (مالبرج،٢٠١٠: ١٦٨).

بە پێی بنەمای بۆچوونی (هۆکێت Hockett) ئاخێوەرانی زمانی کوردیی زاری کرمانجیی ژووروو لەگەڵ ئاخێوەرانی زاری لوڕیی دوو کۆمەڵی ئاخێوەرانی جیاوازیی هەمان زمانن. بەڵام بە پێی پێناسەکەی (بلۆمفیلد Bloomfield) ئاخێوەرانی زمانی ئینگلیزیی لە وڵاتانی (بەریتانیا، کەنەدا، ئەمەریکا و هیندستان) یەك کۆمەڵی قسەکردنین، چونکە لە یەکتر تێدەگەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئاخێوەرێکی (هیندیی) هیچ هەستێکی وای نییە، کە خۆی بە ئوسترالیی یان کەنەدیی بزانێت، بەڵکو خۆی بە (هیندیی) دەزانێت، هەروەها کەلتووری هیندستان لە کەلتووری ئەو وڵاتانەیتر، کە زمانی ئینگلیزیی زمانی فەرمییانە، جیاوازە، ئەمە بۆ وڵاتەکانی تریش هەر ڕاستە.

سێهەم: هەندێکی تریان هەستی ئاخێوەرانیان کردووە بە پێوەر، لەوانە (ویلیام لابۆڤ William Labov):

(لابۆڤ Labov) داوادەکات بۆ دیاریکردنی کۆمەڵی ئاخێوەران، هەستی ئاخێوەر بکرێتە بنەما، نەك ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی ئاشکرا و دیار. وەك دەڵێت: تەنها لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی ئاشکرا و دیاریی ئەندامەکانی لەسەر بەکارهێنانی یەکەکانی زمانێکی دیاریکراو، پێناسەی کۆمەڵی ئاخێوەران ناکرێت، بەڵکو ڕادەیەکی زۆرتر، بنەمای بەشداریکردنی ئەندامانی کۆمەڵ لە پێوانە هاوبەشەکاندا، کە دەکرێت لە شێوە ئاشکراکانی ڕەفتاردا تێبینیبکرێن، بکرێتە بنەما (هدسن،١٩٨٧: ٥٤) (LIamas & Ltd,2007:85).

ئەم پێناسەیەی (لاپۆڤ) بۆ دیاریکردنی کۆمەڵی ئاخێوەرانی زمانێك تا ڕادەیەکی زۆر دروستترە، چونکە تەنها پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن مەرج نییە، بەڵکو هەستی ئاخێوەر بەرامبەر بە زمانەکە و بەکارهێنەرانی زمانەکە گرنگە، چونکە دەکرێت لەناو کۆمەڵێکدا، جیاوازی تێڕوانین، دەربارەی بەکارهێنانی زمانی ستاندارد/ فەرمیی کۆمەڵەکە هەبێت (Spencer-Oatey,2008:71)، بۆ نموونە ئاخێوەرانی کورد لە بەشە

داگیرکراوەکانی کوردستان، هەرچەندە زمانی دەسەڵات و نەتەوەی داگیرکەر فێرکراون یان فێربوون و بۆ پەیوەندیکردن بەکاریدەهێنن و لێیتێدەگەن، بەڵام کۆمەڵی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی هەرگیز خۆیان بە بەشێك لە کۆمەڵی ئاخێوەرانی زمانی عەرەبیی و تورکیی، یان فارسیی نەزانیوە. لە ناو خۆشیاندا هەرچەندە ئاخێوەری زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیی تا ڕادەیەك گرفتی تێگەیشتنیان هەیە و پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا تا ڕادەیەك گرانە، بەڵام کوردێکی لوڕیی و کوردێکی زاری گۆران وەك هەر ئاخێوەرێکی تری زارەکانی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی ناوەڕاست، خۆی بە کورد دەزانێت و لە کاتی خۆشیی و ناخۆشیی و بۆنە نەتەوایەتییەکاندا و لە زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتیی و کەلتووریی باودا سەرەڕای بوونی هەندێك جیاوازیی لاوەکیی، هاوبەشیی یەکتر دەکەن و خۆیان بەخاوەنی دەزانن.

چوارەم: هەندێکی تر لە زمانەوانەکان باوەڕیان وایە، کە ناتوانین هەروا بە ئاسانیی سنووری کۆمەڵی ئاخێوەران دیارییبکەین، تەنها بە لێکۆڵینەوە نەبێت، لەوانە: (لیۆن) پێشووەخت پێناسەکردنی کۆمەڵی ئاخێوەران بە هەڵە دەزانێت و پێیوایە تەنها لەبەر هاوبەشبوونی کۆمەڵە خەڵکێك لە زمانێك یان زارێکدا، ناتوانین پێیان بڵێین، کە کۆمەڵی ئاخاوتنیین (Llamas & Ltd,2007:84). بەڵام (گامپێرز Gumperz) باوەڕی وایە، ناتوانین سنووری کۆمەڵی ئاخێوەرانی نەك زمان، تەنانەت جۆرە زمانییەکانی تریش دیارییبکەین، چونکە یەکێتیی کۆمەڵی ئاخێوەران، چ تاکزمان بێت، یان فرە_زمان، بە زۆریی و بەردەوامیی پەیوەندیی و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوە (غارمادی،١٩٩٠: ٤٨). (فێرگسۆن (Ferguson,1996:85))یش ڕایوایە، بە لێکۆڵینەوەکردن لە لایەنەکانی زمانبەکارهێنان، دەتوانین سنووری کۆمەڵێکی ئاخێوەران لە کۆمەڵێکی تر جیابکەینەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین، کۆمەڵە مرۆڤێکن کۆمەڵێك دابوونەریت و کەلتوور و ڕۆشنبیریی هاوبەشیان هەیە و هەست بە هاوبەشیی و بەشداربوون لە پێکهێنانی بوونیادی ئەو کۆمەڵەدا دەکەن. لە ناو ئەو بوونیادە کۆمەڵایەتییانەشدا زمان لایەنێکی گرنگێتی، کە دەبێت ئاخێوەر خۆی بە خاوەنی بزانێت و لەگەڵیشیدا هاوسۆز و هاوخەم و بەشداری بەها کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی کۆمەڵ و زمانەکەشی بن.

سەرەڕای ئەوەش، هەر کۆمەڵێکی زمانیی لە ڕووکاری دەرەوەیدا وەك تاکزمان دەردەکەوێت، وەك کۆمەڵی کوردیی، یان کۆمەڵی عەرەبیی، بەڵام ئەوە مەرج نییە هەموو کاتێك بەو شێوەیە بێت، واتە تاکزمان بن، یان یەك شێوەی قسەکردنیی بەکاربهێنن. تەنانەت دەتوانین بڵێین، دۆزینەوەی کۆمەڵێك بە ڕەهایی تاکزمان بێت، یان یەك شێوەی قسەکردنی تێدا بەکاربهێنرێت، زۆر ئەستەم و دەگمەنە، چونکە کۆمەڵی ئاخێوەران لەناو خۆیدا لە گرووپ و دەستەی کۆمەڵایەتیی بچووکتر و خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز پێکهاتوون. ئەم جیاوازیی و تایبەتمەندییانەش گۆڕانی زمانیی دروستدەکەن، کە ئەویش سەردەکێشێت بۆ جیاوازیی زمانیی و

دروستبوونی فره_زمانیی، یان فره_زاریی، یان فرەیی شێوەی قسەکردن. ئەوەش بۆ دەرهاویشتە جیاوازەکانی ناو ئەو زمان و زار و شێوازانە دەگەڕێتەوە (مالبرج،٢٠١٠: ١٦٥).

لێرەدا لەبەر گرنگییان و ڕۆڵیان لە ڕوودانی بەریەککەوتنی زمانیی و ئاڵوگۆڕیی زمانیی و تێکەڵکردنی یەکەزمانییەکاندا، گرنگترین جۆرە زمانییەکانی هەر کۆمەڵێکی قسەکردنیی دەخەینەڕوو:

١–زمانی ستاندارد: ئەو زمانەیە، کە لەسەر دەستی کۆمەڵی باڵادەست، دەرفەتێکی تری پێدراوە و پێواژۆکانی بە ستانداردکردنی بەسەردا جێبەجێکراوە و بریتین لە هەڵاوێرکردنی نۆرمێك/ زارێك/ بەکۆدکردنی نەریت، بە پەسەندکردن و بڵاوکردنەوەی نەریت لە ناو خەڵکدا، لەگەڵ گەشەپێدانی لەلایەن کۆمەڵەوە (بڕوانە غارمادی،١٩٩٠: ٦٠، محەمەد مەحوی و شاخەوان جەلال،٢٠١٤: ١٦٤)) و لەکارگێڕیدا بەکاردێت و ڕەزامەندیی سەرتاپای خەڵکی ناوچەیەکی جوگرافیی وەرنەگرتووە.

٢–زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو/ زمانی نووسراو: ئەم زمانە بەهۆی گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتیی و هاوچارەنووسییەوە دروستدەبێت. لە بنەڕەتدا لە زارێك یان یەکگرتنی چەند زارێکەوە، سەرهەڵدەدات. ئەو زمانەیە لە نووسینی ئەدەبیی و ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و زۆر کاتیش لە کاروباری فەرمیی و کارگێڕیی وڵاتدا بەکاردێت، کە ڕەنگە هەموو ئاخێوەرانی زمان نەتوانن قسەکردنی پێبکەن، بەڵام دەتوانن بیخوێننەوە و پێی بنووسن.

٣–زاری جوگرافیی: شێوەیەکی زمانە و بەندە بە ناوچەیەکەوە، بەهۆی وشە و پێکهاتەی ڕێزمانییەوە دەناسرێتەوە. گۆکردنێکی جیاوازیشی هەیە و کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاریدەهێنن و هاو زمانەکانیشیان تێیاندەگەن. هەر زارێکیش بۆ چەند شێوەزارێکی ناوچەیی بچووکتر دابەشدەبێت.

٤–زاری کۆمەڵایەتیی: ئەم جۆرە زارە پەیوەستە بە کۆمەڵ و چینی کۆمەڵایەتیی و ئاستی ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی تاك، ئابووریی، دابوونەریت و شێوازی ژیانەوە. یان "هەموو ئەو جیاوازییە زمانیانە دەگرێتەوە، کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەستی پێدەکرێت و پشت بە جیاوازیی چینەکانی کۆمەڵ، بۆنە، تەمەن و ڕەگەز دەبەستێت (نەریمان خۆشناو،٢٠١٢: ٩٢)". لە ناو زارە کۆمەڵایەتییەکاندا، (زارە پیشەییەکان)یش هەیە، کە شێوازی قسەکردنی هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵی قسەکردنە، کە پیشەیەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە وادەکات جیاوازیی زمانیی لە شێوازی قسەکردنییدا دروستدەبێت و بە هۆیەوە لە شێوازی قسەکردنی پیشەکانی تر جیابکرێتەوە، وەك: (پزیشك، فیتەر، ئەندازیار، مامۆستا، کرێکار... هتد).

٥–ئایدۆلێکت: بە تەنیا شێوازی قسەکردنی تاکە کەسێکە. ئەوەشی جیایدەکاتەوە لە شێوازی کەسانی تر، جیاوازییە لە دەنگ و ئاوازی دەربڕینی وشە و ڕستەکانی و...هتد، چ زمانی دایکیی بێت، یاخود بیانیی بێت (مارتینی،٢٠٠٩: ٣٨٣).

٦– زمانی هاندراو، فەرامۆشکراو، قەدەغەکراو، لەناو چوارچێوە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا، هەریەکە بە قەبارەی خۆی، کاریگەریی لەسەر زمان و گۆڕانیی زمانیی دادەنێت.

٧–زمانی دایك/زمانی شیریی: ئەو زمانەیە، کە منداڵ لە دایکیەوە (یان خێزانەوە) وەریدەگرێت (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپاری ١/٢–١).

٧–زمانی دووهەم: هەر زمانێکە، کە ئاخێوەر لە دوای وەرگرتنی زمانی دایك، فێری ببێت و بەکاریبهێنێت (لە پارەکانی (١/٢) و (١/٣).

## ١/١–٣) شێوازی تاك و شێوازی کۆمەڵ

مەبەستمان ئەو شێوازە قسەکردنانەیە، کە تاکی ئاخێوەر، یان کۆمەڵ هەمیشە بۆ گەیاندنی بیرەکانیان لە کاتی قسەکردندا، پەنای بۆ دەبەن. (چارل بالی Bally)، کە قوتابیی (دیساسۆر De Saussure) بووە و بە یەکێکیش لە دامەزرێنەرانی زانستی شێواز دادەنرێت، دەربارەی شێواز دەڵێت: "ئەو زانستەیە، کە لە ڕەگەزەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، کە تا چەند ناوەڕۆکەکەی دەربڕ و کاریگەرە. لە بنچینەشدا بۆ دیاریکردنی وزەی شاراوەی دەربڕینی زمانە لای تاك (هیمدادی حوسێن،٢٠٠٧: ٦٥)". هەروەها (پیار جیرۆ Guiraud)ش هەر لەم بارەوە دەڵێت: شێوازگەرایی "لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییەکانی زمانە بەرامبەر پێوانەکانی دەستور (هیمداد،٢٠٠٧: ٦٦)". ئەم زانستە لە سەرەتادا تایبەت بووە بە ئەدەب و ناسینەوەی شێوازی نووسینی بەرهەمی ئەدەبیی نووسەرێك و لێکدانەوەی شێوازە جیاوازەکانی نووسەران و لێکچوون و جیاوازییان. بەڵام دوای سەرهەڵدانی زانستی زمان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، هێنرایە ناو لێکۆڵینەوەکانی ئەم دوو زانستەوە، بۆدیاریکردنی شێوازی قسەکردن و نووسینی کەسێك، یان کۆمەڵێك. (بۆفۆن) تایبەتیکردووە بە تاکەکەسەوە و دەڵێت: "شێواز مرۆڤەکە خۆیەتی (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ٧)". واتە دەیبەستێتەوە بە کەسێتی ئاخێوەرەکەوە. بەڵام (ستاندال) دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵ و بابەت و ناوەرۆکی دەربڕراوەکەوە و دەڵێت: "شێواز ئەوەیە کۆمەڵێك بابەت بخرێتە سەر بیرێکی دیاریکراو و ببێتە هۆکار بۆ ڕوودانی ئەو کاریگەرییەی، کە دەبێت ئەو بیرە دروستیبکات (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ٨)". بەڵام (لابۆڤ Labov) هەستی ئاخێوەر دەکاتە پێوەر و ڕایوایە، هەستی خەڵکی دەربارەی گواستنەوە، یان گۆڕینی کۆمەڵایەتیی، کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو شێوازە زمانییانە دادەنێت، کە هەڵیاندەبژێرێت (شەهاب شێخ تەیب،٢٠١٠: ١١١).

شێوازی قسەکردنی تاکە کەسێك لە دەنگ و وشە و دەربڕیندا لە شێوازی کۆمەڵەکەی جیاواز بێت، پێیدەوترێت (ئایدۆلێکت)، بەلاّم شێوازی قسەکردنی کۆمەلّێك، یان هەر گرووپێکی کۆمەلاّیەتیی لە زانستی زمانی کۆمەلاّیەتییدا پێیدەوترێت (زاری کۆمەلاّیەتیی) (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ١٠، ١٢). کەواتە شێواز هەم تاك و هەم کۆمەڵ دەگرێتەوە و لە هەردوولایاندا لەسەر سێ بنەمای بنەڕەتیی وەستاوە: (توانای هەڵبژاردن، چۆنێتی بەکارهێنان و هەڵوێست/ بارودۆخ) (شێرکۆ حەمەئەمین و هێمن عەبدولحەمید،٢٠١٠: ٢٦٩). ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فەرهەنگی زمانییمان دەوڵەمەندە لە وشە و دەربڕراوی هاوواتا، بەلاّم بە پێی بارودۆخەکانیان بەکارهێنانیان جیاوازە و دەگۆڕێت. هەڵبژاردنی شێوازێکی زمانیی لە ژێر ڕکێفی کۆمەڵدا، بەندە بە تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ شێوازە جیاوازەکانی زمان و چۆنێتی نزیکبوونی ئەو شێوازە و ئەرکەکانی گشت شێوازەکان.

تاکەکان لە سەرەتادا زمان لە کۆمەڵەکەیانەوە فێردەبن، بەلاّم دواتر هەوڵی جیاکردنەوەی شێوازی قسەکردنی خۆیان دەدەن، کە پێیدەوترێت (ئایدۆلێکت). هەرچەندە خاوەنی هەمان زمانی کۆمەڵەکەیەتی، بەلاّم هەر تاکێك کۆمەلّێك یەکەی زمانیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە نووسین و قسەکردندا بەکاریدەهێنێت (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٩٩). ئێمەش مەبەستمانە لێرەدا لێکچوون و جیاوازیی و کاریگەریی زمانی تاك و کۆمەڵ لەسەر یەکتریی و گونجان و هەڵکردنی تاك لە کۆمەڵەکەیدا، سەرەڕای تاکگەراییەکەی بخەینەڕوو.

زانایانی زانستی زمانی کۆمەلاّیەتیی بۆ شیکردنەوەی ئەم دوو بابەتە، دوو چەمکیان داناوە، کە (تاکگەرایی) و (هەڵکردن)[°]ن، لە هەندێك کۆمەڵدا یەکەمیان و لە هەندێکی تریاندا دووهەمیان بالاّدەسترە، بەلاّم (لاپاچ) دوو چەمکی تری لە بری ئەو دوانە بۆ داناوە، کە (جەختکردنەوە و تەشەنەکردن)ن، ئەمیش یەکەمیان لە کۆمەڵی توندوتۆڵ و بچووك، یان کۆمەلّێکی خاوەن زمانی نووسینی ستانداردکراودا هەیە و دووهەمیشیان کاتێك هەیە، کە ئەو دوو مەرجەی پێشوو نەبێت (هدسن،١٩٨٧: ٣٦-٣٧).

هەر مرۆڤێك زمانی کۆمەڵەکەی فێردەبێت و بەکاریدەهێنێت و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی پێپڕدەکاتەوە، چونکە "تاك ناتوانێت لە ڕاستییە کۆمەلاّیەتییەکانی کۆمەڵەکەی لابدات (بارتیشت،٢٠٠٤: ٩٧)"، بەلاّم ئەمە بە ڕەهایی وانییە. مرۆڤ هەرچەندە کۆمەلاّیەتیی بێت و زمانەکەی لێیەوە فێرببێت، بەلاّم هێشتا ناتوانێت واز لەخۆدەربڕین و خودێتیی خۆی بهێنێت. بەهۆی زمانەوە و لە ڕێگەی زمانیشەوە نەبێت ناتوانێت خاوەنی خودبێت (بنفنیست،١٩٩٩: ٦٤). وەك چۆن هەر کۆمەلّێك خاوەنی زمانی خۆی و شێوازی قسەکردنی خۆیەتی و لەهەر کۆمەلّێکی تر جیاوازە، ئاوەهاش شێوازی قسەکردنی هەرتاکێك لەیەکێکی تر جیاوازە، چونکە هەر مرۆڤێك زمان بۆ گواستنەوە و دەربڕینی بیر و ئەندێشەی خۆی بەکاردەهێنێت (محەمەد ڕەزا باتنی،٢٠١٥: ٩).

---

[°]– تاکگەرایی هەوڵدانی تاکە بۆ دەرخستن و پەرەپێدانی شێوازی ئاخاوتنی خۆی و جیاکردنەوەی لە شێوازی باوی کۆمەڵ. هەڵکردنیش واتە بەشداریی و توانەوەی تاك لە ناو کۆمەڵی زمانییدا. ئەوەش پەیوەستە بە ڕێژەی گونجاوی و بەهێزیی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی تاکەوە.

هەرتاكێكیش بۆ خۆی خاوەنی چەندین شێوازی جیاوازیی زمانییە، وەك (فێرس Firth)یش دەڵێت: "ژیانی مرۆڤ پێویستی بە دەوری جۆربەجۆر هەیە، هەریەك لەو دەورانەش پێویستیی بە شێوازی جیاجیا هەیە... (بەکر و شێرکۆ،٢٠٠٧: ٣٢)".

جیاوازیی شێوازی قسەکردنی تاك و کۆمەڵ لە ئاستەکانی دەنگ، وشە، دەستەواژە، گۆڕینی واتای وشەکان و هەروەها تۆنی دەنگ، شێوەی دەربڕین، ئاوازی دەنگ، دووبارەکردنەوە و بەکارهێنانی یەکەیەکی زمانییدا خۆی دەنوێنێت. بەڵام ئەم جیاوازییە دەبێت کۆنترۆڵکراوبێت و لە یاسا و ڕێسا و ڕەفتارە زمانییەکانی کۆمەڵ و مەرجەکانی هەڵبژاردنی شێواز لانەدات، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی گرفتی کۆمەڵایەتیی نەبێتەوە.

تاك و کۆمەڵ کاریگەریی دوو لایەنەیان لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی یەکتریی هەیە. کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر تاك و لەسەر زمانفێربوون و کارلێکی تاك لەگەڵ کۆمەڵ و تەشەنەکردنی بیر و دیاردە نوێیەکان لەناو ئەندامانی کۆمەڵدا خۆی دەنوێنێت، سەرەڕای بەخشینی کۆزانیارییەك دەربارەی خودی تاك و کۆمەڵ و زمان و کەلتوور و ڕۆشنبیریی و دابونەریتەکانی ئەو کۆمەڵە، وەك: جەژنەکان، بۆنە ئایینییەکان، جلوبەرگ...

کاریگەریی تاکیش لەسەر زمان و شێوازی قسەکردنی تاك و کۆمەڵ، لەوەدا دەردەکەوێت کە هەر گۆڕانێکی زمانیی، خاڵی سەرەتا لە تاکێکەوە لە ئاستی قسەکردندا دەستپێدەکات و لە بەکارهێنانی تاکدا ڕەگی داکوتاوە و پاشان ئەگەر لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەندکرا و ڕێککەوتنی لەسەرکرا، ئەوا دەبێت بە بەشێك لە زانیاریی و ڕۆشنبیریی گشتیی. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەندێك لە تاکەکان پلەیەکی تایبەتیان هەیە لەناو کۆمەڵدا و خاوەنی لێهاتوویی و شارەزایی زمانیین، یان ڕەنگە خویەکی کەسیی بێت (مالبرج،٢٠١٠: ١٦١). هەر بۆیە (هدسن Hudson) دەڵێت: بە بێلێکدانەوەی ڕەفتاری تاك، لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ ئەستەم دەبێت (هدسن،١٩٨٧: ٣٣). بۆ نموونە کاتێك نووسینێك دەخوێنینەوە، دەزانین خاوەنەکەی کێیە، یان گوێ لە خوێندنەوەی هۆنراوەیەك دەگرین، دەزانین دەنگەکە و شێوازی خوێندنەوەکەی هی کێیە. یان ئەم دەربڕاوە زمانییانەی لە نموونەکانی (١)دا خراونەتەڕوو، سەرەتا لە تاکێکەوە بیستراون و دواتر بە کۆمەڵدا بڵاوبوونەتەوە. زمانی تاکەکان ئەگەری گۆڕانی زمانییان لە زمانی کۆمەڵ زیاترە، چونکە تاکەکان جوڵەیان بۆ ناو کۆمەڵ کەلتووریی و زمانییەکانی تر زیاترە، وەك لە کۆمەڵ. بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت ئاستی ڕۆشنبیریی تاك و شێوازی قسەکردنەکەی پەیوەندیدارن و ڕادەی گونجاویی تاك لە کۆمەڵدا دیاریدەکەن.

١) */مەعاشەکەو جوانە/...*

## ١/١–٤) گۆڕان[٦]ی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی زمانیی

ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باسیبکەین، گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە و ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ئەو گۆڕان و پێشکەوتنەیە لەسەر زمانی ئەو کۆمەڵە و فەرهەنگی زمانیی و پێڕەوە زمانییەکەیان و کۆزانیاریی زمانییان بە گشتیی، چونکە ڕووداوی گۆڕانی زمانییش بۆ دینامیکیەتی دەورووبەرە کۆمەڵایەتییەکەی دەگەڕێتەوە (مالبرج،٢٠١٠: ١٥٩)، هەروەها هاوشانی گۆڕان و پەرەسەندنە کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکانە (ویدۆسن،٢٠١١: ٢١).

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە (گۆڕانی زمانیی) لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەم و لە لێکۆڵینەوەکانی (لابۆڤ Labov)ەوە، سەریهەڵدا (Tagliamonte, 2006: ix). گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ وەستاو نییە و بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوە و پێشکەوتن و گەشەکردندایە و بیرکردنەوەکانی دەگۆڕێن، ئەمەش بەهۆی خواست و پێداویستی و مەبەست و ئامانجەکانی مرۆڤەوەیە، کە هەمیشە لە گۆڕان و زیادبووندایە چ لە ڕووی مادییەوە، یان لە ڕووی مەعنەوییەوە، کە وادەکات ئەوانەی پێویستی پێیان نییە، فەرامۆشیان بکات و ئەوانەشی پێویستی پێیانە، لە ناوخۆیدا بیگۆڕێت، یان کەرەستە و ڕەفتاری نوێ دابهێنێت، یان لە دەرەوەی کۆمەڵەکەی خۆیەوە وەریبگرێت و بیهێنێت. ئەمانەش دەبنە هۆی پەیدابوونی دیاردەی نوێی کەلتووریی و ڕۆشنبیریی و گۆڕینی بیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵ و دابوونەریتەکان و گواستنەوەی ئەم دیاردە نوێیانەش بۆ زمانەکە و ڕەنگدانەوەی لە قسەکردنی ئەندامانی کۆمەڵدا. بڵاوبوونەوەشیان هەر بەهۆی زمانەوە دەبێت، چونکە وەك (هدسن Hudson) دەڵێت: کەلتوور زانیاریی وەرگیراوە لە کۆمەڵەوە و بەشێکیشە لە بیرگەی مرۆڤ (ئارام عەبدولواحید،٢٠١٣: ١٠٦). ئاخێوەرانیش بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریی و کەلتوورییە و ڕەفتار و دابوونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا و ناونانیان، پەنا بۆ فەرهەنگەکەی خۆیان دەبەن، لە چەند ڕێگەیەکەوە، وەك گۆڕینی واتای ئەو وشەکانی، دووبارە بەکارهێنانەوەی وشەکان، داڕشتن و دروستکردنی وشەی نوێ، یان وەرگرتنی وشەی بیانیی، هەتا کەلێن و کەموکوڕییەکان لە زانیارییە زمانییەکانیاندا پڕبکەنەوە و ئاستی فەرهەنگ و زانیاریی و توانای زمانییان لەگەڵ کەلتوور و دابوونەریت و ئاستی ڕۆشنبیریی و خواست و مەبەست و کەرەستە مادیی و مەعنەوییەکانی کۆمەڵەکەیاندا هاوتابکەنەوە. واتە گۆڕانی زمانیی بۆیە ڕوودەدات، بۆئەوەی خۆی لەگەڵ

---

[٦]- (گۆڕان) ناوێکی کردارییە و بۆ ناونانی کردە سروشتیی و خۆکردەکان بەکاردەهێنرێت، کە بە بێ دەستتێوەردانی مرۆڤ ڕوودەدات. بە پێچەوانەی (گۆڕین)ەوە، کە بۆ گەیاندنی واتا و چەمکەکەی، پێویستی بە دەستتێوەردانی مرۆڤ هەیە.

پێداویستییەکانی ئاخێوەرانیدا بگونجێنێت (مارتینی،٢٠٠٩: ٩٩). ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، هەر زمانێك لەناو چوارچێوەی سیستەمێکی گەورەتردایە (مالبرج،٢٠١٠: ١٥٩).

گرنگترین ئەو هۆکارانەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی زمانیی دروستدەکەن و وا دەکەن گۆڕانی زمانیی ڕووبدات، هۆکارە (کۆمەڵایەتییەکان، بایۆلۆژییەکان، ئابوورییەکان، سیاسییەکان، جوگرافییەکان و زمانییەکان)ن، کە لێرەدا باسیاندەکەین :

یەکەم/ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: بەهۆی خێرایی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گۆڕانە زمانییەکانیش بە خێرایی ڕوودەدەن (مارتینی،٢٠٠٩: ٩٨). مەبەستمان ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەیە، کە کار لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و گۆڕانی زمانیی بەتایبەت لە ئاستی فەرهەنگی وشەکاندا، دەکەن. گرووپە ئایینییەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییانە لەناو خۆیاندا و لەگەڵ گرووپەکانی تردا لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵ و ناوچە سنوورییەکانی نێوان کۆمەڵە زمانییە جیاوازەکاندا و هتد، دەگرێتەوە، چونکە وەك (ماریۆ پای) دەڵێت: "زمان بەپێی چینی قسەپێکەرانی دەگۆڕێت (نەوزاد،٢٠١٤: ٦)" و هەریەکەشیان بە پێی ڕێژەی کاریگەرییان، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن.

هەروەها پەیوەندی و تێکەڵبوونی کۆمەڵە قسەکردنییەکان و ئاڵوگۆڕی بیرەکان و کەرەستە مادییەکان و دیاردەکان، کارلێك، یان ململانێی کەلتووریی و زمانی دروستدەکەن، کە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی گۆڕانی کەلتووریی و ڕۆشنبیریی و هاتنە ناوەوەی ڕەفتار و دابوونەریتی نوێ و دیاردەی کەلتووریی و ڕۆشنبیریی نوێ. ئەم گۆڕانانەش چ مادیی بن، یان نامادیی، ڕەنگدانەوەیان لە زمانەکەدا دەبێت. واتە ئەو گۆڕانانەی لە بەکارهێنانی زماندا هەستیان پێدەکەین، لە سەرەتادا لە هەمان پلەی گۆڕانی هەستپێکراو لە دابوونەریتی کۆمەڵەوە دێت (مالبرج،٢٠١٠: ١٦٠). وشە وەرگیراوەکان بەڵگەی بەهێزن بۆ بوونی پەیوەندی لە نێوان کۆمەڵەکان و فرەلایەنیی وەرگرتنەکان و ڕادەی بەهێزیی ئەو پەیوەندییەیش دەردەخەن (مالبرج،٢٠١٠: ٢٢٦). بۆ نموونە لەو دەوڵەتانەدا، کە فرەڕەگەزن، یان فرە نەتەوەن، ئەمە زۆر باوە و وەك شێوەی ئاسایی ژیانی لێهاتووە. بە ڕای (فیشمان Fishman)، فرە نەتەوەکان لە ڕووی سیاسییەوە، لە فرەڕەگەزەکان نائارامترن، چونکە نەتەوە یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوتر و بەستراوە ترە، لە چاو ڕەگەز، هەرچەندیش ڕۆشنبیریی هاوبەشیان هەیە، چونکە ڕەگەز ناوچەیی تر و بچووکتر و سادەترە (فاسولد،٢٠٠٠: ٢-٤).

لە لایەکی تریشەوە، لە سەردەمەکانی پێشوویشدا بەهۆی هاتنی ئایینی ئیسلامەوە بۆ کوردستان، بابەت و دیاردەکانی ئەو ئایینە هاتنە ناو کۆمەڵی کوردییەوە. ئاخێوەرانی کوردییش بۆ ناونانی هەندێکیان وشەی کوردیی لە بەرامبەریان دانا، چونکە خۆی پێشتر هەمان بابەتی ئایینی لە ئایینە جیاوازەکانی تردا هەبوون،

وەك نموونەكانی (٢)، بەڵام بۆ ناونانی هەندێكیتریان، هەر وشەكانی زمانی عەرەبییان بۆ وەرگرتون، وەك نموونەكانی (٣).

٢) */نوێژ، ڕۆژوو، بەربانگ/...*

٣) */زەكات، سورەت، ئایەت/...*

لە ئێستادا بەهۆی كرانەوەی سنوورەكان و ئاسانبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە، دیاردەی كەلتووریی، ڕەفتار، دابونەریت، بیری ڕۆشنبیریی نویٚ، كەرەستە مادییە پیشەسازییەكان و تەكنەلۆژییا نوێیەكان بەئاسانی دەگوازرێنەوە و دێنە كوردستانەوە. بەهۆی خێرایی ڕووداوەكان و زۆری دیاردە و كەرەستەكان و هەژمونی وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە بووارە سیاسیی و ئابووریی و بازرگانیی و سەربازیی و ڕۆشنبیریی كەلتوورییەكان... هتددا، ئاخێوەری كورد فریای ناونانی هەموویان ناكەوێت، هەربۆیە بۆ ناونانیان و پڕكردنەوەی كەلێنی زانیاریی و فەرهەنگی زمانییمان، پەنا بۆ وەرگرتنی وشە بیانییەكە دەبەین، وەك چەمك و زاراوە مادیی، فەلسەفیی، سیاسیی، ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی گشتیی، وەك نموونەكانی (٤) و (٥).

٤) */سۆسیال دیموكرات، لیبراڵ، پاسیڤ/...*

٥) */پرادۆ، سەنیی، كرێن، فۆرد، تاوەر، پالاس، مۆتێل، ڤێلا/...*

دووهەم/ هۆكارە بایۆلۆژییەكان: مەبەست لێی توخم و تەمەنی مرۆڤە:

ا) توخم: مەبەست لێی توخمی (نێر و مێیە)یە. هەرچەند (جێنیفەر كۆتس) دەڵێت: لەم بیست ساڵەی دواییدا تەقینەوەیەك لە لێكۆڵنەوەكانی زانستی زمانی كۆمەڵایەتیی دەربارەی توخم و بەكارهێنانی زمان ڕوویداوە، بەڵام پێشتر وەك گۆڕەرێكی كۆمەڵایەتیی لێینەڕوانراوە (LIamas & Ltd, 2007:62). بەڵام لە ڕاستیدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زمانەوانان لە گرنگیی ئەم بابەتە و كاریگەرییان لەسەر زمان كۆڵیوەتەوە، وەك "یاسپێرسن، لیز جاكۆبسن L. Jackobson و گۆستاڤ سێدەر چێسوڵد (كریستین نوردنستام،٢٠٠٩: ١٥)". لەو لێكۆڵینەوانەدا چەند گریمانە و تیۆرییەك سەربارەت ئەو لێكدانەوانە دانراون، كە لە بارەی شێوازی قسەكردنی (نێر و مێ)وە كراون[٧]، كە واقیعی ژیانی كۆمەڵایەتیی هەردوو ڕەگەز ئەوە دەخەنەڕوو.

[٧]– چوار گریمانە و تیۆریی سەرەكیی بۆ ئەو لێكدانەوانە دانراون، كە لە بارەی شێوازی ئاخاوتنی (نێر و مێ)وە كراون:

ا) لادانی ژن لە شێوازی پیاو كەموكورتییە. (فێمینیستەكان) ڕەخنەیان لەم بیرە و سیستەمی كۆمەڵایەتیی گرتووە، بەوەی، كە پیاوسالار و باوكسالارە.

هەردوو ڕەگەزەکە شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆی هەیە و شێواز و ستراتیژی زمانیی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ زمانبەکارهێنان و ناونانی شتەکان، کە جیاوازە لەویتر (LIamas & Ltd, 2007:64). هەتا ڕادەی تێکەڵیی نێوانیان کەمتر بێت و گۆشەگیرتر بن، ئەو جیاوازییە زمانییانەی نێوانیشیان زیاتر دەبێت (شەهاب،٢٠١٠: ١١١). بۆ نموونە لە بووارەکانی (جلوبەرگ، ماکیاژ و ڕازاندنەوە، چێشتخانەی ماڵ و کەرەستەکانی ناوی و کەرەستەکانی تری ماڵ، نەخۆشی ژنانە و ... هتد) ناوەکانیان ژنانەیە و ژنان ئەو ناوەیان بۆ داناون و پیاوان بە کەمی شارەزاییان لە بارەیانەوە هەیە، یان هەندێکیان هەر شارەزاییان لێی نییە، ئەمە بۆ پیاوانیش بە هەمان شێوەیە. هەروەها ژنان بە زۆری بۆ ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی، کە شەرم لە وتنی ناوەکەی دەکەن، یان وەك لە هەندێك لە کەلتوورەکاندا هەیە، هەندێك وشە تابۆن و نابێت ژن بەکاریانبهێنێت چ بە ناوهێنان، یان بانگکردن (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ٢٢-٢٣)، هەر بۆیە پەنا بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی بیانیی دەبەن، کە هاوواتا یان نزیك بێت لە وشە کوردییەکەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە جەستە و سێکس و نەخۆشییەکانەوە، یان وشە و زاراوەی کوردیی تایبەت بە خۆیان دادەڕێژن، وەك لە نموونەکانی (٦)دا خراونەتەڕوو. ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازیی فەرهەنگیی.

*٦) /دەردەپیسەکە/...*

ب) تەمەنیش کاریگەریی خۆی هەیە. مرۆڤ توانا و شارەزایی زمانی بە پێی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێت. "منداڵ شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە شێوازی قسەکردنی کەسێکی (٧٠) ساڵ بەرەو ژوور، هی ئەوانیش پێکەوە جیاوازە لە کەسێکی تەمەن (٣٠) ساڵ (هێمن،٢٠٠٦: ٤١-٤٢)". هەروەها شێوازی کەسێکی تازەپێگەیشتوو لە کەسێکی گەنج جیاوازە، چونکە گەنجان زیاتر هەوڵدەدەن بۆ بەکارهێنانی شێوازێکی باوی فەرمییتر، وەك لە تازەپێگەیشتوان (LIamas & Ltd,2007:71). تا تەمەنیش زیادبکات، هەوڵی ستانداردبوون زیاتر دەبێت. ئەوەش لە توانای فێربوون و زانیاریی و فەرهەنگی زمانییاندا دەردەکەوێت.

---

ب) ژن ناچارە پەیڕەوی زمانی پیاو بکات، وەك زمانی فەرمیی و ستاندارد. (لاکۆڤ) لە لێکۆڵینەوەکانیدا، گەیشتووە بەو ئەنجامەی، کە پەیوەندی لە نێوان چەوساندنەوەی ڕەگەزی مێینە لە ڕوی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ڕەفتاری زمانییاندا هەیە. ئەویش بە بەنێرینەکردنی زمان و دروستکردنی وشەی تابوو دژی ئافرەتان.

پ) گریمانەی جیاوازیی، جەخت لە جیاوازیی و تایبەتمەندیی ئاخاوتنی ژن و پیاو، وەك دو لقی کۆمەڵایەتیی دەکاتەوە. تەنانەت جیاوازیی زمانیی لە ناو تاکەکانی هەردو ڕەگەزەکەشدا هەیە، چونکە گەشەی زمانییان، گرنگیپێدانەکانیان و شێوازەکانیشیان جیاوازە، بەڵام تەواویش سەربەخۆ و دابڕاو نین، چونکە هەردو ڕەگەزەکە لە ژینگەی تێکەڵی زمانییدا گەشەدەکەن.

ت) گریمانەی سەربەخۆیی، واتە هەردو ڕەگەزەکە دو بونیادی کۆمەڵایەتیی سەربەخۆن.

بۆ زانیاری زیاتریش بڕوانە: (LIamas,&…,2007:65-66)، (Mills, S., 2003:164) و (کریستین نوردنستام،٢٠٠٩: ١٨-٢٩).

منداڵ توانای فێربوونی لە کەسێکی پیر زۆر بەهێزترە، بەڵام ئەزموون و شارەزایی کەسە پیرەکە لە منداڵێك زۆر زیاترە، کاتێك کەسێکی بە تەمەن ڕستەیەکی وەك نموونەی (٧-ا) دەڵێت، منداڵەکە بەهۆی بێ ئەزموونییەوە، بە هەڵە لێکیدەداتەوە. بەڵام بۆ فێربوونی وشەی نوێ و بیانیی، وەك نموونەکانی (٨-ب)، منداڵ و گەنج خێراتر فێری واتاکەی و دەربڕینەکەشی دەبن.

*٧) ا) فڵان ماری ژێر کایە.*

*ب) /ئەنتەرنێت، کۆمپیوتەر، سوپەرمارکێت/ ...*

سێهەم/ هۆکارە ئابوورییەکان: کار و پیشە بەرهەمی بیری داهێنەرانەی تاك و کۆمەڵن. لە کۆمەڵدا ژمارەیەکی بێشومار کار و پیشە و کەرەستەی بۆ ئەنجامدانیان داهێناوە و ناوی بۆ هەریەکە لەپیشەکان و کەرەستەکانیان داناوە و یاسا و ڕێسا و هەنگاوی جێبەجێکردنیانی داناوە و ناویشی بۆ داناون، کە وایکردووە، جیاوازیی لە زانیاریی زمانیی و فەرهەنگی زمانیی و شێوازی قسەکردنیاندا دروستببێت، تا ئەو ڕادەیەی دەتوانین بڵێین "هەر پیشەیەك سۆسیۆلێکتی تایبەت بە خۆی هەیە (عەبدە ئەلڕاجحی،٢٠١٣: ٨٢)"، وەك: مەلایەتیی، پارێزەریی، سەربازیی، پزیشکیی، فیتەریی، ئەندازیاریی، مامۆستایی و کرێکاریی... هتد. هەر یەکێك لەم پیشانەیش وشەی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ ناونانی کەرەستەکانی، وەك پیشەی (مامۆستایی)، کە لە وشەکانی (٨-ا) دەردەکەوێت. هەروەها واتای هەندێك وشە لە نێوان دوو پیشەدا جیاوازە، بۆ نموونە وشەی (کڵاوە) لەلای پزیشك واتای (کڵاوەی ئەژنۆ) دەگەیەنێت، بەڵام لەلای وەستایەکی بیناسازیی واتای (لەتێك بلۆك) دەگەیەنێت.

ئەم پیشانە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە پێشکەوتن و نوێبوونەوەدان و کەرەستەی نوێ دێتە ناو کارەکانیانەوە، کە پێویستیان بە ناونان هەیە و هەندێکجار وشە بیانییەکەی بۆ وەردەگرین بۆ ناونانی، وەك لە (٨-ب)دا خراونەتەڕوو.

*٨) ا) /تەباشیر، ڕەحلە، ماجیك، تاقیکردنەوە، کویز، پرۆگرام و پلانی وانەوتنەوە/...*

*ب) /ئەشیعەی تەنوریی، ڕافیعە، مۆبایل، کۆمپانیا/ ...*

چینی هەژار و دەوڵەمەند، شاریی و گوندیی، جیاوازیی لە قسەکردنیاندا هەیە و گۆڕانی زمانیی و وشەی بیانیی بە ڕێژەی جیاواز لە قسەکردنیاندا هەیە، بە پێی خواست و مەبەستەکانیان. ئاستی ڕۆشنبیریی و

خوێندەواریی تاك و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانیش بە هەمان شێوە، بە پێی پلەی خوێندەواریی و ئاستی ڕۆشنبیرییان، کاریگەرییان لەسەر شێوازی قسەکردن و فەرهەنگ و زانیاریی زمانییان هەیە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە وشە و دەربڕینەکانیان و چۆنێتی گۆکردنیشیاندا (هێمن،٢٠٠٦: ٤٤). ئەوانەی، کە ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزترە، توانای وەرگرتن و و قبووڵکردنی بیر و دیاردەی نوێیان زیاترە. بۆ نموونە کەسێکی ڕۆشنبیر بۆ دەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیریی خۆی، کۆمەڵێك وشەی بیانی وەرگیراوی وەك لە نموونەکانی (٩)، بەکاردەهێنێت.

٩) */ڤالانتاین، کریسمس، ئەنتۆلۆژیا، ئەکتیڤ، پاسیڤ، سلبیی، ئیجابیی/...*

چوارهەم/ هۆکاری سیاسییەکان: هەمیشە دەوڵەت بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی و جێبەجێکردنی کاروبارە فەرمیی و کارگێڕییەکان، بایەخ بە زمانێك یان زارێك، یان شێوەزارێك دەدات و پلانی زمانیی دادەڕێژێت، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو زمانە (جۆرە زمانییە) و سەپاندنی بەسەر ئەندامانی کۆمەڵدا، بۆ ئەوەی لە هەموو بارودۆخەکاندا بەکاریبهێنن، ئەمەش بە یاسا و دەستور دەچەسپێنێت (Aranoff and Ress–millerb,2003:705). دەشتوانین بڵێین، خودی پلانی زمانیی، سیاسەتی دەوڵەتە بۆ لایەنگرییکردن زمانێك، یان زارێك، یان هەر شێوەیەکی تری زمانیی[٨]. هۆکارە سیاسییەکان جیاوازیی زمانیی دروستدەکەن و گۆڕان لە شێوازی قسەکردنی تاك و کۆمەڵدا دروستدەکات، چونکە ئاخێوەر ناچار بە فێربوونی زمانی دەوڵەت، یان دەسەڵاتی داگیرکەر دەکەن، ئەوەش بە تایبەتی لە کۆمەڵە فرە_زار و فرە_زمانەکاندا بە ڕوونیی دەردەکەوێت.

پێنجەم/ هۆکاری جوگرافیی: شوێنی جوگرافی کۆمەڵی ئاخێوەران کاریگەریی لەسەر دروستبوونی گۆڕان و جیاوازیی کۆمەڵایەتیی و زمانیی هەیە، وەك (سرووشتی شاخاویی، دوورگەیی، ڕووباری گەورە و دەریا و دەریاچە)، کە پێوارۆی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەستەمدەکەن و دابڕانی کۆمەڵایەتیی دروستدەکەن. ئەمەش وادەکات، کە جیاوازیی لە کەلتوور و دابوونەریت و ڕەفتار و ڕۆشنبیریی بەشە دابڕاوەکاندا دروستببێت و ئەم جیاوازیی و دابڕانەش لە زمانەکەیاندا ڕەنگدەداتەوە، چونکە وەك (ساپیر

---

[٨]– هەندێکجار پلانی دەوڵەت بۆ قەدەغەکردن و یاساغکردن، یان فەرمۆشکردنی زمانێك، یان هەرشێوە زمانییەکە، یان دەنگێکی زمانیی، یان کۆمەڵە وشەیەك، وەك چۆن داگیرکەرانی کوردستان بەرامبەر بە زمانی کوردیی ئەنجامیدەدەن، بۆ نمونە:

ا) قەدەغەکردنی دەنگەکانی /ح و خ/ و یاساغکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردیی بۆ ناوی کەس و شوێن و شت لە تورکیا.

ب) فەرامۆشکردنی زمانی کوردیی لە ئێران و قەدەغەکردنی لە سوریا.

پ) لە عێراقیشدا هەرچەندە ڕێگە بە ڕۆژنامەگەریی و لەچاپدانی کتێب و پرۆگرامی خوێندنی کوردیی دراوە، بەڵام سنوردار بووە و لە کاروباری فەرمییدا فەرامۆشکراوە و هەندێك کاتیش هەر قەدەغەکراوە.

Sapir) دەڵێت، "زمان و وشەکانی زمانیش ڕەنگدانەوەی ژینگەی جوگرافیی و سرووشتیی دەورووبەری میللەتەکەن (کسپه،٢٠١١: ١٥)". ئەمەش وادەکات هەر زمانێك بە پێی ناوچەی جوگرافیی دابەشببێت بۆ چەند زارێك و هەر زارێکیش بۆ چەند شێوەزارێکی بچووکتر، کە پێکەوە کۆی کۆمەڵی ئاخێوەران زمانەکە پێکدەهێنن.

بۆ نموونە زمانی کوردیی دابەشدەبێت بۆ چوار زار، کە (کرمانجیی ژووروو، کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی خواروو (لوڕیی) و گۆران–زازایین، هەر بۆ نموونە زاری کرمانجیی ناوەڕاست بەسەر شێوەزارەکانی (موکریی، سۆرانیی، سلێمانیی، گەرمیانیی، ئەردەڵانیی (سنەیی) (بڕوانە: بەکر و شێرکۆ،٢٠٠٧ و نەریمان، ٢٠١٢)) دابەشبووە. هەریەکە لە زارەکان جیاوازیی فەرهەنگیی و نیشانەی ڕێزمانیی تایبەت بە خۆی و کۆمەڵە ئاخێوەرەکەی هەیە و بەهۆی بوونی سنووری جوگرافیی هەر یەکێکیان لەگەڵ زمانی جیاوازتردا و خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵ و شارەزایی زمانییان، شێوازی گۆڕانی زمانیی و کۆمەڵایەتییان جیاوازە و کاریگەریی زمان و کەلتووری جیاوازیان لەسەرە. بۆ نموونە زاری کرمانجیی ژووروو لە باکوری کوردستان کاریگەریی کۆمەڵ و زمانی تورکیی لەسەرە، بەڵام لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کاریگەریی کۆمەڵ و زمانی عەرەبیی لەسەرە، هەروەها زاری کرمانجیی خواروو لە باشووری کوردستان کاریگەریی زمانی عەرەبیی لەسەرە و لە ڕۆژهەڵاتیش کاریگەریی کۆمەڵ و زمانی فارسیی لەسەر هەیە.

هەر لەبەر ئەمەش، "بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکان و لێکۆڵینەوەیان، دەبێت لە ناوچەی پێکگەیشتن و تێکەڵبوونی زمانەکانەوە دەستپێبکەین (مالبرج،٢٠١٠: ٢٢٥)". بۆ نموونە کاریگەریی زمانی عەرەبیی لەسەر زمانی کوردیی لە ناوچەکانی خانەقین، کفری، دووزخورماتو، کەرکوك و شەنگال و ناوچە سنوورییەکانی تری باشووری کوردستان زیاترە، ئەوەش بۆ نزیکیی و هاوسنووریی و هاتووچۆ و پەیوەندی نێوان سنوورەکان دەگەڕێتەوە. لە شێوەی قسەکردنی خانەقین و دووزخورماتو و ناوچەکانی دەورووبەریاندا بەرامبەر بە (نەوت)ی شێوەی سلێمانیی، دەڵێت (نەفت) پیتی (ت) قەڵەو دەکەن، چونکە عەرەبیش پێیدەڵێت (*نفط*)، وەك لە نموونەی (١٠)دا خراوەتەڕوو.

*١٠) نفط (عەرەبیی): نفط (دووزخوماتو، خانەقین، کفریی)، نەوت (سلێمانیی)، نەفت (هەولێر).*

شەشەم/ هۆکاری زمانیی: لاوازیی فەرهەنگی زمانەکە و بێتوانایی لە دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێ و توانای ئاخێوەر لە بەکارهێنانی ئەو وشانە و فرەیی جۆری بەکارهێنان و گرفتی باووبڵاوی وشەکان و

دەوڵەمەندیی فەرهەنگی زمانەکە. ئەمانەش هەموو هۆکارن، کەوا لە ئاخێوەران دەکەن، هەوڵی بەکارهێنانی کەرەستەکانی زمانێکیتر بدەن. زۆر کاتیش بەهۆی ئەوەوە، گۆڕینەوە و تێکەڵکردن لە نێوان کەرەستە وەرگیراوەکان و کەرەستە زمانییەکانی زمانەکەی تردا ڕوودەدات و وەك یەکەیەکی نوێ بڵاودەبێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەم هۆکارە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەشە و گۆڕانی زمانییدا دەبینێت.

## ٢/١) گۆڕانی زمانیی لە فێربوونی زمانییدا

بۆ زانین و تێگەیشتن لەوەی مرۆڤ لە فێربوونی زمانییدا، چی فێردەبێت و چۆن فێری دەبێت و شیکردنەوەی توانای زمانفێربوونی و ڕۆڵی کۆمەڵ لەو پێواژۆیەدا، پێویستە سەرەتا باسی وەرگرتنی (زمانی دایك) و پێواژۆی (زمانپژان[٩]) بکەین، چونکە ئەو پێواژۆی زمانپژانە لە دوو ڕووەوە کاریگەریی لەسەر فێربوونی زمانی دووهەم[١٠] هەیە، ئەوانیش:

١- شێوەی زمانپژانی منداڵ، کاریگەریی لەسەر تیۆریی، شێوە، ڕێبازەکانی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم هەیە و زۆربەیان لەسەر هەنگاوەکانی زمانپژان دارێژراون. واتە زمانەوانەکان بۆ شیکردنەوەی قۆناغەکانی زمانفێرکردن و زمانفێربوون، پشت بەو ئەنجامانە دەبەستن، کە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان لە لێکۆڵینەوە تیۆریی و پراکتیکییەکاندا پێیگەیشتوون.

٢- ئەو کۆزانیارییە زمانیی و نازمانییەی، کە مرۆڤ لە وەرگرتنی زمانی یەکەمدا فێریاندەبێت، کاریگەریی لەسەر توانا و ڕەوتی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم هەیە و مرۆڤ لە هەر پێواژۆیەکی زمانفێربووندا، ناتوانێت لە کاریگەریی زمانی یەکەم/دایك ڕزگاری ببێت.

٣- ئەو ئاڵۆزییانەی، کە فێرخواز لە فێربوونی زمانی دووهەمدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵۆزییانەی لە زمانپژان توشیبوون (بڕوانە: کاروان عومەر قادر،٢٠١٤: ١١٩)، بۆ نموونە گرفتە فۆنۆلۆژییەکان و سینتاکسییەکان و گرفتی تێگەیشتن.

### ٢/١-١) زمانپژان

زمان وەك پێکهێنەرێکی ژیانی مرۆڤ و هۆیەکیش بۆ بەدەستهێنانی "کۆزانین، فێربوون و پەیوەندیکردن (ناهیدە ڕەحمان خەلیل،٢٠١٣: ٧)"، چەندین لایەنی سەرنجڕاکێش و مایەی تێڕامانی هەیە، کە وامان لێدەکات بە

---

[٩]- لێرەدا مەبەست لەم چەمکە لایەنە بایۆلۆژییەکەی نییە، بەڵکو مەبەست لایەنە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو پێواژۆیەیە، کە (یەکەمین زمانوەرگرتنی منداڵ)ە.

[١٠]- بۆ زمانی سێهەم و چوارەم و هەر زمانفێربونێکی تریش بە هەمانشێوەیە.

قوڵی لێیان وردبینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەربکەین. یەکێك لەو لایەنە سەرنجڕاکێشانە، بابەتی زمانپژانە، لەو ڕووەوە، کە منداڵ چۆن زمانی دەپژێت؟ چی وەردەگرێت؟

کاتێك باسی زمانی یەکەم/ زمانی دایك[11] دەکەین، ڕاستەوخۆ دەبێت باسی زمانپژان بکەین، چونکە کاریگەرییەکی قوڵ و فراوانی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیی دەکاتە سەر هەست و سۆزی ئاخێوەر. مەبەستیشمان لە زمانی یەکەم ئەو زمانەیە، کە منداڵ یەکەمجار لە خێزان (دایکوباوکی)یەوە وەردەگرێت، چونکە منداڵ لە باوەشی دایك و خێزاندا چاوی بە جیهاندا هەڵدەهێنێت، ڕووبەڕووی زمانی دایکوباوك و خێزانەکەی دەبێتەوە و بنەماکانی ئەو زمانە وەردەگرێت (لویس،١٩٥٩: ٣٣)، هەتا دەگاتە توانای خۆدەربڕین. مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی زمانپژانیش، بوونی توانای بایۆلۆژیی و هاریکاریی نێوان منداڵ و پێگەیشتووانە، باشترین ڕێگەش بۆ هاریکاریی و بەریەککەوتن و بە یەکگەیشتنی نێوانیان، بەکارهێنانی خودی زمانە (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٨٢). واتە هەر لەو کاتەوە وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیارییە زمانییەکان لە مێشکیدا دەستپێدەکات، تا دەگاتە ئەو قۆناغەی توانای ئەندامەکانی قسەکردن و ئەو زانیارییانەی لە خێزانەوە وەریگرتون، یارمەتیدەدەن زمانی بپژێت و ئەو زمانە بەکاربهێنێت. پێویستە منداڵ لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، دەسەڵاتی بەسەر زمانەکەیدا هەبێت، بۆئەوەی وەك ئەندامی کۆمەڵ قبووڵبکرێت (ناهیدە،٢٠١٣: ٢٣).

پەیوەست بەم بابەتەوە، (چۆمسکیی)، کە باوەڕیوایە منداڵ لە پێواژۆیەکی داهێنەرانەی مێشکدا زمانی دەپژێت و منداڵ ئامادەیی وەرگرتنی هەر زمانێکی هەیە، دەڵێت: "زمانپژان: بریتییە لە هەڵهێنجانی ژمارەیەك ڕێسا و یاسا لەلایەن منداڵەکەوە لەو داتا زمانییانەی، کە لە دەوروبەری دەیانبیستێت، لەگەڵ وەرگرتنی ئەوانەی تایبەتن بە زمانی دایکی (محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر،٢٠٠٤: ٢)". بە پێی ئەم پێناسەیە، منداڵ جگە لە داتاکانی زمانی دایك، کۆمەڵێك یاسای جیهانی هەڵدەهێنجێت، کە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هاوبەشن. لە بەرامبەر ئەمەدا، بە تێڕوانینی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، منداڵ تەنها ئەو زمانە وەردەگرێت، کە لە ناو ئاخێوەرانیدا دەژێت (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٨٢). واتە زمانپژان ڕاستە پەیوەستە بە گەشەی بایۆلۆژیی منداڵەوە، بەڵام ڕووداوێکی کۆمەڵایەتییە و منداڵ بۆ وەرگرتنی پێڕەوە ئاڵۆزەکەی زمان، پێویستی بە فێرکردنی دایك و باوك و پەروەردەکردنی زمانیی نییە، بەڵکو تەنها پێویستی بە ژینگەیەکە بۆ ژیان، کە زمانی تێدا بەکاردێت (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محەمەد باتنی، ٢٠١٥: ٦٧ و ١٧١–١٧٧).

[11]– (زمانی زگماکیی، زمانی دایك، زمانی شیریی، زمانی خۆماڵیی) یشی پێدەگوترێت (ناهیدە،٢٠١٣: ٢٠).

### ١/٢-١-١) تیۆرییەکانی زمانپژان

لقە زانستییە جیاوازەکانی زمانەوانیی، وەك زمانەوانیی گشتیی و نێوان_زانستییەکانی، وەك (زانستی زمانی دەروونیی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی) لە جیهاندا لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەی زۆریان لە بارەی زمانپژانەوە کردووە و بە دانانی چەندین تیۆریی و بیردۆزەی جیاواز و ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوانەی، کە لەو بارەوە ئەنجامیانداوە، هەوڵیانداوە بگەنە ئەنجام و وەڵامێکی گشتگیر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، چونکە هەر تیۆرییەك بە بیروبۆچوون و دونیابینیی جیاوازەوە لە لایەن (فەیلەسوف، کۆمەڵناس، زمانەوان و دەروونناس)ەکانەوە دانراون و بە پێی زانیاریی سەردەمەکەیان و لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە زمانیان ڕوانیوە و باسی زمانی مرۆڤ و زمانپژانیان کردووە. ئەنجامی تاقیکردنەوەکانیشیان جیاوازبوون.

لەم ڕوانگەیەوە و بە پێی ڕەوتی مێژوویی گەشەکردنی زانستی زمان، قوتابخانەکان ڕیزبەند دەکەین و بیروبۆچوونەکانیان لەسەر زمانپژان دەخەینەڕوو، چونکە ئەم قوتابخانە و قۆناغە مێژووییانە بەردەوام دۆزینەوەی زانستی و زمانەوانیی نوێی تێدابووە و ئاسۆی زانیاریی زمانییمانی فراوانکردووە.

١-قوتابخانەی بوونیادگەریی: ئەم قوتابخانەیە بۆ گەیشتن بە لایەنی دەروونیی و کەسایەتیی و ئاستی زیرەکیی مرۆڤەکان و ڕوونکردنەوەیان، تاقیکردنەوەیان لەسەر لێکدانەوەی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی دەرەکیی و بەرجەستەی مرۆڤ بووە. ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: "زمان بریتییە لە پەیدابوونی کۆمەڵێك خووی دەنگیی لە منداڵدا (محەمەد باتنی،٢٠١٥: ٥٧)" و "وەکو نەریت و دووبارەکردنەوە و پاڵپشتکردن و پشتئەستورکردن، پەیڕەودەکرێن (سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو،٢٠١٠: ٣٨٩)".

ئەم قوتابخانەیە سێ تیۆریی جیاوازیان دەربارەی زمانپژان هەبووە:

یەکهەمیان، تیۆریی لاسایکردنەوەیە. مرۆڤ بە گشتیی و منداڵ بەتایبەتیی، بەهۆی لاسایکردنەوەی وشە و دەربڕینەکانی دایك و باوك و دەوروبەرەوە، زمان فێردەبێت و دەڵێن، کە "توانای منداڵ لە لاسایکردنەوەدا زۆر بەتینە و دەتوانێت زۆر بە پەلە وشە وەربگرێت و قسە بکات، بەهەرەی منداڵ هەر لە لاسایکردنەوەی وشە و ڕستەدا نییە، بەڵکو لە گوتنەوە و شێوازەکانی دەنگیشدا دەردەکەوێت (عەبدولواحید ئەلوافی،٢٠٠٧: ١٦)".

دووهەمیان، تیۆریی وروژاندن و وەڵامدانەوەیە. ئەم تیۆرە بوونیادگەرە ئەمەریکییەکانی وەك (بلۆمفیڵد Bloomfield) و (واتسۆن B. Watson) لەسەر بنەمای تیۆریی دەروونشیکاریی ڕەفتاریی دایانناوە، کە بنەمای سەرەکییان لەسەر کار و کاردانەوە، ورووژاندن و وەڵامدنەوە. واتە قسەکەر دەربڕراوێك دەنێرێت بۆ گوێگر، گوێگریش لەسەر بنەمای ئەو ڕەفتارە، وەڵامی بۆ دەربڕراوەکەی قسەکەر دەبێت (ناهیدە،٢٠١٣: ٣٠).

سێهەم، تیۆریی ئەزموونکردنە. یەکێك لە ڕێبەران و لێکۆڵەرانی ئەم تیۆرییە (سکینەر)ە، کە پێیوایە مێشکی منداڵ وەك پەڕەیەکی سپی وایە و بەتاڵە. وەك (سکینەر)یش دەڵێت: "منداڵ لە کاتی لەدایکبوونیەوە هیچ بناغە و سەرەتایەکی زمانیی لە مێشکیدا نییە و دواتر لە ژینگەوە زمان وەردەگرێت (عەبدڵڵا،٢٠١٥ : ١٠٩)". ئەم تیۆرییە هەوڵدان و هەڵەکردن، دووبارەکردنەوە و هاندان، پاڵپشتکردن و پاداشتکردن بە گرنگترین ڕەگەزی زمانپژان دادەنێت، کە وا دەکەن فێری دەربڕینەکانی دایك و باوك و دەوروبەرەکەی ببێت (ناهیدە،٢٠١٣: ٣٤).

٢-قوتابخانەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی: ئەم قوتابخانەیە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بە سوودوەرگرتن لەوەی زمانەوانیی گشتیی پێیگەیشتووە، لە زمانپژان دەکۆڵێتەوە و بەدوای وەڵامی پرسیارگەلێکی وەك (ئایا منداڵ چی وەردەگرێت؟ چۆن بەکاریدەهێنێت؟)دا دەگەڕێن و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە. ڕایان وایە، قسەکردن کردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا ڕوودەدات. وەك (فیگۆتیسکیی) دەڵێت، لە سەرەتادا "قسەکردن لای منداڵ کۆمەڵایەتییە (کسپە،٢٠١١: ١٨)". مەبەست لە کۆمەڵایەتیبوونی قسەکردن ئەوەیە، کە منداڵ چۆنێتی بەکارهێنان و دەوروبەری بەکارهێنان و نیشانە واتاییەکان، کە کۆمەڵ ڕێککەوتنی لەسەرکردوون، لە کۆمەڵەوە وەردەگرێت (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ١١). هەروەها (ئەلیساندرۆ دورانتی Duranti 2009)یش سەبارەت بە پەیوەندی زمانپژان و بەکۆمەڵایەتییبوون، لە دوو ڕووانگەوە لێکیداوەتەوە:

١- پرۆسەی زمانوەرگرتن لەلایەن، یاخود بوونی کێبەڕکێی ئەندامەکانی کۆمەڵەوە کاریلێکراوە.

٢- کێبەڕکێی ئەندامەکانی کۆمەڵ لە مەودایەکی بەرفراوانی زمانییدا دەناسرێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەرکی کۆزانیاریی وەرگیراو و دابەشبوونی کۆمەڵ و ناسینی بۆنە کۆمەڵایەتییەکانەوە و هەروەها بەهۆی ئاڵوگۆڕی زمان لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا ڕوودەدات.

سەرەڕای ئەوەش، لە دووتوێی داتا زمانییەکاندا لایەنی کەلتوور و ڕۆشنبیریی و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵەش وەردەگرێت. بۆ نموونە لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونیانەوە، منداڵی ساوا چ کچ بێت، یان کوڕ، وەك یەکن و هیچ تایبەتمەندییەك، لە هەڵسوکەوتیاندا بەدیناکرێت، بەڵام دایك و باوك و کەسانی دەوروبەر و کۆمەڵ بە پێی کەلتووری باو، هەوڵدەدەن تایبەتمەندیی مێیەتیی و نێرێتیی تێدا دروستبکەن (شیلان ڕەحیم،٢٠٠٤: ١٣) [١٢].

٣-قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە: ئەم قوتابخانەیە بە سوودوەرگرتن لە فەلسەفەی ئاوەزیی (دیکارت)، کە دەڵێت: مرۆڤ "توانای دروستکردنی وشەی نوێی هەیە، کە بیری نوێ دەربڕێت (نوام چۆمسکیی،٢٠١٣: ٢٠)". (چۆمسکیی Chomisky)یش پێیوایە ئەو کاریگەرییە دەرەکییانەی، کە کار لە زمان

[١٢]- ژمارەیەکی زۆر تیۆریی بۆ لێکدانەوەی ئەو لایەنانەی زمان دانراون، کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە وەچەپاری ٢/١-٢-٢) باسمانکردووە.

دەکەن و مرۆڤ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، شیاونین، یان وەك پێویستنین بۆ لێکۆڵینەوەی زمانپژان و بەرهەمهێنانی زمان (عەبدولواحید موشیر دزەیی،٢٠١٤: ١٧٧). واتە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمانوەرگرتنی بە ڕێگر زانیوە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی لەبارەی زمانەوە. هەر لەبەر ئەوەشبوو، (تیۆریی بەرهەمهێنان و گواستنەوە)ی داناوە و لە چوارچێوەی ئەویشدا، تیۆرییەکی تری بە ناوی (تیۆریی ئەقلگەرایی) داناوە و تێیدا باس و لێکدانەوەی بۆ زمانپژان کردووە و دەیبەستێتەوە بە پێواژۆیەکی ئاوەزییەوە و لە دەوروبەر و کۆمەڵ دایدەبڕێت و باوەڕیشی وایە، کە مرۆڤ توانستێکی زگماکیی لە مێشکیدا هەیە، کە (دەستگای زمانپژان)ی تێدایە و یارمەتیدەدات بۆ زمانپژان و بە هۆیەوە دەتوانێت زمانێك لە زمانەکان فێرببێت (عەبدڵلا حوسێن ڕەسول،٢٠١٥: ١٠٩) (ناهیدە،٢٠١٣: ٣٥).

٤–قوتابخانەی ئەرکیی[١٣]: ئەمانیش لەبارەی زمانپژانەوە ڕوانگەی خۆیان هەیە. "بەپێی ئەم تیۆرییە زمانپژان لە ڕێگای درکپێکردن/تێگەیشتنی مەعریفی ڕوودەدات، ئامرازەکەیشی تێبینیکردنە. واتە منداڵ لە ئەنجامی ئەو شارەزاییەی، کە لە ژینگەکەیەوە وەریدەگرێت، زمانی دەپژێت (ناهیدە،٢٠١٣: ٤٠)". ئەم قوتابخانەیە لێکدانەوەکانیان لە چوارچێوەی بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی واتای وشە و ئەرکی ڕێزمانیی دەربڕراوەکان و ناوەرۆکیاندایە. باوەڕیشیانوایە زمان و وشەکانی بەبێ بەکارهێنانیان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، هیچ واتایەکیان نابێت. هەروەها باوەڕیان بە سرووشتی داهێنەریی زمان نییە، بەڵکو دەڵێن زمانبەکارهێن داهێنەرە و بەو پێیەش دەتوانێت هەموو واتایەکی نوێ دەرببڕێت و تێبگات (ساجیدە،٢٠٠٨: ٤٨).

## ١/٢–١–٢) قۆناغەکانی زمانپژان

ئێمە لێرەدا باسی هەموو قۆناغەکان ناکەینەوە، بەڵکو لە قۆناغی وشە و ڕستەوە باسیدەکەین، بە مەرجێك تەمەنی منداڵەکە لە سەرو پێنج ساڵیدا بێت و لە پێواژۆی خوێندن (پەروەردە و فێرکردن)دا بێت. بۆ دابەشکردنی ئەو قۆناغانە، زیاتر پشت بە لایەنی زمانیی و گەشەکردنی زمانیی منداڵ، پەیوەست بە قۆناغەکانی گەشەکردن، کارلێککردنی کۆمەڵایەتیی، ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زمانی تر و ئەگەر کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن دەبەستین.

یەکەم: قۆناغی لاساییکردنەوە: ئەم قۆناغە لە کۆتاییەکانی ساڵی یەکەم سەرەتای دووهەم ساڵی تەمەنییەوە دەستپێدەکات هەتا (٥–٧) ساڵیی بەردەوامدەبێت (عەبدولواحید ئەلوافی،٢٠٠٧: ١٥٨). بەپێی ئەو

[١٣]- وەك بەرپەرچدانەوە و وەڵامدانەوەیەك بۆ قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی (چۆمسکیی Chomisky)، لە ساڵی (١٩٦١)، لەسەر دەستی زمانەوانی بەریتانیی (هالیدای Halliday) دامەزراوە و بنەماکانی دارێژراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (ساجیدە،٢٠٠٨: ٣٨) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

لێکۆڵینەوانەی لەمبارەوە کراون، لەم قۆناغەدا منداڵ بە هاندانی دایك و باوك، هەوڵی دووبارەکردنەوە و لاسایکردنەوەی دەربڕینەکانیان دەدات، هەربۆیە توانای قسەکردنەکەشی هەر هی ئەوانە. ئەوەش بڵێین، کە قسەکردنی منداڵ لەسەرەتاوە ئاراستەنەکراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و گەشەکردنی منداڵ و تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتیی، فێری قسەکردنی مەبەستدار و ئاراستەکراو دەبێت (لویس،١٩٥٩: ٣٤-٣٥). هەروەها وەك کەسێکی کۆنەپارێزیش دەردەکەوێت و جیاوازیی لە قسەکردنی کوڕ و کچدا دەکات و دەتوانێت کارامەییە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە زمانەوە ڕێکبخات. (لێنبێرگ) تەمەنی دووساڵیی تا باڵغبوونی، بۆ فێربوون یان لەبەرکردنی زمانێك دیاریکردووە (سەلام و نەریمان،٢٠١٠: ٣٩٠). (گیزل)یش پێیوایە، منداڵ لەسێ ساڵان فێری ڕاناو و کاتی ڕابووردوو و ڕانەبووردوو و کۆکردنەوە و ناونانی شتەکان دەبێت و کورتە چیرۆکیش دەگێڕێتەوە و لە چوواساڵانیشدا چوار ڕستەی جیاواز دەسنیشاندەکات و بەکاریاندەهێنێت، هەروەها وشەکانی وەسفکردنیش بەکاردەهێنێت، لەگەڵ پێناسەکردنی ئەو شتانەی بەکاریاندەهێنێت (عەبدولواحید دزەیی،٢٠١٤: ١٥٩-١٦٠).

لەگەڵ ئەوەشدا، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە گۆڕانی فۆنۆلۆژییە، ئەویش بەهۆی نەتوانینی دەربڕینی هەموو دەنگەکانی زمانەکەی و ڕاهاتنی لەسەر هەندێك دەنگی نازمانیی قۆناغی گڕوگاڵ، کە وادەکات هەندێك لە دەنگەکان بگۆڕێن بۆ دەنگیتر، یان بیانقرتێنێت، یان وەك خۆی دەریاننەبڕێت، یان پاشوپێشیان بخات، لەگەڵ دەربڕینی وشە بە هەڵە لە هەندێك کاتدا. لەگەڵ ئەوەشدا توانای لاسایکردنەوەی زۆر بەهێزە و بە پەلە و زو وشە وەردەگرێت و قسەدەکات (عەبدولواحید ئەلوافی،٢٠٠٧: ١٦٠-١٦١). ئەم قۆناغە بە وشەی یەك  بڕگەیی دەستپێدەکات و دواتر دوو بڕگەیی، پاشان تاکە وشە و دواتر دوو وشە و زیاتر، تا دەگاتە ڕستەی کورت و ڕستەی تەواو. شێوەی دەربڕین و واتای وشەکانی لە خێزان و کۆمەڵی ئاخێوەرانییەوە وەردەگرێت (لویس،١٩٥٩: ٣٨).

لەلایەکی تریشەوە، لەم قۆناغەدا بە زۆریی منداڵ تەنها ڕووبەڕووی زمانیی دایك و باوکی دەبێتەوە، بەڵام ئەو منداڵانەی کە جگە لە دایك و باوك، بەخێوکەرێکیان هەیە، یان دایك و باوکیان خاوەن دوو زمانی جیاوازن، دەکرێت زیاد لە هەمانکاتدا زیاد لە زمانێك وەربگرن، یان ئەو زمانەی کە وەریدەگرن، زمانێکی تێکەڵ بێت.

دووهەم: قۆناغی چەسپاندنی زمان: لە تەمەنی (٦-٨) ساڵییەوە دەستپێدەکات. زمانی ئەم قۆناغە منداڵ هەر درێژکراوەی قۆناغەکانی پێشووە و لەم قۆناغەدا گەشەی پێدەدات و دەیچەسپێنێت. هەروەها دەروازەیەکیشە بۆ قۆناغەکانی دواتر. واتە ئەو یەکە و ڕێسا زمانییانەی لە قۆناغی لاساییکردنەوەدا وەریگرتوون، بەکاریاندەهێنێت و دەچەسپێن و شێوەی خۆیان وەردەگرن. لێکچوون لە نێوان قۆناغەکانی

گەشەی زمانیدا دەبێت هەبێت، تا کۆتایی تەمەنیش، وەك زنجیر پێکەوە بەستراون، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا لە قۆناغێکدا دابڕان دروستدەبێت.

هەر لەم قۆناغەدا منداڵ دەچێتە قوتابخانە و تێکەڵ بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی فراوانتر و فرەجۆرتر دەبێت، کە ئەزموونە زمانییەکەی دەوڵەمەندتر دەکات. هەوڵیشدەدات واز لە زمانی منداڵیی بهێنێت و شارەزای ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکان ببێت و شێوە باو و کۆمەڵایەتییەکانی وشەکان وەربگرێت (لویس،١٩٥٩: ٤١) و لە ڕێگەی گفتوگۆ، چاپکردن و دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە، فێری ڕێگە و شێوازە کۆمەڵایەتییەکانی چۆنێتی بەکارهێنانی زمانەکەی و بەها و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵەکەیان دەبێت (Llamas & Ltd, 2007:157). بەهۆی ئەم دۆخە نوێیەشەوە، شێوەی قسەکردنی دەوڵەمەند دەبێت و لەگەڵ شێوەی خێزانەکەیدا جیاوازیی تێدەکەوێت. لێرەشەوە شێوازی قسەکردنی خۆی هەڵدەبژێرێت و لە شێوازی دایك و باوك و خێزانەکەی جیایدەکاتەوە. واتە ئەو زمانەی منداڵ لە خێزان و کۆمەڵەوە وەریدەگرێت، شێوەیەکی زمانەکەیە و لە خوێندنگەوە فێری شێوەکەی تری زمانەکە دەبێت، کە ئەوەی دایك و باوك بە شێوەی نزم و ئەوەی خوێندنگە بە شێوەی باڵای زمانەکە (دواتر لە (٣/١)دا باسیدەکەین) ناودەبرێت (Ferguson,1996:30). هەروەها سەرەڕای زمانی دایکیی، ئاشنای زمانی تریش دەبێت. بەوەش ئەگەری ئەوە هەیە، کە ئەو منداڵ ڕووبەڕووی دیاردەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن دەبێتەوە.

## ١/٢–٢) زمانفێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم

پێش ئەوەی بڕۆینە ناو لێکۆڵینەوەی ئەم وەچە پارەوە، دەبێت ئەوە بزانین، کە چەمکەکانی (فێرکردن و فێربوون و زمانی دووهەم) لەو بابەتانەن، کە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی و زانستی زمانی کارەکیی و زانستی زمانی پەروەردەدان و بابەتێکی هاوبەشی نێوان زانستی زمان و زانستی دەروونناسییشن (عبدالعزیز،١٩٨٣: ٨١،١٠٩–١١٠). واتە زمانەوانیی بە شێوەیەکی گشتیی بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی لایەنە جیاوازەکانیان، گرنگییەکی زۆریان پێدەدات و ڕاستەوخۆ کاریان لەسەردەکات و گەشەیان پێدەدات. هەندێك لە زانایانیش لەو بڕوایەدان، فێربوون و فێرکردنی زمانی دووهەم بۆ خۆی زانستێکی سەربەخۆیە. ئێمە لەم باسە و لە بەشەکانی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، لەبەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، زاراوەکانی (زمانفێربوون و زمانفێرکردن) بەکاردەهێنین. لێرەدا هەریەکەیان جیادەکەینەوە و لەگەڵ چەمکی (زمانی دووهەم)دا، ڕوونکردنەوەیەکی کورتیان لەسەر دەدەین.

یەکەم: چەمکی زمانفێربوون: "فێربوون بە واتای گۆڕانی ڕەفتار دێت، مەبەستیش وەرگرتنی کۆزانیارییەکی دیاریکراوە (کاروان عومەر و شاخەوان جەلال،٢٠١٢: ٧)". زمانفێربوونیش: "فێربوونی سیستەم/ سرووشتی زمان دەگرێتەوە، کە بریتین لە سیستمی دەنگ، وشە و ئەو یاسا و ڕێسایانەی یەکەکانی زمان پێکەوە دەبەستنەوە، کۆد_تێکەڵ و دەربڕینی لە شێوەی شریتێکی دەنگییدا لە دەوروبەری بەکارهێناندا، دەگرێتەوە( ناهیدە،٢٠١٣: ٢٩)". هەروەها دەکرێت بڵێین، بریتییە لە پێواژۆیەکی بەردەوامی وەرگرتنی داتاکانی زمانێکی دیاریکراو، بە شێوەیەکی سرووشتیی، بەهۆی تێکەڵبوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، یان لە ئەنجامی پێواژۆیەکی فێرکردنی ئامانجداری پەروەردەییەوە، کە دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕان لە ڕەفتاری زمانییدا. مەبەست لە فێربوون فێربوونی هەر زمانێکە، زمانی دەرەوەی خێزانە، (دەکرێت لەناو خێزانیشدا ڕوویدات)، فێربوونی زمانی دووهەم، یان زمانی بیانیی بێت. بە کورتی واتای چەمکی زمانفێربوون بریتییە لە:

١- (یەکەم دەرکەوتنی دروستی دارشتەیەك. واتە ئەو یەکەم دەربڕراوەی، کە فێرخواز بە دروستیی دەریدەبڕێت.

٢- ڕێژەیەك لە دارشتە دروستەکان. واتە فێرخواز توانای دەربڕینی ڕێژەیەك لە دارشتەکانی هەیە بە دروستیی.

٣- یەکەم سێ نموونەی دروستی بەدوایەکداهاتوو (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ٩٧)).

دووهەم: چەمکی زمانفێرکردن: پێواژۆیەکی پەروەردەییە (عبدالعزیز،١٩٨٣: ١٠٩)، کە بەرنامەڕێژکراوە و ئاراستەکراوە. بۆ دوورخستنەوەشی لە بێبەرنامەیی و بێسەروبەریی، پشت بە تیۆریی و ڕوانگەی زانستیی دەبەستێت. ئامانجەکەشی ئەوەیە، فێرخواز فێری زمانێك بکرێت و ئەنجامەکەشی ئەوەیە، کە فێرخواز فێری زمانێك دەبێت. فێرکردنیش: هەم چالاکییەکی بابەتییانەی زانستییە، هەم هونەرە. (زمانفێربوون و زمانفێرکردن) بە دوودیوی تەواوکەری یەکدی دادەنرێن، ئەگەر فێربوون گۆڕانی ڕەفتار بێت، ئەوا فێرکردنیش گەیاندنی زانیاریی و هەوڵدانە بۆ کاریگەرییدانان لەسەر بیرکردنەوە و گۆڕینی ڕەفتار و بەدەستهێنانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مەبەست (کاروان و شاخەوان،٢٠١٢: ٦-٧)، یان دەتوانین بڵێین، پێواژۆیەکی پێڕەوبەندە و کۆمەڵێك هەوڵ و چالاکیی بە شێوەیەکی گونجاو، تێیدا ڕێکخراوە و ئامانجدارە، بە مەبەستی بەدیهێنانی گۆڕان لە زمان، یان بەکارهێنانی زمانیی، یان سیستەمێکی جیهانی زمانیی، یان نەتەوەیی، یان نیشتمانیی هاوبەش (Robert,2008:11). ئەم پێواژۆی زمانفێرکردنە هەمیشە دوای زمانپێژان ڕوودەدات و ئەنجامدەدرێت. هەر بۆیە لە باسی زمانی یەکەمدا، زمانپێژانمان بەکارهێنا، وەك پێواژۆیەکی سرووشتیی و کۆمەڵایەتیی ناو

کۆمەڵ. هەروەها لە باسی زمانی دووهەم و پێواژۆی زمانفێرکردندا، زمانفێرکردن وەك ناونانی پێواژۆکە و زمانفێربوونیش وەك پێواژۆیەکی کۆمەڵایەتیی و دەرەنجامی ئەو پێواژۆی فێرکردنە بەکاردەهێنین.

**سێهەم: چەمکی زمانی دووهەم:** وەك چەمك مەبەستمان لە زمانی دووهەم، ئەو زمانەیە، کە مرۆڤ دوای پێواژۆی زمانپژان، چ لە ناو کۆمەڵە جووت_زمانەکەی خۆیدا بێت، یان لە ناو کۆمەڵێکی تری زمان جیاوازدا، یان لە پێواژۆیەکی زمانفێرکردندا فێریدەبێت و لە ژیانیدا بەپێی پێویستیی بەکاریدەهێنێت، یان دەتوانین بڵێین "واتای وشەیی بە دەستهێنانی زمانی دووهەم: "بریتییە لە فێربوونی زمانێك لە پاش زمانپژان (بێرنارد کەمرێ و هتد،٢٠٠٧: ٢١)". وەك شازاراوەیەك هەردوو چەمکی (زمانی دووهەم) و (زمانی بیانیی/بێگانە) لەخۆدەگرێت. یەکەمیان لەناو کۆمەڵە جووت_زمانەکەی خۆی و دووهەمیان لە دەرەوەی کۆمەڵەکەی خۆی، یان لە پۆلی خوێندندا، فێریدەبێت (کاروان،٢٠١٤: ١٢٢) و تاك و کۆمەڵ بە هی خۆیانی نازانن و ئاخێوەران هەست و سۆزیان بۆی نییە.

ئەوەی، کە مەبەست لە چەمکی (زمانی دووهەم)، زمانێکی بیانیی، یان زمانی دووهەمی ناو هەمان کۆمەڵە، تاکی ئاخێوەر یان کۆمەڵی ئاخێوەر بڕیاری لێدەدەن. ڕەنگە لە وڵاتێکدا منداڵ زمانی یەکەمی زمان یان زارێکی ناوچەیی بێت و دواتر لە قوتابخانە و پێواژۆی پەروەردەوفێرکردندا زمانی فەرمیی، یان ستانداردی وڵاتەکە فێرببێت. وەك ئەو وڵاتانەی زمانێکی بێگانەیان کردووە بە زمانی فەرمیی وڵات. ئەو زمانەی منداڵەکانیان لە قوتابخانە و دەرەوەی خێزانەکە فێریدەبێت، لە زمانی دایك و باوکی ناچێت و دژایەتی لەگەڵیدا هەیە (مارتینی،٢٠٠٩: ٢٢١). وەك ئەو منداڵانەی، کە لە (هیندستان) فێری زمانی فەرمیی وڵات (ئینگلیزیی) دەکرێن، یان ئەوانەی لە (باشووری کوردستان) فێری زمانی عەرەبیی دەکرێن. بڕیاردانی منداڵ، یان هەر ئاخێوەرێکی تری زمانی دووهەم لەسەر ئەوەی، کە ئەو زمانە بە زمانی دووهەم، یان زمانی ستاندارد و فەرمیی وڵاتەکەی بزانێت، یان زمانێکی بێگانە، لەسەر هەستی ئاخێوەرەکە خۆی وەستاوە، نەك شتێکیتر. لە نموونەی هیندستاندا، منداڵەکە ئەو هەستەی هەیە، کە فێری زمانی دووهەمی کۆمەڵەکەی دەبێت، بەڵام منداڵە کوردەکە ئەو هەستەی هەیە، کە زمانی بیانیی دەخوێنێت، یان بە پێچەوانەوە.

## ١/٢–٢–١) پەروەردەی تاك و فێربوونی زمانی دووهەم

فێربوونی زمانی دووهەم دیاردەیەکی باووبڵاوە و لە ناو هەموو کۆمەڵێکدا هەیە، ئەوەش بۆ مەبەستی پەرەپێدانی توانای پەیوەندیکردنی زمانیی و کۆمەڵایەتیی تاك و کۆمەڵە، چونکە زمان لە ئاڵوگۆڕی

کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، سیاسیی و پەروەردەیی لە چوواچێوەی بەجیهانیبووندا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت .(Ramasomanana, 2005:49)

فێربوونی زمانی دووهەم سەرەڕای یاسا و مەرجەکانی، واتای "لەبەرکردنی لیستێك وشە و دەستەواژە و چەمکی نوێیە، کە دەشێت هاوتای زمانی یەکهەمی بێت (مارتینی: ١٥)". بەڵام بەو مەرجەی، کە دەسەڵاتی بەسەر لایەنە کەلتووریی، کۆمەڵایەتیی، واتا سێمانتیکیی و پراگماتیکییەکانی وشەکان، خستنەتەکیەکیان و دروستبەکارهێنانیاندا بشکێت. زۆربەی زمانەوانەکانیش لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەو فێربوونە بە سێ ڕێگا، یان شێواز دەبێت، ئەوانیش: فێربوون لە ناو خێزان، فێربوون لە ناو کۆمەڵ و پێواژۆی پەروەردەوفێرکردنن. مەبەست لە فێربوون لە ناو خێزان، واتە منداڵ وەك زمانی دایکیی، زمانی دووهەمیش لە دایك و باوکییەوە فێردەبێت. لە ناو کۆمەڵیشەوە، کارلێکی تاکی فێرخوازە لەگەڵ کۆمەڵی ئاخێوەرانی زمانی دووهەم. ئەویش بە دوو شێوەی جیاواز ڕوودەدات: یان ئەو زمانە لە کۆمەڵەکەی خۆیدا وەك زمانی فەرمیی، بەکاردەهێنرێت، یان ئاخێوەر خۆی لە ناو کۆمەڵی زمانی دووهەمدا دەژێت (محمود،٢٠٠٢: ٧٩). ئەم شێوە فێربوونە زۆرجار بە شێوەی خۆکرد و بەبێ دەستتێوەردان، ڕوودەدات. لە ڕاستیدا، خەڵك ئەو کاتە باشتر فێری زمانی دووهەم دەبێت، کە تا ئاستی نوقمبوون تێکەڵی ئەو کۆمەڵە ببێت، کە بەو زمانی دووهەمە قسەکردندەکەن، هەروەها لە ناو ئەو کەلتوورانەشدا ئاسانترە، کە تیایاندا قسەکردن بەو زمانی دووهەمە شتێکی چاوەڕوانکراوە، وەك ئەو وڵاتانەی دوو زمانی فەرمییان هەیە، یان زمانێکی بێگانەیان کردووە بە زمانی فەرمیی (بێرنارد و هتد،٢٠٠٧: ٢١–٢٢). هەربۆیە ئەو منداڵانەی لە کۆمەڵی جووت_زماندا گەشەیانکردووە، بەهۆی بەشداریکردنی بەردەوامیان لە ئەرك و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی خێزان و کۆمەڵ و چیرۆکگێڕانەوە و ئەو شێوازانەی، کە بە هۆیانەوە فێری نووسین و هەڵهێنجان دەبن لە ژینگەکەیەوە، لە تەمەنێکی منداڵییەوە بە پێی دەوروبەر و کەسی گوێگر، فێری چۆنێتی هەڵهێنجان و هەڵبژاردن بە ڕێگەی جیاواز لە زمانەکانیانەوە دەبن (Llamas & Ltd,2007:157).

مەبەست لە شێوەی فێرکردنیش ئەوەیە، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم، وەك بابەتێکی گرنگیی پەروەردەوفێرکردن، خراوەتە پرۆگرامی خوێندنەوە و قوتابیانی پێفێردەکرێت. واتە دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی گشتیی و سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵی ئەو زمانە، یان پەرەپێدانی پەیوەندیی و ئاڵوگۆڕە کەلتوورییەکان، پلانێکی زمانیی یاسایی و ڕێکخراویی بۆ فێربوونی زمانێك و گفتوگۆپێکردنی لە هەلۆیست و بارودۆخە جیاوازەکاندا هەیە (Aranoff and Rees-Miller,2003:705). وەك ئەوەی، کە لە هەرێمی باشووری کوردستاندا بەدیدەکرێت. لە ساڵانی پێشوودا لە خوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆ حکومییەکاندا هەر زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی و زمانی کەمینەکان دەخوێنرا، لەگەڵ بەشی خوێندنی

زمانەکانی ئینگلیزیی و فارسیی و فەڕەنسیی لە زانکۆکاندا. لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەهۆی کرانەوە و ئاسانبوونی پەیوەندییەکان و هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان و پیشەسازییە نوێیەکان و هەلی کار و گەشتوگوزار و ئاڵوگۆڕە کەلتوورییەکان و...هتد، چ لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردەفێرکردنی حکومییەوە بێت، یان کەرتی تایبەت، هەر لە باخچەی ساوایانەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتیی تا ئامادەیی و پەیمانگا و زانکۆکان، ژمارەیەکی زۆری فێرخواز، فێری زمانی بیانیی دەکرێن.

فێرخوازانی زمانی دووهەم بە گشتیی لە فێربوونی ئەو زمانانەدا کۆمەڵێك مەبەست و ئامانجی جیاوازیان هەیە، کە هانیاندەدات بۆ فێربوونی، لەوانە:

١–بەدەستهێنانی توانستی پەیوەندیکردن: ئامانجی سەرەکیی فێرخواز لە فێربوونی زمانی دووهەم، فێربوونی توانا و ستراتیژی پەیوەندیکردنی فرەلایەنە، کە وەرگرتنی توانستی گەیاندنە و لەناو ئەویشدا توانای ڕێزمانیی و گوتاریی وەردەگرێت، لەگەڵ توانستی کۆمەڵایەتیی، کە گونجاوی بوونیاد و واتا و دەوروبەری گوتاریی دەگرێتەوە (عەبدولواحید دزەیی،٢٠١٤: ١٨٥–١٨٦)، چونکە "توانای زمانیی لە سەرەکیترین هۆکاری پەیوەندی نێوان تاکەکانە (ناهیدە،٢٠١٣: ٢٣)" و وشەکانیشی هەڵگری بەها و زانیاریی ڕۆشنبیریی و کەلتووریی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی خاوەنزمانە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپارەکانی ١/١–١ و ١/١–٢).

٢–وەرگرتنی دونیابینیی زمانی دووهەم: بەهێزترین پاڵنەر بوونی سوودمەندێتییە، بۆ نموونە ئەو زمانەی دەیەوێت فێری ببێت، (کارامەیی زانستیی، سەربازیی، ئابووریی و سیاسیی (سەلام و نەریمان،٢٠١٠: ٣٨٧))... هتدی هەیە و ئەیەوێت لە ڕێگەی فێربوونی زمانەکەوە، سوود لەو کارامەیی و پێشکەوتنانە وەربگرێت و ئەزموون و دونیابینیی نوێ فێرببێت.

٣–سەپاندنی فێربوونی زمانی دووهەم: ئەو زمانە زمانی فەرمیی وڵاتەکەیەتی و بۆ کاروباری میریی و ڕۆژانە پێویستی پێیەتی، وەك ئەو وڵاتانەی، کە زمانێکی بێگانەیان کردووە بە زمانی فەرمیی، وەك وڵاتە ئەفەریقییەکان، هیندستان، وڵاتەکانی کاریبیی و ئەمەریکای لاتین، یان وەك گەلی کورد، کە بەهۆی داگیرکردنی کوردستان و سەپاندنی زمانی داگیرکەرانەوە، تاکی کورد ناچارە، بە ناچاریی فێری زمانی دووهەم ببێت، کە فارسیی، تورکیی، یان عەرەبییە.

٤–شانازیکردن بە فێربوونی زمانی دووهەمەوە: یەکێکی تر لەو هاندەرانە، خۆهەڵکێشان و شانازیکردنە. واتە فێرخواز وەك ئەدگارێکی پێشکەوتویی، نوێخوازیی، خۆشویستن و بە گەورە زانینی بێگانە، لە زمانەکە دەڕوانێت، کە ڕەنگە بگۆڕێت بۆ باوەڕێکی نەگۆڕ (المسدی،١٩٨٤: ٩٩).

٥–بەکارهێنانی دوو زمانەکە: هەندێکجار کەسی جووت_زمان، زمانێك بۆ قسەکردن و زمانێکی تر بۆ نووسین بەکاردەهێنێت (بێرنارد و هتد،٢٠٠٧: ٢٢)، وەك ئەو ئەدیب و نووسەرانەی، بە زمانی دووهەمیان دەنووسن.

بۆ ئەمەش زانایان و پسپۆڕانی لقە جیاوازەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لەسەر ئەو باوەڕەن، کە لە پێواژۆی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەمدا، فێربوونی زمانەکە و تێگەیشتن لە ئەرکی زمانیی و کۆمەڵایەتیی و واتای وشەکانی لە هەر زمانێکدا، تەنها بە فێرکردن و فێربوونی واتای فەرهەنگیی و ڕێزمانیی

وشەكان بەدینایەت، بەڵكو بە فێربوونی لایەنە كۆمەڵایەتیی و كەلتووریی و ڕۆشنبیرییەكانی زمانەكەوە بەندە، كە مەبەست لێی (توانستی پەیوەندیكردن)ە.

بۆ زانینی ڕادەی فێربوون و بۆئەوەی بتوانین بڵێین پێواژۆی زمانفێركردنەكە سەركەوتووبووە، یان فێرخواز بە دروستیی زمانەكە فێربووە، (هامرلی) چەند خاڵێكی خستوەتەڕو، كە ئەمانەن: (توانای كەلتووریی، توانای هەڵبژاردن، توانای دەستپیكردنی قسەكردن، توانای زیاتر فێربوون، توانای قبووڵكردنی هەموو لایەنەكانی زمانەكە، توانای داڕشتن و پێكهێنانی وشە و ڕستە، توانای گونجاندنی بیرەكانی و قسەكردنەكانی، توانای بەشبەشكردنی قسەكردنەكانی و پێكەوە بەستنەوەیان، توانای پەیوەندیكردن و كارلێككردن) (استیتیە،٢٠٠٤: ١٤٠–١٤٩)، چونكە زمان بە پلەی یەكەم بەكارهێنانە و ئامرازێكە بۆ قسەكردن و پەیوەندیكردن و دەربڕینی داڕشتە زمانییەكانیش، بە ئەركە زمانیی و كۆمەڵایەتییەكانییەوە بەندە. سەرەڕای ئەوەش وشەكان و دەربڕاوە زمانییەكان بەردەوام لە ڕووی فۆڕم و واتاوە لە گۆڕاندان و هەر زمانێكیش لە ناو خۆیدا فرەجۆر و فرە ئاراستەیە. هەر لەبەر ئەوەشە (دیل هایمز) پێیوایە، كاتێك منداڵ زانیاریی لەسەر ڕستە زمانییەكان فێردەبێت، تەنها وەك ئەوە فێریاننابێت، كە لە ڕووی زمانییەوە دروستن، یان نا، بەڵكو وەك ڕستەیەكی گونجاویش بۆ بارودۆخی جیاواز فێریان دەبێت (بوقربة: ٣٤).

پێواژۆكانی فێركردن و فێربوونیش لە ناو پۆلی خوێندندا، لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە و بە سوودوەرگرتن لە زانیارییە پێشینەكانی فێرخواز و بەراوردكردنی بە كۆزانیارییە نوێیەكەی، دادەڕێژرێت. واتە لە پێواژۆی زمانفێربوونی دووهەمدا، دوو جۆر كۆزانیاریی، كە كۆزانیاریی پێشینەی (زمانی یەكهەم) و كۆزانیاریی هەنوكەیی (زمانی دووهەم)ن، لەلای فێرخوازی زمانی دووهەم هەن و جیایشكراونەتەوە و لە قۆناغەكانی فێربوونی زمانی دووهەمدا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: كاروان،٢٠١٤: ١٢٦–١٣٠).

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە فێرخواز لە كاتی فێربوونی زمانەكەدا توشی گرفت و ئاڵۆزیی و تەنگوچەڵەمە نابێتەوە. بۆ نموونە وەك (لادۆ) باسیكردووە، هەندێكجار فێرخواز هەوڵدەدات، كە داڕشتە و واتا و دابەشكردنە زمانیی و كەلتوورییەكان لە زمانی یەكهەمەوە بۆ زمانی دووهەمی بگوازێتەوە (جاس و سلینكر،٢٠٠٩: ١٠٧)[14]. ئەو گواستنەوەیەش دوو جۆرە (ساكر،٢٠٠٩: ١٧٢):

یەكهەم/ گواستنەوەی ئەرێنیی: خێرا وەرگرتن و فێربوونی ئەو داڕشتە و ڕێژە زمانییانەیە، كە هاوشێوەی ئەوانەی زمانی یەكهەمن.

دووهەم/ گواستنەوەی نەرێنیی: گرانی وەرگرتنی ئەو داڕشتە و ڕێژانە دەگرێتەوە، كە لەوانەی زمانی دایك جیاوازن.

[14]– هەر لەو بارەوە، (داگۆت و لاوفێر)یش پێیانوایە، ئەوە بە هۆی ئاڵۆزیی و گرانیی داڕشتە زمانییەكانی زمانی دوهەمەوە ڕودەدات. بۆ نمونە كاتێك ئاخێوەرانی زمانی عیبری دەیانەوێت فێری زمانی ئینگلیزیی ببن، هەوڵدەدەن لە كورتە ڕستە (شبه جمله)ی ئینگلیزییدا، كرداری یەك وشەیی بەكاربهێنن، چونكە لە زمانی عیبریدا كورتە ڕستە نییە (جاس و سلینكر،٢٠٠٩: ١٩٠).

هەربۆیە پێویستە فێرخواز فێری ئەوە بکرێت، ڕاستەوخۆ بەو زمانی دووهەمەی، کە دەیەوێت فێری ببێت، بیر بکاتەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەش بوو، زاناکان بیری هێما و تیۆریی هێمایان داهێنا، بۆئەوەی لە کاتی زمانفێربووندا، ڕێگری لە دەستتێوەردانەکانی زمانی دایك لە زمانی دووهەمدا بکات (مالبرج،٢٠١٠: ٣١٧). هەروەها هەر بۆ دەربازبوون لەو کاریگەریی و گرفت و ئالۆزییانەی پێواژۆی فێربوونی زمان، هەمیشە بە دوای باشترین ڕێگاچارەدا گەڕاون. باشترین ڕێگاکان و یارمەتیدەرەکان، کە دیاریانکردووە بۆ جێبەجێکردنێکی دروستی پێواژۆکانی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم و باشتر و زوتر فێربوونی، بریتین لە[١٥]:

١–خۆگونجاندنی کەلتووریی، کە بە کارلێککردن و تێکەڵبوون لەگەڵ کۆمەڵی خاوەن زمانی دووهەم، پێواژۆی فێربوونەکە دێتە ئەنجام و فێرخواز بە شێوەیەکی سرووشتیی فێری ئەو زمانە دەبێت و لایەنە کۆمەلایەتیی و ڕۆشنبیریی و کەلتوورییەکانیشی وەردەگرێت.

٢–پێویستی فێرخواز بەو زمانە، تایبەتمەندیی کۆمەلایەتیی تاك و کۆمەڵ، شوێنی جوگرافیی و باری ئابووریی.

٣–لە ڕووی توخمەوە، کچ زوتر لە کوڕ زمان فێردەبێت. زانایان زانستی زمان بە گشتیی لەسەر تەمەنێکی دیاریکراو بۆ فێربوونی زمانی دووهەم هاوڕانین، بەڵکو بەسەر دوو بۆچووندا دابەشبوون: یەکەمیان: تەمەنی منداڵییان پێباشە، چونکە ئامادەباشیی زیاتری هەیە وەك لە گەورەکان.بەڵام دووهەمیان: تەمەنێکی گەورەییان پێباشە، چونکە باشتر فێردەبن و پاڵنەر و ئامانجی زیاتریان هەیە بۆ فێربوونی.

٤–تا خێزان گەورەتر بێت و دەوری منداڵ قەرەباڵغتر بێت، زوتر زمان فێردەبێت. بەڵام منداڵانی هەتیوخانەکان لەبەر کەم تێکەڵبوون، تەنیایی و بێ دایك و باوکیی، درەنگتر فێردەبن.

٥–لایەنی دەروونیی و تەندروستیی جەستەیی، وەك: ڕوونبوونەوەی هەستی بیستن، تۆمارگە و یادگە، تێگەیشتن لە واتای وشەکان، هۆشمەندیی، زیرەکیی و بیرتیژیی.

## ٢/١–٢–٢) تیۆریی و ڕێگاکانی زمانفێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەم

زانایانی قوتابخانە زمانییەکانی زانستی زمان و لقە زانستییەکانی بە گشتیی و کۆزمانەوانەکان بەتایبەتی، بۆ گونجاندنی خواست و ئامانجەکانی فێرخواز و ڕێگا و شێواز و یارمەتیدەرەکانی زمانفێرکردن و بۆ ئەوەش، کە پێواژۆی فێرکردنەکە بە شێوەیەکی گونجاو بەڕێوەبچێت، کۆمەڵێك (تیۆریی و ڕێگا[١٦])یان داهێناوە بۆ زمانفێربوون و زمانفێرکردن. لەوانە (قوتابخانەی بوونیادگەریی) بە کاریگەریی کۆمەڵە هۆکارێك، تیۆریی و

[١٥]– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو خاڵانە، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: عەبدلواحید ئەلوافی (٢٠٠٧: ١٧٤–١٧٥)، بێرنارد و هتد (٢٠٠٧: ٢١–٢٢)، ناهیدە (٢٠١٣: ٢٧)، عەبدولواحید دزەیی (٢٠١٤: ١٦٦– ١٦٧،١٧٣)، عەبدوڵلا (٢٠١٥: ١١٤)، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠: ٣٩٠).

[١٦]– زمانەوانی کارەکیی (ئیدوارد ئەنتۆنیی) دەڵێت: تیۆریی کۆمەڵێك گریمانەی بەیەکداچووە لەسەر زمان و چۆنێتی فێربون و فێرکردنی. بەڵام ڕێباز/شێواز پلانێکە بۆ خستنەڕووی بابەتی زمانیی، هیچ بەشێکی دژایەتی یەکدی ناکەن و بە پێی تیۆرییەك داڕێژراوە. دەکرێت چەند ڕێباز و شێوازێکی فێرکردن لە خستنەڕوویدا بەکاربێت (سهام،٢٠١٢: ١١).

ڕێبازگەلێکیان بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسانکردنی فێرکردن و فێربوونی زمان دووهەم دارشتوە، لەوانە (خرما و حجاج،١٩٨٨: ١٧٢-١٧٣):

١- وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر بڵاوبوونەوەی ڕێبازی وەرگێڕان و فێرکردنی وشە و ڕستە.

٢- دەرکەوتنی زانستی زمانی پەسنکاریی نوێ و زانستی دەروونناسیی ڕەفتاریی.

٣- زیادبوونی پێویستی فێربوونی زمانی بێگانە و پێشکەوتنی فرەلایەنەی زانست و تەکنەلۆژیا.

(قوتابخانەی ئەرکیی)یش شۆڕشێکیان لە زمانفێرکردندا بەرپاکرد. زمانەوانانی ئەم قوتابخانەیە تێکڕا لەوەدا هاوڕان، کە ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردنە، هەربۆیە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زمانفێرکردنیان بە ئەرك و سوودی کۆمەڵایەتییەوە بەستووەتەوە. بەوەش پێڕەو و شێوازی زمانفێرکردنیان گۆڕیی. واتە ئامانجی زمانفێرکردنیان لە فێربوونی هەندێك وشە و ڕستەوە بۆ فێربوونی توانستی پەیوەندیکردنی زمانیی لە ژیانی ڕۆژانەدا گۆڕیی (عواریب،٢٠١٤: ١٥٥). خاڵێکی گرنگیش، کە هەموو تیۆرییەکان یەکدەخات، ئەویش هەوڵدانە بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی گۆڕینەوە و تێکەڵکردنی یەکە زمانییەکانی دوو زمانەکە.

لێرەدا ئەو تیۆریی و ڕێگایانە دەخەینەڕوو، کە باوەڕیان بە خۆڕسکبوونی زمان نییە، بەڵکو زمانفێرکردن و زمانفێربوون لە چوارچێوەی کۆمەڵ و ژینگەیی کۆمەڵایەتییدا دەبینن و لێکدانەوەکانیشیان هەر لەو چوارچێوەیەدایە. هەروەها لایەنێکی تری گرنگی ئەم تیۆریی و ڕێبازانەش لەوەدایە، کە هەوڵی ڕێگریکردن لە بەیەکداچوون و گۆڕینەوە و تێکەڵکردنی یەکەکانی دوو زمانەکە دەکەن. لێرەدا هەندێك لەو تیۆریی و ڕێبازانە دەخەینەڕوو.

یەکەم: (جاك ڕیچاردز و تیۆدۆر ڕۆجێرز Richards & Rodgers[١٧]) لە کتێبەکەیاندا باسی چەند تیۆریی و ڕێبازێکیان کردووە، هەروەها (نایف خرما و علی حجاج ١٩٨٨: ٨٢-٨٤ و ١٦٩-١٨٦))یش لە کتێبەکەیاندا و چەند تیۆرییان خستووەتە ڕو، کە هەندێکیان هەمان ئەو تیۆرییانەن، کە (جاك و تیۆدۆر) باسیانکردووە. لەوانە:

١-ڕێبازی ڕێزمان و وەرگێڕان: ئەم ڕێبازە ڕێبازێکی کلاسیکییە و بە زۆری بۆ فێربوونی زمانی یۆنانی و لاتینی سوودی لێوەرگیراوە. بە پێی ئەم ڕێبازە، فێرخواز دەبێت یاسا ڕێزمانیی و ڕستەسازییەکان لەبەربکات، هەروەها بە وەرگێڕانی وشەبەوشە و لیستکردنی وشە قورسەکان بۆ بیرخستنەوە، فێرخواز فێردەبێت. زۆربەی ڕێباز و تیۆرییەکان وەك کاردانەوەیەك لە دژی کارەکانی ئەم ڕێبازە دامەزراون و

[١٧]- بۆ زانیاری زیاتریش، بڕوانە (سهام،٢٠١٢: ١٢-١٦) و ئەو سەرچاوەیەش، کە سوودی لێوەرگرتووە:

*Richards, Jack C. & Rodgers, Theodore Stephen, (2001) Approaches and Methods in Language Teaching, Cambridge UK, Cambridge University Press, 2nd edition, op.cit, p 50-178.*

ڕەخنەیەکی زۆری لێگیراوە. بەڵام ئەمە کارێکی ئەستەمە و وادەکات، کە خوێندکار تووشی کۆدگۆڕینەوە و تێکەڵکردن ببێت.

٢–ڕێبازی بەراوردکردن: ئەم ڕێبازە بۆ ناساندنی لایەنە ئاسان و گرانەکانی زمانفێربوونەکە، بەراوردی دارِشتەی زمانی دووهەم و یەکەم و لایەنە ڕۆشنبیریی و کەلتوورییەکانیشیان دەکات، چونکە فێربوونی زمانی دووهەم وەك فێربوونی نەریتی نوێ دەبینێت و زمانی یەکەم و ڕادەی جیاوازیی زمانی یەکەم و دووهەمیش بە هۆکاری هەڵەکانی فێرخواز دەزانێت (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ١١٧–١١٨). پێشبینی هەڵەکانی فێرخوازیش دەکات، وەك گواستنەوەی (دەنگ و یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانی زمانی یەکەم بۆ زمانی دووهەم)، کە پێیدەوترێت (بەیەکداچوونی زمانیی) (ساکر،٢٠٠٩: ١٧١).

٣–تیۆریی شیکردنەوەی هەڵە: ئەم ڕێبازە وەك بەرپەرچدانەوەی (بەراوردکردن) سەریهەڵدا. باوەڕی وایە، هەڵە زمانییەکانی فێرخواز ئاساین و نیشانەی فێربوونی زمانی دووهەمن (ساکر،٢٠٠٩: ١٧٤). دەتوانرێت بە شیکردنەوەیان و تێگەیشتن لێیان و بۆ باشترکردنی پێواژۆکە، بکرێنەوە بە بارێکی فێرکردن (کاروان،٢٠١٤: ١١٩)، بۆ ئەوەی فێرخوازی نوێ توشی هەمان گرفت نەبنەوە، یان گرفت و گرانییەکانی فێربوون، چیتر وەك گرانی و گرفت نەمێننەوە. (کۆردەر) یەکێکە لە دارِێژەرانی ئەم ڕێبازە و لەسەر بنەمای (توانست و توانا)کەی (چۆمسکیی Chomisky)، دووجۆر هەڵەی دەستنیشانکردووە، ئەوانیش (هەڵەکانی توانست) و (هەڵەکانی توانا)ن، مەبەست لە یەکەمیان، ئەو هەڵانەیە، کە بەهۆی کەمی زانیاریی ڕێزمانی زمانی دووهەمەوە ڕوودەدەن، یان هەڵەی جێبەجێکردنن و دووهەمیشیان هەڵەی دەربڕین و گرفتی دەربڕین دەگرێتەوە (ساکر،٢٠٠٩: ١٧٥).

٤–ڕێبازی ڕاستەوخۆ: بە (شێوازی سرووشتیی)یش ناودەبرێت، چونکە گرنگیی بە قسەکردنی ڕۆژانە دەدات. ئەم ڕێبازە وەرگرتنی زمانی دووهەم بە هاوشێوەی زمانپژان دەبینێت. واتە چۆن منداڵ بە بێ هیچ دەستتێوەردانێکی زمانی تر، زمانی دایکیی فێردەبێت، ئاوەهاش دەبێت فێرخواز لە پۆلی خوێندندا بە بێ وەرگێڕان و ئاسانکاریی، ڕاستەوخۆ و بە تەنها بەو زمانە بخوێنێت، کە دەیەوێت فێریببێت.

٥–ڕێبازی خوێندنەوە: بۆ پەیداکردنی توانای خوێندنەوەی سەرچاوەی بیانیی و ئاگاداربوون لێی، سەریهەڵدا. ئەم ڕێبازە وەرگرتنی زمانی دایك بە هاوشێوەی فێربوونی زمانی دووهەم دەبینێت. بە پێی ئەم ڕێبازە داوا لە خوێندکار دەکرا، بە بێ وەرگێڕان و گەڕانەوە بۆ زمانی دایك، هەوڵی تێگەیشتن لە بابەتە خوێنراوەکە بدات.

٦–ڕێبازی چاكسازی: ئەم ڕێبازە باوەڕی بە تایبەتمەندیی هەر زمانێك هەیە، كە دەبێت لە فێركردنیدا ڕەچاوبكرێت. هەوڵی شێوازێكیش لە زمانفێركردن دەدات، كە فێرخواز بتوانێت لە قسەكردن و پەیوەندیكردنی ژیانی ڕۆژانە و بارودۆخە جیاوازەكاندا بەكاریبهێنێت. جەختیش لەسەر دروستیی دەربڕین دەكاتەوە.

٧–ڕێبازی بیستەنیی: لە لێكۆڵینەوەكانی (ئەنسرۆپۆلۆژییەكان) و لە ناردنی سەربازەكانەوە بۆ وڵاتانی زمان جیاواز و پێشكەوتنی شارستانێتیی و زۆربوونی بەریەككەوتنی گەلان سەریهەڵدا. هاوشێوەی (شێوازی ڕاستەوخۆ)، گرنگیی بە زمانی یەكهەم/دایك نادات. بۆ فێربوونی زمانیش گوێگرتن، دواتر قسەكردن، لە قۆناغی دواتریشدا فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بەهەند وەردەگیرێن.

٨–تیۆریی پەیوەندیكردن: فێربوونی زمانی دووهەم لە ڕوانگەی ئەمانەوە، هەم پێواژۆیەكی ئاوەزییە و هەم كۆمەڵایەتییشە. بۆ بەدەستهێنانی توانای پەیوەندیكردن، جەخت لەسەر خودی زمان و ئەركەكانی زمان دەكاتەوە، نەك بوونیادی وشە و ڕستەكانی (Crystal,1989: 417). بنەمای پلە بە پلەی زمان نا، بەڵكو لەسەر پلەبەندیی ئەركی پەیوەندیكردن و هەڵوێستە كۆمەڵایەتییەكان، لە زمان دەڕوانێت، چونكە باوەڕیان وایە، كە زمان تەنها بۆ پەیوەندیكردنە. گرنگیش بەو هەڵوێستانە دەدەن، كە زمانبەكارهێنان تێیدا ناچارییە، وەك: پرسیاركردن، تۆماركردنی زانیاریی، گۆڕینەوەی بیروڕا، یان خوددەربڕین.

٩–تیۆریی بێدەنگی: مامۆستا بێدەنگ دەبێت و ڕێگە بە فێرخواز دەدات بۆ قسەكردن و دۆزینەوەی لایەنە جیاوازەكانی زمانەكە.

١٠–ڕێبازی هەڵبژێرەیی: مامۆستا لە هەڵبژاردنی هەر ڕێباز و شێوازێكی زمانفێركردن سەربەستدەكات.

١١–تیۆریی ناو زمانیی: (تیۆریی قۆناغی زمانیی)یشی پێدەوترێت. مەبەست لێی ئەوەیە، فێرخواز پاش فێربوونی هەندێك زانیاریی زمانیی لەسەر زمانی دووهەم، دەستدەكات بە بەكارهێنانی، بەڵام ناتوانێت، لایەنە كەلتووریی و كۆمەڵایەتییەكان (واتای كۆمەڵایەتیی وشەكان) وەك خۆی بەكاربهێنێت. بە یارمەتی زمانی یەكهەم/دایك، كۆمەڵێك یاسا و ڕێسای كاتیی و گۆڕاوی زمانیی بۆ ئەو مەبەستە دادەڕێژێت. لەگەڵ هەر بەرەوپێشچوونێكی فێربوونی زمانەكەیشدا، گۆڕان لەو یاسایانەیشدا دەكات. واتە بە بەكارهێنانی زمانی دووهەم و سوودوەرگرتن لە زمانی یەكهەم، پێواژۆی فێربوونەكە خێراتر دەكات و باشتر فێریش دەبێت و توانا و دەستەڵاتیشی بە سەریدا زیاددەكات. ئەم تیۆرییە سوودی لە تیۆریی لاساییكردنەوەی (سكینەر) وەرگرتووە (Bayley & Lucas, 2007).

دووهەم: (کاروان عومەر قادر ٢٠١٤) لە لێکۆڵینەوەیەکدا چوار تیۆریی باسکردووە و (عەبدولواحید موشیر دزەیی ٢٠١٤)یش لە پەرتوکێکدا باسی دوو تیۆریی کردووە، کە زمانفێربوون بە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستنەوە:

١–تیۆریی کارلێککردن: بنەما خۆرسکیی و ژینگەییەکان لەیەکدەدات، هەربۆیەش زانایانی ئەم تیۆرییە لە ناو خۆیاندا فرەبۆچوونن و لە گەشەپێدانی تیۆرییەکەدا پشتیان بە تیۆریی جیاواز بەستووە، وەك (تیۆریی پۆلێنکردنی ئەرکیی و شیکردنەوەی گوتاری زمانیی)، کە یەکەمیان لە لێکۆڵینەوەکانی ڕێزمانی ئەرکییەوە بوونیادنراوە و دووەمیشیان فێربوونی زمان پەیوەستدەکات بە فێربوونی ڕێزمان و زمانبەکارهێنانەوە (عەبدولواحید دزەیی،٢٠١٤: ١٨٤–١٨٦). بۆ فێربوون و فێرکردنی زمانی دووهەم، پشت بە پەیوەندیی و کارلێککردن و تێکەڵبوونە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەرفەتی گفتوگۆکردن دەرەخسێنن، دەبەستێت و لە پێواژۆی فێرکردندا، لەناو پۆلی خوێندنیشدا زیاتر جەختی لەسەر کاری پێکەوەیی و هاوکاریی و هەروەزی فێرخوازان دەکاتەوە (کاروان،٢٠١٤: ١٢٥).

٢–تیۆریی دروستەی کاتیی پاڵپشت: لە ڕوانگەی لاساییکردنەوەی ڕەفتارەوە لە پۆلی خوێندندا، لە زمانفێربوون دەڕوانێت. ئەم تیۆرییە درێژکراوە و گەشەپێدەری تیۆریی (کارلێکردنی کۆمەڵایەتی)یە و بنەمای فێربوون لەم تیۆرەیەدا لەسەر وروژاندن و وەڵامدانەوەیە و بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەکانی دوو چەمکی پێشنیازکردووە: (دروستەی کاتی پاڵپشت) و (هەرێمی گەشەکردنی نزیك)[18] (کاروان،٢٠١٤: ١٢٥).

٣–مۆدێلی خۆڕۆشنبیرکردن و تیۆریی ناسنامەی کۆمەڵایەتیی: لە بنەڕەتدا لە تێکەڵکردنی تیڕوانینەکانی هەردوو تیۆریی (کارلێککردنی کۆمەڵایەتیی) و (دروستەی کاتی پاڵپشت)ەوە هاتووەتە کایەوە. داوای گرنگیدان بە (کۆسیاسیی) و (کۆکەلتووریی)ی زمانی دووهەم دەکات (کاروان،٢٠١٤: ١٢٥–١٢٦).

٤–تیۆریی دەرکردە: ئەم تیۆرە هەرچەندە زیاتر گرنگیی بە لایەنی دەروونیی دەدات، بەڵام لە بابەتی گوێگرتندا گرنگیی کۆمەڵایەتییبوونی زمان دەردەخات. ئەم تیۆرییە چەمکی (قۆناغی بێدەنگیی) داهێناوە، کە مەبەست لێی ئەوەیە، فێرخواز بە گوێگرتن لە مامۆستاکەی و پاشان وتنەوەی قسەکانی مامۆستا و بە ورتەورتکردن و وەڵامدانەوە لەبەر خۆیەوە، گەشەی زانیاریی و بنەمایەکی پتەو بۆ زمانی دووهەم دروستدەکات. بەپێی بۆچوونی ئەمان، خوێندکار ناچار دەبێت گرنگیی بە ڕێزمان و کاتی گونجاو و شیاوی دەربڕین بدات (کاروان،٢٠١٤: ١٢٥).

[18]– یەکەمیان بە هاندان و پاڵپشتکردنی فێرخوازان، یارمەتی باشتر فێربونی زمان دەدەن، چ لەلایەن مامۆستایان، یان هاوەڵە فێرخوازەکانی فێرخوازەوە بێت. دووهەم بۆئەوەی ئەگەر نەشتوانن سەربەخۆ بن، ئەوا بگەنە ئاستی بەدەستهێنانی یارمەتیی (کاروان،٢٠١٤: ١٢٥).

٥–تیۆریی شۆمان: بەهۆی بۆچوونەکانی ئەم تیۆرییەوە، لێکۆڵینەوەی زمانیی لە تێروانینی شیکاری بەرەو تێڕوانینی کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و کەلتووریی برد. بە ڕای ئەم، زمان هەمیشە دینامیکییە و لە گۆڕاندایە، نەك نەگۆڕ و چەقبەستو بێت. لێرەوە داوا دەکات، لە پێواژۆی پەروەردە و فێرکردنی زمانییدا ڕەچاوی ئەو لایەنانەی زمان (کۆمەڵایەتیی و دەروونیی و کەلتووریی) بکرێت. بۆ تێگەیشتن لە تیۆرییەکەی (شۆمان)، پێویستە لە سێ شت تێبگەین، کە شێوە زمانی پیجین، شێوە زمانی کریۆل و خۆگونجاندنی کەلتوورین (عەبدولواحید دزەیی،٢٠١٤: ١٨٢–١٨٤).

فێربوونی زمانی دووهەم دەمانبات بۆ باسکردنی بابەتێکی نوێی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، ئەویش جووت_زمانیی و دوودیویی زمانییە، کە لە ژێر چەمکی (هەمەچەشنی زمانیی)دا دەیانخەینەڕوو و لێیاندەکۆڵینەوە، چونکە ئەو ئاخێوەرانەی فێری زمانی دووهەم دەبن، وەك ئاخێوەرێکی جووت_زمان ڕەفتاردەکەن و بۆ بەکارهێنانی دوو زمانەکەی پێویستی بە کەشێکی وەك کۆمەڵە جووت_زمان و دیگلۆسییەکان دەبێت و کەسانی دیگلۆسیی و جووت_زمانییش لە زۆرینەی کۆمەڵە جووت_زمانییەکاندا زمانی دووهەمیان لە پێواژۆی زمانفێرکردنی قوتابخانەدا فێردەبن. ئەمەش بێگومان بۆ ئەم توێژینەوەیەی ئێمە بابەتێکی بنەماییە، لەبەرئەوەی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەمەوە هەیە.

## ٣/١) کاریگەریی هەمەچەشنیی زمانیی لە فێربوونی زمانی دووهەمدا

هەمەچەشنیی زمانیی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لە ژیانی مرۆڤەکاندا هەیە. هەربۆیە ئەو مرۆڤانەی لە ژینگەیەکی هەمەچەشنیی زمانییدا گەورە دەبن، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بە دیاردەکانی هەمەچەشنیی زمانییەوە پەیوەستدەبنەوە. لەم ڕوانگەیەوە لە دوو چەمکی گرنگی هەمەچەشنیی زمانیی دەدوێین: یەکهەمیان: (Bilingual): بە (جووت_زمانیی) یان بە (دوو_زمانیی) ناسراوە.

دووهەمیشیان (Diglossia): بە (دوودیویی زمانیی)، یان دوو شێوە قسەکردنی جیاوازی هەمان زمان ناسێنراوە.

هاتنەناوەوەی ئەم دوو چەمکە بۆ ناو زمانەوانیی کوردیی، هاوکاتە لەگەڵ کرانەوە و پێشکەوتنە کەلتووریی و ڕۆشنبیریی و تەکنەلۆژیی و پیشەسازییەکان و پێویستیی تاکی کورد بە فێربوونی زمانێکی بێگانە و پرسی زمانی ستاندارد و گیروگرفت و ئاڵۆزییەکانی ئەو پرسە.

لە ڕاستیدا تێکەڵاوییەك لە بەکارهێنانی ئەم دوو چەمکەدا لە لێکۆڵینەوە بیانییەکان و کوردییەکانیشدا بەدیدەکرێت. هۆکارەکەشی لە لایەکەوە بۆ شێوازی داڕشتنی هەردوو چەمکە بیانییەکە و پێشگری (Bi) و (Di)ی داڕێژەری هەردوو وشەکە دەگەڕێتەوە، کە واتای (دوو) دەگەیەنن (مارتینی،٢٠٠٩: ٢٢٢). هەروەها لە یۆنانی کۆندا (Lingua) بە واتای زمان دێت و (Gloss)یش بە واتای شێوەزمان دێت، وەك زاری خاوەن ڕێنووس و ئەدەبیات (محمود،٢٠٠٢: ٥٧). لە لایەکی تریشەوە زمانەوان و زانایان بەردەوام بیروبۆچوونی نوێیان لەسەر هەردوو چەمکەکە دەربڕیوە و ڕەهەندە ئالۆزەکانیان خستووەتەڕوو.

## ١-٣/١) دوودیویی زمانیی (Diglossia):

(Diglossia) وشەیەکی داڕێژراوە، کە ڕەگەکەی یۆنانیی کۆنە. (فێرگسۆن (Charles Fergison,1996 :18)) بۆ یەکەمجار وەك چەمکێکی گرنگ لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، چەسپاندی، ئەوەش بە مەبەستی جیاوازیکردن بوو لە نێوان بەکارهێنانی دوو شێوەی زمانێکدا (ستاندارد و زارەکانی زمانەکە)، لەگەڵ بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز. بەو پێیەی، کە (دوودیویی زمانیی)، واتە "بەکارهێنانی شێوەی باڵا و نزمی زمانێك لە کۆمەڵێکدا، کە گریمانە دەکرێت شێوەیەکی چەسپاو و جێگیری هەبێت (Meyerhoff,2006:102)". پێش (فێرگسۆن Ferguson)یش (کارڵ کریمباخەر)ی ئەڵمانی باسیکردووە و (ولیام مارسیێ)ی فەڕەنسی چەمکەکەی لە زمانەوانییدا چەسپاندووە و بەوە پێناسەی کردووە کە "ململانێی نێوان زمانی ئەدەبیی نووسراو و زمانی قسەکردنی خەڵکە"(محمود،٢٠٠٢: ٦١-٦٢).

لە ئێستاشدا چەمکەکەی فراوانکراوە، بۆئەوەی بەکارهێنانی دوو زمانی سەربەخۆش بگرێتەوە و بۆ لێکدانەوەی (جووت_زمانیی و فرە_زمانیی)یش بەکارهاتووە. یەکێك لەوانە (فیشمان Fishman)ە، دواتریش (جووت_زمانیی)ی لەناو (دوودیویی زمانیی) داناوە (S. N. Bakir،٢٠١٠: ١١٥). (گامپێرز Gumperz)یش دەڵێت: "(جووت_زمانیی) تەنها لە جووت_زمانیی دانپێدانراوی کۆمەڵ، یان زمانی باڵا و زمانی نزمی کۆمەڵێکدا کورتنابێتەوە، بەڵکو تەنانەت لەو کۆمەڵانەیشدا، کە جووتزار، یان فرە_زارن، یان ئەوانەی زمانی تایبەتیان هەیە، یان دوو زمانی ئەرك جیاواز بەکاردەهێنن، دەگرێتەوە (فاسولد،٢٠٠٠: ٦٨)".

ئێمەش لێرەدا هەر بۆچوونەکەی (فێرگسۆن Ferguson) وەردەگرین، واتە (دوودیویی زمانیی) دوو دیوی هەمان زمانە، یان ململانێی نێوان ستاندارد و زارەکانی هەمان زمانە و ئەرکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەبینن. نۆ تایبەتمەندیشی دیاریکردووە بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەیان، ئەوانیش: (ئەرکی کۆمەڵایەتیی، پلەوپایە، پاشخانی ئەدەبیی نووسراو، فێربوونی واتە منداڵ کامەیان لە دایك و باوك زو فێردەبێت، ستانداردیی، چەسپاویی و جێگیریی، ڕێزمان، وشە و یەکەی فەرهەنگیی و داڕشتنی بڕگە و دەنگن (بڕوانە Ferguson, 1994)).

لێرەدا دێینە سەر باسی (جووت_زمانیی)، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناوەرۆك و مەبەستی لێکۆڵینەوەکەمانەوە هەیە. هەروەها ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی هەر جووت_زمانییەکیش ڕوودانی دیاردەکانی (کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن)ە و ئێمەیش باسی ئەو دوو دیاردەیە لەنێوان دوو زماندا دەکەین.

## ١/٣–٢) جووت_زمانیی (Bilingualism)[١٩]

چەمکێکە بۆ لێکدانەوەی جووت_زمانیی، چ تاکەکەس بێت، یان گرووپ و کۆمەڵە جیاوازەکان. بەو واتایەی، کە ئەو کەس و کۆمەڵانە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی و تایبەتیی و ڕۆژانەی خۆیاندا بۆ خۆدەربڕین و پەیوەندیکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان، دوو زمانی خاوەن بوونیادی سەربەخۆ بەکاردەهێنن.

(بلۆمفێلد (Bloomfield,1933: 32)) وا پێناسەی جووت_زمانیی کردووە، کە بۆ دوو زمان، یان زیاترە، وەك دەڵێت: "بریتییە لە لێهاتوویی زانینی دوو زمان، یان زیاتر". بەڵام ئەوە دروستنییە، چونکە چەمکی (Bilingual) بۆ دوو زمان بەکاردێت و (Multilingual) بۆ دوو زمان زیاترە. هەر بۆیە پێناسەکەی (ئەلبێرت و ئوبلێر (Albert & Obler,1978)) دروسترە، چونکە دەڵێن: (بەکارهێنانی نموونەیی دوو زمانە). هەرچەندە ئەمانیش وشەی (نموونەیی) بەکاردەهێنن. بەو واتایەی پێویستە کەسی جووت_زمان هێندەی کەسێکی تاکزمان، کە هەمان پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی و کار و پیشە و تەمەنی هەیە، لە دوو زمانەکە بزانێت (مالبرج،٢٠١٠: ٢٣٣)، یان وەك (بلۆمفێلد Bloomfield) پێیوابووە، دەبێت زمانی دووهەم باشتر لە زمانی دایکی، یان بە هەمانشێوەی ئەو بەکاربهێنێت و توانای بەسەریدا بشکێت (محمودزادە،١٣٨٨: ٣٠). بە لای ئێمەوە، مەرج نییە ئاخێوەر هەردوو زمانەکە بە لێهاتوویی تەواوەوە بزانێت و بە شێوەی ئاخێوەرێکی ڕەسەنی هەردوو زمانەکە، بەکاریانبهێنێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بتوانێت قسەکردن و نووسینیان پێبکات و گوێگرەکەی، یان بەرامبەرەکەی تێبگەیەنێت. هەر وەك (ماکنامارا)ش لە پێناسەکەیدا جەختی لەسەر کردووەتەوە، جووت_زمانیی ئەوەیە، کە "هەرکەسێك بتوانێت بە کەمترین توانا یەکێك لە جۆرە کارامەییەکانی زمانی دووهەم (خوێندنەوە، نووسین، قسەکردن، یان تێگەیشتن) بەکاربهێنێت (محمودزادە،١٣٨٨: ٢٩)". کەواتە لێرەدا باسی دوو کەلتوور و دوو زمان و بەریەککەوتنیان لە کۆمەڵدا دەکەین (مالبرج،٢٠١٠: ٢٣٢). بەوپێیەش دەتوانین بڵێین، جووت_زمانیی "بوواری پۆلێنکردن و هەڵبژاردنی کەسێك یان کۆمەڵێکە لە ژێر کاریگەریی دوو زماندا لە هەڵوێست و بارودۆخی جیاوازدا (مارتینی،٢٠٠٩: ٢٢١)".

[١٩]– ئەوەی بۆ جوتزمانیی (Bilingual) باسی دەکەین، بۆ فرەزمانیی (Multilingual)یش دروستە.

تاکەکان بەهۆی پێداویستییەکانی ژیانیان و خودی خۆیان، وەك لە فێربوونی زمانی دووهەمدا باسمانکرد، هەوڵی فێربوونی زمانی دووهەم دەدەن. بە فێربوونی دوو زمانەکەش، دەبن بە کەسێکی (جووت_زمان)، ئەگەر لە دوو زمان زیاتر فێربوو، ئەوا دەبن بە (فرە_زمان Multilingual)، یان وەك (مارتینی Martinet پێیدەڵێت (Plurilingualism) (مارتینی،٢٠٠٩: ٢٢١). جووت_زمانیی تاك لە تەمەنی پێش باڵغبووندا، بەهۆی بەکارهێنانی دوو زمانەوە لە هەرێمێکی جووت_زمان، یان کۆمەڵی جووت_زمان، کە زمانی دایك و باوك، یان زمانی خێزان و زمانی خوێندنیان جیاوازە، ڕوودەدات (مالبرج،٢٠١٠: ٢٣٤). ئەمە بۆ کۆچبەرەکانیش تا ڕادەیەك بە هەمانشێوەیە و ڕوونتر دەردەکەوێت. واتە نەوەی یەکەمی کۆچبەران (پێگەیشتوو و بەتەمەنەکان) ڕەنگە نەتوانن ببنە جووت_زمان، بەڵام منداڵەکان و نەوەکانیان دەتوانن، تازەپێگەیشتووەکان لەوانیش باشترن، چونکە منداڵی تەمەن بچووك تەنها بە فێرکردن فێردەبێت و لەژێر کاریگەریی دایك و باوکیدایە، بەڵام تازەپێگەیشتووەکان زیاتر خواستی گۆڕانیی دەروونیی و ناسنامە و لایەنگیرییان تێدایە و بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا، بۆیە هەوڵی زیاتر بۆ فێربوونی زمانی دووهەم و شێوازی قسەکردنی باوی ئەو زمانە دەدەن (Llamas & Ltd,2007:188). ئەم شێوازی فێربوونەی گەنجەکان باشترین جۆری فێربوونە، چونکە کۆمەڵ خۆی ئەرك و ڕۆڵ و بەهای کۆمەڵایەتیی هەر زمانێکیانی دیاریکردووە و ئەندامانی کۆمەڵ، بە شێوەیەکی خۆکردانە، فێری بنەما زمانییەکان و ڕۆڵ و ئەرکی هەریەکێکیان لە کۆمەڵدا دەبێت.

### ١/٣-٢-١) هۆکارەکانی جووت_زمانیی کۆمەڵ [٢٠]

ئەگەر هەر کۆمەڵێك زیاتر لە زمانێکی تێدا بڵاوبووبێتەوە، لە سەرەتادا وا نەبووە، بەڵکو وەك زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی تر، ئەوانیش تاکزمان بوون، بەڵام چەند هۆکارێك کاریتێکردوون و گۆڕانی لە پێکهاتەی کەلتووریی و زمانیی ئەندامانی ئەو کۆمەڵەدا کردووە و بوون بە جووت_زمان. گرنگترینیان ئەمانەن:

١-کۆچکردن: کۆچکردنی مرۆڤەکان بۆ ناو کۆمەڵێکیتر، کە زمانێکی جیاوازیان هەیە، چ بە زۆر بێت، یان بە خواستی خۆیان بێت، ئەویش خۆی دوو جۆرە:

یەکەمیان: کۆمەڵێکی زمانیی بە کۆمەڵەکانی تری دەوروبەری خۆیاندا بڵاودەبنەوە، وەك کەتەلۆنییەکان لە ئیسپانیا و بریتۆنەکان لە فەڕەنسا. دووەمیشیان: کۆچکردنی بەشێك لە دوو کۆمەڵی جیاواز بۆ ناو یەکتر، یان کۆچکردنیان بۆ شوێنێکی تر و تێکەڵبوونیان بە گەلێکی تر، وەك کۆچکردنی ئەفەریقیی و چینیی و ئەورووپییەکان بۆ کیشوەرەکانی ئەمەریکا.

---

[٢٠]- بۆ ئەو هۆکارانە سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە: فاسولد(٢٠٠٠: ١٤-١٩)، محمود(٢٠٠٢: ٧٧-٧٩) و Meyerhoff (2006:103).

٢–ئیمپریالیزم و داگیرکاریی و جەنگ، وەك داگیرکردنی کۆمارەکانی بەڵتیك و ئاسیای ناوەند و قەفقاسیا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، کە تا ئێستاش زمانی نووسینیان ڕوسییە و لە زۆرێکیشیاندا شانبەشانی زمانی نەتەوەیی ئەو گەلانە، هێشتا زمانی فەرمییە. باشترین نموونەش کوردستانە، کە لەلایەن چوار وڵاتەوە دابەشکراوە و داگیرکراوە و زمانی خۆیان بەسەر گەلی کورددا سەپاندووە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش زۆرینەی تاکەکانی و کۆمەڵی کوردیی بە ناچاریی جووت_زمانن، یان فرە_زمانن.

٣–یەکگرتنی ئارەزومەندانە، یان بە زۆریی نەتەوە زمان جیاوازەکان، وەك سویسرا و بەلجیکا. کامیرۆنیش نموونەیەکە لە یەکگرتنی کۆلۆنیالی فەرەنسیی و ئینگلیزیی و دروستبوونی کۆمەڵێکی جووت_زمان، یان فرە_زمانە.

٤–ناوچە سنوورییەکانی نێوان کۆمەڵە قسەکردنییەکان، یان وڵاتەکان، بەهۆی تێکەڵاوبوون و ئاڵوگۆڕەکانی سەر سنوورەوە، بە زۆری جووت_زمانن، وەك ناوچەکانی خانەقین و دووزخورماتو و جەلەولا و شەنگال کە کوردیی و عەرەبیی دەزانن، یان خەڵکی گوندەکان و مەرزەکانی سەرسنوور کوردیی و فارسیی فێربوون.

٥–زیندووبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی کەمینەکان و بەفەرمیکردنی زمانیان، وەك فەڕەنسییەکانی کیوبیك و تورکمانەکانی کوردستان.

٦–ژن و ژنخوازیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاك و گرووپەکانی دوو کۆمەڵی قسەکردنی زمانجیاواز.

٧–بیروباوەڕ و کەلتووری ئایینیی، گەلی کورد و نەتەوەکانی تر، کە بەهۆی پەیڕەوکردنی ئایینی ئیسلامەوە، فێری زمانی عەرەبیی بوون، یان وەك مەسیحییەکان کە فێری سریانیی بوون.

٨–لە ئێستاشدا خێرایی جوڵە و گواستنەوە لە نێوان وڵاتاندا و تەکنەلۆژییا و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکی گرنگ و بەهێزن.

## ١/٣–٢–٢) شێوەکانی جووت_زمانیی

لە بارەی جۆرەکانی جووت_زمانییەوە، زمانەوان لە چەند ڕەهەند و لایەن و بارودۆخێکی جیاوازەوە، چەند جۆرێك جووت_زمانیی دەخەینەڕوو (محمود،٢٠٠٢: ٨٠–٨٦):

١–لە ڕووی تاکگەرایی و کۆمەڵایەتیبوونەوە:

أ/ جووت_زمانیی تاکگەرایی: لە ڕووی چۆنێتی بەکارهێنانی دوو زمانەکەوە، تێبینی جووت_زمانیی هاوتەریب و جووت_زمانیی تێکەڵ دەکەین:

یەکهەم: هاوتەریب بەکارهێنانی دوو زمانەکەیە بە جیا و سەربەخۆ.

دووهەم: تێکەڵکردنیش، تێکەڵکردنی دوو زمانەکەیە لە کاتی بەکارهێنانیاندا. یاخود لە ڕووی جۆری بەکارهێنانیانەوە، واتە زمانێك بۆ قسەکردن و زمانێك بۆ نووسین.

ب/ جووت_زمانیی کۆمەڵایەتیی: باوترین جۆری ئەوەیە، کەسی جووت_زمان لە کات و بارودۆخێکی جیاوازدا، بە جیا دوو زمانەکە بەکاربهێنرێت.

٢-بەپێی بەهای کۆمەڵایەتیی دوو زمانەکە: جووت_زمانیی ئاسۆیی، واتە بەکارهێنانی دوو زمان وەك یەك. بەڵام جووت_زمانیی ستوونی و جووت_زمانیی لادراو، بە پێی ئاست و بەهای زمانیی دوو زمانەکە دیاریدەکرێت. یەکەمیان بۆ بەکارهێنانی زمان و زارە و دووهەمیشیان بەکارهێنانی دوو زارە[٢١]. هەروەها جووت_زمانیی جەمسەریی ئەو جووت_زمانییەیە، کە لە نێوان زاری زمانێك و زمانێکی تردایە.

٣-ڕادەی فێربوون:

ا/ جووت_زمانیی ئایدیالی، واتە فێربوونی نموونەییانەی دوو زمان.

ب/ نیوە جووت_زمان: کە (مالبرج ٢٠١٠) بە جووت_زمانیی مەرجدار ناوی بردووە، و جووت_زمانیی باڵانسکراویش واتە ئاخێوەر هیچ یەکێك لە دوو زمانەکە بە تەواوەتی فێرنەبووە.

٤-شێوازی فێربوون:

ا/ جووت_زمانیی سرووشتیی: واتە فێربوونی دوو زمانەکە لە کۆمەڵەوە.

ب/ جووت_زمانیی دەستکرد: واتە فێربوونی زمانی دووهەم لە پێواژۆی پەروەردەکردن و فێرکردندا.

٥-شوێنی فێربوون:

ا/ جووت_زمانیی خێزان، یان جووت_زمانیی هاوبەش: دوو سیستەمی زمانی بە شێوەیەکی سرووشتیی لە دایك و باوکییەوە، وەربگرێت (سەلام و نەریمان،٢٠١٠: ٣٩٢).

ب/ جووت_زمانیی پەروەردەیی، یان جووت_زمانیی قوتابخانەیی: بەکارهێنانی دوو زمانەکە لەو پێواژۆیەدا.

پ/ جووت_زمانیی ڕاگەیاندن: بەکارهێنانی دوو زمانە لە بوواری ڕاگەیاندندا.

ت/ دوانەی زمانیی هاریکار: بەهۆی گۆڕینی شوێن و کۆمەڵەکەیەوە، دروستەی زمانی جیاواز و چەند بارودۆخی جیاواز وەردەگرێت. ئەم دوو دیاردەیەش لە تەمەنێکی دیاریکراودا ڕوودەدات، کە تا تەمەنی باڵغبوونە (سەلام و نەریمان،٢٠١٠: ٣٩٢-٣٩٣).

ج/ جووت_زمانیی فەرمیی: دەوڵەت دوو زمان وەك زمانی فەرمیی بە یاسا دەچەسپێنێت، وەك عێراق و هیندستان.

---

[٢١]- ئێمە پێمانوایە ئەگەر مەبەست لێیان دو زاری هەمان زمان، یان ستاندارد و زاری هەمان زمان بێت، ئەوا ئەو جۆرانە جوتزمانی نین و دەچنە چوارچێوەی دودیوی زمانیی (Diglossia)وە.

٦–بەپێی چینی کۆمەڵایەتیی و ژمارەی جووت_زمانەکان لە کۆمەڵدا:

ا/ جووت_زمانیی تەواوکار، یان جووت_زمانیی ئەرکیی: وەك زمانی قوتابخانە و ماڵەوە و زمانی زۆرینە و زمانی کەمینە.

ب/ جووت_زمانیی ئاڵوگۆڕنەکراو: کەمینە فێری زمانی زۆرینە دەبێت، بەڵام زۆرینە فێری زمانی کەمینە نابێت.

پ/ جووت_زمانیی ئاڵوگۆڕکراو: هەردوو کۆمەڵە قسەکردنییەکە فێری زمانی یەکدی دەبن، لەمیشەوە جووت_زمانیی جێگیر دروستدەبێت.

ت/ جووت_زمانیی ناجێگیر: بە پێی زیادبوون و کەمبوونەوەی کەسانی جووت_زمان لە کۆمەڵدا دوو جۆرە، ئەوانیش (جووت_زمانیی زیادبوو و جووت_زمانیی کەمبوو)ن.

ئەو بابەتانەی لەم بەشەدا باسمانکردن و لێیانمانکۆڵینەوە، دەسپێك، یان ڕێگەخۆشکردنێك، یان دەروازەیەك بوون بۆ چوونە ناو ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە، کە (کۆدگۆڕینەوەو کۆد_تێکەڵکردن)ە، چونکە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن لەناو کۆمەڵدا ڕوودەدات، پێویستی بە بوونی ئاخێوەری جووت_زمان هەیە، چ ئەوانەی بە فێرکردن فێردەبن، یان ئەوانەی لە کۆمەڵێکی جووت_زماندا دەژین. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین لە کۆمەڵێکی تاك_زمانیشدا کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن لە نێوان زارەکانیدا ڕوودەدات. ئاخێوەری جووت_زمان هەر لەسەر شێوە و بنەمای ئەو گۆڕین و تێکەڵکردنەی نێوان زارەکان، گۆڕین و تێکەڵکردنی نێوان زمانەکانیش ئەنجامدەدات. هەروەك لە بەشی دووهەمدا لێیاندەکۆڵینەوە.

# بەشی دووهەم

# ئەنالۆژیی کۆد و کۆدگۆڕینەوە

# لە زمانی کوردییدا

## ١/٢) كۆد لە هێمالۆژییدا

کاتێك لە زمان دەدوێین، زۆر ڕێگا و ڕێباز بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی لایەنە جیاواز و ئالۆزەکانی زمان بەکارهێنراون. یەکێك لەو ڕێگا و ڕێبازانە بیری کۆدە، کە بۆ لێکدانەوەی کۆزانیاریی ئاوەزیی تاك و کۆمەڵەکان بەرهەمهێنراوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆد لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا پەیوەندییەکی دوولایەنەیان هەیە.

بیری کۆد لە چوارچێوەی بیری هێمادایە و بیری هێماش لە لێکۆڵینەوەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کەلتوورەوە سەریهەڵدا. دواتر (سۆسێر) لە چوارچێوەی (زانستی نیشانە واتاییەکان) و گرووپی (ڤیەننا)ش، بەتایبەت (ڕیشنباخ) و (کارناپ)، هێنایانە ناو لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانەوە (افیچ،١٩٩٦: ٣٤٣-٣٤٦).

بە کاریگەریی ئەمان، (ڕۆمان جاکۆبسۆن Jackobson R. 1990:50)یش وتویەتی: "زمان پێڕەوێکی هێماییە". هەروەها (تراگەر)یش دەڵێت: "زمان سیستەمێکی هێماییە، کە کۆمەڵ ڕێککەوتنی لەسەر کردووە و ئەندامانی کۆمەڵیش لە ژێر ڕۆشنایی کەلتووری باودا، بەهۆی ئەو هێمایانەوە کارلێکدەکەن (Crystal,1989:396)". بەپێی (تیۆریی هێما)یش، هێما "پۆلی نادیاری گشت چشتە پەیپێبراوەکانە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی بۆ پەیپێبردن و درکپێکردنی مرۆڤ لەبارن (محەمەد محوی،٢٠٠٩: ٣٦)". بەڵام بەلای (پێرس)ەوە هێما ئاماژەیەکە بۆ ئەو هەبووە دەگەڕێتەوە، کە ئاماژەی بۆ دەکات (تشاندلر،٢٠٠٨: ٨٥). هەر لەم چوواچێوەیەشدا، هێمالۆژییەکان هەر هەبوویەك، یان کار و کردەوەیەکی واتادار، کە مرۆڤ دایهێناون، یان ئەنجامیاندەدات، بە هێمای دادەنێین (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٢). (جان مارتینێ)یش پێیوایە، دروستکردنی ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی نیشانەکانەوە، بابەتی بنەڕەتیی هێمالۆژیی، واتە ئەو بابەتەیە، کە سیمیۆلۆژیی بوونی نییە، چونکە کاتێك کەسێك ڕستەیەکی وەك نموونەی (١٢) دەڵێت ، ئەوا ئازارەکەی نەگواستووەتەوە بۆ گوێگر، بەڵکو تەنها پێیڕاگەیاندووە، کە سەری ئازاری هەیە (رشید، امینە،١٩٨١: ٤٤).

١٢) *سەرم ئازاری هەیە.*

هەربۆیە زمانەوانەکان لەو کار و لێکۆڵینەوانەیان، کە لەناو کۆمەڵدا ئەنجامیاندەدەن، بەدوای ئەو پێڕەوە هێماییانەدا دەگەڕێن، کە سرووشتیین، یان مرۆڤ دروستیکردوون و لەسەریان ڕێککەوتوون و بەکاریاندەهێنن. زمان و ڕەفتار و دابوونەریتە کەلتوورییەکانیش لەو چوارچێوەیەدان. باوەڕیشیان وایە، هەر هێمایەك ئاماژە بۆ شتێك دەکات لە سرووشتدا، کە خۆی نییە، بەڵکو بیرێکە لە مێشکی مرۆڤدایە و (سۆسێر) پەیوەندی نێوان ئەو بیرە و فۆرمەکەی بە (هێما) و (هێمابۆکراو) ڕێکخستووە، کە وەك دوو دیوی دراوێکن، "بەوپێیەی

(هێما) وەرگێڕانی دەنگیی بیرەکەیە و (هێمابۆکراو)یش بەرامبەر بە بیرەکە دەوەستێت (بییرو،٢٠٠١: ١١٥)".

بەڵام ئەم بۆچوونە توشی ڕەخنەی زۆر بووەوە، چونکە دەورووبەر و کۆمەڵی فەرامۆشکردووە و لە گەشە و گۆڕانی مێژوویی دابڕیوە، دواتر (پێرس) دەستکاری بۆچوونەکەی (سۆسێر)ی کرد و کردی بە سێ لایەن، کە پێیدەوترێت سێگۆشەی هێمالۆژیی، بەمشێوەیە: (نوێنەر واتە شێوەی ئاماژەکە یان هەڵگری ئاماژە) و (بیرەکە واتە واتای ئاماژەکە) و (هەبووەکە) (تشاندلر،٢٠٠٨: ٥١–٦٩).

هێمالۆژییەکان چەندین جۆر هێمایان دیاریکردووە. (پێرس) لەسەر بنەمای لەباردابوونیان بۆ بەکارهێنان، سێ جۆر هێمای دیاریکردووە، کە هێمای (نیشاندەریی/ بەڵگەیی، وێنەیی/ ئایکۆنیی و ڕەمزیی)ن (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٤٤). نیشاندەریی واتە بەهۆی نیشانەیەکەوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەبووەکەوە هەیە، هێماکە هەڵدەهێنجێنین. هێمای ئایکۆنیی/ وێنەییش، واتە پەیوەندی هێماکە بە شتەکەوە لەبەرگیراوەییە و لەسەر بنەمای لەیەکچوون دروستبووە و وەستاوە. بەڵام هێمای ڕەمزی جیاواز لە دوانەکەی پێشوو، ئەو هێمایانەن، کە پەیوەندی نێوان هێما و شتەکە پەیوەندییەکی لەخۆوەییە و لەسەر بنەمای بیری بەکارهێنەرەکەی، یان بەهۆی بەکارهێنانەوە، دروستدەبێت (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٤٤–٥٣) (تشاندلر، ٢٠٠٨: ٨٤–٩٢). سەرەڕای ئەم سێ جۆرە، لە گەلێك ڕوانگە و لایەنیترەوە و بەپێی لایەنی گرنگیی هێماکان بەلای لێکۆڵەرەوە، چەندین جۆری تریان لێجیاکراوەتەوە، کە دواتر لە (جۆرەکانی کۆد (بڕوانە وەچەپاری (١/٢–١))دا ئاماژەیان پێدەدەین.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە هێما زمانییەکانە، کە بە زۆریی تایبەتمەندیی ڕەمزییان هەیە، واتە پەیوەندی نێوان هێما و هێمابۆکراو پەیوەندییەکی لەخۆوەییە و بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی بەکارهێنەری ڕێکخراوە و چەسپێنراوە. زانستی زمان و لقە زانستییەکانیشی هاوشێوەی هێمالۆژیی، لە هێمازمانییەکان و هەڵسوکەوتەکانیان و پێڕەوی پەیوەندیکردن و گەیاندنیان دەکۆڵێتەوە. بە پێی پێڕەوەکانی زمان: (دەنگسازیی لە فۆڕمی هێما دەکۆڵێتەوە، واتاسازیی لە واتای هێماکان دەکۆڵێتەوە و ڕێزمانیش لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژییدا لە بەکارهێنانی هێماکان دەکۆڵێتەوە(محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٧٠)).

هێما زمانییەکان بە گشتیی، کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە، کە لە زۆربەی زمانەکاندا هاوبەش و هاوشێوەن:

١– (دوانەیی، واتە هێماکان پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتایان هەیە.

٢– بەرهەمدارن و نوێدەبنەوە.

٣– ڕەمزێتی و پەیوەندی لەخۆوەیی نێوان هێما و هێمابۆکراو.

٤– توانای ئاڵوگۆڕکردنیان هەیە، ئەویش لە ڕێگەی بەکۆدکردن و کۆلێکدانەوە و ئاڵوگۆڕکردنی ڕۆڵ لە نێوان نێرەر و وەرگردا.

٥– هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤیان داگیرکردووە و گشتگیرن.

٦– بەپێی گرووپ و شێوازە تاکگەراییەکان، تایبەتێتیی و پسپۆڕییان تێدایە.

٧– پاشخانێکی ڕۆشنبیریی و کەلتووریی کۆمەڵ و بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی دانراون (عەبدە،٢٠١٣: ٧٠–٧٣).

بۆ ئەوەی هێماکان بەهای کۆمەڵایەتیی و زمانیی پەیدابکەن، دەبێت بکرێن بە (کۆد) و لە پێوازۆی پەیوەندیکردندا لە (نێرەر)ەوە بنێررێن بۆ (وەرگر)، چونکە واتای هەر هێما و ئاماژەیەك بۆ گواستنەوە و گەیاندنی پشت بە بەکۆدکردن دەبەستێت. "کۆدەکەش چوارچێوەیەکە بۆ هێما و ئاماژەکە و لە پێکهاتەی واتاداری گونجاوی وەهادا ڕێکیاندەخات، کە پەیوەندی لە نێوان (هێما و هێمابۆکراو)دا نەبڕێت. هەروەها بۆ لێکدانەوەی چەمك و واتای ئاماژەکان، پێویستی بە پۆلێك چەمکی ئاماژەبەندی گونجاو هەیە، کە وەرگر پێی ئاشنایە. (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٢)".

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، (کۆد) لەناو هێمالۆژییدایە و خودی زاراوەکە "زاراوەیەکی زانستی هێما و هێمادانانە (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٣٨)". لە بنەڕەتدا لە لێکۆڵینەوە ئەمریکییەکانەوە دەربارەی تیۆریی ڕاگەیاندن و وەرگێڕانی خۆکرد (ئۆتۆماتیکی)، دانراوە و ئەگەر (سوسێر)ی لێدەربکەین، زاراوەیەکی نوێیە (رشید،١٩٨١: ٤٥). لە چەند ڕووانگەیەکەوە پێناسەکراوە و لایەنی جیاوازی خراوەتەڕوو. لە ڕوانگەی (تیۆریی زانیاریی)یەوە چەمکێکی خوازەیی و شێوازبەندە و بە واتای (تۆمارگەی هێما) دێت، کە لە ڕێگەیەوە زانیارییەکان دەنێررێن (دیتربووتیج،٢٠١٠: ٦٥). بەپێی ئەم پێناسەیە، ئێمە کۆدەکان دەخوازین، بۆئەوەی، بیرێکیان لێباربکەین بیگوازنەوە. دەتوانین بیشڵێین "کۆدەکان پێڕەوگەلێکی کردەیین و لە چەمکگەلێکی هاوپەیوەند/ئاماژەبەند، کە لە بووارگەلێکی دیاریکراودا هێماکان و هێمابۆکراوەکان پێکەوە دەبەستنەوە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٤٤٨). واتە کۆدەکان بۆئەوە دروستدەکەین، تا بیرەکان بگۆڕن بۆ وێنە و پەیوەستییەك لەنێوان هێما و هێمابۆکراودا دروستبکەن. یان دەتوانین بڵێین، کۆد: (بریتییە لە ژمارەیەك کەرەستە، کە دەتوانرێت لەیەکبدرێن، بۆ دروستکردنی کەرەستەی نوێ و ئاڵۆزتر، ئەوانیش دەنگ و فۆرمەکانن، کە دەتوانرێت لەیەکبدرێن و لەتەکیەکدا ڕیزبکرێن بۆ ئەوەی وشە و فرێز و ڕستەیان لێبەرهەمبهێنرێت (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٢٧) (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٣٩)). واتە کۆدەکان وەك وشەکانی زمان، توانای لێکدان، ڕیزکردن، خستنەتەکیەکیان هەیە، بۆئەوەی کەرەستەی گەورەتریان لێدروستبکەین.

له ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییشەوە، (کۆد) کۆمەڵێك بەکارهێنانە، کە بەکارهێنەرانی هۆیەکی پەیوەندیکردن دروستیدەکەن و لە چوارچێوەیەکی کەلتووریی و ڕۆشنبیریی فراواندا کاردەکات. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە، دەگوترێت کۆدەکان تەنها کۆمەڵێك چەمکی پەیوەندیکردن نین، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا پێڕەو گەلێکی کردەیین لە چەمك، کە لە دەوروبەر و بارودۆخی دیاریکراودا کاردەکەن، یان بەکاردەهێنرێن (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٢). هەر بەو پێیەش وا دەردەکەوێت، کە "لە دەرەوەی سنووری کارکردنی کۆدەکانەوە، هیچ دەربڕاوێکی شیاوی تێگەیشتن بوونی نییە (Hall,1972-1979:131)". ئەمەش کرۆکی کار و لێکۆڵینەوەکانی هێمالۆژییەکانە، کە تێیدا هەوڵی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی چۆنێتی کارکردنی کۆدەکان و پێکهاتە و ڕێباز و یاساکانیان و چۆنێتی دروستبوون و دروستکردنی واتاکان و واتاداربوونیان، دەدەن.

هەرچەندە هێمالۆژییەکان زمان بە پەیڕەوێکی هێمادانان، دادەنێن، کە توانای بەکۆددەکرێن و لە لێکۆڵینەوەکانیشیاندا زۆرجار زمانی مرۆڤ بە سەرەتا وەردەگرن، چونکە وەك دەڵێن "باوترین و بڵاوترین جۆری کۆد، ە لە هەموو کۆمەڵەکاندا شێوە ئاسایی و باوەکەی زمانە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٤)". ئەوەش لە ڕووی کەناڵی دەربڕین و گواستنەوەی بروسکەکان، فۆرم و پێکهاتە و واتا و ناوەرۆکی یەکەکانەوە، کە دەتوانرێت کۆد بکرێن (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٤٢). واتە پێکهاتەی کۆدێك، کە بۆ ناردن شیاو بێت، هاوشێوەی یەکە زمانییەکان، پێکهاتووە لە:

١- "فۆرمی دەربڕین و ناوەڕۆك.

٢- یاسای سینتاکسیی تێدایە، واتە پەیوەندی سینتاکسیی لەگەڵ کۆدی تردا دروستدەکات.

٣- پێکهاتەی فۆنەتیکیی دروست. واتە یەکە فۆنەتیکییەکانی فۆنۆلۆژییانە گونجاون.

٤- پێکهاتەی کۆد لەگەڵ کەلتوور و یاسا کۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەرە نازمانییەکەشیدا گونجاون (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٢٨ ) (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٤٣ و ٧٢-٧٣)".

ئەو تێکەڵکردنەی زمان و کۆد ڕێگر نەبووە لە ئاراستە جیاواز و سەربەخۆکانی زانستی زمان، چونکە هەریەکەیان جیاوازیی و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، وەك ئەوەی، کە (جیرۆ Guiraud)ی فەرەنسیی خستوویەتیەڕوو:

ا) کۆد بەستراوەیی و چەسپاوییەکەی ئاشکرایە و پێشتر دیاریکراوە، بەڵام یەکەکانی زمان ناڕوونن و ناڕاستەوخۆیە و لە کاتی پەیوەندیکردندا لە خۆوە دروستدەبێت (رشید،١٩٨١: ٤٥)". واتە کۆد بۆ پەیوەندیکردن دروستکراوە و داخراوە، بەڵام یەکەکانی زمان کراوەن (نەبەستراون) و لە پەیوەندیکردندا، بەهۆی لێکدانیانەوە، لەگەڵ وتنی هەر وشەیەکدا نوێ دەبێتەوە.

ب) هەر کۆدێك هێمابۆکراوێکی هەیە، بەڵام یەکەکانی زمان لەسەر بنەمای هێمایەکی زۆر بۆ هێمابۆکراوێك، یان هێمایەك بۆ هێمابۆکراوی زۆر بوونیادنراون. سەرەڕای ئەوەش لە کۆددا هەمیشە سەرەتا بیرەکە ئامادەیە، بەڵام لە یەکەکانی زماندا لە کۆتاییەوە دەگات (رشید،١٩٨١: ٤٥).

لە لایەکی تریشەوە، سەرەڕای پەیوەندی و پەیوەستییەکانی نێوانیان، هێما و کۆد جیاوازییشیان هەیە. لەو جیاوازییانەش ئەوەیە، کە هێما بیرێك بۆ ناونانی شتەکان و ئاماژەدان بۆ شتەکانی دەوروبەر هاتووەتە کایەوە، واتە شتەکانی دەوروبەر ئاماژەبەنددەکات و بە مێشکی مرۆڤیان دەبەستێتەوە، بەڵام کۆد لە لێکدانی بیری هێماکان و ئاماژەکان لەگەڵ فۆرمێکدا دروستدەبێت. هەروەها دروستبوونی هێماکان پێواژۆیەکی سرووشتییە، بەڵام کۆدەکان دەستکردی مرۆڤن بۆ ئەنجامدانی کردەی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن دروستیاندەکەین.

لە بەرامبەر بۆچوونەکەی (جیرۆ Guiraud)دا، بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە دەڵێت: "کۆدەکان پێڕەوێکی دینامیکین و بە تێپەڕبوونی کات لە گۆڕاندان و پێگەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و کەلتوورییان هەیە و لێکۆڵینەوە لێیان و لە گۆڕان و گەشەکردنیان کارێکی دروستە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٩٢)". بۆ تێگەیشتن لە بیری کۆد، دەنگ/فۆرم و واتا/ناوەرۆکەکەی، گۆڕان و گەشەکردنی کۆدەکان، پێڕەو و یاساکانیان، پێویستە لە بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە وردببینەوە.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە بیری کۆد بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی مرۆڤ و کەلتوور و دابوونەریتەکان و گەڕان بەدوای شێوازێکی پەیوەندیکردنی نموونەییدا سەریهەڵداوە و باسمان لەوەش کرد، کە کۆدەکان بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی دەچەسپێنرێت. ئەوەش لە چوارچێوەی پێواژۆکانی (بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە)دا دەردەکەوێت و ڕووندەبێتەوە. هەروەها ناسین و زانینی پێکهاتەی کۆد و تایبەتمەندییەکانی و چەسپاوی کۆدەکان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیان و چۆنێتی کارکردن و بەکارهێنانیان، هەر لە چوارچێوەی (بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە)دایە، چونکە زمان لە ڕووی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەوە، کۆدە (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٣٩).


### ٢/١–١) کردەی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە

شێوەی سادەی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە، لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا لە نێوان (نێرەر) و (وەرگر)دا بەپێی توانای زمانییان و لە پێڕەوێکی زمانیی یان هێماییدا کە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەرکراوە و هەردوولا پێی ئاشنان و لە دەوروبەرێکی گونجاودا ئەنجامدەدرێت (مالبرج،٢٠١٠: ٣٥). ئەوەش ئەو کاتەیە، نێرەر بیرێك (واتا) لەگەڵ فۆرمێك (دەنگ یان نووسین) لەیەکدەدات. واتە "ڕەوتی گۆڕینی بیرلێکردنەوەکانە بۆ

هێماکانی زمان، یان گۆڕینی دەربڕینەکانی پێڕەوی هێمایە بۆ دەربڕینی/ وشەی هاونرخی پێڕەوی دیکە"، پاشان نێرەر لە پێواژۆی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا لە ڕێگەی کەناڵێکی گەیاندنەوە بۆ وەرگری دەنێرێت. وەرگریش کۆدە نێرراوەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و ناوەڕۆکی کۆدەکە دەکاتەوە بە زانیارییە بنەڕەتییەکەی نێرەر، ئەمەش پێیدەوترێت کۆدلێکدانەوە (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٤٠).

پێواژۆی بەکۆدکردن کە دروستکردن و داڕشتنی وشەی زمانییە، گۆڕینی بیرە بۆ کۆد، بە مەبەستی دەرخستن یان شاردنەوەی هەندێك لایەنی واتایی، هەندێکجاریش بە پێواژۆیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی دەچەسپێن (تشاندلر،٢٠٠٨: ٤٣٩)، وەك لە نموونەی (١٣)دا دەردەکەوێت و لە نەخشەی ژمارە (١)دا ڕونکراوەتەوە، سەرەتا لە ئاستی فۆنۆلۆژیی و سینتاکسیی و سێمانتیکییەوە دەیچەسپێنین، پاشان بە پێواژۆی چڕبوونەوەی واتایی و دال و مەدلوولەوە، وەك کۆدێکی نوێ شیاو دەبێت بۆ بەکارهێنان.

*١٣)دوانزە سوارەی مەریوان، قەڵای دمدم، بەردە قارەمان...*




(نەخشەی ژمارە ١)

بەکۆدکردن بە چەند قۆناغێك یان هەنگاوێك، یان ئاستێك دیاریکراوە، کە لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو[٢٢]:

١-بەکۆدکردنی فەرهەنگیی: پەیوەست بە دەورووبەری زمانییەوە، نێرەر (فۆنێم، مۆرفێم، وشەو ڕستەکان) لە چوارچێوەیەکدا ڕێکدەخات، کە گونجاوبن بۆ دەربڕین. بە بەکۆدکردنی هەر وشەیەك، پۆلێك وشەی تری ئاماژەبەند چالاکدەبن.

[٢٢]- محەمەد مەحوی (٢٠٠٩: ١٤٠-١٤٢) و ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢: ٢٧٨-٢٨٧) و ناهیدە (٢٠١٣: ١٠٢-١٠٤).

٢–بەکۆدکردنی فۆنۆلۆژیی: کۆدە هەڵاویرکراوەکانی فەرهەنگ لە ڕێگەی پێڕەوی دەنگەکانی زمانەکە و تایبەتمەندییەکانی دەنگە زمانییەکانەوە کۆنکرێتدەکرێن و ئامادەدەکرێن بۆ ناردن لە ڕێگەی کەناڵێکەوە. واتە نێرەر "دەنگ و نووسین و ئاماژە جەستەییەکان"، بۆ دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکانی بەکاردەهێنێت.

٣–بەکۆدکردنی واتایی/سیمانتیکیی: گۆڕینی بیری نێرەرە بۆ ناوەڕۆکی کۆدە زمانییەکە. لەم بەکۆدکردنەدا ژمارەیەك یەکەی ناوەڕۆکی تری زمانی لەگەڵ بیرەکەدا پەیکاڵن. واتە گۆڕینی بیرە بۆ قسە و دەربڕینی واتادار بە گوێرەی نیشانە واتاییەکان و بەشێوەیەك، کە لەگەڵ دەوروبەر و نێرەر گونجاوبێت.

٤–بەکۆدکردنی سینتاکس: فەرهەنگ ئەو شوێنەیە کە تێیدا، بیر و لێماکان فۆرمێکیان کراوە بە بەردا و نێرەر بەپێی دەوروبەری زمانیی و نازمانیی (گونجاوی دەربڕین و ناردنی) لێیان هەڵدەبژێرێت، واتە میکانیزمی هەڵاوێرکردنی یەکە فۆنۆلۆژییەکانی وەك (دەنگ و بڕگە) و یەکەی فەرهەنگییەکانی وەك (وشە و مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەکان)ە. سیینتاکسیش یاسا و قاڵبی گونجاو و ئاشنا پێشکەشدەکات، بۆ خستنەتەکیەکی وشەکانی ڕستە و هەڵاوێرکردنی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیی گونجاو و ڕێکخستنی پەیوەندی و ڕۆڵ و ئەرك هەر یەکێك لە وشە و مۆرفێمەکان.

٥–بەکۆدکردن پەیوەست بە دەوروبەرەوە: ڕێکخستنی ئاواز، هێز و تەوژم، بەرز و نزمی دەنگ و چۆنێتی گۆکردنی دەنگەکان دەگرێتەوە، کە لەگەڵ دەوروبەرە نازمانییەکەدا گونجاوبێت. ئەوەش بۆ تێگەیشتنی وەرگر و بەشداربوونی لە پێواژۆی پەیوەندیکردنەکەدا، گرنگە.

٦–بەکۆدکردنی پیتەکان (مۆرس Morse): هەر زمانێك ڕێنووسێك/دروستەی نووسینی هەیە، کە فۆرمێکن و دەکرێن بە بەری دەنگەکانی زماندا. تێیدا ژمارەی پیتەکان، چۆنێتی نووسینیان و پێکەوەنووسینیان دیاریکراوە و ڕێکخراوە.

کۆدلێکدانەوەش تەواوکەری پێواژۆی بەکۆدکردنە، بەڵام بە پێچەوانەوە، واتە دوای ئەوەی نێرەر لە ڕێگەی کەناڵێکەوە کۆدەکان دەنێرێت بۆ وەرگر، وەرگر لێکیاندەداتەوە و هەڵدەوەشێنێتەوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی کۆدەکە (دەربڕین) و (ناوەڕۆك) واتە بۆ زانیارییە بنەڕەتییەکەی کە نێرەر ناردوویەتی، یان گەڕاندنەوەی هێماکەیە بۆ بیرە بنەڕەتییەکە. دوانەی لێکدانەوەشی پێدەوترێت، کە واتای لێکدانەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی کۆدەکەیە بە جیا (مالبرج،٢٠١٠: ١١). بەڵام دەبێت جیاوازیی لە نێوان فۆرمی هێما بنەڕەتییەکە و فۆرمە_وتراوەکە و ناوەرۆکی دەربڕاوەکە و شتە واتادارەکاندا بکەین (مالبرج،٢٠١٠: ٤٠). دەتوانین بەم پێواژۆیە بڵێین، پێواژۆی تێگەشتن لە بەکۆدکراوەکە، کە (درکپێکردن و پەیپێبردنی کۆدەکان و پاشان نرخپێدانیان)

دەگرێتەوە (ناهیدە،٢٠١٣: ٨٣-٨٥). بەم پێیەش وەرگر بە هەڵگێڕانەوەی قۆناغەکانی بەکۆدکردن، قۆناغەکانی کۆدلێکدانەوە جێبەجێدەکات، کە دەتوانین بە پێواژۆی بەراوردکردنی زانیارییە زمانیی و نازمانییەکانی ناو کۆدە نێردراوەکانی نێوان نێرەر و وەرگریشی دابنێین. قۆناغەکانی کۆدلێکدانەوەش ئەمانەن[٢٣]:

١-کۆدلێکدانەوەی فۆنۆلۆژیی: فۆنێمەکانی پێکهاتەی کۆدەکان بە یاسا فۆنۆلۆژییەکانی خۆی بەراورددەکات.

٢-کۆدلێکدانەوەی سینتاکسیی: زانینی پەیوەندی نێوان کۆدەکان و دەوروبەرە زمانییەکەیانە. پاشان یەکە فەرهەنگییەکانی ناو کۆدە دەربڕراوەکان بە وانەی کە لە فەرهەنگە ئاوەزییەکەی خۆیدان، بەراورددەکات.

٣-کۆدلێکدانەوەی سیمانتیکیی: واتای کۆدە نێرراوەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی هێماکان و لە پەیوەندی نێوان هێماکانەوە بوونیادنرابێت. گۆڕینەوەی ناوەڕۆکی کۆد و هێماکانە بۆ بیرە بنەڕەتییەکەی نێرەر، ئەوەش بەپێی شارەزایی و ئەزموونی وەرگر و تێگەشتنی لە ناوەڕۆکی پەیامەکە دەبێت. مەبەست لەمەش، بریتییە لە تێگەیشتن لە واتای بروسکەی مەبەست و مەبەستی نێرەر.

ئەم پێواژۆی لێکدانەوەیە کاتێك سەرکەوتو دەبێت، کە نێرەر وەڵامی گونجاوی دەبێت. واتە واتای کۆدەکان لای نێرەر و وەرگر هاوبەش، یان هاوشێوەبن. هەروەها کەناڵی گواستنەوە، پەیوەندی دەروونیی و کۆمەڵایەتیی نێوان نێرەر و وەرگر. وەك (جاکۆبسۆن Jackobson)یش دەڵێت: "دەوروبەر و بارودۆخ و هەڵوێستەکان کە، کۆدەکان بۆی دەگەڕێنەوە، هەموو پێکەوە بۆ بەردەوامیی پەیوەندییەکە و پێواژۆکانی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٠٥-٣٠٨)". تێگەیشتن لە کۆدەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان و ئەو بارودۆخەی تێیدا شیاون بۆ بەکارهێنان، بەشێکە لە واتای ئەندامبوون لە کۆمەڵێکی قسەکردنیی، یان کۆمەڵێکی رۆشنبیریییدا. بۆنموونە کاتێك کەسێك ڕستەیەکی وەك نموونەی (١٤) دەڵێت، کەسی گوێگر ئەگەر زانیاریی نازمانیی دەربارەی مریشك لە کۆمەڵی کوردییدا نەبێت، ئەوا نازانێت، کە مەبەست لێی (مریشك)ە، یان (کەڵەشێر)[٢٤].

١٤) کورد گۆشتی مریشك زۆر دەخوات.

---

[٢٣]- بڕوانە تشاندلر (٢٠٠٨: ٣٢٩-٣٣٠)، و: محەمەد مەحوی (٢٠٠٩: ٦٩) و ناهیدە (٢٠١٣: ٨٣-٨٥).

[٢٤]-هەر لەو بارەوە، لە بارەی کەلتووری فەرەنسییەوە، (بێرتراند ڕاسێل)یش دەڵێت: هەرکەسێك زانیاریی نازمانیی دەربارەی (پەنیر) نەبێت، ئەوا لە وشەی (پەنیر) تێناگات و نازانێت مەبەست لێی (cheddar)ە، یان (Comembert). بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٠٥-٣٠٨) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا هاتوون.

له بەرامبەر ئەوەشدا، (هاڵ Hall S.) لەو باوەڕەدایە، دەکرێت بەکۆدکردن و کۆدلێدانەوە هاوتانەبن، یان وەك یەکترنەبن، ئەوەش کاتێکە، کە لایەنەکانی پەیوەندییەکە هاوڕانەبن یان پێگەی کۆمەڵایەتییان جیاوازبێت، بەوەش لێکدانەوەی کۆدەکە لە واتای کۆدەکە جیاوازدەبێت (Hall,1972-1979:136). لەم ڕووانگەیەشەوە، جەخت لە گرنگیی ڕۆڵ و ئەرکی بەکۆدکەر و کۆدلێکدەرەوە دەکاتەوە. لە بەرامبەر ئەو بۆچوونانەدا، (دەیڤد مۆرلیی) پشتیوانی هیچ حەتمیەتێکی کۆمەڵایەتیی ناکات و کۆدلێکدانەوەی تاکی وەرگریش بە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی پێگە و چینی کۆمەڵایەتیی دانانێت (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٢٨).

## ٢/١-٢) چەشن و جۆرەکانی کۆد

زمانەوانەکان و هێمالۆژییەکان لە شیکردنەوە و تویژینەوەکانیاندا لەبارەی بەکۆدکردن و لێکدانەوەوە، تێبینی چەندین جۆری جیاواز لە کۆدی زمانیی و نازمانییان کردووە. هەرچەندە جیاوازیشیان لە ناونان و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانیاندا هەبووە، بەڵام بەگشتیی لەو بووارەدا گەشەپێدەری کارەکانی کەسانی پێشتربوون. ڕەنگە هەندێکیان بەهۆی ئەو لایەن و هۆکارانەوە بووە، کە لە ڕێگەیەوە تێبینی کۆدە جیاوازەکانیان کردووە، وەك (هەستەوەرەکان، دەمی و نادەمی، کەرەستەییەکان و...هتد) هەروەها هەندێکیان لایەنێکی جیاوازیی کۆد و هێماکانیان بە گرنگ زانیوە (محەمەد مەحوی، ٢٠٠٩: ٥٢).

ئێمە گرنگیی بەو کۆدانە دەدەین، کە لە پێواژۆی دەربڕین و پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا گرنگن و شیاوی دەربڕین و گۆڕینەوەن، کە لە سێ تایبەتمەندیی گرنگدا هاوبەشن، ئەوانیش:

١- "زانیاریی کۆمەڵایەتیی.

٢- کەناڵ و جۆری کەناڵی دەربڕین و پەیوەندیکردن.

٣- پەیوەندی و گونجاویی نێوان خاڵی یەکەم و دووەم، کە بارودۆخ و دەوروبەری پێواژۆکانی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە دەگرێتەوە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٦)".

## ٢/١-٢-١) کۆدە کۆمەڵایەتییەکان

ئەو کۆدە زمانیی و نازمانییانە دەگرێتەوە، کە هەر ئاخێوەرێك لە پێواژۆکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتییدا پێویستییەکی بنەڕەتیین و دەستلێهەڵگرتنیان نییە. ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی شێوە، چۆنێتی بەکۆدکردن، لێکدانەوەیان و بەکارهێنانیان دیاریدەکات، بەشێوەیەك هەر کۆدێکی کۆمەڵایەتیی چەمکەکەی لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدایە و بە هۆیانەوە دۆخی کۆمەڵایەتیی و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاك و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵمان بۆ ڕووندەکەنەوە:

یەکهەم/ دەربڕینە قسەکردنییەکان: (کۆدە دەنگییەکان)یشیان پێدەوترێت. ئێمە دوو ئامێری جیاوازمان نییە، "زمان کردەیەکی ڕۆشنبیرییە و ئەوەی ئێمە بە ئامێری دەنگیی دادەنێین، تەنها خۆگونجاندنێکە و لە بنەڕەتدا بۆ کارێکی بایۆلۆژییە (مالبرج،٢٠١٠: ٦٣)". هەر لەم ڕووەوە، کۆمەڵی قسەکردنییش بەپێی ڕێککەوتنی ئەندامەکانی لەناو خۆیاندا کۆدە قسەکردنییەکانی خۆیانیان ڕێکخستووە، کە بە (کۆدی گشتیی) ناسراون، کە مەبەست لێی ئەو کۆدانەیە کە بە هاوبەشیی لای ئاخێوەر و گوێگر هەیە و لە فەرهەنگی ئاوەزییاندا هەڵیانگرتووە و لە پێواژۆی گفتوگۆ و پەیوەندیکردندا دەیگۆڕنەوە (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٤١). وەك ژمارەی دەنگەکان و چۆنێتی لەیەکدانیان، مۆرفێمە بەندەکان و پێکهاتەکانی ناو ڕستە و واتای وشە و ڕستەکان، کە لە شێوەی هێشوە دەنگێکدا لە کاتی قسەکردندا ئاخێوەر دەیاننێرێت بۆ گوێگر. وەك (وۆرف Whorf)یش دەڵێت، بەکارهێنانی دەنگ و ڕێزمان و ئەرك و واتای جیاواز، جیاوازیی ڕوانین و لێکدانەوەشمان بۆ جیهان دەردەخەن (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٦٠). بۆ نموونە هەر ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی ئەوە دەزانێت، کە هەندێك دەنگ هەن، وەك (/ۆ/ و /ێ/)، پێکەوە نایەن. هەروەها بەهۆی لاگرەکانەوە وشە دادەڕێژێت و ناوگری نییە. هەروەها فەرهەنگی ئاوەزی تایبەت بە خۆی هەیە، کە وشەکانی وێنای ژینگەی سرووشتی دەوروبەر و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکەی دەکات.

لەناو کۆدە زمانییەکانیشدا، (لقەکۆد) هەیە. ئەم جۆرەیان گرووپێك لە کۆدەکانی زمانێکە، بەپێی شێوازی تاکەکەس، گرووپ و چینی کۆمەڵایەتیی، یان شێوەزارەکانی دیاریدەکرێن و جیادەکرێنەوە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٤). تایبەتمەندییەکی کۆدە قسەکردنییەکان ئەوەیە داینامیکین و بەردەوام بە گۆڕانی کۆمەڵایەتیی و ئەندامانی کۆمەڵ لە گۆڕاندان، بەڵام کۆدە زمانیی و قسەکردنییەکان تەنها سەرچاوەی تێبینکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان نین، بەڵکو لەگەڵیاندا ژمارەیەکی بێشومار کۆدی نازمانیش بەشداری دەکەن (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٦٢)، وەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین.

دووهەم/ کۆدە جوڵەیی و جەستەییەکان: هەموویان بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ و بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانیان، دیاریکراون چەسپێنراون، وەك کۆدە جوڵەیی و جەستەییەکان. (محەمەد مەحوی ٢٠٠٩)یش بە هێما ئاوەڵدەمیی و نادەمیی و نازمانییەکان جیایکردوونەتەوە و ناویناون، هێمای ئاوەڵدەمی ئەو ئاماژە دەروونییانەی ئاخێوەر دەگرێتەوە، کە گوێگر لە شێوە و ڕیتمی دەنگ و ڕووخساریدا دەیخوێنێتەوە، هێما نادەمییەکانیش ئەو جوڵە جەستەیی و ئاماژانەن کە ئاخێوەر لە کاتی قسەکردندا بەشێوەیەکی باو و ئاسایی، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای دەربڕین و مەبەستەکانی بەکاریاندەهێنێت، وەك ڕوانین، وەستان، جوڵەکانی چاو و برۆ، چرچکردنی ناوچاو و جوڵەکانی دەست و پەنجەکان،...هتد (ل:٥٣-

٥٦). ئەم جۆرە کۆدانە سێ تایبەتمەندیی بنەڕەتییان هەیە، کە لە پێواژۆی پەیوەندیکردندا گرنگیی و بەهایان پێدەبەخشێت، ئەوانیش (کۆمەڵایەتیبوون و پێڕەوبەندی کۆمەڵایەتیی، داهێنەریی و بەرهەمداریی، واتاداریی)ن (عەبدە،٢٠١٣: ٥٤-٥٦). مەبەست لە کۆمەڵایەتیبوون و پێڕەوبەندیی کۆمەڵایەتیی ئەوەیە، کە بەها و نرخی هەریەکێکیان کۆمەڵێك دیاریکردووە، بۆ نموونە بەریەککەوتنە جەستەییەکانی نێوان نێر و مێ لە کەلتووری ئیسلامییدا قەدەغەکراوە، بەڵام لە نێوان دوو پیاو، یان دوو ژندا ئاساییە. بە پێچەوانەی ئەمەوە لە کەلتووری ڕۆژئاواییدا بە ڕێژەیەك پێچەوانەیە. ئەمە بۆ لە تەنیشت یەکترەوە وەستاون، ئاراستە جەستەییەکان و ڕووخساریش بە هەمانشێوەن.

هەوەها لە هەر کۆمەڵ و ناوچەیەکدا کۆمەڵێك کەرەستەی مادی بۆ خۆیان و ناو ماڵ و پێداویستییەکانی ژیانیان بەکاردەهێنن، کە کۆدە کەرەستەییەکانیان پێدەگوترێت و جۆرێکی تری کۆدی نازمانیین، وەك شێوازی بیناسازی کۆشك و تەلار و قولە و قەڵاکان. یان وەك جلوبەرگ، لە هەندێك ناوچە ئەگەر ئافرەتێك جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ بپۆشێت بۆ پرسە، ڕووبەڕووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی دەبێتەوە. یان بۆ نموونە جلوبەرگ بەپێی وەرزەکان و کۆمەڵ جیاوازەکان دەگۆڕێت و جیاوازە. هەروەها جلوبەرگی نەتەوەکان جیاوازن، وەك جلوبەرگی میللی کوردیی و جلوبەرگی عەرەبیی. یان نیشانەی خاچ، کە بە کەسێکەوە بوو، واتە ئەو کەسە مەسیحییە (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٢٦).

هاوکات پێشووازیکردن، ڕێوڕەسمە ئایینی و پیرۆزییەکان، یارییەکان ، کارکردن، کاتبەسەربردن، گەشتکردن و... هتد (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٣، ٢٦١)، ئەم گرووپە لە کۆد هەر کۆمەڵێکدا لە کات و بارودۆخی تایبەتدا دێنەکایەوە و بەپێی تایبەتمەندیی کۆمەڵەکە و ناوچە و گرووپە کۆمەڵایتییەکان جیاوازدەبێت، بۆنموونە لە کۆمەڵی کوردییدا بۆ پێشووازیکردن و بەخێرهێنانی کەسێك، تەوقەکردن و ماچکردن و دەست لەسەر سنگ دانانە، بەڵام لە کۆمەڵی ئینگلیزیدا تەنها تەوقەکردنە ئەگەر هەردووکیان پیاو بوون، یان لە باوەشکردن ئەگەر دۆستایەتییان بەهێزبوون، بەڵام لە کۆمەڵی عەرەبییدا شان لە شاندان و لوت لە لوتدان بەشێکە لە نەریتی پێشووازیکردن. شێوازی ڕێوڕەسمە پیرۆزەکان بەپێی ئاینەکانیش دەگۆڕێت بۆ نموونە مەسیحییەکان لە کاتی تەواوبوونی پاڕانەوەکانی وێنەی خاچ لەسەر سنگی دەکێشێت، بەڵام موسڵمان فویەك بەناو هەردوو دەستیدا دەکات و دەیهێنێتەوە بەدەموچاویدا. یان شێوازی میواندارییکردن کە دەکرێت بۆ ڕێزگرتن، یان خێرکردن، یان مەراییکردن بۆ بەرامبەر بێت (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ١١٣).

سێهەم/ کۆدی باڵا و کۆدی باو: ئەمانەش چەند جۆرێك کۆدی کۆمەڵایەتیین، کە بەپێی ڕاوبۆچوونی لێکۆڵەران، جیاکراونەتەوە. (مانتی ئەلیکساندەر Monty Alexander) لە بازرگانییدا، کە گرنگیی بە

سەرنجڕاکێشانی بەکاربەر دەدرێت، بە پێی برەو و بازاڕگەرمی بەرهەمەکان، سێ جۆر کۆدی جیاکردووەتەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەمانیش دەچنە چوارچێوەی کۆدە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەوانیش (کۆدی باو لە ئێستادا، کۆدی فەرامۆشکراو و کۆدی گەشەکردوو)ن (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٩٢). سەرەڕای ئەم جۆرانە، (بازل بێرنشتاین Bernistein) پێشنیاری دوو جۆریتری کۆدی کردووە، کە بەپێی باو و بڵاوییان لە کۆمەڵدا و بەکارهێنانیان لەناو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستنیشانیکردوون، ئەوانیش (کۆدی سنووردار Restricted Code) و (کۆدی بلاو Elaborated Code)ن. پێشیوایە، کە چینی باڵای کۆمەڵ کۆدە هەڵبژێردراوەکان بەکاردەهێنن و چینی خوارەوەی کۆمەڵش کۆدە سنووردارە بەستراوەکان، بەڵام چینی ناوەند فێری بەکارهێنانی هەردوو جۆرە کۆدەکە دەبن (Bernistein, 1971-1990:4). لە بەرامبەر ئەمەشدا (جۆن فیسك Fiske, 1982:315)) دوو ناوی تری داناوە کە (کۆدە باڵاکان) و (کۆدە ناباوەکان)ە. هەردووکیشیان جیاوازیی و بەراوردیان لە نێوان تایبەتمەندییەکانی دوو جۆرەکەی خۆیاندا کردووە. ئێمە لێرەدا بۆچوونەکانی هەردووکیان تێکەڵدەکەین.

(بێرنشتاین Bernistein) بۆ کۆدە (سنووردار) و (بڵاوەکان) و (فیسك Fiske)یش بۆ کۆدە (باوەکان) و (باڵاکان) چەند تایبەتمەندییەك و جیاوازییەکیان لە نێوان جۆرەکانیاندا دیاریکردووە، کە لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو (Bernistein,1971-1990:4) و (Fiske,1989:315):

١–کۆدە سنووردارەکان/باڵاکان بە زۆری بەفێرکردن فێریاندەبین و لە بۆنەی فەرمیدا بەکاردێت و ژمارەیەکی کەمی خەڵك دەیزانن. بەڵام کۆدە بڵاوەکان/باوەکان بە ئەزموون فێریاندەبین و لە دۆخی نافەرمیدا بەکاردەهێنرێن و بەکارهێنەرانی زۆرن.

٢–کۆدە سنووردارەکان/باڵاکان بوونیاد و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزیان هەیە. بەڵام کۆدە بڵاوەکان/باوەکان بوونیادی ڕستە و ڕێزمانیان سادەیە.

٣–کۆدە سنوردارەکان/باڵاکان چاوەڕواننەکراو و داهێنەرانەن، فرەشێوازن، وشەی پەسنکردنیان زۆرە، کەم دووبارە دەبنەوە و جێناوی تاك و شێوازی کەسی نادیاری زۆر تێدا بەکاردەهێنرێت. بەڵام کۆدە بڵاوەکان/باوەکان چەمك و دارشتەی نموونەی بەکاردەهێنن و پرسیاری دانپێدانانی زۆر تێدایە.

٤–کۆدە سنوردارەکان/باڵاکان کەمتر پشت بە بارودۆخ و ئاماژە دەبەستن و وردترن لە واتادا. بەڵام کۆدە بڵاوەکان/باوەکان دووبارە و چاوەڕوانکراون و ئاماژەی نازمانییان زۆر تێدا بەکارهێنرێت و زیاتر پشت بە دەوروبەر دەبەستن.

له ڕوانگەی ئەم زانیارییانەشەوە، کۆدە کۆمەڵایەتییەکانیش چەند جۆرێکن[٢٥]:

١- کۆدە قسەکردنییەکان/زمانییەکان : دەنگەکان، مۆرفیمە بەندەکان، ڕێزمانی و وشەییەکان.

٢- کۆدە نازمانییەکان: ئەمیش لەناو خۆیدا چەند جۆرێکن، لەوانە:

ا) کۆدە هاوەڵدەمییەکان: وەك باری دەروونی و بەرز و نزمی و ئاوازی دەنگ و ڕووخسار.

ب) کۆدە جوڵەیی و جەستەییەکان: بەریەککەوتنی جەستەیی، لە تەنیشت یەکتربوون، ئاراستە جەستەییەکان، ڕووخسار، دەربڕین بە دەموچاو،ئاماژەکانی سەر، ئاماژە جەستەییەکان و دانیشتن و... هتد.

پ) کۆدە کەرەستەییەکان: مۆدێل، جلوبەرگ، ئۆتۆمبێل و کەرەستەکانی ناوماڵ و... هتد.

ت) کۆدە ڕەفتارییەکان: پێشووازیکردن، پەرستشەکان، ڕۆڵبینینە کۆمەڵایەتییەکان و یارییە کەلتوورییەکان و...هتد.

## ٢/١-٢-٢) کۆدە لێکدانەوەییەکان

ئەم جۆرە کۆدانە، ئەوانەن، کە ڕوونین و پێویستیشیان بە لێکدانەوە و ڕوونکردنەوە هەیە. هەروەك جۆرێکی تر لە کۆدە کۆمەڵایەتییەکان ئەژماردەکرێن. (هاڵ Hall) پێشنیازی دوو جۆر کۆدی کردووە، کە دەکەونە ژێر ئەم ناوەوە، ئەوانیش (کۆدە درکپێکردنییەکان) و (کۆدە ئایدۆلۆژییەکان)ن (Hall,1973-1979:132).

١-کۆدە درکپێکردنییەکان: مەبەست لێی ئەو جۆرە کۆدانەن، کە بە هەستەوەرەکانمان درکیان پێدەکەین، وەك (هەستی بینین، بیستن، بەریەککەوتن، تامکردن و بۆنکردن). هەر بۆیەش کە (فریدێك جەیمسۆن) دەڵێت: "هەموو پێڕەوە درکپێکردنەکان، لە خۆیاندا زمانن"، بەڵام مەرج نییە هەمیشە بۆ پەیوەندیکردنی مەبەستدار بگونجێن، هەر لەمبارەوە (جاك دریدا)ش دەڵێت: "ئێمە باوەڕمانوایە، کە جیهان خۆی دەبینین، نەك وێنەیەکی کۆدکراوی (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٧)"، بەڵام ئەوەمان بیرنەچێت، درکپێکردن و هەستپێکردنیش بەپێی کات و بەپێی شوێن دەگۆڕێت جیاوازن، چ بەرامبەر بە کەسێك، یان شتێك، یان بیرکردنەوەیەك، یان بیرکردنەوەمان دەربارەی خودی جیهان.

کۆدە درکپێکردنەکان بەهۆی چەند یاسایەکەوە ڕێکخراون، کە بنەڕەتیین و جیهانیین، ئەوانیش: (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٨)

---

[٢٥]- ڕیزبەندکردنەکەمان لە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٣-٢٥٤) وەرگرتووە، بەڵام ناوەکان لە ناوبراو و لە (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٥٣-٥٥) و (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٢٥-٢٦) و (عەبدە،٢٠١٣: ٤٨-٥١) وەرمانگرتووە. بڕوانە مالبرج (٢٠١٠: ٦٣-٩٨)یش.

ا– تەنیشتیەکیی: نیشانە لێکنزیکەکان پەیوەستدەکرێن.

ب– لێکچوون: نیشانە هاوشێوەکان پەیوەستدەکرێن.

پ– بەردەوامێتیی: ئەو نیشانانەی کە پشت بە بەردەوامییەکی ئارام دەبەستێت، لە گۆڕانی لەناکاوی ئاراستەکەی قبوولکراوترە و باشترە.

ت– داخراوەیی: ئەو لێکدانە، کە شێوە داخراوەکان دروستدەکەن، لە شێوەکراوەکان، باشترن.

ج– بچووکی قەوارە: نیشاندەری بچووك و ناواخنی فراوان بێت.

چ– گونجاویی: ئەو نیشاندەرانەی کە مەوداکانیان ڕێکخراون و ناواخنەکانیان ڕێکنەخراون باشترن.

ح– دەورەدان: بەدوای ئەو مەودایانەدا دەگەڕێین، کە بەنیشاندەری تر دەوردراون.

٢–کۆدە ئایدۆلۆژییەکان: بە گشتیی ئەو کۆدانە دەگرێتەوە، کە بۆ ئاماژەبەندکردنی دەق و لێکدانەوەیەتی، ئەمانە بلاو و بالادەستن، دەرئەنجامی گفتوگۆ یان ڕەخنەگرتنن (Hall,1972–1979:138)، وەك "تاکگەرایی، لیبرالیزم، فیمینیزم، ڕەگەزپەرستی (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٦)". ئەم جۆرە کۆدانەش تایبەتن بە گرووپی کۆمەلایەتیی جیاواز، وەك گرووپە سیاسیی و شۆڕشگێڕیی و ئاینیی و ئابووریی و زانستیی و ڕۆشنگەرییەکان. هەمووشت و کەرەستەیەکی ئایدۆلۆژی ئاماژەن و دەکرێن بە هێما و کۆددەکرێن. نموونەی کۆدە ئایدۆلۆژییەکانیش زۆرن، وەك چەکووش و داس و ئەستێرە سوورەکەی شیوعییەکان و خاچە شکاوەکەی نازییەکان.

## ٢/١–٢–٣) کۆدە دەقییەکان

ئەم گرووپە لە کۆد دەقی نووسراون بە پیتە کۆدکراوەکانی زمانێك و نەگۆڕ و چەسپاون. دەتوانین بلێین دەقە نووسراوەکان دووبارە بەکۆدکردنەوەی بیرەکانن. واتە دوای ئەوەی دەنگ و واتاکان پێکەوە کۆددەکرێن، جارێکیتر لە ڕێگەی پیتەکانەوە کۆددەکرێنەوە. "هەموو دەقێك بەپێی کۆدەکان، پێڕوویکی ڕێکخراوە لە ئاماژە (ئاماژە) و کۆدەکانیش ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ و گریمانە و کردەوە گەلێکی دیاریکراوە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٦٧)"، بەلام ئەوەش ڕوونە، کە دەقەکان لە ڕێگەی هەر کەنالێکی پەیوەندیکردنەوە بنێررێن، لە رووی پلەی کراوەییان بۆ فرە لێکدانەوە، جیاوازن (Hall,1972-1979:134).

کۆدە دەقییەکانیش لەناو خۆیاندا چەند جۆرێکن، لەوانە[٢٦]:

---

[٢٦]– ناوی جۆرەکانی کۆدە دەقییەکان لە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٤–٢٥٥)مان وەرگرتووە. ئەو ناوانەشی لە سەرچاوەی ترەوە وەرگیراون، ئاماژەیانپێدەدەین.

١–كۆدە زانستييەكان: ئەم گرووپە لە كۆد زۆر باونين، بەڵكو پسپۆرين و بەپێی پسپۆڕی زانستی گرووپە كۆمەڵايەتييەكان دياريدەكرێن و لەڕێگەی پێواژۆی فێركردنەوە، فێرياندەبين وەك: كۆدە بيركارييەكان، كيمياوييەكان، فيزياييەكان و زيندەوەرزانييەكان. تايبەتمەندييەكی ئەم كۆدانە ئەوەيە، لێكدانەوەی ئاڵۆز لە خۆناگرن، واتە ئەم جۆرە كۆدانە فرە واتانين.

٢–كۆدە هونەری و ئەدەبييەكان: ئەمەش ژانرە ئەدەبی و هونەرييەكان دەگرێتەوە، وەك: (هۆنراوە، شانۆو... هتد). سەرەڕای ڕێبازە هونەری و ئەدەبييەكانی، وەك (كلاسيزم، ڕۆمانسيزم و رياليزم و... هتد). ئەمانە زياتر بەهرەی تاكەكانن، بەڵام بۆ بڵاوبوونەوەيان پێويستيان بە فێركردنە. تايبەتمەنديی هەرە گرنگی ئەم جۆرە كۆدە ئەوەيە، كە فرەلێكدانەوەن و خوێندنەوەی جياوازييان بۆ دەكرێت، ئەوەش بەهۆی فرە واتايی كۆدەكانی و كاريگەريی كۆدە ڕەوانبێژی و شێوازييەكان. هەروەها واتای گريمانەييشيان هەيە، كە لە لێكدان و بەستنەوەی دەق بە دەوروبەری كۆمەڵايەتيی و كەلتوورييەوە لەلايەن خوێنەرەوە، دروستدەبێت (تشاندلر،٢٠٠٨: ٤٤٦ ).

٣–كۆدە ڕەوانبێژی و شێوازييەكان: ئەميش هونەری نووسين و شێوازی نووسينی بابەتەكە دەگرێتەوە، كە بەپێی ناوەڕۆكی نووسين و مەبەستی نووسەر و شێوازی تايبەتی نووسەر دەگۆڕێت و جياوازە. دەتوانين چەند جۆرێكيان دەستنيشانبكەين: شێوازی (خستنەڕوويی) كە زياتر بۆ بابەتی هەواڵی و زانياريی بەخشينە، بەڵام شێوازی (ڕەخنەئامێز) بۆ بابەتی لێكۆڵينەوە و بەدواداچوون و شيكردنەوە و نووسينی ڕەخنە ئامێز و بەراوردكارانەيە. شێوازی (پەسەنكارانە)ش تەنها بۆ (باسكردن، ناساندن، پياهەڵدان، يان داشۆرين...هتد)ە و سەرەڕای (شێوازی گێڕانەوە) كە بۆ باسكردنی (چيرۆك، ڕوودا ، بەسەرهاتەكان و ... هتد) بەكاردێت .

٤–كۆدە ڕاگەياندنييەكان: ئەميش خۆی لە تەلەفيزيۆن، سينەما، ڕاديۆ، ڕۆژنامەگەری، گۆڤارەكان، ڕەنگ و مۆسيقای تايبەت و كاريكاتێر و... هتددا، دەبينێتەوە (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٥٥) (شيلان عوسمان،٢٠٠٩: ٢٦). لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا كاريگەرترينی ئەم جۆرە كۆدانە تەلەفزيۆن و ڕاديۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەكانە، ئەمە جگە لە ئينتەرنێت و تۆڕە كۆمەڵايەتييەكان و ئامێرە تەكنەلۆژييەكانی پەيوەنديكردن، كە شێوەيەكی جياواز لە بەكۆدكردنی هێماكانی زمانی تێدا پەيڕەودەكرێت و بڵاودەكرێنەوە، چونكە بەريەككەوتنيان لەگەڵ ژمارەيەكی زۆرتری خەڵكدا هەيە و لەناو ماڵ و خێزانەكانماندان و كاتێكی زۆرتريش دەمێنێتەوە، هەربۆيە كۆدە بەكارهاتووەكانيشان، بڵاوترين جۆرن و كاريگەريی زۆريان لەسەر بيركردنەوەی تاك و كۆمەڵ دروستدەكەن. نموونەی كاريگەريشيان ئەو زاراوانەيە لەناو كۆمەڵدا بڵاويدەكەنەوە، وەك لە نموونەكانی (١٥) دەردەكەوێت.

### ١/٢–٢–٤) کۆدە واقعییەکان

ئەمیش جۆرێکی تری کۆدە ئاماژەبەندەکانە. هەموو فۆڕمە نواندنەکانی پێڕەوە بروسکەییەکان، هەڵگری واتان، بەڵام واتا نانوێنن، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی کە چەسپاندوویەتی و بە یارمەتی کۆدەکان، لە نێوان نێرەر و وەرگردا واتا دەگوێزنەوە، وەك (کریستیان میتز)یش دەڵێت کۆدە واقعییەکان واقیع نین (تشاندلر،٢٠٠٨: ٢٧١–٢٧٢) (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ١٤٢). زۆرینەی جۆرەکانی تریش کە پێشتر باسمانکردن، دەچنە ناو چوارچێوەی ئەم جۆرە کۆدەوە. وەك وشەکانی زمان، کە واقیع نین، بەڵکو واقیع دەنوێنن. بۆ نموونە ئەو ڕووداوانەی لە فیلم، دراما و شانۆگەرییەکاندا دەیانبینین، واقیعنین، بەڵکو واقیع دەنوێنن.

### ١/٢–٣) کۆد لە بەجێهێنانی ئەرکدا[٢٧]:

ئەرکەکانی کۆد زۆر و فراوانن، هێندەی فراوانی توانا و چالاکی بیر و هزر و پێداویستییەکانی مرۆڤ. زۆرێك لە زمانەوانان و هێما لۆژییەکان گرنگییان پێداوە و دەستنیشانیانکردووە و دابەشکاریی و جیاکارییان بۆ کردووە، وەك (فێرس Firth، جاکۆبسۆن Jackobson، هدسن Hudson، لیگا ڕیڤەرز و ماری تێمبەرلی... هتد). هەندێك وەك ئەرکەکانی زمان یان قسەکردن و هەندێکی تر وەك ئەرکەکانی هێما باسیان کردووە، بەڵام ئیمە لێرەدا وەك ئەرکەکانی کۆد کۆمانکردوونەتەوە و دابەشکارییەکی نوێمان بۆ کردووە. بەمشێوەیە:

١– ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی کۆدەکان: یەکگرتویی و یەکپارچەیی کۆمەڵ دەپارێزن و ناسنامەی کۆمەڵایەتیی بەتاك و گرووپەکان دەبەخشن. کەلتوور و ڕۆشنبیرییان هەڵگرتووە و بڵاویدەکەنەوە. هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەناسێنن.

٢– ئەرکە دەروونییەکانی کۆدەکان: شاردنەوەی نیازەکانی تاك لەوانی تر و نەزانینی بیروڕاکانی وەك خۆی. لەگەڵ ئەوەشدا خۆدەربڕین و کاردانەوە بۆ شتەکان و ڕزگاربوون لە بارگرانییە دەروونییەکان، کاریگەرییدانان لەسەر بەرامبەر، یارییە زمانییەکان و یاریکردن بە زمان.

---

[٢٧]– بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەرکەکانی زمان و کۆدە زمانییەکان، بڕواننە ئەم سەرچاوانە: Richards & Rodgers (2001:64)، هدسن (١٩٨٧: ٢٢١)، محەمەد مەعروف (٢٠١١: ٣١–٣٨)، العبیدان (٢٠٠٤: ١١)، رشدی احمد و محمود کامل (٧–٨ و ٢٣ و ٢٨)، ڕەحیم سورخی (٢٠٠٨: ١٤–١٥)، بەکر و شێرکۆ (٢٠٠٧: ٤٤–٤٦)، شیلان عوسمان (٢٠٠٩: ٣٧–٤١)، سەلام و نەریمان (٢٠١٠:ب ٢،٣،١: ١٧١–١٧٣ و ب ٤،٥،٦،٧: ١٤٣–١٤٩)، نەریمان (٢٠١٢: ٢٢–٢٩) و ئەو سەرچاوانەشی لەمانەدا هاتوون.

٣- هزر دەربڕین: وەك ئەدەب و دەق دروستكردن: شیعر ، ڕۆمان، چیرۆك، شانۆ، پەخشان، وتار و فەلسەفە.

٤- ئەركی دۆزینەوە و بەدواداچوونی هۆكارەكانی ڕوودانی شتەكان وەك بابەتە زانستییەكان و لێكۆڵینەوە زانستییەكان.

٥- ئەركی تۆماركردن و پاراستن: لە ئەركەكانی تری كۆدەكان، تۆماركردنی یاسا و فەرمانە فەرمییەكان و كارگێڕییەكان، ڕاگەیاندنە فەرمییەكانی دەوڵەت و دەستگاكانی، پرۆگرامەكانی پەروەردە و فێركردن، ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و نووسراو، تۆماركردنی پرۆژە و پلان و پێشنیازەكان.

٦- پەیوەندیكردنی كەسی و كۆمەڵایەتیی: ناردن و گواستنەوە و گەیاندنی هەواڵ، گفتوگۆكردن و گۆڕینەوەی بیروڕا، پرسیاركردن، بڕیاردان، داواكردن، هەستدەربڕین و وروژان، دروستكردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتیی نێوان تاكەكان و پاراستنی، دیاریكردنی سنووری پەیوەندیی نێوان ئاخێوەران لە ڕووی دۆستایەتیی و دووژمنایەتیەوە.

## ٢/١-٤) كۆدە زمانییەكان لە پێواژۆی پەیوەندیكردندا

لێرەدا تەنها لە كۆدە زمانیانییەكان دەدوێین، كە شیاوی دەربڕینن، كە زۆرجار بە (پێواژۆی پەیوەندیكردن و گفتوگۆكردن) ناودەبرێت، واتە لە قسەكردن و گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵك دەدوێین. هەروەها سەرەتا دەبێت جیاوازیی بكەین لە نێوان قسەكردن و گفتوگۆكردندا[٢٨] بكەین ، چونكە قسەكردن بۆ پێواژۆیەكی پەیوەندیكردنە، كە مەرج نییە وەڵامدەرەوەیەكی ڕاستەوخۆی قسەكەر بوونی هەبێت، بەڵام گفتوگۆكردن بۆ پێواژۆیەكی پەیوەندیكردنە، كە قسەكەر و گوێگر ڕاستەوخۆ وەڵامی یەكتر دەدەنەوە. دەبێت ئەوەش بڵێین تێگەیشتن لەم وەچەپارە یارمەتیماندەدات بۆ تێگەشتنێكی باشتری پێواژۆی بەكۆدكردن و كۆدلێكدانەوە و ئاسۆی پێواژۆكانی (كۆدگۆڕینەوە) و (كۆد_تێكەڵكردن)یشمان بۆ ڕووندەكەنەوە.

مەبەست لە بەكۆدكردن و كۆدلێكدانەوە، گۆڕینەوەی هێما و كۆدە زمانییەكانە لە نێوان قسەكەر و گوێگردا بەهۆی كەناڵێكی گەیاندنەوە لە كات و بارودۆخێكی دیاریكراودا و لە پێواژۆیەكی پەیوەندیكردن و گفتوگۆكردندا ئەنجامدەدرێت. ئەو كۆدانەش، لە قسەكردن و گفتوگۆكردندا بەكاردەهێنرێن، دەكرێت لە پێڕەوێك، یان لە چەند پێڕەوێكی هێمایی زمانییەوە هەڵبژێراین و بەپێی پێڕەو و یاسا سینتاكسییەكانی پێڕەوێكی هێمایی زمانیی، یان زیاتر ئاڵوگۆڕبكرێن. (سوسێر) پێڕەوی ئەو پەیوەندی و گفتوگۆكردنە

---

[٢٨]- لە زۆرێك لەو سەرچاوانەی سوودمان لێبینیون، ئاخاوتن و گفتوگۆیان هاوواتا باسكردووە، یان لە شوێنی یەكتر بەكارهێنراون.

(بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە)، بە ڕووداوێکی زمانیی و کۆمەڵایەتیی دادەنێت (رشيد،١٩٨١: ٤٤)، بەڵام دەربڕی ئەوەشە، کە قسەکەر بیری لێدەکاتەوە و لە بووار گەلێکی لە ژمارە نەهاتوودا بەکاریدەهێنێت، ژمارەیشیان یەکسانە بەو چالاکیانەی، مرۆڤ دەتوانێت ئەنجامیانبدات. دەیشتوانین بە هۆیانەوە ئەزموونەکانی مرۆڤ شیبکەینەوە، چونکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. ئەم زانایانە و زۆری تریش لە زمانەوانان، کۆدگۆڕینەوە (قسەکردن و گفتوگۆکردن) بە سەرەکیترین ئەرکی زمان دەزانن، یان هەندێکیان زمان تەنها لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا کورتدەکەنەوە. وەك (مارتينى Martinet)، کە دەڵێت: "زمان هیچ نییە جگە لە ئامرازێکی پەیوەندیکردن (مارتينى،٢٠٠٩: ٦١)". واتە زمان تەنها ئامرازێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی کۆدە زمانییەکان. بەڵام (ئەمیل بنفنیست) پێیوایە، پەسنکردنی زمان تەنها وەك ئامرازی پەیوەندیکردن و گەیاندن، زیادەڕۆییە و لە ڕۆڵ و گرنگیی زمان و خاوەندارێتی مرۆڤ بەسەر زمانەوە کەمدەکاتەوە (بنفنيست،١٩٩٩: ٦٣).

هەر پێواژۆی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەی ئاسایی لە چەند یاسا و بنەما و ڕەگەزێك پێکهاتووە، کە بریتین لە قسەکەرێك و گوێگرێك، هەروەها بیرێك یان کۆمەڵە بیرێکی هاوبەش، کە لە کۆدە زمانییەکاندا هەڵگیراون، لەگەڵ ئامرازێکی گەیاندن. ئەمانیش لەناو خۆشیاندا لە چەند پێواژۆکی تر پێکهاتوون، کە بریتین لە چەمکاندنی بیرەکان، فۆرمەلەکردنیان (فۆرم بەربەدا کردنی وشە و ڕستەکان)، ئامێر و ئامرازی دەربڕین و گواستنەوەیان، خود چاودێری (پێداچوونەوەیە بە فۆرم و دەنگەکاندا دوای پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان) (ناهيده،٢٠١٣: ١٠٦-١٠٩). ئەم پێواژۆیە لە ڕووی شێوازی دەربڕینەوە، لە چەند جۆر و شێوازێك لە ڕووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە، پێکهاتووە.

## ٢/١-٤-١) شێوازەکانی ئاخاوتن


چەند شێوازێکی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە جیاکراونەتەوە، ئەوانیش بەپێی ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆیی قسەکردن و گفتوگۆکردنەکان و پلە و پایەی قسەکەران و گوێگران، فەرمیی یان نافەرمییبوونی هەڵویست و دۆخی قسەکردن و گفتوگۆکان، جیاکراونەتەوە، کە ئەمانەن:

١- شێوازی قسەکردن و گفتوگۆی دەستووریی/دیوانیی: شێوازی وشك و شێوازی ڕاویژکاریی لە خۆدەگرێت. لە قسەکردن، یان گفتوگۆی نێوان بەرپرسە باڵاکان لە بارەی بووارە فەرمییەکانەوە بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە قسەکردن و گفتوگۆی چینە باڵاو ڕۆشنبیرەکانی کۆمەڵێشدا بەدیدەکرێن. زمانی قسەکردنی ئەم شێوازە زمانی ستانداردە، هەر بۆیە تا ڕادەیەك چەسپا و نەگۆڕن، یان زۆر درەنگ دەگۆڕێن

(نایف،٢٠١٣: ٢٩٧–٢٩٨). هەر لەو بارەوە، (مارتن جۆس) بەم شێوەیە شێوازەکانی قسەکردنی تاك و کۆمەڵی دیاریکردووە: "شێوازی وشك، شێوازی فەرمیی، شێوازی ڕاوێژکاریی، شێوازی سادە، شێوازی هۆگریی زۆر (شەهاب،٢٠١٠: ١٠٩–١١٠)". لە بەرامبەریشیدا (بێرتل مالّبێرگ)یش سێ شێوازی دیاریکردووە، کە ئەوانیش "شێوازی بەڵگەنامە فەرمییەکان، شێوازی ڕۆژنامەگەریی، شێوازی وتراو و نووسراو لە پەیوەندییە کەسییەکاندا (مالبرج،٢٠١٠: ٢٥٦)"ن. لەم شێوازەدا زیاتر زمانێکی پوختی ستاندارد بەکاردەهێنرێت، کە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن بە ئاگاییەوە و بە کەمیی ڕوودەدات.

٢– شێوازی قسەکردن و گفتوگۆی ئاسایی: شێوازی سادەشی پێدەوترێت، کە قسەکردنی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵکە، وەك قسەکردنی کەسێك لەگەڵ خۆیدا لە کاتی (ئاگایی، بێئاگایی، بیرکردنەوە و پاڕانەوە، خەونبینین و خەیاڵکردن) (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٣٢)، یان وتاردانی کەسێك بۆ جەماوەرێك، وەك (مەلا، خۆپیشاندەران، دوکاندار و کاسبکاران). بەڵام هەندێك جار ڕۆشنبیر و سیاسییەکانیش بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی و مەبەستی دیاریکراو، شێوازی نافەرمیی بەکاردەهێنن، بەتایبەت لە کاتی بانگەشەی سیاسی و هەڵبژاردنەکاندا. هەروەها گفتوگۆی ئاسایی دوو کەس (بە ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ) (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٢٤). ئەم شێوازانە ڕۆژانەن و بەپێی بارودۆخ و بەرژەوەندی و تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. هەربۆیە لەم شێوازەدا دەگونجێت و دەکرێت ئاخێـوەران بە ئاسانی شێوازەکانیان بگۆڕن. (ئیدوارد هاڵ E. Hall)یش بەپێی فەرمیبوون و ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی جیاوازیی لە نێوان چوار شێوازی گفتوگۆدا کردووە (کەسیی، دۆستانە، کۆمەڵایەتیی و گشتیی) (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٢٤). لەم شێوازەدا کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن نائاگایانە و بە ڕێژەیەکی زیاتر لە شێوازی دەستووریی/دیوانیی ڕوودەدەن.

## ٢/١–٤–٢) توخمەکانی ئاخاوتن




(نەخشەی ژمارە ٢)

بۆ هەر پێواژۆیەکی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە (قسەکردن و گفتوگۆکردن) کۆمەڵێك توخم هەن، کە پێکهێنەری پێواژۆکەن، هەرچەند بە پێی قوتابخانە و تیۆرییەکان، جیاوازیی لە دەستنیشانکردنیاندا هەیە، بەڵام لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا پێنج ڕەگەز دەستنیشانکراوە کە (ئاخێوەر، گوێگر، ئامرازی گەیاندن، پەیام و مەبەستی قسەکردن)ن، وەك لە نەخشەی ژمارە (٢)دا خستوومانەتەڕوو.

یەکەم: نێرەر/ ئاخێوەر/ بەکۆدکەر: نێرەر ئەو کەسەیە، یان ئەو لایەنەیە، کە دەیەوێت ئەو بیرەی لە مێشکدایە، بیگەیەنێت بە بەرامبەرکەی کە (وەرگرە). لە ڕووی فۆڕمی بەکۆدکردن و توانای پەیوەندیکردنەوە، نێرەر لە زماندا دووجۆرە (ئاخێوەر) یان (نووسەر). وەك لە (بەکۆدکردن)دا باسمانکرد، نێرەر بیرەکەی دەکات بە هێما و فۆڕمێکی بۆ هەڵدەبژێرێت چ (دەنگ بێت یان نووسین)، ئاوێتەیان دەکات وەك دوودیوی دراوێك. (ئۆستن) دەڵێت (ئاخێوەر) لە کاتی قسەکردندا سێ کردە جێبەجێدەکات: (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٤٩)

١- کردەی گوتەنی، کە هەڵبژاردن و خستنەپاڵ یەکی وشەکان و جێناوەکان بەشێوەیەکی ڕێزمانیی دروست.

٢- کردەی مەبەست: واتای سەرزاری ڕستەکان و کاریگەریی دەوروبەری گوتن. واتە واتا دەربڕاوەکە لەگەڵ واتای فەرهەنگی وشەکان یەکناگرنەوە.

٣- کردەی پاشکار: ئامانجی قسەکەر، وەك ترساندن، ڕازیکردن.

(نێرەر/ئاخێوەر)، جوڵێنەر و بەڕێوەبەری گفتوگۆکەیە، هەربۆیە بۆئەوەی بتوانێت ئەو سێ کردەیە جێبەجێبکات، و (وەرگر/گوێگر) بوورووژێنێت و وەڵامبداتەوە، دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت. ئەو تایبەتمەندییانەش هەمووی لە ئەزموون و گەنجینەی زانیارییە زمانییەکانی خۆی و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە هەڵدەهێنجێت و هەربەو پێیەیش قسەکردنەکەی ڕێکدەخات. لە یەکە فەرهەنگییەکانی و پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراوەکاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت. تایبەتمەندییەکانیش، وەك (احمد و كامل، مفهوم اللغة و وظائفها: ١٦):

١- ڕوونیی بیر و مەبەست، قوڵیی و فراوانیی ئەزموون.

٢- ڕوونیی و ڕەوانیی دەنگ و لێهاتوویی شێوازی دەربڕین و فرە شێوازی و داهێنان لە دەربڕین و خستنەڕووی بیرەکەیدا.

٣– دووبارەكردنەوە و پێداچوونەوە بە بیرەكە و خستنەڕووی بیرەكەی بە وردەكاریی زیاترەوە، لەگەڵ توانای هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردنی وشەی گونجاو. واتە ئاخێوەر لە هەمانكاتدا نێرەر و وەرگری پەیامەكەی خۆیەتی واتە بەكۆدكەر و كۆدلێدەرەوەیشە (كریستیفا،٢٠٠٢: ٢١٤).

دووهەم: وەرگر/ گوێگر/ كۆدلێكدەرەوە: ئەو كەسەیە شریتە دەنگییەكەی ئاخێوەر دەبیستێت و توانای لێكدانەوە و تێگەیشتن لە پەیامەكەی هەیە. واتە ئامانجی ئاخێوەر و وێستگەی كۆتایی قسەكردنەكەیە (نەوزاد،٢٠١٤: ١٨). خاوەنی هەمان كەناڵی ناردنی ئاخێوەرە و لە ڕووی زانیاریی و ئەزموونی زمانیی و كۆمەڵایەتییەوە بە ئەزمون، یان بە ڕێژەیی هاوبەشن.

مەرج نییە هەمیشە (وەرگر/گوێگر) بتوانێت وەڵامی (نێرەر/ئاخێوەر) بداتەوە، وەك لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆدا هەیە، یان ڕەنگە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وەڵامی نێرەر بداتەوە، وەك نووسین و خوێندنەوە و وەڵامدانەوەی نووسەر بە نووسین. ئەوەش وادەكات، كە چەند جۆرێك گوێگر هەبێت، وەك (گوێگری هەڕەمەكی) و (گوێگری دیاریكراو). مەبەست لە یەكەمیان ئەوەیە، كە ڕاستەوخۆ پەیامەكە بۆ ئەو نەنێرراوە، یان ڕازی نەبووە لەسەری، بەڵام مەبەست لە دووهەمیان ئەوەیە، كە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆدا (ئاخێوەر) و (گوێگر) ڕوبەڕووی یەكتر گفتوگۆدەكەن (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٤٩–٥٠).

بۆ ئەوی پێوازۆی پەیوەندییكردنەكە دروستببێت و گوێگر لە كۆدە نێردراوەكان تێبگات، پێویستە خاوەنی كۆمەڵێك تایبەتمەندیی بێت، لەوانە (احمد و كامل: ١٧):

١– لە ڕووی بایۆلۆژییەوە تەندروستبێت، واتە گرفتی بیستن و نەخۆشی مێشكیی نەبێت.

٢– توانای لێكدانەوەی كۆدەكانی هەبێت و ئاشنای فۆڕمی كۆدەكان و ئامرازی ناردنیان بێت.

٣– ئەزموونی لە بابەتەكەدا هەبێت و بیرۆكەیەكی لەسەری لە لا دروستبووبێت.

٤– ئاشنایەتی لە شێوازی نێرەر، چ بە قسەكردن بێت، یان نووسین، هەبێت.

٥– ڕادەی دروستی لێكدانەوەی كۆدەكان لای گوێگر بەوەوە بەستراوە، تا چ ڕادەیەك ئاخێوەر و ئاستی ڕۆشنبیریی و پلەوپایەی كۆمەڵایەتیی ئاخێوەر دەناسێت.

سێهەم: بیر/ پەیام/ كۆدەكان: ئەو شریتە دەنگییەی ئاخێوەر ئاراستەی گوێگری دەكات، ناوەڕۆك، یان واتایەكی تێدا هەڵگیراوە، كە لەگەڵ دەنگەكاندا كۆدكراون. ئەویش بریتییە لەو زانیاریی و بیر و هەستانەی، كە قسەكەر هەڵدەستێت بە گواستنەوەی بۆ گوێگر لە ڕێگەی هێماوە (شیلان عوسمان،٢٠٠٩: ٥١)، یان وەك (ئیكۆ (Eco,1976:77)) دەڵێت: "ئەو نیشانانەیە، كە لە ڕێگەی كۆدەوە دەچنە ناو پێڕەو گەلی تری فرە

ڕەهەندەوە". واتە دەنگ بەبێ واتا (پەیام) بەهای نییە و بە زمان ئەژمارناکرێت، چونکە زمان لەسەر بنەمای واتا دروستبووە و هەر بەو پێیەش کۆدەکان بەبێ ئەو پەیامەی، کە دەیگوازنەوە، هیچ بەهایەکی زمانییان نامێنێت (ناهیدە،٢٠١٣: ١٠٥).

ئەو پەیامەی ئاخێوەر دەیەوێت بە گوێگری بگەیەنێت، دەبێت خاوەن ڕێکخستنێکی لۆژیکیی بێت و وشەکان بە وردی بۆ دەربڕینی ناوەڕۆکی بیرەکە هەڵبژێرابن، هەروەها داڕشتنی فۆڕمە زمانییەکەی سادەبێت و قەبارەکەی گونجاوبێت و چەمك و دەستەواژەکانیشی ڕوونبێت (احمد و کامل: ١٦).

بەو پێیەی کە پێشتر وتمان ئەرکی سەرەکیی زمان پەیوەندیکردنە و نزیکەی سەرجەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بەجێدەگەیەنێت و کۆدەکانیش بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی یەکەکانی زمان لەخۆدەگرن. کەواتە دەتوانین بڵێین سەرجەم ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان لەناو (پەیام/کۆد)ەکاندایە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش چەمکەکانی (کۆد Code و پەیام Message) بەرامبەر دەوەستن لەگەڵ چەمکەکانی (زمان Langue و ئاخاوتن Parole)ی (سوسێر) و (توانست Competence و توانا Performance)کەی (چۆمسکیی Chomisky) دا (رشید،١٩٨١: ٤٤)، چونکە کۆد پەیامەکان چالاك دەکات، وەك چۆن (توانا)، (توانست)ەکە دەنوێنێت. (ئیکۆ Eco 1976)یش باوەڕیوایە جیاوازیی لە نێوان کۆد و پەیامەکەدا هەیە، کۆدەکان پەیامەکان کۆنترۆڵ دەکەن (p: 161).

چوارەم: کەناڵی گواستنەوەی کۆدەکان: ئامرازی دەربڕینی کۆدەکانە. بۆ دەربڕینی کۆدە زمانییەکان دوو کەناڵ هەیە، کە قسەکردنی دەمی و نووسینە. واتە دەنگ و پیت، کە هەردووکیان سەر بە کەناڵی زمانن. هەر ئاخێوەرێکیش پلان و ستراتیژی خۆی دادەنێت، بۆ هەڵبژاردن و چۆنێتی بەکارهێنانی کەناڵی پەیوەندیکردن بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجەکەی (دیتربووتیج، ٢٠١٠: ٣٤). هەر بووارێکی کۆمەڵایەتیی کەناڵی دەربڕینی خۆی هەیە، کە بەپێی تایبەتمەندییەکانی بووارەکە و بارودۆخی قسەکردن و گفتوگۆکە دەگۆڕێت، وەك پیشەکانی (مامۆستا، مەلا، فەرمانبەری پرسگە و تەلەفۆن)، کە زیاتر پێویستیان بە کۆدی دەمی و کەناڵی دەنگی هەیە (و: محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٨٠).

لەو تایبەتمەندییانەی، کە دەبێت لە کەناڵی پەیوەندیکردندا هەبن، وردییە لە ڕێکخستن و گواستنەوەی دەنگ و نەبوونی کاریگەریی ژاوەژاو لەسەر قسەکردنەکان، ئەگەر قسەکردنی دەمیی بوو، هەروەها گونجاوی دەربڕین، لەکۆتاییشدا ئەگەر نووسین بوو ڕوونی چاپ (احمد و کامل: ١٦).

پێنجەم: دەوروبەری قسەکردن: ئەو هەلۆێست باودۆخ و ژینگەیەیە، کە پێواژۆی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەی تێدا ئەنجامدەدرێت و کاریگەریشی لەسەر پێواژۆی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە هەیە. واتە کاریگەریی لەسەر ئاخێوەر، پەیامەکە، گوێگر، چۆنێتی گۆڕینەوەی پەیامەکە و رادەی تێگەشتنی گوێگریش لە پەیامەکە هەیە. هەربۆیە قسەکەر بەبێ ئاگاداربوون لەو دەروبەرە، ناتوانێت قسەکردن بکات (نەوزاد،٢٠١٤: ٢٠)، یان شێواز و ستراتیژی قسەکردنەکەی دابرێژێت (تشاندلر،٢٠٠٨: ٣٢٩).

دەوروبەریش دوو جۆرە. یەکەمیان (دەوروبەری زمانیی)یە، کە پەیوەندی و کاریگەریی و رۆڵی کۆدەکانە لەسەر یەکتریی، دووهەمیشیان (دەوروبەری نازمانیی)یە (نەوزاد،٢٠١٤: ٢٠)، کە مەبەست لێی: (احمد و کامل: ١٦).

١- باری دەروونی ئاخێوەر و گوێگر و تەندروستییان، لەگەڵ پلەوپایە و چینی کۆمەڵایەتیی و ئاستی رۆشنبیرییان و بابەتی گفتوگۆکەیان و زانیاریی و ئەزموونی هەیەکەیان لەسەر بابەتی گفتوگۆکە و پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی گفتوگۆکەیان.


٢- تاکتیك و ستراتیژ و مەبەستی ئاخێوەر و ئاواز و بەرز و نزمی دەنگی و ئاماژە نازمانییەکانی.

٣- ژمارەی ئاخێوەر و ژمارەی گوێگر.

٤- کەلتوور و رۆشنبیریی کۆمەڵ و دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی.

## ٢/١-٤-٣) توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە:

پەیوەندیکردن (ئاخاوتن و گفتوگۆکردن)، ئەگەر تاکە ئەرك و بنەمای بوونی زمان نەبێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە سەرەکیترین و گرنگترین ئەرکی زمانە. هەموو پێرەو و یەکە و پێکهاتەکانی ناو هەر زمانێکیش لەبار و شیاون بۆ بەکارهێنان و ئالۆگۆرکردن. مرۆڤیش کاتێك کۆدەکانی زمان لە پێواژۆی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا ئالۆگۆردەکات، ئەوا لە چوارچێوەی دوو شێوە یان فۆرمی سەرەکییدایە، کە دەنگەکانی زمان و پیتەکانی نووسینە، واتا قسەکردن و نووسین، کە (پێواژۆی بەکۆدکردن)ن و (نێرەر) ئەنجامیاندەدات، لە بەرامبەریشدا (وەرگر) توانای گوێگرتن و خوێندنەوەی هەیە، کە (پێواژۆی کۆدلێکدانەوە)ن. ئەم چوارە بە (توانای پیوەندیکردنی زمانیی) ناودەبرێن، کە دەتوانین وەك نەخشەی (٣) رێکیانبخەین.




(نەخشەی ژمارە ٣)

دوای ئەوەی (چۆمسکیی Chomisky) لە تیۆریی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا زمانی بۆ (توانست) و (توانا) دابەشکرد، کە یەکەمیان بەرامبەرە بە هەموو توانا و زانیارییە زمانیی و نازمانییەکان، کە مرۆڤ لە مێشکیدا هەڵیگرتون بۆ (بەکۆدکردن و لێکدانەوەی) لەبارن، دووهەمیشیان چالاکی زمانیی و بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمان دەگرێتەوە (و:محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٧٢) (دیتربووتیچ،٢٠١٠: ٣٤٠). لە بەرامبەر ئەمیشدا (تیۆریی زانیاریی) کە بە (تیۆریی گەیاندن/ پەیوەندیکردن)یش ناودەبرێت و (تیۆریی پەیوەندیکردن)، کە ڕێبازێکی فێرکردنی (زمانی دووهەم و زمانی بیانی)ە، هێنرانە ناو زانستی زمانەوە (نایف،٢٠١٣: ٤٥)، (بوقربة: ٣٣-٣٤). زمانەوانیی ئەرکیی (دیل هایمز)یش سەرەڕای ڕەخنەکانی لە تیۆرەکەی (چۆمسکیی Chomisky)، بە سوودوەرگرتن لەوانەی باسکران، چەمکی (توانستی پەیوەندیکردن)ی داناوە هەردوو چەمکی (بۆنە/هەڵوێست) (کارایی[٢٩]) لەخۆگرت (بوقربة:٣٣-٣٤)، (احمد و كامل: ٢٩-٣٤).

(کارلّ و سواین) چوار جۆر توانستی پەیوەندیکردنیان جیاکردووەتەوە، کە: (توانستی ڕێزمانی، توانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی، توانستی شیکردنەوەی گفتوگۆ و توانستی ستراتیژیی)ن (احمد و كامل: ٣٦). (توانستی پەیوەندیکردن) لە چوارچێوەی تیۆریی (کارلێکردن)دا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. بەو پێیەی کردەیەکی هێمایی نێوان مرۆڤەکانە، لێکۆڵینەوە لە ئەرکی پەیوەندیکردنیش لە توانای دەستپێداگەیشتنی تاکەکان و جیاوازیی بەشداری پێواژۆی پەیوەندیکردن و خودی پێواژۆی پەیوەندیکردن دەکۆڵێتەوە (کارل دیتربووتیچ،٢٠١٠: ٧٠).

ئێمەش لەسەر ئەو بنەمایە پێشنیازی چەمکی (توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە) و (توانای بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە) دەکەین، ئەوەش بۆ شیکردنەوەی ئەو پێڕەوە زمانیی و کۆد و یەکە زمانییانەی کە ئاخێوەر دەتوانێت لە پێواژۆی پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردندا بەکاریانبهێنێت.

وەك دیارە، بارودۆخی ژیان و تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنەکان، وایانکردووە، کە بەردەوام ناچاری بەریەککەوتن پەیوەندیکردن و گفتوگۆکردن ببین لەگەڵ کەسانی جیاوازدا بەپێی ڕادەی جیاوازییەکانیشمان، لە هەموو ڕووەکانەوە قسەکردنەکانیشمان جیاواز دەبن. بۆ نموونە گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێك کە هاوزمان و هاوزار و هاو شێوەزارمانە، جیاوازە لە کەسێك کە تەنیا هاوزمان و هاوزارە، بەڵام ئەم جیاوازییانەی لە نێوان جۆرەزمانییەکانی زمانێکدا زۆر کەمتر و ناڕوونترە، لەوەی کە لە نێوان دوو هاوزمان کە زارەکانیان جیاوازە، یان پیشەکانیان جیاوازە، لەوەی کە لە نێوان دوو زمان یان زیاتر، یان زار و شێوەزارەکانی دوو زمانی جیاوازدا ڕوودەدەن. جیاوازیی زانیاریی لە نێوان لایەنەکانی پێواژۆی گفتوگۆکردندا

[٢٩]– واتە کارایی و سەرکەوتویی پێواژۆی پەیوەندیکردن.

بە ڕای (کارڵ دیتەربۆتیچ) لە سێ شتدایە، کە دەبنە هۆی جیاوازیی لە توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە لە تاك و کۆمەڵەکاندا: (دیتربووتیچ،٢٠١٠: ٧١)

١- زانیاریی بابەتیانە لەسەر شتەکان و بابەتەکان و بیرەکان و هتد.

٢- زانیارییە دەربڕاوەکانی ئاخێوەر و مەبەستەکانی لە گفتوگۆکردن.

٣- زانیارییە وەرگیراوەکان (قسەکردنە وەرگیراوەکان)ن .

ئەوەش مەبەست لێی ئەوەیە، کە تاك و کۆمەڵەکان، خاوەن کەلتوور و دابوونەریت و ڕۆشنبیریی جیاوازن. ئەمەش بیرکردنەوەی جیاوازیی پێبەخشیون، واتە توانستی ئاوەزیی و زیرەکیی و لێهاتوویی هەر تاکێك و توانای بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە و دەربڕینیان جیاوازە. هەروەها بەپێی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیی، کار و پیشەکان، تەمەن و ڕەگەز، ناوچەی جوگرافی، ئاست و پێگەی زمانی ئەو کۆمەڵە و تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ زمانەکە، جۆرە زمانییەکان (زمانە، یان زار یان شێواز یان ئایدۆلێکتە)، لەگەڵ ئەو زمانانەی کە فێری دەبن، دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ هەتا زمانی زیاتر فێرببێت، توانستی پەیوەندیکردن و توانستی کۆدگۆڕینەوەشی فراوانتر دەبێت. هەروەها ئەو کۆمەڵانەی کە جووت_زمانن، یان فرە_زمانن، بەپێی ژمارەی زمانەکان و ئاستی فێربوونیان و پلەوپایەی هەر زمانێکیان و شوێنی بەکارهێنانیان، کاریگەریی جیاواز لەسەر توانستی پەیوەندیکردن و توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەی تاکەکان و کۆمەڵەکان دروستدەکەن. منداڵانیش لە جۆرە دۆخانەدا توانستی زمانی دایك و باوك و کۆمەڵەکەیان وەردەگرن، توانستی کۆدووەرگرتن و بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەشیان لەژێر کاریگەریی ئەو بارودۆخەدا گەشەدەکات. هەموو ئەمانەش پێکەوە وادەکەن کە زۆرجار بەپێی بارودۆخی قسەکردن و ئەو کەسەی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەین، قسەکردنەکانمان بگونجێنین. یەکێك لەو ڕێگە و ڕێبازانەش کە گرنگیی بەم لایەنە دەدات (تیۆریی هاوشێوەبوونی قسەکردن)ە (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ٣٥٦).

پەیوەست بە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەوە، توانستی پەیوەندیکردن و توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەی ئەو ئاخێوەرانەی، کە جووت_زمانن، واتە توانای بەکارهێنانی کۆدەکانی دوو زمانیان هەیە، وادەکات، کە گرنگیی بابەتی (کۆدگۆڕینەوە (Code-Switchong) و (کۆد_تێکەڵکردن (Code-Mixing) جێی سەرنج و باسی ئەم نامەیە بێت و لە پاری داهاتوو (٢/٢) دا لێیاندەدوێین.

## ٢/٢) کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن

له ئەنجامی پێویستی پەیوەندیکردن، تیکەڵبوونی ئەندامان و چینە کومەڵایەتییە جیاوازەکانی کومەڵگە، بوونی جۆری زمانیی، توانستی زمانیی و توانستی پەیوەندیکردنی جیاوازەوە و بوونی پێڕەوی زمانیی جیاواز لە مێشکی مرۆڤدا[٣٠]، زۆرکات ئێمەی مرۆڤ لە کاتی پەیوەندیکردن و بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوەدا (قسەکردن، گفتوگۆکردن، نووسین) زیاد لە زمانێك یان جۆرێکی زمانی بەکاردەهێنین. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵی قسەکردنییەکاندا جۆری زمانی جیاواز، یان لە زمانێك زیاتر بوونی هەیە. واتە دووديوی زمانی و جووت_زمانیی، دوو دیاردەی جێگیری کۆمەڵن و هەندیکجار پێکەوە و هەندێکجاریش بە جیا هەن (غارمادی،١٩٩٠: ١٦٧). هەرکاتێك ئاخێوەر بە شێوەی دووديوی لە دوو زمانەکەی ڕوانی، ئەوا ئەو کاتە سێ شێوەیەی بەکاهێنانی دوو زمانەکە دەردەکەوێت:

١- لە بارودۆخی جیاوازدا زمانی جیاواز بەکاردەهێنین، وەك بەکارهێنانی زمانێك لە خوێندنگە و بەکارهێنانی زمانێکی تر لە ماڵەوە، کە پێی دەگوترێت دووديویی زمانیی (Diglossia).

٢- یان کۆدی دوو زمانەکە سەربەخۆیانە و بە نۆرە لە گفتوگۆدا بەکاردەهێنین، کە پێی دەگوترێت کۆدگۆڕینەوە (Code-Switching).

٣- یان دوو زمانەکە تێکەڵدەکەین و بە کۆدی تێکەڵکراو قسەدەکەین، کە پێی دەگوترێت کۆد_تێکەڵکردن (Code-Mixing).

ئەوەی ئێمە لە خوێندنەوە و بەدواگەڕانەکانماندا لە لێکۆڵینەوە کوردیی و بیانییەکاندا لە بارەی ئەم دوو دیاردە زمانییەوە، بەدیمانکرد، ئەوەیە کە ڕاوبۆچوون و لێکدانەوە و دابەشکاریی جیاواز هەیە. هەندێك لە زمانەوانان هەردوو دیاردەکەیان لە ژێر چەمکی (Code-Switching) (بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: Bullock And Toribio, 2009)دا و هەندێکی تریش لە ژێر چەمکی (Code-Mixing) (Muysken,2000)دا پۆلێنیانکردوون و پێناسەیانکردوون. یان بە شێوەیەکی تر: هەندێکیان کۆد_تێکەڵکردنیان خستووەتە ناو کۆدگۆڕینەوەوە، یان بە پێچەوانەوە. هەندێکی تریشیان کۆد_تێکەڵکردن و کۆدگۆڕینەوەیشیان خستووەتە چوارچێوەی تێکەڵکردنی جۆرە زمانییەکان و جۆرەکانی تێکەڵکردنیانەوە، بەڵام هەندێکی تر جیاوازیی لە نێوان کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردندا ناکەن و بەتێکەڵی باسیانکردووە[٣١]. ڕەنگە هۆکاری ئەو تێکەڵی و

---

[٣٠]- کە دوو بۆچوونی جیاوازیان لەبارەوە هەیە: یەکەمیان ڕای وایە، کە ئاخێوەر پێڕەوی سینتاکسیی و پێکهاتە فەرهەنگیی دوو زمانەکە بە جیا هەڵدەگرێت. بۆچوونەکەی تریش دەڵێت نەخێر جیاوازەکان بە جیا و لێکچوەکان و هاوشێوەکان بە تێکەڵی هەڵدەگرێت.

[٣١]- شادان شوکر لە ماستەرنامەکەیدا بە ناوی زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا:

بەیەکداچوونەش لە لێکۆڵینەوەی ئەم دوو دیاردە زمانییەدا ئەوەبێت، کە هاوبەشی و لێکچوونی زۆر لە هەڵویست و پاڵنەر و هۆکاری ڕوودانیاندا هەیە و تا ڕادەیەك هاوشێوەن. بەڵام لە ڕووی زمانییەوە جیاوازن، چونکە کۆدگۆڕینەوە (Code-Switching) لەسەر ئاستی ستوونیی ڕستەکان ڕوودەدات و کاریگەریی لەسەر بوونیادی ڕستە و شێوازی ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکان لە فرێز و مۆرفێمەسینتاکسییە دەسەڵاتدارەکان دانانێت وەك لە نموونەی (١٩)دا دەردەکەوێت. کۆد_تێکەڵکردن (Code-Mixing)یش لەسەر ئاستی ئاسۆیی ڕستەکان ڕوودەدات و کار لە بوونیادی ڕستە و ڕیزبوونی پێکهاتەکانی مۆرفێمە سینتاکسییە دەسەڵاتدارەکانیش دەکات وەك لە نمونەی (٤٣)دا خراوەتەڕوو، هەروەها لە ئاستی مۆرفۆلۆژییشدا (کە دواتر لە ٢/٢-٢-٢ و بەشی سێهەمدا لێیاندەکۆڵینەوە) کۆد و ڕێسا مۆرفۆلۆژییەکانی دوو زمانەکە تێکەڵدەکات[٣٢]. بەڵگەیەکی تری جیاوازیی ئەم دوو دیاردە زمانییە، ئەو پۆلێنکارییەی (سانکۆف Sankoff و (پۆپلاك Poplack)ە، کە چوار دیاردەی زمانییان لە بەریەککەوتن و ململانێ زمانییەکانەوە جیاکردووەتەوە: (کۆدگۆڕینەوە، خواستنی کاتی، تێکەڵکردنی بوونیاد و ڕێسا زمانییەکان، گۆڕانی زمانیی) (Muysken, 2000:15).

لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا کۆمەڵێك ناویان بۆ دانراوە، لەوانە: بازدانی زمانیی، بەیەکداچوونی زمانیی، زمانگۆڕین، (زمانتێکەڵکردن، گۆڕینی زمانیی، بەریەککەوتنی زمانی، پەڕینەوە (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٤٢-١٤٣) (شادان شوکر،٢٠٠٨: ٥)). بەڵام ئێمە جیایاندەکەینەوە و بەرامبەر چەمکی (Code-Switching) چەمکی (کۆدگۆڕینەوە) و بەرامبەر بە (Code-Mixing)، (کۆد_تێکەڵکردن) بەکاردەهێنین و وەك دوو ستراتیژ و توانستی کۆدگۆڕینەوەی تەواوکەری یەکتر لێیاندەڕوانین. واتە هەموو کۆد تێکەڵکردنێك کۆدگۆڕینەوەیە، بەڵام هەموو کۆدگۆڕینەوەیەك کۆدتێکەڵکردن نییە. بەوەش کۆدگۆڕینەوە وەك شازاراوەیەك، هەردوو دیاردەکە لەخۆدەگرێت.

ئێمە لەم دوو دیاردەیە دەکۆڵینەوە، پەیوەست بەو بەریەککەوتنانەی لە ئاستە زمانییە جیاوازەکاندا لە نێوان زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزییدا ڕوودەدەن و کاریگەریی زمانی ئینگلیزیی لەسەر زمانی کوردیی بەتایبەت لە ئاستی وشە و مۆرفۆلۆژیدا. بەڵام نابێت ئەوەیشمان لە بیربچێت، کە بەهۆی داگیرکاری و

---

ا) هەرچەند لە بەرگی کۆتاییدا لە وەرگێڕانی ئینگلیزیی ناونیشانەکەیدا بە (Code-Switching) وەریگێڕاوە، کەچی ناونیشانە کوردییەکەی (زمانتێکەڵکردن)ە. ئەوەش بە ڕای ئێمە هەڵەیە و دەبوایە ناوە کوردییەکەی (کۆدگۆڕینەوە) بوایە، یان ناوە ئینگلیزییەکەی (Code-Mixing) بوایە.

ب) لە ناوەرۆك و باسکردن و خستنەڕو و نمونەکانیشدا بە تێکەڵی باسی تێکەڵکردن و گۆڕینی زمانیی کردوە، لەوەشدا دەبوایە نمونە و لێکدانەوە پراکتیکییەکانی دەربارەی هەردو دیاردەکە بە جیا باسبکرانایە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (شادان شوکر، ٢٠٠٨).

[٣٢] – شیکردنەوە کارەکییەکانی بەشی سێهەم بۆ ئەم بابەتە تەرخانکراوە.

ژێردەستەیی و پێکەوەژیانمان لەگەڵ نەتەوەکانی فارس، تورك، عەرەب، ئازەر، ئەرمەن و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان، کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردیی و زمانی ئەو نەتەوانەدا ڕوویداوە و ڕوودەدات. ئەوەش دیاردەیەکی ئاسایی زمانیی و کۆمەڵایەتییە. بەڵام دەبێت وریای ئەوەبین نەگاتە ڕادەی ژەهراوی بوونی زمانی کوردیی و مردنی بەهۆی خواستن و گۆڕین و تێکەڵبوونی کۆدە زمانییەکانەوە، چونکە هۆکارێکی گرنگیی مردنی زمانەکان ژەهری زمانیی و ژەهراویی بوونی زمانە (نهر،١٩٨٨: ١٢٨).

## ٢/٢–١) پاڵنەر و هۆکارەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن

هەریەکە لەم دوو دیاردە زمانی و کۆمەڵایەتییە (کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن) کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەری زمانیی و نازمانیی (وەك دەروونیی و کەسی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی، کەلتووریی و ئایینیی و... هتد) هەن، کە وادەکەن ڕوبدەن، یان کارئاسانی بۆ ڕوودانی دەکەن. زۆرێك لەو سەرچاوانەی سوودمان لێبینیوە وەکچۆن هەردوو دیاردەکەیان بە تێکەڵی باسکردووە، هۆکار و پاڵنەرەکانی هەردوو دیاردەکەشیان هەر بە تێکەڵی باسکردووە، هەربۆیە دەگونجێت هەندێك لەو خاڵانەی خراونەتەڕو، تەنها بۆ یەکێکیان بگونجێت و هەندێکی تریشیان بۆ هەردووکیان[٣٣]:

### یەکهەم/ هۆکار و پاڵنەرە زمانییەکان:

١– ململانێی زمانیی و پێڕەوە زمانییەکانی جووت_زمانەکان[٣٤].

٢– بوونی هەڵبژاردنی ئاسان لە وشە و فرێز و یەکسانی پاڵنەرەکان و یەکە فەرهەنگییەکان.

٣– نزیکی بوونیاد و پێکهاتەی دوو زمانە لە ڕووی دەنگ و مۆفۆلۆژیی و وشە و ڕستەوە و نزیکی خێزان و ڕەچەڵەکی دوو زمانەکە. یان مێژوویەکی درێژ لە پەیوەندی نێوان دوو زمان.

٤– بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و پێویستییە زمانییەکان، یان بۆ ناونانەوەی کەس و شتەکان و ڕووداوەکان و کارەکان و دیاردەکان.

[٣٣]- بۆ ئەو خاڵانە سوودمان لەم سەرچاوانە بینیوە: Feguson(1996:66)، Muysken (2000:225-239)، (2012:234) Jukil، هدسن (١٩٨٧: ١٠٩)، مارتینی (٢٠٠٩: ٩٠) ، جاس و سلینكر (٢٠٠٩: ٢٠٨–٢٠٩) ، بیرو (٢٠٠١: ١٢٨)، محمودزادە (١٣٨٨: ٦٦–٧٠)، کاروان (٢٠١٤: ١٣٨)، الدبیان (٢٠٠٦: ٣–٨٧–٨٨).

[٣٤]– بۆ نمونە ئاخێوەرێکی ئینگلیزی کە زمانەکانی فەڕەنسیی و ئەڵمانیی دەزانێت، دەچێتە ئەڵمانیا و دەیەوێت بە ئەڵمانی قسەبکات، بەڵام نیوەی ڕستەکەی بە پێی پێڕەوە فەڕەنسییەکە دەردەبڕێت، بۆ نمونە:

Tu as mein Fax be commen? ( جاس و سلینكر،٢٠٠٩: ٢٠٩)

٥- گۆڕینی شێوازی قسەکردن لەلای جووت_زمانەکان لە شێوازی فەرمییەوە بۆ شێوازی نافەرمی و بە پێچەوانەشەوە، چونکە لە شێوازە نافەرمییەکاندا کۆد_تێکەڵکردن زیاتر ڕوودەدات.

٦- فێربوونی زمانی سێهەم. وەك ئەوەی (شمیدیت) و (فرۆنا) پێگەیشتون، کە فێرخوازێکی ئینگلیزیی زمان کە زمانی عەرەبییش دەزانێت، لە کاتی فێربوونی پرتوگالییدا، ناتوانێت پارێزگاری لە سەربەخۆیی زمانە عەرەبییەکەی بکات و لەگەڵ پرتوگالییەکەیدا تێکەڵیاندەکات (جاس و سلینکر، ٢٠٠٩: ٢٠٩).

## دووهەم/ هۆکار و پاڵنەرە نازمانییەکان:

١- جووت_زمانیی هاوتا، یان فێربوونی دوو زمانەکە هەر لە منداڵییەوە، بە تایبەت لە کۆمەڵ جووت_زمان و فرە_زمانەکاندا، کە تێیدا ئاخێوەر هەردوو زمانەکە بە هی خۆی دەزانێت. یان کاڵبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، کە تێیدا کەسەکە هیچ زمانێکیان بە هی خۆی نازانێت. بە ڕای (پۆپلاك Poplack)یش هەتا ڕادەی زانینی دوو زمانەکە زیاتربێت، ئەگەری گۆڕینەوە و تێکەڵکردن لە نێوانیاندا زیاترە (Muysken,2000:225). هەروەها چۆنێتی فێربوونی هەریەکە لە دوو زمانەکە. هەروەها فێرنەبوونی یەکێك لە دوو زمانەکە بەتەواوی، یان کەسێکە نیوە جووت_زمانە و خۆی بە خاوەنی هیچ زمانێکیان نازانێت. یان فێرنەبوونی دوو زمانەکە بە تەواوی وەك خۆیان، وەك زمانی دایك و زمانی خوێندن. لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتوە، کە ئەوانەی توانستی زمانییان لە دوو زمانەکەدا لاوازە، زیاتر کۆد_تێکەڵکردن ئەنجامدەدەن.

٢- هۆکاری بایۆلۆژیی: هۆکارگەلێکی خراپ، وەك تەمبەڵی، سوکایەتی، ناجێگیری دەروونی و زمانیی و زاڵنەبوون بەسەر شێوازی قسەکردنی یەکێك لە دوو زمانەکە. یان بیرچوونەوەی زمانی و لەدەستدانی توانای قسەکردن، یان لێچوون و لەدەستدانی زمانیی.

٣- هۆکاری دەروونیی:

ا-وەك هەنگاوێك بۆ فێربوونی زمانی دووهەم ئەجامیدەدات، وەك ئەوەی کە فێرخواز وادەزانێت، یاسایەکی زمانیی زمانی دووهەم فێربوو، دەتوانێت بۆ هەموو هەڵوێست و دۆخێکی زمانی بەکاریبهێنێت.

ب-بۆ شانازیکردن و خۆدەرخستن و نیشاندانی ئاستی ڕۆشنبیریی.

پ- لاوازیی ئاخێوەر لە یەکێك لە زمانەکانیدا لە بووارە زانستییەکاندا.

٤- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

ا- لاوازیی یەکێك لە زمانەکانی ئاخێوەر لە بووارە زانستییەکاندا. یان هاتنی دیاردەی کەلتووری و ڕۆشنبیریی نوێ.

ب– خۆلادان لە هەڵە تێگەیشتنی بەرامبەر، بە گێڕانەوە و ڕاستکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆچوونەکانی.

پ– کارلێکی نێوان زمانەکان و پەیوەندی و تێکەڵی کۆمەڵی قسەکردنەکانیان.

ت– وەك ستراتیژێکی و هۆکارێك بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و دروستکردنی پەیوەندی و هاوسۆزیی لەگەڵ کۆمەڵە زمان جیاوازەکانی تردا و ورووژاندنی هەستی گوێگر وتێگەیاندنی، بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی مادی و مەعنەوی.

٥– هۆکاری سیاسیی: داگیرکاری و ناچارکردنی خەڵك بە وازهێنان لە زمانی نەتەوەیی خۆیان، وەك دانیشتوانی ئەمەریکای ناوەندی و ناوچەی کاریبی، یان یەکێك لە دوو زمانەکە، زمانی فەرمیی دەوڵەت و زمانی نەتەوەیی تەواوی کۆمەڵەکە نییە، بەڵکو تەنها زمانی قسەکردنی کۆمەڵە خەڵکێکە لەناو دەوڵەتەکەدا.

٦– گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون، کە وادەکات کۆچبەران هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ دۆخی نوێ، زمانی وڵاتی وەرگر بەکاردەهێنن، بەڵام بەهۆی کەمی ڕۆشنبیریی و کەمی توانستی زمانییەوە، بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان، سوود لە زمانی یەکەمیشیان وەردەگرن. ئەمە بۆ کۆچی دەرەکی و کۆچی ناوخۆیی ناو زمانیش دەگرێتەوە، کە هەندێکیان کۆچی ماوەکورتن و هەندێکی تر ماوە درێژن (Llamas & Ltd, 2007: 109-110).

٧– هۆکاری بابەتیی:

ا– بۆ نەپچڕانی پەیوەندییەکە، یان بۆ گۆڕینی بابەت و گواستنەوە بۆ بابەتێکی نوێ.

ب– وەك یارمەتیدەرێك بۆ دووبارەکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتری بیرەکە.

٨– ئابووریی و بازرگانییە، واتە کاریگەریی زمانی وڵاتی بەرهەمهێن لەسەر زمانی وڵاتی بەکاربەر لە بەکارهێنانی چەمك و زاراوەکاندا، یان وەك دروستکردنی زمانە پیجین و کریۆلەکان.

## ٢–٢/٢) کۆدگۆڕینەوە Code-Switching

ئەم چەمکە چەمکێکی زانستی هێمالۆژی و زانستی زمانە. زۆرینەی زمانەوانان لەسەر ئەوە هاوڕان بۆ ئەوە بەکاردێت، کە کەسێکی جووت_زمان لە کاتی هەمان قسەکردن و گفتوگۆکردندا لە هەمان بارودۆخدا هەردوو زمانەکە بە نۆبە بەکاردەهێنێت، کۆدگۆڕینەوە لە نێوان ڕستەکاندا، یان لە ڕستەیەکەوە بۆ ڕستەیەکی تر ڕوودەدات. ئەم چەمکە یەکەمجار (هاینز فۆگت H. Vogt) بەکاریهێنا، ئەویش لە (ئۆرێل فاینرایش Uriel Weinreich)ەوە هەڵیهێنجاوە(An-Nasralla,2012: 228). کۆزمانەوانەکانیش بۆ ئەو کەسانە بەکاریدەهێنن، کە

جووت_زمانن و زمانی قسەکردن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر یان لە شێوازێکەوە بۆ شێوازێکیتر دەگۆڕن، یان بە گشتیی گواستنەوی قسەکردنە لە لقە کۆدێکەوە بۆ لقە کۆدێکی تر (تشاندلر،٢٠٠٨: ٤٣٨). (هدسن Hudson)یش بە دیاردەیەکی باوی کۆمەڵ باسیکردووە، کە ئاخێوەر لە کاتگەلێکی جیاوازدا ئەنجامیدەدات، ئەوەیش دەرئەنجامێکی سرووشتیی بوونی بارودۆخی جیاوازیی زمان بەکارهێنانە، چونکە ئاخێوەر لە هەڵوێست و بارودۆخی گونجاودا ئەنجامیدەدات (هدسن،١٩٨٧: ١٠١)، لە بەرامبەردا بۆچوونێکی تر ڕایانوایە، کە بەشدارانی گفتوگۆکە کۆدگۆڕینەوە لە ناو هەمان گفتوگۆدا ئەنجامدەدەن (Llamas & Ltd,2007: 208). (گەمپێرز Gumperz) لە پێناسەکردنی کۆدگۆڕینەوەدا دەڵێت: "ئاخێوەر کاتێك زمانێك هەڵدەبژێرێت و قسەی پێدەکات، پاشان لە کاتی قسەکردندا و بەبێ پچڕان لە قسەکردندا ئەو زمانە دەگۆڕێت کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی تر سەرلەنوێ هەڵدەبژێرێت و قسەکردنی پێدەکات (شادان،٢٠٠٨: ٦)". سەرەڕای هەموو ئەوانە (ڤاڵدێز Valdes) لەمبارەوە دەڵێت:"بەکارهێنانی دوو زمانە بە نۆرە لە ئاستی وشە و فرێز و مۆرفیمە بەندەکاندا ڕوودەدات (Jukil, 2012:228)". دوای خستنەڕووی ئەو پێناسە و ڕاوبۆچوونانە، دەتوانین بڵێین، کۆدگۆڕینەوە لێهاتوویەکی زمانیی کەسانی جوتزمانە، ئەویش بە نۆبە بەکارهێنانی دوو زمانەکەیەتی لە هەمان ئاخاوتندا.

دەبێت ئەوەش بڵێین، کە کۆدگۆڕینەوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و پچڕانی پەیوەندی نییە، بەڵکو لێهاتوویەکە و یارییەکی زیرەکانەیە، کە جووت_زمانەکان بەو دوو زمانە (–یان زیاتر) دەیزانن، بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکانی پەیوەندیکردن ئەنجامیدەدەن (Bullock & Toribio,2009: 4)، وەك لە نموونەی (١٩)دا دەردەکەوێت، ئاخێوەر زیرەکانە و بۆ خۆگونجاندن، ئاخاوتنەکەی دەگۆڕێت بۆ زمانەکەی تر بۆئەوەی زووتر بگات بە مەبەستەکەی خۆی. هەر بۆیە کاتێك ئەنجامدەدرێت، کە گوێگریش لێهاتوویی بەکۆدکردن و لێکدانەوەی کۆدەکانی ئەو زمان و جۆرە زمانیانەی هەبێت، کە ئاخێوەر دەینێرێت، یان گوێگر ئەندامی کۆمەڵێکی قسەکردنی بێت، کە کۆدگۆڕینەوە تێیدا چاوەڕوانکراوبێت (هدسن،١٩٨٧: ١٠٣). کەواتە دەبێت ئەوە بزانین، هەموو جووت_زمانێك کردەی کۆدگۆڕینەوە ئەنجامنادات، یان دەرفەتی ئەنجامدانی نییە. کەواتە کۆدگۆڕینەوە نەتوانینی جیاکردنەوەی دوو زمان، یان نەبوونی توانستی زمانیی نییە، بەڵکو توانستێکی زیاتری پەیوەندیکردنە، کە جووت_زمانەکان لە بەردەستیاندایە (Bullock & Toribio,2009: 8). بە پێچەوانەی ئەم ڕایەیشەوە بۆچوونێکیتر هەیە. بە ڕای (ڤاڵدێس Valdes) مەرجنییە هەمیشە هەر جووت_زمانەکان کۆدگۆڕینەوە ئەنجامبدەن، بەڵکو دەکرێت کۆدگۆڕینەوە لەناو زار و شێوەزار و گرووپ و کۆمەڵ

قسەکردنییەکانی  زمانێکیشدا ڕوبدات، واتە تاکزمانیش دەتوانێت ئەنجامیبدات (Bullock & Toribio,2009: 2) (An-Nasralla,2012: 228).

ئەم بابەتە لە ناو خەڵکی ئاساییدا بە هەڵەی زمانی دادەنرێت. خەڵکانی نەتەوەپەرستیش بە کاڵبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و مردن و داڕمانی زمانیی دادەنێن. بەڵام لە زمانەوانییدا وەك دەروازەیەکی تری پەیوەندیکردن و توانست و لێهاتوویيەك و شارەزاییەکی زمانیی لێیدەڕوانرێت، دیاردەیەکی پێڕەوبەندیشە و هەڕەمەکی نییە و ڕەنگدانەوەی بوونیادی کۆمەڵایەتییە و دەبێت هەر لەو ڕوانگەشەوە لێیبڕوانین (Bullock & Toribio,2009: 1).

## ٢/٢-٢-١) جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە

لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا چەند جۆرێك لە کۆدگۆڕینەوە  باسکراون و ئاوڕیان لێدراوەتەوە، کە لێرەدا باسیاندەکەین[٣٥]:

---

[٣٥]- زمانەوانەکان چەند جۆر و مۆدێلێکی زمانیی تریان لەبارەی کۆدگۆڕینەوەوە خستووەتەڕوو (Myers-Scotton 1995) (Poplack, 1993) ((Muysken,1995):

یەکەم/ مۆدێلی پۆپلاك (Poplack's Model): لە ڕستە و مۆرفێمی ئازاددا ڕوودەدات.

دووەم/ (Matrix Language (FrameModel: دارشتەیەکی زمانیی هەیە (ML)، لەگەڵ جەختلێکراوەی زمانییدا ( EL: Embedd Language). زمانی هەژموونوەرگر، کە زمانی دارشتە زمانییەکەیە، یەکە و وشەکانی زیاتر بەکاردەهێنرێن و زمانەکەی تریش جەختلێکراوەکەیە. چەند گریمانەیەك دەربارەی ئەم مۆدێلە خراوەتەڕوو:

١-گریمانەی بلۆککردن (Blocking Hypothesis): فلتەرێك نیشاندەدات، ناهێڵێت زمانە جەختلێکراوەکە مۆرفێمەکانی دەربکەون و زمانی دارشتە زمانییەکە سێ لایەنی ئەبستراکت لەبەرچاودەگرێت:

ا) پۆلێنکردن و دەستبەسەرداگرتنی مۆرفێمە ئازاد و ناسەربەخۆکان.

ب) گرنگیی بە بلۆککردنی (جەختلێکراوەکان EL) دەدات، بەتایبەت ئەگەر مۆرفێمی پێچەوانە و نەرێنی تێدابێت.

پ) گرنگیی بە ئەرکی پراگماتیکیی وشەکانی (EL) و (ML) دەدات.

٢- دابڕاویی زمانی جەختلێکراو (Embedded Language Island).

٣- گریمانەی وشەشکێن (Trigger Hypothesis).

٤- گریمانەی بەخشکەیی زمانی جەختلێکراو (Embedded Implication Hypothesis).

٥- گریمانەی هەرەمیی (Hierarchy Hypothesis)

سێهەم/ شوناس و هەڵبژاردەی زمانیی (Identity A Linguistics Choice)

چوارەم/ میتۆدی کۆزانیاریی کەلتووریی (Ethnographic Method):

ا) ناسینیی یاسا کەلتوورییەکان دەبێتە هۆی بەو بلّێ.

ب) وردەکاریی بەکاردێت، بەهۆی ئالۆزیی یاساکانەوە.

پ) قسەکەر هەردوولایەنی (ناوەکیی و دەرەکیی) دەبێت لە پێواژۆی ئاخاوتندا.

ت)وەرگر زۆر کارتێکردنی ورد و سۆزداریی وەردەگرێت. بەمەش کاردانەوەی (Reaction) تا چەند وەك زمانی دایکی لێدێت.

پێنجەم/ لێکدانەوەی ئاخاوتن (Conversation Analysis): (هۆپەر Hopper 1981) پەیوەندیکردنی وەك نەخشی مۆزایك شوبهاندووە و تیۆرییەکەی لەسەر دوو بنەماداناوە:

١–بەپێی کات و ماوەی قسەکردن دوو جۆر کۆدگۆڕینەوە هەیە. یەکەمیان لەو ولاّتانەدا باوە، کە فرە_زمانن، یان زیاد لە زمانێکی فەرمییان هەیە، یان کۆمەڵەکەی بە چەند زمانێکی جیاواز قسەکردن دەکەن، واتە کۆمەڵێکی دیگلۆسیین، وەك ولاّتی (لۆکسەمبۆرگ) کە زمانی ئەڵمانیی ستاندارد و زاری ئەڵمانیی لۆکسەمبۆرگیی و زمانی فەرەنسیی ستاندارد تێدا بەکاردێت. لە پەرلەمانی ئەم ولاّتەدا ئەڵمانی ستاندارد بەکارنایەت، بەڵکو فەرەنسی یان زاری ئەڵمانی لۆکسەمبۆرگی بەکاردێت، بەلاّم لە بووارە ئابوورییەکاندا ئەڵمانی بەکاردێت و لە بووارە ڕۆشنبیریی و کەلتووریی و هونەرییەکاندا فەرەنسی بەکاردێت (مارتینی،٢٠٠٩: ٢٢٣). لە چەندین ولاّتیتریش دابەشبوونێکی هاوشێوە هەیە. ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوە بەپێی شوێن و بارودۆخ و پێگەی زمانەکان و هەستی ئاخێوەران دیاریدەکەین، ئەم جۆرە پێیدەوترێت کۆدگۆڕینەوەی مێتافۆریی (هدسن،١٩٨٧: ١٠١) (Llamas & Ltd, 2007: 208). لە بەرامبەر ئەوەدا بۆچوونێکی تر هەیە، کە ئەم جۆرە بە کۆدگۆڕینەوە دانانێن و دەڵێن، نابێت جووت_زمانیی و دووديوی زمانی تێکەلّ بە کۆدگۆڕینەوە بکرێت، چونکە کۆدگۆڕینەوە کردەیەکی کەسییە و تاکەکەس بڕیاردەدات کەی و چۆن ڕوبدات، بەلاّم جووت_زمانیی و دووديوی زمانیی دیاردەی کۆمەلاّیەتیین (Bullock & Toribio,2007: 6).

جۆرەکەی تر ئەوەیە، کە لە کاتی قسەکردن گفتوگۆکردندا لە هەمان کات و بارودۆخدا، کۆدی دوو زمان بە نۆبە بەکاربهێنین. زۆربەی زمانەوانان ئەم جۆرەیان بە کۆدگۆڕینەوەی ڕاستەقینە دادەنێن، (گامپێرس Gumperz) بە کۆدگۆڕینەوە لە گفتوگۆدا ناوی لێناوە (هدسن،١٩٨٧: ١٠٢) (Llamas & Ltd,2007: 208).

٢–لە ڕووی دەروونییەوە دوو جۆر کۆدگۆڕینەوە دیاریکراوە، ئەوانیش (کۆدگۆڕینەوەی بەئاگایانە) و (کۆدگۆڕینەوەی نائاگایانە)[٣٦]ن (Llamas & Ltd,2007:208) (محەمەد مەعروف،٢٠١٠: ١٤٢–١٤٥). یەکەمیان ئاخێوەر بە مەبەست، بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی و ئامانجەکانی گفتوگۆکە، یان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتر، یان بۆ شاردنەوەی مەبەستێك، ئەنجامیدەدات. کۆدگۆڕینەوەی پراگماتیکیی دەکەوێتە ناو ئەم جۆرەوە. دووهەمیشیان کەسانێك ئەنجامیدەدەن، کە نەخۆشی، یان لاوازی زمانییان هەیە (Bullock & Toribio,2009: 7). هەروەها ئەو کەسانەش ئەنجامیدەدەن، کە هەستی نەتەوایەتیی و سۆزی ئەندامێتییان بۆ کۆمەڵی قسەکردنیی کاڵبووەتەوە و هەردوو زمانەکە بە هی خۆیان دەزانن.

---

ا) پەیوەندیکردنی زمان بناسێنە.

ب) لە زمان بکۆڵەوە، بەهۆی جووت_زمانەوە.

[٣٦]– بۆ کۆدتێکەڵکردنیش بە هەمان شێوەیە.

## ٢/٢-٢-٢) پێکهاتە زمانییەکانی کۆدگۆڕینەوە

لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو ئاستە زمانییانە بخەینەڕوو، کە تێیدا کۆدگۆڕینەوە لە نێوان زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزییدا ڕوودەدات. بە نموونەی کۆدگۆڕینەوەی زمانی کوردیی و زمانەدراوسێکانیشی پاڵپشتیاندەکەین. کۆدگۆڕینەوە لە ئاستی وشە و ڕستە (بە ڕستەی سادە و ڕستەی لێکدراوەوە)، ڕوودەدات. واتە کۆدەکان لە ئاستی دەنگ و واتادا بە جیا، یان پێکەوە لە کاتی قسەکردندا، بۆ کۆدی زمانێکیتر دەگۆڕدرێنەوە.

یەکەم/ کۆدگۆڕینەوە لە ئاستی وشەدا: ستراتیژێکی جووت_زمانەکانە. لە گۆڕینی وشەی زمانی کوردیی و بە کارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزیی دیاردەیەکی باوە و بەهۆی بوونی هەڵبژاردنی جیاوازیی کۆدەزمانییەکانی هەردوو زمانەکەوە ڕوودەدات. دەبێت ئاخێوەر لێهاتوویی و توانایەکی پێشکەوتوی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت. واتە گۆڕینەوە لە ئاستی ستوونیدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە ڕادەی فێربوونی وشەکانی هەردوو زمانەکەوە هەیە (Bullock & Toribio,2009: 3,7,9). ئەم ئاستە زمانییەی کۆدگۆڕینەوە زیاتر پەیوەستە بەو وشانەی کە ناوی دیاردە کەلتووری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییە نوێ و جیهانییەکانن. واتە سەرچاوەی کۆدە گۆڕاوەکانی ئاخێوەر، دوو جۆرن:

١- زمانێکی بیانیی، یان زمانی دووهەمی ئاخێوەر.

٢- زار و شێوە زارەکانی زمانی یەکەمی، یان زمانی دووهەمی.

٣- چەمك و زاراوە زانستی و تەکنەلۆژی و ئەلیکترۆنی و پسپۆڕیی و جیهانییەکانی تر.

ئەوەش کاتێك ڕوودەدات، کە ئاخێوەر وشەی ئەو زمانی دووهەمەی بەکاردەهێنێت، ئەویش بە دوو شێوە دەبێت: یان بە فۆنەتیکی زمانەکەی خۆی، یان بە فۆنەتیکی زمانی دووهەمەکەی (هدسن،١٩٨٧: ١٠٥)، وەك لە نموونەکانی (١٦) و (١٧)دا دەردەکەوێت. ئەمە بۆ زمانەکانی تریش هەروا بووە، وەك لە نموونەی (١٨)دا دەردەکەوێت.

*١٦)ئامانج کورێکی ئەکتیڤە.*

*١٧)لایکی پۆستەکانی فەیسبووکەکەتم کرد.*

*١٨)زۆر عەیبە بۆ ئەو ئەشخاسانەی کە لە ئەسنای تەکەلوما ئەلفازی عەرەبیی ئیستعمالدەکەن.*

هەموو ئەو نمونانەی خرانەڕو لە سەرەتادا کۆدگۆڕینەوە بوون، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییان لەسەرکرا و لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا جێگەی خۆیان گرت و کەلێنێکی فەرهەنگییان پڕکردەوە، ئەوا دەچنە

ناو فەرهەنگی زمانەکەوە و دەچەسپێن و دەبن بە وشەی وەرگیراو. بەڵام زۆرێك لە زمانەوانەکان و ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە سوودیان لێ وەرگیراوە، لەناو بابەتی کۆدگۆڕینەوەدا باسی وشە وەرگرتنیان کردووە، کە ڕێگەیەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، بەڵام ئەم دوو بابەتە دوو جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە ئەوانیش:

١- وشەوەرگرتن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی واتایی و فەرهەنگیی زمانە و وشەکە ئەگەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەر کرا، ئەوا دەچەسپێت و دەبێتە وشەیەکی نوێی زمانەکە و دەمێنێتەوە. بەڵام کۆدگۆڕینەوە دۆخێکی کاتییە و دوای تەواوبوونی گفتوگۆکە، ئەویش تەواودەبێت و وشە بەکارهاتووەکانیشی نایەنە ناو زمانەکەیترەوە، چونکە زۆرجار ئەو وشانەی، کە لە کۆدگۆڕینەوەدا بەکارهاتوون، بەرامبەرەکەیان لە زمانەکەیتردا هەیە و پێویست بە وەرگرتنیان ناکات.

٢- وشەوەرگرتن کۆمەڵ ئەنجامیدەدات و کەسانی تاکزمانیش بەکاریدەهێنن، بەڵام کۆدگۆڕینەوە تەنها کەسانی جووت_زمان بەکاریدەهێنن.

دووهەم/ لە ئاستی ڕستەدا: زۆرترین و باوترین شێوەی کۆدگۆڕینەوە بەدیدەکرێت، کە پێیدەوترێت (نێوان_ڕستەیی Inter-sentential). ئەم ئاستە زمانییەی کۆدگۆڕینەوە کاتییە و هەمیشەیی نییە و بە تەواوبوونی دۆخ و دەوروبەری قسەکردن، یان گۆڕانی بابەتی گفتوگۆکە، یان گۆڕانی بەشدارانی گفتوگۆکە، ئەویش تەواودەبێت، بەڵام دەکرێت وشە و مۆرفیمەکانی بۆ زمانەکەی تر بخوازرێن. لەم ئاستە زمانییەدا بە چەند شێوەیەك ڕوودەدات:

١) دەربڕینی ڕستەی سەربەخۆ و جیایە بە ئەو زمانانەی، کە ئاخێوەر دەیانزانێت (کوردیی و ئینگلیزیی) و دەتوانێت بەکاریانبهێنێت. زۆربەی زمانەوانانیش لە سەر بنەمای ئەم ئاستە زمانییەی پێناسەی کۆدگۆڕینەوەیان کردووە، وەك لە نموونەی (١٩) دەردەکەوێت.

*١٩) ماریا: سڵاو، ئەم کاتەت باش.*

*ئازاد: سڵاو بۆ تۆش، سوپاس، فەرموو؟!*

*ماریا: Where is Sulaimani Palace?*

*ئازاد: Sulaimani Palace located in the Salim street.*

٢) گۆڕینی ڕستەیەك لە ڕستە لێکدراوەکان، یان گۆڕینی پاڕستە یان شاڕستەی ڕستە ئاوێتەکان، دانانی ئینگلیزییەکە لە جێگەی بە تایبەتمەندیی و یاسای ڕێزمانی زمانی ئینگلیزییەوە، وەك لە نموونەی (٢٠)دا

خراوەتەڕوو. هەروەها ئەم شێوەیەی کۆدگۆڕینەوە لە نێوان زمانی کوردیی و زمانەکانی تری دراوسێیدا بەدیدەکرێت، وەك لە نموونەی (٢١)دا خراوەتەڕوو.

*٢٠) ئاوات: چی بۆ نووسیویت؟*

*کاروان: (You call me)، تا پێت بڵێم چی نووسیوە!*

*٢١) (ماما تعال)، ئەمیر دەگری.* *(کوردیی–عەرەبیی)*

## ٢/٢–٣) کۆد_تێکەڵکردن Code-Mixing:

یەکێکە لە بووارەکانی توانستی بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە، (کۆد_تێکەڵکردن)ە، کە بابەتێکی تری لێکۆڵینەوەیە لە کۆدبەکارهێنان. بە واتای تێکەڵکردنی کۆد و یەکە زمانییەکانی دوو زمان، یان زیاتر دێت. توانستێکی زیادەی جووت_زمانەکانە لە پەیوەندیکردن و کۆدگۆڕینەوەدا. لە ساڵانی (١٩٧٠)کانەوە توێژینەوە لەم بابەتە سەریهەڵداوە و زۆرینەشیان تایبەتبوو بە تێکەڵکردنی زمانەکانی ئیسپانی و ئینگلیزیی لە مەکسیك، لە ساڵانی (١٩٨٠)کانیشەوە کۆمەڵێك ڕێسای جیهانی لە بارەی (کۆد_تێکەڵکردن)ەوە دۆزرانەوە و تا ئێستاش توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت (Muysken,2000:12).

لە بارەی ناساندن و پێناسەکردنییەوە، بە تێکەڵکردنی کۆدە زمانییەکانی دوو زمان لە ڕستەدا ناسێنراوە (Llamas &...,2007:208). (لیپسکی) دەڵێت: "ئەوەیە، کە لە سنووری ڕستەیەکدا ڕوودەدات، هەندێکجار بە (ناو_ڕستەیی Intra-sentential) ناودەبرێت"، یان بەوە پێناسە دەکرێت کە "هەموو دیاردەکانی تێکەڵکردنی بوونیادە فەرهەنگی و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی دوو زمان لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا دەگرێتەوە (Muayed Juma,2012:234)"، کە چەمکی (ناو–ڕستەیی Intra-sentential) دەینوێنێت (شادان،٢٠٠٨: ٣٥). هەر لەو بارەوە، (کلاین) دەڵێت: "زمان تێکەڵکردن ئەو شتانەیە کە لە سیستەمی دوو زماندا یەکتر دەبڕن (بەیەکدەگەن). ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر پابەندبوونی بە زمانێك لەدەستدەدات و بەردەوام دەبێت لە ڕستەکەدا بەزمانێکی تر (شادان،٢٠٠٨: ٦)"، وەك لە نموونەی (٤٢)دەردەکەوێت.

مەرجی ڕوودانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە، دەبێت ئەو دوو زمانە لە هەمان کۆمەڵدا بەکاربهێنرێن و قسەکردنیان پێبکرێت چ شانبەشانی یەکتربێت، یان بە شێوەی لاسەنگ. یان بەشدارانی گفتوگۆکە خاوەنی هەمان جووت_زمانبن و دەسەڵاتیان بەسەریاندا بشکێت. بەوەش بەیەکداچوونی زمانیی، یان تێپەڕاندن ڕوودەدات (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ٢٢١). دەبێت ئەوەش بزانین، کە تێکەڵکردن لە خۆلادان ئاسانترە. بە ڕای (فاینرایش

Weinreich)یش بەیەکداچوون بەهۆی نەگونجاندنی پێوەرە زمانییەکان لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا و لە ئاستەکانی (فەرهەنگ، سینتاکس، مۆرفۆلۆژیی، دەنگسازی)دا ڕوودەدات (غارمادی،١٩٩٠: ١٦٧–١٦٨) (بۆ نموونە و زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپاری ٢/٢–٣–٣)

## ٢/٢–٣–١) ڕوانگە و تیۆرییەکانی کۆد_تێکەڵکردن

دیارە کۆد_تێکەڵکردنیش وەك هەر بوارێکی تری زانستی زمان و زانستی هێمالۆژیی لێکۆڵینەوە لەسەری کراوە و تیۆریی و گریمانەی جیاواز بۆ چۆنێتی شیکردنەوەی پێشکەشکراوە. (ڤۆگت Wogt) دەیبەستێتەوە بە لایەنی دەروونییەوە، بەڵام (گامپێرز Gumperz) پەیوەستی دەکاتەوە بە دەوروبەری کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە (شادان،٢٠٠٨: ٥–٦). هەروەها (هدسن Hudson)یش ڕایوایە دەبێت لە دوو لایەنەوە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ئەنجامبدرێت، کە:

١– لایەنی کەلتووریی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە تا چەند ڕێگە بە ڕوودانی دەدەن.

٢– لایەنی بیر و دەروونی مرۆڤ و ئاوەزیان (هدسن،١٩٨٧: ١٠٤–١٠٥).

هەرچەندە زۆرینەی ئەم تیۆرییانە گرنگیی بە ئاستی سینتاکس و زمانە تێکەڵ و کریۆلەکان دەدەن، بەڵام باسیشیان لە قسەکردن و گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵك کردووە و ئاوڕیشیان لە تێکەڵکردنی ئاستی مۆرفۆلۆژیی داوەتەوە. گرنگترین ڕوانگە و تیۆرییەکانیش ئەمانەن:

## ٢/٢–٣–١–١) ڕوانگە زمانییەکان

زمانەوانەکان کۆمەڵێك گریمانە و تیۆرییان خستوەتە ڕو، کە هۆکاری تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو زمان، یان دروستبوونی زمانە تێکەڵەکان ڕووندەکەنەوە. لێرەدا هەندێك لەو تیۆریی و ڕوانگانە دەخەینەڕوو (غارمادی،١٩٩٠: ١٩١–١٩٨)[٣٧]:

١– تیۆریی فرەڕەچەڵەکیی: لە چوارچێوەی زمانە تێکەڵەکاندا هێنراوەتەئاراوە، وەك پیجین و کریۆل. باوەڕی بە فرەیی ڕەچەڵەکی زمانە تێکەڵەکان هەیە، واتە کۆدەکانی لە زیاد لە زمانێکەوە وەرگرتوە، یان لە نێوان دوو گرووپی کۆمەڵایەتییدا ڕوودەدات، کە زمانی دایکییان تەواو لەیەکتر جیاوازەهەروەها گرنگیش بە هەڵوێستە زمانییەکان و بوونیادی زمانیی و مەرجە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی گەشەکردنی زمانە تێکەڵەکان دەدات. بە بڕوای ئەم تیۆرییە:

---

[٣٧]– تیۆرییەکانی (١–٤)، لە (غارمادی)یەوە وەرمانگرتووە.

تیۆریی قسەکردنی منداڵان (Baby Talk) دەگەڕێتەوە بۆ (چارلیی لیلان) و یەکێکە لە تیۆرییەکانی (فرەیی ڕەچەڵەك)، کە گرنگیی بەم لایەنەی زمانە تێکەڵەکان و زمانتێکەڵکردن دەدات. شێوازێکی باوی قسەکردنی مامۆستا و خاوەن کار و کێڵگەکان بوو لەگەڵ فێرخواز و بەندە و کرێکارە زمانجیاوازەکانیاندا. ئەو خاوەن کار و کێڵگانە بە شێوەی قسەکردنی منداڵ قسەکردن و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردن. واتە لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی شێوازی زمانفێربوونی منداڵانی ساواوە، هەوڵیاندەدا کە فێری زمانێکیان بکەن، کە بتوانن بە هۆیەوە پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستببێت. (بلومفێڵد) گەشەی بەم تیۆرییە دا و بڕوای وابوو، دەبێت هانی فێرخواز بدرێت بۆ دووبارەکردنەوەی قسەکردنەکە، یان بۆ وەڵامدانەوەی ئاخێوەر. دواتر فێرخواز دەتوانێت دووبارە بەکاریانبهێنێتەوە، چونکە زمانی پیجین لە چەند تایبەتمەندییەکدا لە زمانی قسەکردنی منداڵ دەچێت:

ا-ناوەرۆکی وشەی زۆر بەرامبەر بە ژمارەیەکی کەم لە وشە.

ب-پۆلە وشەکانی زۆر لاستیکیین لە چاو زمانی هەراشەکاندا.

پ-دژیەکیی لە گۆکردندا و بە ڕێژەیەکی زۆر کەمکردنەوەی دەربڕینەکان.

ت-کەمکردنەوەی گەردانکردنەکان.

٢- تیۆریی تاکڕەچەڵکیی: تیۆرییەکی ترە لەبارەی زمانە تێکەڵەکانەوە و زمانەوانە پورتوگالییەکان خستیانەڕوو و پەرەیان پێدا. لەو ڕوانگەوە لە زمانە تێکەڵەکان دەڕوانێت، کە ئەو زمانە تێکەڵانەی بناغە ئینگلیزیی و فەڕەنسین، یان ئەوانی بناغە هۆڵەندیی و ئیسپانیین، هەموویان ژمارەیەکی زۆر وشە و مۆرفێم و داڕشتەی پۆرتوگالییان تێدایە و نزیکایەتی لە بوونیادی زمانییشیاندا هەیە. هۆکارەکەشی باڵادەستی پۆرتوگال بووە لە دەریاوانیی و بازرگانییدا. بەوەش دەکرێت بووترێت کە زۆرینەی زمانە تێکەڵەکان لە بنەڕەتدا لەسەدەی پانزەیەمەوە لە (زمانی تێکەڵی یەکەم Proto-Sabir)ی بناغە پۆرتوگالییەوە دروستبووبێتن. تەنانەت دەڵێن پۆرتوگالی خۆیشی زمانێکی تێکەڵ بووە.

٣- تیۆریی نوێکردنەوەی فەرهەنگی زمانیی: ئەم تیۆرییەش لە ژێر کاریگەریی تیۆریی تاکڕەچەڵەکییدا دانراوە. زمانە تێکەڵەکان فەرهەنگەکەی خۆیان نوێدەکەنەوە، ئەوەش بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زمانێکی تردا، کە هەمیشەش پێش پێواژۆی دروستکردنی زمانە دەستکردەکان (بەکریۆلکردن Creolization) دەبێت. زمانە تێکەڵەکانیش بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی بەکارهێنەرانی، وشەی لە زمانی باڵادەستی ناو کۆمەڵ دەخوازێت. پێشنیازی هەردوو چەمکی (Supralexilication) و (بەلێکسیککردنەوە Relexilication) دەکات. یەکەمیان تەنها پەیوەندیدارە بە فەرهەنگ و بارودۆخی

فەرهەنگەوە و دووهەمیشیان بۆ گۆڕینی فەرهەنگی کۆنە بە فەرهنگێکی نوێ، چ بە تەواوی بێت، یان بەشێکی بێت. وەك ئەوەی کە زمانی تێکەڵی پۆرتوگالی یەکەم تەنها وشەی لە زمانی ڕۆمانی وەرنەگرتوە، بەڵکو لە زمانەکانی چینیی و پانتۆ و ئینگلیزیی و هۆڵەندیی و... هتدەوە وەریگرتون.

٤- تیۆریی نوێکردنەوەی بوونیادی ڕێزمانیی: بە بڕوای تیۆریی تاکرەچەڵەك و فرەڕەچەڵەك زمانە کریۆلەکان هەر زمانە پیجینەکانن و دوای گۆڕان لە بوونیادی زمانی و ڕیزمانییاندا ئاخێوەران وەك زمانی پەیوەندیکردنی خۆیان وەریانگرتوە. سەرچاوەی ئەو گۆڕان و نوێبوونەوەیەش فرە لایەنە.

٥- تیۆریی لەیەکچوون و جیاوازیی: ئەمەش تیۆرییەکی فێرکردن و فێربوونی زمانی دووهەمە. جەختی ئەم تیۆرە لەسەر ڕادەی نزیکی و لێکچوون و جیاوازیی بوونیاد و داڕشتە زمانییەکانی زمانی یەکەم و زمانی دووهەمە. بە بڕوای ئەم تیۆرییە ڕێژەی جیاوازیی و داڕشتە جیاوازەکانی زمانی یەکەم و دووهەم گرفتی فێربوون دروستدەکەن و دەبنە هۆی دروستبوونی هەڵەی زمانی و خراپ گواستنەوەی زانیاریی لە قسەکردندا، کە پێیدەوترێت (بەیەکداچوونی زمانیی) (بوقربة: ٣٧).

ئەم تیۆرە لەوەوە سەریهەڵدا، کە فێرخوازان لە کاتی بەکارهێنانی زمانی دووهەمدا بەپێی پێڕەو و بیرکردنەوەی زمانی یەکەمیان زمانی دووهەمیان بەکاردەهێنا، وەك ئەوەی (لادۆ) دەڵێت: "تاکەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە داڕشتە و واتا و دابەشکردنەکان لە زمانی یەکەمەوە بگوازنەوە بۆ زمان و کەلتووری زمانە بیانییەکە. ئەوەش لە کاتی دەربڕیندا وەك هەوڵێك بۆ پەسەندکردن و زاڵبوون بەسەر زمان و ڕۆشنبیریەکەدا، ئەنجامیدەدەن (جاس و سلنیکر،٢٠٠٩: ١٠٧)". ئەوەش بەو واتایە دێت، ئاخێوەر بە کەلتووری زمانێك بیردەکاتەوە، بەڵام بە زمانێکیتر قسەکردن دەکات و لە ئەنجامیشدا تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو زمانەکە دروستدەبێت (مالبرج،٢٠١٠: ٢٣٢). هەر لەمبارەوە (هۆڵستین) و (مارچێنا) لێکۆڵینەوەیەکیان لە نێوان زمانەکانی (هۆڵەندیی و ئینگلیزیی)دا ئەنجامیانداوە. بۆیان دەرکەوتوە، کە هۆڵندییەکان نکۆڵییان لە بوونی (ڕستیلە) کردووە لە زمانی ئینگلیزییدا کردووە، چونکە باوەڕیان وایە، ناکرێت لە زمانەکانی تریشدا پێکهاتەی هاوشێوەی ئەوانەی زمانەکەی خۆیان هەبێت، (داگۆت) و (لاوفێر)یش لەو لێکۆڵینەوەیەی دەربارەی زمانەکانی (عیبریی و ئینگلیزیی) ئەنجامیاندا، بۆیاندەرکەوت، کە ئاخێوەرانی زمانی عیبریی لە کاتی قسەکردندا بە زمانی ئینگلیزیی خۆیان لە (ڕستیلە)ی ئینگلیزیی دەپاراست و بە کرداری تێنەپەڕ دەریاندەبڕی، چونکە (عیبریی) (ڕستیلە)ی نییە، هەربۆیە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە لە خۆلادانی زمانی و تێکەڵکردنی دوو زمانەکەدا، ئاڵۆزی و گرانیی داڕشتە زمانییەکانی

زمانی دووهەم کاریگەرییەکی زیاتری لە جیاوازیی پێڕەو و پێکهاتەکانی دوو زمانەکە هەیە (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ١٨٩–١٩٠).

## ٢/٢–٣–١–٢) ڕوانگە ئاوەزییەکان

ئەم ڕوانگەیە زیاتر پشت بە هۆکاری ناوەکی مرۆڤ و بیرکردنەوەی تاکی ئاخێوەر و توانای دەسەڵاتشکانەوەی بەسەر زمانبەکارهێناندا دەبەستێت. هەوڵیشدەدات لە ڕوانگەی بۆچوونەکانی (چۆمسکیی Chomisky)یەوە، توانستی کۆدگۆڕینەوە و توانستی کۆد_تێکەڵکردنی تاکەکان دەستنیشانبکات، چونکە (چۆمسکیی Chomisky) باوەڕی بە داهێنەری زمانی مرۆڤ و توانستی بەرهەمهێنانی ڕستەی نوێ و تێگەشتنی تاکەکان لەو ڕستانەی کە هێشتا نەیبیستوون، هەیە. (هـ. د. ویدۆوسن،٢٠٠٨: ١٤٦–١٤٨). بەپێی ئەم بۆچوونە ئاخێوەر خۆی چاودێری قسەکردنەکەی خۆی دەکات و هەوڵدەدات لە ڕووی دەنگ و فەرهەنگ و ڕێزمانەوە، کۆنترۆڵی بکات (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ٤٠٣).

## ٢/٢–٣–١–٣) ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکان

ئەم ڕوانگەیە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە پار و وەچەپارەکانی (١/١)) مەبەست لێی دۆخ و دەوروبەری بەکارهێنان و تێکەڵکردنی دوو زمانەکەیە: بەپێی چین و پلەی کۆمەڵایەتیی، تەمەن و توخم، پیشە، ئاستی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی، کەلتوور و دابونەریت و... هتد. بۆ نموونە لەو کۆمەڵیانەی بە زۆری پیاوان لە دەرەوەن و ژنانیش لە ماڵەوەن، ڕێژەی کۆد_تێکەڵکردنی ژن و پیاو جیاوازە (شادان،٢٠١٣: ١٤).

لەلایەکیترەوە لە کۆمەڵدا دوو دیاردەی تر هەن، کە بەردەوام کاریگەرییان لەسەر ئاخێوەران هەیە و چۆنێتی زمانبەکارهێنانیان (بە کۆد_تێکەڵکردن و کۆدگۆڕینەوەیشەوە)، ئەوانیش (ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی و (پێکدادانی کۆمەڵایەتیی)ین (Llamas,2007: 209): یەکەمیان بەرەو یەکگرتنی زمانی و دووهەمیشیان بەرەو فرەیی زمانییمان دەبات. (وێڵد H. Wyld) باوەڕی بە دووهەمیان هەبوو، چونکە باوەڕی وابووە ململانێی کۆمەڵایەتیی و شانکێی زمانیی زاڵترە وەك لە ڕێککەوتن، بەڵام (یسپێرسن) باوەڕی وابووە، کە لە ڕابووردوودا ڕێککەوتن و یەکگرتن و تێکەڵبوون و توانەوەی زمانەکان لە بۆتەی یەکدیدا زاڵتربووە و لە داهاتووشدا زیاتر دەبێت (السعران،١٩٦٣: ١٧٠–١٧١). ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کە ڕێککەوتن لە کۆمەڵە تاك کەلتوور و تاکزمانەکاندا زاڵترە، بەڵام ململانێ و پێکدادانی کۆمەڵایەتیی، کە خۆی لە ململانێی دوو کەلتوور و ڕۆشنبیریی جیاوازدا دەبینێتەوە، لە هەموو کۆمەڵەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام نیشانەیەکی زەقی کۆمەڵ جووت_زمانەکانیشە. بە کورتی واتە هەموو کۆمەڵێك لە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی و ململانێی کۆمەڵایەتیدایە،

که له ڕێگەی ڕێکەوتنی زمانی و ململانێی زمانییەوە خۆی دەنوێنێت. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ڕێگە خۆشکەرە بۆ دیاردەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن.

بۆ شیکردنەوەی ئەم دوو بابەتە و کاریگەریی زمانەکان لەسەر یەکتریی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی لە پێواژۆی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردندا گرنگیی بە پەیوەندی نێوان کۆمەڵی ئاخێوەران هەردوو زمانەکە و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان دەدات (مالبرج،٢٠١٠: ٢٣١) و کاریگەریی شوێنی نیشتەجێبوون و گۆڕینی شوێن (Llamas & Ltd, 2007: 110) دەدات.

ململانێی زمانی کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەن، کە دروستیدەکەن. لە هۆکارە ناوخۆییەکان: فێرکردن (فێرکردنی زمانی بیانی، یان فێرکردن بە زمانی بیانی)، زمانی بەکارهاتوو لە بازاڕی کار و ڕاگەیاندن. هۆکارە دەرەکییەکانیش وەك: ئایین، سیاسەت، سەربازی، ئابووری، جیهانگیری کۆمەڵایەتیی، زانستی (الدبیان،٢٠٠٦: ٣).

یەکێك لەو تیۆرییە پەیوەندیدارانەی لە ڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە دانراون، تیۆری دەروازەی پەیوەندیکردنە. ئەم تیۆرییەش (تیۆریی دەروازەی پەیوەندیکردن)، تیۆرییەکی تری فێربوون و فێرکردنی زمانی دووهەمە. بنەمای سەرەکیی ئەم تیۆرییە ئەوەیە، کە هانی فێرخواز دەدات بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانەی، دەیەوێت فێری ببێت. بەپێی ئەم تیۆرییە، توانستی پەیوەندیکردن و کۆدگۆڕینەوە بە زمانی بیانی توانستێکی کۆمەڵایەتییە (بوقربة:٣٤).

لە کاتی فێربوونی زمانی دووهەمدا فێرخواز هاندەدرێت، کە زمانی دووهەمەکەی لە پەیوەندیکردن و گفتوگۆدا بەکارهێنێت. بەڵام بەهۆی کەمی توانستی زمانی دووهەمی، فێرخواز پەنا بۆ ستراتیژگەلێکی دیکەی پەیوەندیکردن دەبات وەك: (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ٣٧٤)

١- هەوڵدان بۆ نزیککردنەوە، واتە دەربڕینی بەشێکی وشەکە وەك نموونەی (٢٢-ا)، کە لە بنەڕەتدا مەبەستی (٢٢-ب) بووە.

٢- وەرگێڕانی وشەبەوشەی وشە و ڕستەکان لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی دووهەم، وەك نموونەی (٢٣).

٣- زمانگۆڕین، گۆڕینی وشە و دەستەواژەکان لە زمانی دووهەمدا و هاوشێوەکردنیان بە فۆنەتیکی زمانی یەکەم، وەك لە نموونەی (٢٤) دەردەکەوێت.

٤- خۆلادان لە دەربڕینی وشەی زمانی دووهەم. وەك نموونەی (٢٥-ا)، کە مەبەستی بووە نموونەی (٢٥-ب) دەرببڕێت.

٢٢) ا/*بۆری*/ /*Pipe*/

ب)/بۆری ئاو Pipe Water/

٢٣)ئەو کەسێکی تری بانگکرد بۆ خواردنەوە. ( He invite other person to drink).

٢٤) ا) /بالۆن Balon/

ب) /بالۆن/

٢٥) ا) ئاو (شەربەت) Water (Mumble)

ب) (گیراوەی ئاو– The Water Spills)

## ٢/٢–٣–٢) شێوازەکانی کۆد_تێکەڵکردن:

کۆد_تێکەڵکردن وەك هەر دیاردەیەکی تری زمانیی و کۆمەڵایەتیی شێوە و جۆری هەیە. کۆد_تێکەڵکردن بەگشتیی دەکرێت بە دوو شێوەوە (شێوەی چەسپاوی کۆد_تێکەڵکردن) و (شێوەی کاتی کۆد_تێکەڵکردن).

## ٢/٢–٣–٢–١) شێوەی چەسپاوی کۆد_تێکەڵکردن/ کۆد_تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتیی:

لە تێکەڵکردنی بوونیادی ڕێزمانی و کۆد و یەکە زمانییەکانی دوو زمان یان زیاترەوە دروستبوون و مێژوویەك بەسەر بەکارهێنانیاندا تێپەڕیوە و بوون بە زمانی دایکی نەوەیەك و لە هەندێك وڵاتیشدا کراون بە زمانی فەرمیی دەوڵەت و ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکانیان. بەڵام هەندیکجار و لە زۆر شوێنیش بە چاوێکی کەم لێیاندەڕوانرێت و کۆمەڵێك ناویان لێناوە، وەك (زمانی ڕەشۆکی، زاری تایبەت، کریۆلی، زمانی ڕەشپێستە بچووکەکان)، بەڵام لە بەرامبەریشدا هەندێك لە زمانەوانان وەك هۆکارێکی گرنگ و باوی پیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیی، پەسەندیانکردووە (غارمادی،١٩٩٠: ١٨٩). ئەم زمانە تێکەڵانە بە گشتیی کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١– (زمانە تێکەڵەکان بەشێوەی جیا و سەربەخۆ لە دوو زمانەکە گەشە دەکەن.

٢– بە خێرایی گەشەدەکەن و ڕوبەری جوگرافییان فراواندەبێت. وەك ئەو زمانە (پیجین) و (کریۆل)انەی کە لە ماوەی (٢٥) ساڵدا لە باکوری زەریای هێمن و باشووری کیشوەری ئەفەریقا و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕوسیا و نەرویجیان بڵاوبوونەوە.

٣– هەندێکیان وەك چۆن خێرا گەشەدەکەن، هەر بەو خێراییەش لەناودەچن. بەڵام مەرجیش نییە بۆ هەموو زمانە تێکەڵەکان بە هەمان شێوە بێت. وەك ئەو شێوە قسەکردنە تێکەڵەی، کە لە سەربازگە نازییەکاندا

له ماوەی جەنگی جیهانیی دووهەمدا دروستبوو و دواتر دوای نەمانی نازییەکان و جەنگ، زمانەکەش نەما (غارمادی،١٩٩٠: ١٩١-١٩٢)).

٤- ئەم جۆرە زمانانە مۆرفۆلۆژیی و مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی تایبەت بە خۆیان نییە (هدسن،١٩٨٧: ١١٢).

گرنگترین و باوترینی جۆرەکانی زمانە تێکەڵەکان، ئەمانەن:

**١-زمانی بێکەس** (Pidgin): زمانێکی باو و بلاوی ئەم سەردەمەیە لە زۆر شوێنی جیهاندا بلاوبووەتەوە. وەك تانە لێدان پێی دەوترێ زمانی شکاو (Llamas & Ltd,2007: 20). چەمکەکەی لە زمانی ئینگلیزییدا وەك ئیدیۆم، بۆ ئەو زمانانە بەکاردێت، کە لە تێکەڵکردنی زمانی ئینگلیزیی و زمانی چینییەوە دروستبوون (بێرنارد و هتد،٢٠٠٧: ٢٨). زمانە پیجینەکان زمانگەلێکن داتاشراون، بۆ مەبەستێکی کارەکی و مەیدانی و بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان ئەو کۆمەڵە خەڵکانەی، کە زمانێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە، دروستدەکرێن. بە گشتیی سادەن و ئاسانن بۆ فێربوون، هەروەها کۆمەڵیش بە شێوەیەکی سرووشتی دروستی دەکات، وەك ئەوەی لە ئەورووپا کرێکارانی بیانی زمانی پیجینی خۆیان لە ناوخۆیاندا دروستدەکەن، یان ئەوەی ولاتی داگیرکەر بۆ پەیوەندیکردن بە ژێردەستەکانییەوە، یان وەك ئەڵقەی پەیوەندی نێوان زمانە ستانداردەکە و زار و شێوەزارەکانی دروستدەبن (هدسن، ١٩٨٧: ١١٠). لە زۆر شوێنیش کراون بە زمانی فەرمیی، وەك (توك پیسین) و (پیسلاما) لە (پاپوا گینیای نوێ) و دوورگەی (فانواتۆ) (حسێنی یەعقوبی،٢٠٠٧: ١٤٦). زمانە پیجینەکان لە هەر ولات و کۆمەڵێکدا ناوێکی تایبەت بەو کۆمەڵگەی هەیە.

**٢-زمانی فراوانکراو** (Creol): ئەمەش شێوەیەکی تری تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو زمانە. بەلام ئەم جۆرەیان دەستکردە و بە سوودوەرگرتن لە بیری (پیجین) دروستکراون. شێوازگەلێکی قسەکردنی گشتیی بوون، لەناو کۆمەڵ نیشتەجێکراوەکان (کۆلۆنییەکان)ی سەر زەریاکانی (ئارام و هیندیی و ئەتلەسیی) لەسەدەی هەژدەدا دروستکراون (Llamas & Ltd,2007: 210). هەروەها رێژەی (١٠٪)ی دانیشتوانی سیرالیۆن زمانێکی کریۆلی وەك زمانی دایکیی خۆیان بەکاردەهێنن و قسەکردنی پێدەکەن و (٨٥٪)یشیان وەك زمانی دووهەم بەکاریدەهێنن، هەروەها کریۆلی بناغە ئینگلیزیی لە (جامایکا) و (گۆیانا) بەکاردێت و کریۆلی بناغەی فەرەنسییش لە (هایتی) بەکاردێت (بێرنارد و هتد،٢٠٠٧: ٤٣-٤٤). لەمەوە کە باسمانکرد پێواژۆی (بەکریۆلکردن Creolization) سەریهەڵدا. (ئەکریۆلێت)یش پێواژۆیەکە دوای (بەکریۆلکردن) ڕوودەدات، کە تێدا کەسانی چینی سەرەوەی کۆمەڵ لە ڕۆشنبیر و خوێندەوەران بەکاریدەهێنن (Llamas & Ltd,2007: 205).

٣–زاری پەیوەندیکردن/دروستکراو: ئەمەش جۆرە زارێکە یان زمانێکە، لەو کۆمەڵانەدا دروستدەکرێن کە زمانێکی هاوبەش یان ستانداردیان نییە، ئامانج لە دروستکردنیشی بۆ پەیوەندیکردنە (Llamas & Ltd,2007:212). وەك ئەوەی سالانێك (پارتی کرێکارانی کوردستان) بانگەشەی بۆ دەکرد (زمانی سورمانجی). لە جیهانیشدا و بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا، دوای لاوازبوون و بەرتەسکبوونەوە و نەمانی زمانی لاتینی، بیرۆکەی زمانێکی دروستکراو سەریهەڵدا (لویس جان کالڤی،٢٠١٢: ٢٦٨)، وەك زمانی (ئیسپرانتۆ Esperanto[٣٨]) و زمانی ( ئینگلیزیی بنەڕەتی English Basic) (هدسن ١٩٨٧: ١٠٩). بەڵام ئەم هەوڵانە زۆرینەیان سەرکەوتو نەبوون.

## ٢/٢–٣–٢–٢) کۆد_تێکەڵکردنی کاتیی/کەسیی:

ئەم شێوە لە کۆد_تێکەڵکردن ئاخێوەران ڕۆژانە لە کات و بارودۆخی جیاوازدا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی کاتی پەنای بۆ دەبەن و بەکاریدەهێنن. واتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. بە ڕای (هاڵ R. Hall) بەرهەمهێنامێکی سرووشتی زمانە تێکەڵکانە، کە ڕەنگە بۆ چەند کاتژمێرێك بێت، یان بۆ هەر کاتێکە کە پێویست بوو: "لە نێوان فرۆشیار و کڕیار، گەشتیار و ڕێنوێن، بەرپرس و بەردەست و خاوەنکار و کرێکار" (غارمادی،١٩٩٠: ١٩١). بەوپێیە کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیش لەسەر کۆدگۆڕینەوە و کۆدتیکەڵکردنە لە نێوان زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزییدا، دەبێت ئەوە بڵێین، کە چەند ساڵێکە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی لە زۆر بواری (زانستیی، پەروەردەیی، تەکنەلۆژیی، بازرگانی و ئابووریی، سیاسی)دا بووە بە پێویستی و مەرجێکی گرنگیی دەستکەوتنی هەلی کار و نواندنی پسپۆڕییە زانستییەکان. سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆری کورد بەهۆی ژیانی کۆچبەریی و ژیان لە وڵاتانی بیانییدا، ناچاربوون کە فێری زمانی ئینگلیزیی، یان زمانانی تری بیانی بوون. وەك چۆن لەسەردەمانی پێشتردا تێکەڵکردن بە کاریگەریی دراوسێیەتی و ئایین و جەنگ و ژێردەستەیی و داگیرکارییەوە، کۆد_تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردیی و زمانەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکییدا ڕوویدەدا، دەگونجێت و دەشکرێت ئەو تاکە جووت_زمانانەی کۆمەڵی کوردیی، بۆ بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانیان، کۆدی دوو زمانەکەیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تێکەڵبکەن. ئەو تێکەڵکردنەش هەندێکجار بە ئاگایانە و مەبەستدارە و هەندێکجاری تریش نائاگایانە و بێ مەبەستە (Bullock & Toribio,2009:7)، یان دەتوانین بڵێین لە کاتی پەیوەندیکردندا (وەك لە

---

[٣٨]– هەوڵەکانی دروستکردنی ئەم زمان و زارە دەستکردانە لە نێوان ساڵانی (١٨٥٨–١٩١٤)دا بەردەوامبوە و هەندێکجار زیاتر لە زمانێکیان دروستکردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (لویس ج. کالڤی،٢٠١٢: ٢٦٩–٢٧٠).

وەچەپاری ٢/٢–٢)دا باسمانکرد)، هەندێکجار لە ژێر چاودێرییەکی توندی ئاخێوەردایە و هەندێکجاری تریش بە شێوەیەك دەردەکەوێت کە ناچارییانە بێت و ئاخێوەر نەتوانێت خۆی لێی لابدات (غارمادی،١٩٩٠: ١٨٢).

کۆد_تێکەڵکردنی نائاگایانە پێوازۆیەکی دەروونییە و ئاخێوەر بەبێ ئەوەی هەستی پێبکات، ئەنجامیدەدات، واتە بە ویستی خۆی نییە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی، کە لە نەستیدا دەگاتە خاڵێك کە پێویستە بۆ گەیاندنی بیرەکەی و تەواوکردنی قسەکردنەکەی، بە بێئەوەی بیری لێکردبێتەوە، ئەنجامیدەدات. ئەوەش بەهۆی کاریگەریی و تێکەڵبوون و توانەوەی کەلتووریی و هاوشێوەیی هەندێك لە کۆد و بوونیادە زمانییەکان و هەندێکی تر لە هۆکارەکانن (کە لە ٢/٢–١دا باسمانکرد)، ڕوودەدات، وەك ئەوەی کەسانی دیگلۆسی و کۆمەڵ جووت_زمانەکان ئەنجامیدەدەن.

کۆد_تێکەڵکردنی بە ئاگایانە/دەستکردیش ئەوەیە کە ئاخێوەر خۆی بە ئەنقەست و بۆ مەبەستێك ئامانجێك، ئەنجامیدەدات. ئەوەش بەوە دەبێت، ئاخێوەر دەتوانێت زیرەکانە و وەك ئاخێوەرێکی ڕەسەنی هەردوو زمانەکە، بەکاریانبهێنێت. بە سوودوەرگرتن لە فەرهەنگی هەردوو زمانەکە و سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی هەرکام لە دوو زمانەکەی، تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو زمانەکە لەو دوو ئاستەدا بە لێهاتوویی ئەنجامدەدات.

## ٢/٢–٣–٣) پێکهاتە زمانییەکانی کۆد_تێکەڵکردن:

وەك لە پێناسە و ناساندنەکەیدا ڕوونمانکردەوە، کۆد_تێکەڵکردن تێکەڵکردنی یەکە دەنگیی و مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگییەکان و بوونیاد و ڕیزبوونە سینتاکسییەکانی دوو زمان، یان زیاترە. وەك ئەوەی (بهاتیا و ڕیپچ) کە (مۆرفیێم، وشەکان، فریزەکان، کلۆزەکان و ڕستەکان)نیان بۆ تێکەڵکردنی کۆدەکان دیاریکردووە (شادان،٢٠٠٨: ٦).

(پیتەر مۆیسکین) (Muysken,2000: 3) لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە، سێ شێوەی کۆد_تێکەڵکردنی (ناو_ڕستەیی Intra-Sentential)ی جیاکردووەتەوە. ئەوانیش:

١– تێکردن: تێکردنی یەکەی فەرهەنگی (مۆرفێمە بەندەکان بێت یان وشەکان)، یان پێکهاتەیەکی سینتاکسی (زیادکردنی حوکمکەر و دۆخدەرەکان، یان فریزێك، یان تەواوکەرێك) لەم زمانەکەوە بۆ ئەو زمانەکەی تر. وەك ئەوەی لە تێکەڵکردنی فەرەنسیی و عەرەبییدا لە باکوری ئەفەریقا بەدیدەکرێت، لە (دەرکەتنی بکەرێکی زیادە، فراوانکردنی فرێزی ناوی بکەریی، فراوانکردنی ڕستەکە بە ڕستەی پێشناویی تر، دەرکەوتنی مۆرفێی بەندی وەها کە پێشتر لە عەرەبییدا نەبوون) (غارمادی،١٩٩٠: ١٨٠).

تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: یەك یەکەیە، بەیەکداچوویی، وشەی مەبەست، یەکەی دیاریکراو، تێکەڵکردنی تەلەگرافی، پێکەوەبەستنی مۆرفۆلۆژیی.

٢- گۆڕینەوە: گۆڕینەوەی یەکە فەرهەنگی و سینتاکسییەکان بە هی زمانەکەی تر، یان گۆڕینی بوونیاد و ڕیزبوونی پێکهاتە سینتاکسییەکان بەوەی زمانەکەی تر. تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: (فرەپێکهاتەیی، بەیەکدانەچوویی، یەکە درێژەکان، یەکە ئاڵۆزەکان، هاوەڵکار، بەستەر، چەسپاندن لە قسەکردندا، هێمایی/نیشانەیی، لە سنووری فرێزی سەرەکییدا، لاوەکی، لاواز و بێهێز، هاوهێڵی سینتاکسی، دووبارەبوونەوە.

٣- گونجاندنی فەرهەنگیی: دیاریکردن و جیاکردنەوە و گونجاندنی کۆد و پێکهاتە زمانییە تێکەڵکراوەکانە لەگەڵ فەرهەنگی زمانەکەدا، تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: ناپێکهاتەیی، ئاوێتەنەبوو، گۆڕینی فرەجۆر، گۆڕینی ئەرکی وشەکان، دیاریکردنی یەکە، جووتئاراستەیی، هاو هێڵی سینتاکسی، گونجان و تەواوکاریی مۆرفۆلۆژیی، هاوجۆری دەنگیی، Diamorphs، چالاککردن، تێکەڵکردنی ڕێکخستنەکان، فرەیاسایی.

لەم سێ خاڵەی (مۆیسکین)ەوە و لەو نمونانەی دواتر دەیانخەینەڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چوار شێوەی زمانیی کۆد_تێکەڵکردن بەتایبەت لە ئاستەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا هەن:

١- وشە و مۆرفێمە بەندەکان هی زمانێکیانە و ڕێسا مۆرفۆلۆژیی، یان سینتاکسییەکەی هی زمانەکەی تر.

٢- وشە و قاڵبەکان هی زمانێکیانە و مۆرفێمەبەندەکان هی زمانەکەی تر.

٣- هەندێك لە وشە و مۆرفێمە بەندەکانی هی زمانێکە و بەشێکی تریان هی زمانەکەی ترە.

٤- وشە و مۆرفێمە بەندەکان و قاڵبەکانی لە ئاستی مۆرفۆلۆژییدا هی زمانەکەی ترە.

ئەم شێوە زمانییانەی کۆد_تێکەڵکردن لە تێکەڵکردنی کۆدەکانی زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزییشدا، لەو پێکهاتە زمانییانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد، بەدیدەکرێن، سەرەڕای زمانەکانی فارسیی و تورکیی و عەرەبیی و...هتد. تێکەڵکردن لە نێوان زمانەکانی کوردیی و ئینگلیزیدا، ڕێژەکەی کەمترە وەك لە نێوان زمانەکانی کوردیی و تورکیی و فارسیی و عەرەبیی، هەرچەند سەر بە یەك خێزانی زمانیین، چونکە بەریەککەوتن و تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لە نێوان ئاخێوەرانی دوو زمانەکەدا کەم و سنووردارە. بەڵام تێکەڵکردن لە نێوان زمانەکانی کوردیی و فارسییدا ئاسانترە وەك لە زمانەکانی تر، چونکە زمانی فارسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زمانی فەرمیی و پەروەردەیە، هەروەها دراوسێی باشووری کوردستانە و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی فراوان و فرە لایەن لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەیە، لە هەمووشیان گرنگتر هاوڕەچەڵەکیی زمانیی و لەیەکترچوونی فۆنەتیکیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی و تەنانەت هاوبەشیی واتاییش لە نێوانیاندا هەیە.

لێرەدا هەوڵدەدەین کۆد_تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردیی و ئینگلیزییدا بخەینەڕوو، بە نموونەی زمانەکانی تریش ڕوونتری بکەینەوە:

یەکهەم: لە ئاستی مۆرفۆلۆژیی و مۆرفیمە وشەداڕێژەکان و وشە داڕشتندا (چ وشەی لێکدراو بێت یان داڕێژراو)، وەك ڕێگەیەکی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و پڕکردنەوەی بۆشاییە فەرهەنگییەکانی، تێکەڵکردن لە نێوان زمانەکانی کوردیی و ئینگلیزییدا بە فراوانی و فرەشێوەیی ڕوودەدات:

١- وشەی کوردیی و قاڵبی ئینگلیزیی[39]، وەك نموونەکانی (٢٦).

٢- وشەی کوردیی و ئینگلیزیی بە قاڵبی ئینگلیزیی، وەك نموونەکانی (٢٧).

٣- وشەی کوردیی و ئینگلیزیی بە قاڵبی کوردیی، وەك نموونەکانی (٢٨).

٤- وشەی کوردیی و مۆرفیمی وشەداڕێژی ئینگلیزیی، وەك نموونەکانی (٢٩).

٥- وشەی ئینگلیزیی و مۆرفیمی وشەداڕێژی کوردیی، وەك نموونەکانی (٣٠).

٦- وشەی ئینگلیزیی بە قاڵب و کۆنجێکشنی کوردیی، وەك نموونەکانی (٣١).

(٢٦) */ڤینوار/= /ڤین+وار/=دیارخەر (ناو)+دیارخراو (ناو)*

(٢٧) */ڕەندگەلەریی، کوردماکس، دانیا سیتیی/= / دیارخەر(ناو)+*دیارخراو (ناو)

(٢٨) */تایپکردن، ، ئەکتیڤبوون/...*

٢٩)*/ئیهمالەیشن/*

٣٠)*/تایپەر، گۆڵکەر/*

٣١)*/گالاکسیی نۆت، ئایفۆنی گۆڵد/...*

سەرەڕای ئەمانە، کۆد_تێکەڵکردن لە نێوان زمانی کوردیی و زمانە دراوسێکانمان و زمانەکانی تری ناو کوردستان (وەك لە سەرەتای ئەم وەچەپارە و لە ٢/٢-٢ دا باسمانکرد) مێژوویەکی درێژی هەیە و تا ئێستاش بەردەوامە، تەنانەت مۆرفیمی بەندی ئەو زمانانە، هاتوونەتە ناو مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە:

١- ئەو مۆرفێمە بەندەی لە (٣٢-ا)دا خراوەتەڕوو، لە زمانی عەرەبییەوە وەرمانگرتون، لە نموونەی (٣٢-ب)دا تێکەڵکراوە. هەروەها نموونەکانی (٣٣)، وشەکان عەرەبیین و لاگر و بەستەرەکانیان کوردیین.

*٣٢) ا) (-ة)...*

*ب) /دوکتۆرە/*

(٣٣ */ناڕازیی، عەمەلییەی سیاسیی، حەشدی شەعبیی/...*

[39]- هەرچەند لە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییدا قاڵبی وشەلێکدانی وا هەیە، کە دیارخەر بکەوێتە پێش ناوەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئاوەڵناو بێت.

٢- مۆرفیمە بەندەکانی وەك نموونەی (٣٤)، تورکیین و لە وشەکانی (٣٥)دا تێکەڵکراون. هەروەها وشەکانی (٣٦)یش هەر تێکەڵکراوی کوردیی-تورکیین.

*٣٤)(-لی، -چی)*

*٣٥)/قامیشلیی، شەمدینلیی، تونجەلیی، تەنەکەچیی، لەحیمچیی/...*

*٣٦) /جەردەوان/=ناوی تورکیی+پاشگری وشەدارێژی کوردیی.*

*/قەرەهەنجیر/= ناوی تورکیی (قەرە)+ناوی کوردیی (هەنجیر)،*

دووهەم: لە ئاستی ڕستەدا تێکەڵکردن لە بوونیاد و شێوەی ڕیزبوونی فرێزەکان و مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا ڕوودەدات. هەروەها دەربڕینی ڕستەی زمانێکیان بە ڕێزمانی ئەوی تریان، شێوەیەکی تری تێکەڵکردنە لە نێوان زمانی کوردیی و ئینگلیزییدا، کە بە پێی هاوشێوەیی، یان لێکچوونی بوونیادی ڕێزمانی دوو زمانەکە و بوونی وشەی گونجاو لە هەردوولا، تێیکەڵکردنیان ئاسانتر دەبێت (Bullock & Toribio,2009:4). بە کورتی دەتوانین شێوەکانی تێکەڵکردن لەمانەدا کورتبکەینەوە:

١- دەربڕینی ڕستەی کوردیی بە ڕێزمانی ئینگلیزیی، وەك لە نموونەی (٣٧)دا خراوەتەڕوو.

٣٧) *یەکەم: لەوێ چیت دەکرد؟*

*دووهەم: من دەژەنی پیانۆ.*

٢- دەربڕینی ڕستەی ئینگلیزیی بە ڕێزمانی کوردیی: ئاخێوەرێکی ڕەسەنی زمانی ئینگلیزیی ڕستەیەکی وەك (٣٨) دەردەبڕێت. بەڵام ئاخێوەرێکی کورد کە دەیەوێت بە ئینگلیزیی قسەکردن بکات، بە دوو شێوە هەمان ڕستە دەردەبڕێت، وەك ئەوە دەکات کە لە کوردییدا وشە و فرێزەکان لادەدات، وەك نموونەکانی (٣٩)، چونکە لە زمانی کوردییدا ڕێگەی پێدەدرێت، وشەکان لاببات و لە بریان جێناوی لکاو دابنێین، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە لە ئینگلیزییدا جێناوی لکاو نییە، بۆیە زۆرجار وەك هەڵە لێیاندەڕوانرێت، وەك نموونەی (٤٠).

٣٨) *You want to push the Pen".*

٣٩)أ- *Push pen.*

ب- *Pen push.* (جاس و سلینکر،٢٠٠٩: ١٩٤)"

٤٠) *Man[s] came[s].* *(پیاوەکان هاتن.)*

(کاروان عومەر قادر، ٢٠١٤)، نمونەکانی (٣٩–ا) و (٣٩–ب) بە هەڵە و گشتاندنی فێرخواز دادەنێت. بە ڕای ئێمە ڕاستە گشتاندنە، بەڵام هەڵەنین، بەڵکو بە پێی (تیۆری بێدەنگی) و (تیۆری ناوەندە زمانی Interlanguage Theory) دەکرێت بە سەرەتایەکی فێربوونی زمانی دوهەمی دابنێن. بە پێی تیۆری (Baby Talk)یش سەرەتایەکە بۆ تێکەڵکردنی کۆدەکان و دروستبوونی زمانە تێکەڵەکان.

٣– دەربڕینی فرێزە کوردییەکان بە پێی فرێزە ئینگلیزییەکان و بەکارهێنانی مۆرفێمە سینتاکسییەکانی، وەك نموونەکانی (٤١) و (٤٢). هەروەها هاوشێوەی ئەم کۆد_تێکەڵکردنە لە نێوان زمانی کوردیی و زمانەکانی تری وەك تورکیی و فارسیی و عەرەبییشدا ڕوودەدەن، وەك لە نموونەکانی (٤٣) و (٤٤)دا خراوەتەڕوو.

*٤١) (a) سەیارە (parked) کراوە (in the) گەراجەکە.*

*٤٢) بە رای من (is that) مێزەکان پێشمەرگە (very) کارەمان.*

*٤٣)کاکە بلا زحمة بدە من دجاج.* (کوردیی–عەرەبیی)

*٤٤)ما ئەرینا و محەمەدیم، حەز بە زمانی فارسی کردیم.*

## ٣/٢) ئەنالۆژیی و ئەنالۆژیی زمانیی

پێشتر (لە پارەکانی ٢/١ و ٢/٢دا) باس و لێکۆڵینەوەمان دەربارەی بابەتەکانی (کۆد، بەکۆدکردن و کۆدلێکدانەوە، کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن) کرد. لەم پارەیشدا هەوڵدەدەین کە باسی ئەنالۆژیی و ئەنالۆژیی زمانیی بکەین و لە تایبەتمەندیی و لایەنە جیاوازەکانی و کاریگەریی لەسەر زمان و پەیوەندی ئەنالۆژیی بە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردنەوە بکۆڵینەوە.

### ٣/٢–١) چەمك وپێناسەی ئەنالۆژیی:

ئەنالۆژیی (Analogy) وەك چەمك و بابەتێکی فەلسەفی و زانستی، هەر لە یۆنانی کۆنەوە هەتا سەردەمی ئێستامان شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆری لە بارەوە کراوە و هەوڵیانداوە کە چەمکەکەی بخەنەڕو و پێناسەی گونجاوی بۆ بکەن. وەك ئەوەی کە لە (ئەکلیدیس)دا بە واتای دانەپاڵ و هاوپەیوەندی یان هاوبنچینەیی دێت و لە یۆنانی و ئینگلیزییشدا بە واتای دانەپاڵی شتێك بە شتێکی تر هاتووە (James F. Anderson, J. 1967: 1). هەروەها (محەمەد مەحوی)یش چەمکی ئەنالۆژیی بە (نموونەی چاولێکراو Model) یان (چوونییەکی/ چوون ئەویی) ناساندووە (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٥٢). پەیوەست بە بابەتە فەلسەفییەکانیشەوە،

(جەیمس ئەندەرسۆن (Anderson, J. 1967: 13)) دەڵێت: "ئەنالۆژیی چەمکێکی ئەبستراکتە و سرووشتێکی جیهانی هەیە". ئەم چەمکە لە ڕێگەی فەلسەفەوە هاتووەتە ناو لێکۆڵینەوە زانستییەکانەوە (Hauser, & Ltd,2008: 261). چەمکێکی کردەییە و گریمانەکانیشی لەسەر بنەمای لێکدانەوەی زانیاریی و ڕووداوەکانە و هەر گۆڕان و لادانێك دیاریدەکات و ئەنجامی بەدواگەڕانەکە دەخاتە ڕو. هەربۆیە (ئۆگۆست شیلاشێر)یش هەوڵیداوە، کە لە ڕێگەی چەمکی ئەنالۆژییەوە لێکدانەوە بۆ لایەنە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵەکان بکات (افیج،١٩٩٠: ٩٥). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بە لقێکی (زانستی واتا/ واتاسازیی) دانراوە و واتاکەشی بەوە لێکدراوەتەوە، کە جێبەجێبوونی شێوەی لێکدانەوەی جۆرێکە بەسەر جۆرێکی تردا و بوونی هاوشێوەییە لە نێوان ئەو دوو جۆرەدا. واتە لەبەرگرتنەوەی شتێك لەسەر هەمان قاڵب و ڕێسا، کە شتێکی تری لەسەر دروستکراوە، یان وەك ئەوەی، کە (دیساسۆر De Saussure ١٩٨٥) دەڵێت: "ئەنالۆژیی واتە بوونی نموونەیەك، یان شێوەیەك و لاساییکردنەوەی دەستووربەندانەی ئەو شێوەیە بەپێی یاسایەکی دیاریکراو (لا: ١٨٤)".

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکی ئەنالۆژیی، هەندێك لە زانایان نموونەی گواستنەوەی ئاو و کارەبایان هێناوەتەوە، واتە وەك چۆن ئاو بەناو بۆریدا دەگوێزرێتەوە ئاوەهاش کارەبا بەناو تەلدا دەگوێزرێتەوە، یان وەك لێکچوو ونی نێوان شەپۆلی دەنگ و شەپۆلی گۆمە ئاوێك، کە بەهۆی تێفرێدانی بەردێکەوە دروستبووە (Roedder & Herman, 2008: 1)، یان بە شێوەیەکی تر، "چەمکی ئەنالۆژیی لە نێوان بەدەستهێنانەوەی ناسنامەو پێگە لەناو گرووپێکدا نێوەندگرە و بەسەر جۆرێك لە شێوەکانی لێکچووندا جێبەجێدەبێت (Anderson,1967:5)".

هاتنەناوەوەی ئەم چەمکە بۆ ناو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و بەدوادا گەڕانە فەلسەفییەکان ،چەند هۆکارێکی هەیە[٤٠](Anderson,1967: 7-15):

١- هاتنەناوەوەی تیۆریی زانیاریی، کە گرنگیی بە ڕایەڵ و پەیوەندییە جیهانییەکان دەدات، وەك ئەوەی کە هەیە.

٢- پەیوەندیی نێوان بوونیادەکان و نا بەرامبەری بوونیادی شتەکان. واتە وەك نێوەندگرێك لە نێوان ناسنامەداریی و نەگونجاویی گریمانەییدا هاتەکایەوە.

٣- لە زانستی لاهوتییدا لەسەر بنەمای نایەکسانی گرنگیی پێدراوە و لەناو نایەکسانیشدا ڕووبەرێکی فراوانی ڕۆشبیریی مرۆڤی داگیرکردووە.

---

٤٠- خاڵەکانی (١-٥) لە ناویراوەوە هەڵمانهێنجاندوە.

٤- یەكێك لە تایبەتمەندییە گرنگەكانی، پێشبینیكردنە. واتە لەسەر ئەو ڕێباز و قاڵب و شێوەیە و یەكە و كەرەستانەی كە لە بەردەستدان و دركیانپێكراوە ،پێشبینی هێنانەدی و هاتنەدی كەرەستە و یەكەو شێوەی نوێ دەكەین.

٥- هۆكارێكی دۆزینەوەی ئەنالۆژیی ئەوەیە، كە هەندێك لە بیرمەندان پێیانوایە، دەكرێت لە میتافیزیكدا دەكرێت لە تێكەڵكردنی دوو تێڕوانین لەسەر هەمان شت بەكاربهێنرێت.

٦- هیچ چەمكێك لە دەرەوەی پۆلەرەگەزەكان ناهێڵێتەوە. واتە "ئەنالۆژیی وەك بەشێك لە ڕێسا گشتییەكان، دەتوانێت سنوورێك بۆ دیاردە ناباوەكان دابنێت (Anderson, J. M. 2004\5: 1)".

٧- لە ڕووی تیۆریشەوە كۆتوبەند كراوە و لایەنە جیاوازەكانیشی خراوەتەڕو (Roedder & Herman,2008: 1).

٨- یارمەتیدەرێكی باشە بۆ دركپێكردن، بیركردنەوە، گەیشتنەئەنجام و بڕیاردان.

بەپێی ئەوەی لە پێشەوە باسمانكرد، دەتوانین بڵێین ئەنالۆژیی یارمەتیدەرێكی باشی لێكۆڵینەوە زانستییەكانە لە گەیشتن بە دەرئەنجام و دركپێكردن و بڕیاردان، بۆ ئەوەش سێ گریمانە دەخاتە بەردەستمان، كە ئەمانەن (Anderson, j. f. 1967: 2):

١- نایەكسانی/ نابەرامبەریی.

٢- گونجاوی و هاوڕەگەزیی.

٣- دانەپاڵی شتێك بۆشتێكی تر.

## ٢/٣-٢) چەشن و جۆرەكانی ئەنالۆژیی

ئەنالۆژیی وەك هەر بابەتێكی تری زانستی، چەند شێوە و جۆرێكی هەیە. (جەیمس ئەندەرسۆن (Anderson,1967:1-17)) باسی چەند جۆرێكی كردووە، كە لێرەدا دەیانخەینەڕوو:

١-ئەنالۆژیی هاوبنەچەیی (گونجاویی): ئاماژەیە بۆ پەیوەندی و هاوشێوەیی، یان هاوبنەچەیی چەند یەكەیەك. یان دانەپاڵی یەكەیەك یان ژمارەیەك یەكەیە بۆ یەكەیەكی تر، كە یەكە سەرەكییەكەیە و هەموویان لەو یەكە سەرەكییە كەوتونەتەوە. بەڵام پەیوەندی نێوان یەكە سەرەكییەكە و یەكەكانی تر هەمەكیی یان كەمەكیی یەكسانن و لەسەر بنەمای ئەو یەكسانییەش دروستبوون. ئەم جۆرەی ئەنالۆژیی لەسەر بنەمای ڕێژەی هاوشێوەییان وەستاوە، وەك لە نموونەكانی (٤٥) خراوەتەڕوو، كە نموونەی زمانیین و ئەنالۆژییانە لەسەر شێوەی یەكتر دروستمانكردوون و لە لێكدانەوەی قاڵبی دروستكردنیاندا، پشتیوانی یەكدی دەكەن.

*٤٥) ا) /شیر، تیر، میر/...*

ب) /*ترێ، گرێ، کرێ*/

٢–ئەنالۆژیی پاڵپشتکردن: چەمکە سەرەکییەکە تا ڕادەیەك دیاریکراوە. بەهۆی هەندێك پەیوەندی هۆکارییی دیاریکراوەوە، لەمەوە چەمکەکە بۆ یەکەکانی تر دەگوێزرێتەوە. بەڵام هیچ ڕێگەیەك، یان خاڵێکی هاوبەشیان نییە، تەنها پاڵپشتکردن لەیەکە سەرەکییەکەوە نەبێت. واتە پەیوەندییەکەیان پاشکۆیەتییە، وەك لە نمونەی (٤٦)دا خستوومانەتەڕوو. بەهۆی (ڕۆژانەوە) و لەسەر قاڵبە ئەنالۆژییەکەی، دروستمانکردوون.

٤٦) /*ڕۆژانە: هەفتانە، مانگانە، ساڵانە*/...

٣–ئەنالۆژیی بەرایی: ئەم جۆرە لە ئەنالۆژیی پێویستە لە ڕووی بوونی یەکە سەرەکییەکە و ڕێژەی تەمەنییەوە لە چاو یەکەکانی تردا، لێیبڕوانین، نەك لە ڕووی پەیوەندیدارییەوە. واتە بە یەکە سەرەکییەدا، یەکەکانی تر دەناسینەوە. بۆ نموونە لە زماندا "ژمارەیەکی کەمن لە وشەکانی زمان، بەڵام دیار و دەرکەوتون. هەموو وشەکانی زمانیان بە یەکەوە بەستووەتەوە و بە بناغەی زمان دادەنرێن (فاڕووق عومەر سدیق،٢٠١٣: ١٥٠)". بۆ نموونە وەك پەیوەندی نێوان وشە ڕەسەنەکانی زمانی کوردیی و وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان، کە لە نموونەی (٤٧)دا خستوومانەتەڕوو.

٤٧) ا) /*دروستکردن: لایککردن، سێرچکردن، هاککردن*/...

ب) /*بەبەردبوو: بەئیدیۆمبوو، بەلێکسێمبوو*/

## ٢/٣–٣) ئەنالۆژیی و زمان:

ئەنالۆژیی زمانیی (شێوازی فێربوون و فێرکردنی زمان، کارکردنی زمان، ڕۆڵی زمان لە بیرکردنەوەدا، توانستی ئاوەزیی و زمانیی مرۆڤ بۆ ناونان و پۆلێنکردنی شتەکانی دەوروبەریان، توانای داهێنان و بەدواداچوونیان و بەبرشتی ڕێسا زمانییەکان دەخاتە ڕو. هەروەها "هەوڵی چەسپاندن و بەهێزکردنی ڕێسا و یاسا زمانییەکانی وشە دروستکردن و وشەدارشتن (Dwyer & Ltd,2010: 491)" و پاراستنی بنەما و ڕێسا چەسپاوەکانی توانست دەدات. هەروەها سەرکەوتوش بووە لە یەکخستنی شێوازە مۆرفۆلۆژیی و ڕێزمانییەکاندا (فردیناند دیساسۆر،١٩٨٥: ١٨٥).

کۆمەڵێك بنەمای زمانیی هەن، جیهانیین و لە هەموو ئەو زمانانەی مرۆڤ قسەکردنیان پێدەکات، گشتگیر و هاوبەشن و لەیەکدەچن، ئەم بنەمایانە بە ڕای (چۆمسکیی Chomisky) لە مێشکی مرۆڤدان و بەشێکن لە

توانستی ئاوەزیی. لە بەرامبەریشیدا کۆمەڵێك ڕێسا و بنەمای تر هەن، کە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو. ئەم دوو لایەنە (جیهانی و تایبەتییەکان) پێکەوە زمان دروستدەکەن. دەبێت ئەوەش بڵێین، کە بەپێی چەمکی ئەنالۆژیی، هەر لادانێك لەو ڕێسایانە بە کارێکی نامۆ و شاز دادەنرێت و هەوڵدەدرێت لە چوارچێوەی ڕێسایەکی نوێی ئەنالۆژییدا جێگەی بکرێتەوە. ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە کە ئەنالۆژیی "بە تەواوی لە ناو یاسا و ڕێسا زمانییەکاندایە و ئەنجامە کۆتاییەکەیشی دروستکردنی یەکەیەکی نوێیە لە قسەکردنی کەسێکدا (دیساسور،١٩٨٥: ١٨٨)". بەڵام پێش ئەوەی شێوە دروستبوون و ڕیزبوونی هەر یەکەیەك ببێت بە ڕێسایەکی ئەنالۆژی، پێویستە ئەو شێوە دروستبوون و ڕیزکردنە لە لایەن ئاخێوەرانەوە قبووڵکراو بێت و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی کۆمەڵی لەسەر کرابێت (وەك لە بەشی یەکەمدا باسمانکرد)، بۆ ئەوەی ببێت بە ڕێسایەکی باو و بڵاو و بەرهەمدار.

لە بارەی ئەنالۆژیی و پێکهاتە و ئاستەکانی زمانەوە، (جۆن ئەندەرسۆن (Anderson, J. M. 2004\5 :4)) تێبینی ئەوەی کردووە، کە پەنابردنە بەر ئەنالۆژیی لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا شێوەی جیاوازیی هەیە و بەپێی ئاستە زمانییەکان پۆلێندەکرێن، وەك ئاستی فۆنۆلۆژیی و ئاستی ڕێزمان. هەروەها مۆرفۆلۆژیی و فەرهەنگ و واتاش لەخۆدەگرێت. ئەوەش لەو ڕوانگەوەیە، کە هەموو زمانەکان کۆمەڵە دەنگێکن، کە ئەندامەکانی قسەکردن دەریاندەکات و بە شێوەی بەدوایەکداهاتوو ڕێکخراون بۆ ئەوەی واتادار بن (ماریۆپای،١٩٩٨: ٤٠). واتە هەر زمانێك بەبێ جیاوازیی کۆمەڵێك دەنگ/ فۆنێمی هەیە، کە بەپێی چەند ڕێسایەك، برگە دروستدەکەن و لە ئەنجامی لێکدانی برگەکانیشەوە وشەی واتادار دروست دەبێت. مرۆڤ لە توانایدا هەیە بەو ژمارە کەم و دیاریکراوە لە فۆنێم و ڕێسای دروستکردنی برگە، لەسەر بنەمای برگەیەکی دروستکراوی نموونەیی لە هەر ڕێسایەکیان، ڕادەیەکی لە ژمارەنەهاتوو برگە و وشەی ئەنالۆژی دووبارەنەبووەوە بۆ دەربڕینی بیر و واتای جیاواز دروستبکات. بەوەش ئەنالۆژیی یارمەتیدەر دەبێت بۆ دۆزینەوە و دیاریکردنی ڕێساکان و چۆنێتی ڕیزبوونی دەنگەکان، دروستکردنی برگە، دروستکردنی وشە. هەروەها بۆ برگە نامۆ و نوێیەکانیش ڕێسای نوێ دادەنێت. هەروەها ڕێسایەکی تری جیهانی هاوبەش لە نێوان هەموو زمانەکاندا ئەوەیە، کە هەموو زمانەکان لەسەر وشە دروستکردن و ڕێککەوتن لەسەریان وەستاون (بای،١٩٩٨: ٤١). هەروەها هەموو زمانەکان وشە دەخوازن، وشەیان بەکارهێنانیان نامێنێت، یان فۆرم و واتای وشەکانیان دەگۆڕێت. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێژەی کەرەستە و یەکە فەرهەنگییەکانیان هێندەی سنووری بیرکردنەوەی ئاخێوەرانیانە و وشەکانیشیان بۆ چەند پۆلە ڕەگەزێك دابەشبوون. لەگەڵ ئەو لایەنە جیهانییەی وشە دروستکردندا، هەر زمانێك مۆرفۆلۆژیی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە ڕێگەی لەیەکدانی مۆرفیمە بەند و ئازادە

فەرهەنگییەکانەوە، بەپێی چەند ڕێسایەکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی وشە و یەکەی نوێی داڕێژراو و لێکدراو دروستدەکات. بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا جگە لە مۆرفیمە ئازادەکان (ئامرازی لێکدەر، پێشگر و پاشگر)ی فەرهەنگیمان هەیە، کە یارمەتیدەرن بۆ دروستکردنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو.

هەروەها هەموو زمانەکان ڕێزمانێکیان هەیە. ئەنالۆژیی بەشێکە لەو ڕێزمانە، چونکە هەستی مرۆڤ و تێگەیشتنی بۆ پەیوەندی نێوان ڕێژە هاوشێوەکان لەخۆدەگرێت (فردیناند دیساسۆر،١٩٨٥: ١٨٨). لە خستنەتەکیەکی وشەکان و یاسا ڕێزمانییەکان و فەرهەنگی ئاوەزییان پێکهاتووە. هەروەها دابەشکردنی ئەرکی وشەکان و فرێزەکانی ناو ڕستەش لەناو هەموو زمانەکاندا هەیە. سەرەڕای مۆرفیمە دەکییەکان کە ڕۆڵیان ڕێکخستن و پێکەوە بەستنەوەی بەشەکانی ڕستەیە. واتە لە ڕوانگەیەکی ترەوە، بە پێی تیۆرییە باوەکانی ڕێزمان، ڕێزمان و نیشانە زمانییەکان کۆمەڵێکی بچووکن لە ئامادەسازی (Prinz,2008: 3). سەراڕی ئەوەش هەر بەپێی چەمکی ئەنالۆژیی، هەموو زمانێك ڕێزمانێکی هەیە کە شێوە پێکهاتە و ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ نموونە ڕێزمانی کوردیی (S.O.V)یە، بەڵام ڕێزمانی زمانێکی وەك ئینگلیزیی (S.V.O)یە و زمانی عەرەبییش (V.S.O)یە. هەروەها لە زمانی کوردییدا جێناوە کەسییەکان لکاون و دەنووسێن بە یەکێك لە کەرەستەکانی ناو ڕستەوە، بەڵام ئەوە لە زمانی ئینگلیزییدا بەو شێوە نییە و نانووسێن بە وشەکانی ناو ڕستەکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توانستی زمانی یارمەتی ئاخێوەر دەدات کە بە کەرەستە و ڕێسا دووبارەکانی زمان، داهێنان لە بەکارهێنانی زماندا بکات (Itkonen,2005: 70). هەر بۆیە بەپێی ئەو ڕێزمانە، ئاخێوەر توانای دەربڕینی بێسنوورە و بێکۆتا ڕستەی دووبارە نەبووەوە بەرهەمدەهێنێت، هەمووشیان لەسەر بنەما و ڕێسای ڕستەیەکی تەواو نموونەیی ڕێزمانەکە بوونیادنراون. بۆ نموونە ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی بۆ دەربڕینی بیرێك، چەند شێوازێك بەکاردەهێنێت، وەك نموونەکانی (٤٨).

٤٨) أ) *ئەو ئازادە زیرەکە.*

*ب) ئازاد زیرەکە.*

*ج) ئازاد زۆر لە لاوێن زیرەکترە.*

ئەم سێ ڕستەیە بە ڕێزمانی کوردیی دەربڕاون. واتە کەرەستەکان لەسەر هەمان بنەما و ڕێسا ڕیز کراون، بەڵام سێ شێوەی جیاوازیی ئەو ڕێزمانەش دەنوێنن، بەبێ ئەوەی فێریکرابن، بەڵکو بەهۆی ئەزموونکردنی کارەکییانەوە، بەدەستمانهێناون و بوون بە یاسای ڕێزمانیی هەمان زمان. ئەوەش بەهۆی گەشەی بایۆلۆژیی، ژیریی و پاڵنەرە ژینگەییەکانەوە ڕوودەدات (Hauser & Ltd :254-255).

یەکەکانی هەر زمانێك بەپێی زانستی نیشانە و زانستی هێمالۆژیی، لە پەیوەندی هێما و هێمابۆکراو پێکهاتووە. یان وەك ئەوەی لە بابەتی (کۆد)دا باسمانکرد، کاتێك وتمان کۆدە زمانییەکان لە دەنگ و واتا یان لە فۆرم و ناوەرۆك پێکهاتوون و ئاخێوەران لەناو خۆیاندا ڕێککەوتنێکی پەنامەکییان لەسەریان کردووە. واتە وشە و ڕستەکانی هەموو زمانەکان واتا بەخشن و بۆ گەیاندنی واتا و دەربڕینی بیرن. لەم پەیوەندییەی بیر و واتا و ناوەرۆکی وشەکان بە دەنگ و فۆرمە زمانییەکان لە لایەك و دیاردە و شتەکانی دەوروبەرمان لایەکەی ترەوە، ئەنالۆژییانە لە هەموو یەکە واتادارەکانی زماندا دووبارە دەبنەوە.

سەرەڕای ئەوانە، زمان چەند تایبەتێتییەکی تری هەیە، کە ئاخێوەرانی هەموو زمانەکان ئەنالۆژییانە پەیڕەوی دەکەن و پارێزگاری لێدەکەن، وەك:

١– هەموو زمانەکان ڕێنووسیان بۆ نواندنی دەنگ/فۆنێمەکان هەیە. بەڵام هەر زمانێکیش ڕێنووسی تایبەت بە خۆی هەیە.

٢– هەروەها هەموو زمانێك دەربڕی بیر و ڕۆشنبیریی و کەلتوور و ناسنامەی کەسەکان و کۆمەڵەکانن.

٣– هەموو زمانەکان دابەشدەبن بۆ زار، شێوەزار و شێوازی کەسی. بەڵام لە ڕێژەی دابەشبوونەکەی و ژمارەی زارەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە.

٤– هەموو زمانەکان بۆ خەڵکانێکی دیاریکراو زمانی دایکیین و بۆ ئەوانی تر زمانی دووهەم یان زمانی بیانین.

هەربۆیە بۆ گەیشتن بەم لایەن و ئاستانەی زمان، بە تایبەت (وشە، فۆرم و واتای وشە و وشە دروستکردن)، ئەنالۆژیی و زانستی ئەنالۆژیی بەیارمەتی تیۆرییە زمانەوانییەکان، لە چەند ڕوویەکەوە لە زمان دەڕوانن[٤١]، لەوانە:

یەکەم: ئەنالۆژیای زمانیی

دووهەم: توانست و توانا.

سێهەم: زمانپژان و زمانفێربوون.

چوارەم: وشە دروستکردن و وشەدارشتن.

پێنجەم: گۆڕانی زمانیی و پێشبینیکردن.

شەشەم: کۆد_تێکەڵکردن و وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان.

---

[٤١]– ئەم لایەنانە پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەمانەوە دیاریمانکردون.

## ٢/٣-٣-١) ئەنالۆژیی زمانیی Lanuage Analogy

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی زانستی زمانەوە، ئەنالۆژیی وەك ڕێگەیەكی لێكۆڵینەوەی زانستیی، لەسەر دەستی (دیساسۆر De Saussure )[٤٢] هاتە ناو زمانەوە. ئەوەش بە مەبەستی لێكدانەوە و بەراوردكردنی گۆڕانە دەنگییەكان، چونكە وەك خۆیشی دەڵێت، ئەنالۆژیی بەرپرسە بەرامبەر گۆڕانە نادەنگییەكانی دەرەوەی وشە (دیساسور،١٩٨٥: ١٨٤). هەروەها دەیشڵێت: "مێژووی زمان ئەو بەڵگە و ڕاستییە كەڵەكەبووانە ڕووندەكاتەوە، كە پاڵپشتی چەمكی ئەنالۆژیی دەكەن (دیساسور،١٩٨٥: ١٩٤)". دواتر لە پاش ئەوەی كە (چۆمسكیی Chomisky) تیۆریی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و بیر و بۆچوونەكانی دەربارەی دەزگای زمانیی و ڕێسا جیهانییەكانی زمان خستەڕوو و هەر لەو دەمانەشدا بوو، كە "(جۆن ڕاوڵز)یش پێشنیازی ئەوەی كرد، كە ڕێسا سەرەتاییەكان دەربارەی یەكسانیی هەموویان پێڕەوبەندن. ئەوەش هاندەریكی باشی ئەنالۆژیی زمانیی بوو (Dwyer & Ltd,2010: 488)". هاندەرێكی تریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە چەمكی ئەنالۆژیی چەند واتایەكی لەخۆگرتووە، وەك (وەكیەكیی/ چوونیەكیی، دانەپاڵ، بەڵگەداركردن/پاڵپشتكردن، گونجاوی دووسەرە (بڕوانە محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٥٢ و Anderson, 1967).

سەرەڕای ئەوەش لە زمانەوانیی كلاسیكیدا، ڕۆڵێكی گرنگیی لەو لێكۆڵینەوانەدا هەبوو كە دەربارەی مێژووی زمان (Diachronic)بوون (Itkonen, 2005:67). هاندەرێكی تریش، كە هۆكاری گەشەكردنی ئەنالۆژیی زمانییشە، بەدواداچوون و وروژاندنی پرسیارە دەربارەی لایەنە خۆرسكییەكان و ڕێسا جیهانییەكانی زمان و ڕێزمانی جیهانیی (Hauser & Ltd,2008: 265)، كە وایكردووە زمانەوانان بۆ دۆزینەوە و شیكردنەوەی هەندێك لایەنی ئاڵۆزی ناو لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكان، پشت بە بیر و چەمكی ئەنالۆژیی ببەستن. واتە زمانەوانەكان و ئەنالۆژیستەكان هەر لە سەرەتاوە دركیان بە پەیوەندیی نێوان زانستی زمان و زانستی ئەنالۆژیی كردووە. دەبێت بڵێین، كە ئەو پەیوەندییەی نێوانیان دوو لایەنەیە. بە شێوەیەك، كە زمان لە ڕێگەی ناونان و دەربڕینەوە، ڕێسا ئەنالۆژییەكانی ناو زانستەكانی تر ئاشكرادەكات، بۆئەوەی لێكۆڵینەوەیان لەبارەوە بكرێت. لە بەرامبەریشدا بیری ئەنالۆژیی ڕوانگە و گریمانەی زیاتری خستووەتە بەردەست زمانەوانەكان، بۆئەوەی لە لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكاندا لایەنە شاراوەكان و ڕێسازمانییە ئەنالۆژییە ئەبستراكتەكان و یەكە دروستكراوە ئەنالۆژییەكان ڕوونبكاتەوە، بۆ گەیشتن بە ئەنجام و ساغكردنەوەی بۆچوونەكانیان. لەو گریمانانە (Dwyer & Ltd, 2010: 486-487 & 494 & 501-503):

---

[٤٢]- ئەم زانایە لە وانەكانییدا كە بونەتە بنەمای بە زانستبونی زمان، باسی ئەنالۆژیا و ئەنالۆژیای زمانیی، وەك بابەتێكی لێكۆڵینەوەی زمانەوانیی كردووە. لە وەرگێڕانە عەرەبییەكەیدا، كە وەك سەرچاوە سوودمان لێوەرگرتوە، لاپەڕە (١٨٤-١٩٦)ی داگیركردوە.

١–بە هاوکاریی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، هەوڵی پەسنکردنی بوونیاد و کردە بیرکاری و ژێربێژییەکان دەدات، کە لە هەموو شوێنێکدا و بە بێ سنوور توانستە مرۆڤییەکان بۆ بەکردەییکردن بەکاردەهێنن و کار لە نواندنی ڕێکخراوانەی کردار و ڕووداوەکان دەکەن. بەپێی ڕێزمانی جیهانییش، جیاوازییەکان دیاریدەکات و بە دوای ڕادەی جیاوازییەکاندا دەگەڕێت و هەوڵی لێکدانەوەیان دەدات. هەروەها گریمانەی ڕێساگەلێکی چەسپاو و بنەماگەلێکی گشتیی و کۆمەڵێك زانیاریی تایبەت بە هەر زمانێك دەکات، کە هەڵبژاردنەکان دیاریدەکەن.

٢–گریمانەی بوونی توانستگەلێك دەکات، کە بەر تەوژمی گۆڕانکاری ناکەون. واتە کرۆکە توانست دژی هەوڵی گۆڕانکاریی دەوەستێتەوە. هەروەها داوای جەختکردنەوە لەسەر ڕێسا نەریتییە پێگەیشتوو و چەسپاوەکان و گەشەپێدانی توانستی بڕیاردان دەکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گریمانەی ڕەوتێکی گەشەکردنی نموونەیی توانستی ئاوەزیی دەکات، بۆ دەرکەوتنی توانستی جیاواز، کە یارمەتیی بڕیاردان دەدات. هەروەها پرسیاریان لە بارەوە دەوروژێنێت و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکات.

٣–داوای گرنگیدان بە ڕێسا مەعنەوییەکانی هەر کۆمەڵێك دەکات، کە ڕەنگە ببێتە هۆی دۆزینەوە و خستنەڕووی کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای بنەڕەتی وردی بەرپرسیار لە هەموو شتێك. واتە دەرفەتی دیاریکردنی ئەوەمان پێدەدات، کە چۆن مێشکی مرۆڤ درك بە زمان و کۆمەڵ پێدەکات، لە بنەڕەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵ. بۆ شیکردنەوەی ئامانجە ئاڵۆزەکانی مۆراڵ و ڕۆشنبیریی، پێڕەوی ڕێبازێکی ڕوون دەکات. هەروەها هەوڵی ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان پێڕەوە ژێربێژییەکە و دیاردە ڕۆشنبیرییەکان دەدات، کە پێویستییەکی بنەڕەتیین بۆ ئاراستەکردنی یاسا و بڕیارەکان. سەرەڕای ئەوەش گریمانەی ئەوە دەکات کە مۆراڵ و ڕەفتارە زمانییەکانی گەلێك دەرهاویشتەی مۆراڵی فۆلکلۆریی تایبەتی ئەو گەلەن و تاڕادەیەك پارێزراون.

٤–ئەنالۆژیی زمانیی هەوڵی ئاسانکردنەوەی مۆراڵ بەگشتیی دەدات، بۆ ئەوەی چاکتر و زیاتر بەردەست بێت و هەوڵی بەدیهێنانی خواستەکان و توانای پەسنکردن و شیکردنەوە دەدات. واتە "هەوڵی ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی ئاراستەی یەکە و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانە (Hauser & Ltd,2008: 311)".

## ٢/٣-٣-٢) ئەنالۆژیی و (توانست و توانا)

ڕوانگەیەکی ئەنالۆژیی بۆ زمان لە چوارچێوەی توانست و تواناداية[٤٣]. ئەوەش لەو ڕووەوەیە کە لایەنگرانی ئەنالۆژیی زمانیی جەخت لە لایەنە ئەبستراکتەکانی زمان (توانستی زمانیی) دەکەنەوە (Dwyer & Ltd, 2010: 490). مەبەستیش لە توانستی زمانیی هەموو ئەو زانیارییە زمانیی و ڕۆشنبیرییانە دەگرێتەوە کە کەسێك دەتوانێت دەستی پێیبگات و وا دەکات، کە دروستکردنی ڕستە و تێگەیشتن لێی کارێکی لەتوانادابوو بێت (Hauser & Ltd,2008:254). ئەو زانیارییانەش، کە لە دەستگا زمانییە خۆڕسکەکەی مێشکدا هەڵگیراون، بەشێکیان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو و هەندێکی تریشیان لە نێوان هەموو زمانەکاندا هاوبەشە، هەروەها هەندێکیان پێویست و ناچاریین و هەندێکی تریشیان خۆویستن (Hauser & Ltd,2008: 253). توانستیش یارمەتی بەکارهێنەرانی زمانێك دەدات، بە پشتبەستن بە ئەنالۆژیا و ڕێسا تایبەتیی و جیهانییەکان، یەکە و پێکهاتە و دەربڕراوی زمانیی جیاواز دروستبکەن.

مەبەستیش لە توانای زمانیی، کۆمەڵێکی ڕەنگاوڕەنگ لە ئاستەنگ دەگرێتەوە کە دێتە سەر ڕێگای بە نموونەکردنی بنەما زمانیی و ڕۆشنبیرییە بەرپرسەکان لە قسەکردن و تێگەیشتن لە گوتراوەکان (Dwyer & Ltd, &...,2010: 488). یان وەك ئەوەی کە (مارك هاوسەر و هاوڕێکانی) دەڵێن: لایەنی دەرەکی وەك (کەسەکان، دەستگاکان، کەشوهەوا و ژینگە، ماوەی نێوان ئاخێوەر و گوێگر و...هتد) دەگرێتەوە (Hauser & Ltd, 2008). واتە توانا دەربڕی توانستە، یان دەربڕینی توانستە، بەڵام خودی توانست خۆی نییە، یان هاوشێوەیەکی ڕاستەقینەی توانست نییە، یان بە شێوەیەکی تر دەگمەنە مرۆڤێك هەبێت توانای دەربڕینی تەواوی توانستە زمانییەکەی خۆیی هەبێت. بەڵکو هەمیشە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکاری بایۆلۆژی، تایبەتی، سۆزداری، یان ژینگەیی و کۆمەڵایەتییدایە.

## ٢/٣-٣-٣) ئەنالۆژیی و (زمانپژان و زمانفێربوون)

لایەنێکی تری ڕوانینی ئەنالۆژیی بۆ زمان، لە زمانپژان و زمانفێربووندایە:

١-زمانپژان: چۆن توانست و توانا دەکەونە کار و بنەما خۆڕسکەکان، یان دەستگا زمانییەکەی مێشك هەر لە لەدایکبوونی منداڵەوە ئامادەکاریی بۆ وەرگرتنی زانیاریی زمانیی دەکات (وەك لە پاری ٢/١ باسمانکردن). لە کارلێکی نێوان زمان و بنەما خۆڕسکەکان/دەستگا زمانییەکەیشدا، بنەما و پێوەرەکان، بەهۆی ئەوەی، کە

---

[٤٣]- ئەمە بۆ (زمان Langue و گوتن Parole)یش تاڕادەیەك بە هەمان شێوەیە.

دەتوانن چوارچێوەی زمان دیاریبکەن، وادەکەن زمانپژان و زمانفێربوون کارێکی کردە بێت و وا لە منداڵ دەکەن، پێڕەوێکی ڕێکخراو لەگەڵ توانستی بێسنووری دەربڕین، پێکبهێنێت (Hauser & Ltd,2008: 256).

٢–زمانفێربوون: کە مەبەست لێی فێربوونی زمانی دووهەم و دواترە. هەموو زمانێك دەکرێت مرۆڤ فێری ببێت و هەر مرۆڤێکیش دەتوانێت چەند زمانێك فێربێت. بەو هۆیەشەوە توانای پەیوەندیکردنی بێسنووری دەربڕین دەبەخشنە ئاخێوەرانیان. سەرنجی زمانەوانان بە گشتیی لە زمانفێربوونی منداڵاندا لەسەر چەند خاڵێکە (Dwyer & Ltd, 2010: 492-493)[٤٤]:

١– بڕیاردان لەسەر دەربڕینەکانی، کە ئایا ئەو زنجیرە دەنگییە لە زمانەکەدا ڕێگەپێدراوە. واتە ڕێسا ئەنالۆژییەکانی پێڕەو کردووە یان نا.

٢– ڕێکخستنەوەی زنجیرە دەنگییەکە، بە پێی ڕێساکانی ئەو زمانە، بۆئەوەی ڕێگەپێدراو بێت (ئەگەر هەڵەی تێدا بوو).

٣– دیاریکردنی واتا ئاشکرا و نهێنییەکانی هەر دەربڕراوێك، یان زنجیرە دەنگێك.

٤– گەشەی دەروونیی و وردی درککردنی بۆ شتەکان.

٥– توانستی بڕیاردان، کە ئەنالۆژیی دەیبەخشێتە ئاخێوەر.

٦– پەیوەندی نێوان ڕاستکردنەوە و گۆڕانی شێوازەکان.

## ٢/٣–٤) ئەنالۆژیی وشە دروستکردن

پێشتر زانیمان (وەك لە پاری ٢/٣ و وەچەپاری ٢/٣/٤ باسمانکرد)، کە ئەنالۆژیی و ئەنالۆژیی زمانیی چین. بەو پێیەش کە لێکۆڵینەوەکەمان لەسەر وشە کۆد_تێکەڵکراوەکانە، هەر بۆیە لێرەدا باسی ڕێگە و ڕێبازەکانی وشە دروستکردن بکەین، بۆ ئەوەی وەك بنەمایەکی تیۆریی لە بەشی سێهەمدا بۆ لێکدانەوە و شیکارکردنی نموونە وەرگیراوەکانی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان سوودیان لێوەربگرین. هەربۆیە ئێستا دێینە سەر باسی ئەنالۆژیی وشە، بەڵام لە پێشدا دەبێت بزانین، کە وشە خۆی چییە و بۆ دروستدەکرێت؟

بەو پێیەی کە مرۆڤ بەردەوام بیر و دیاردە و ڕووداو و کەرەستە و دروستکراوی نوێ دێتە ناو ژیانییەوە و گیرۆدەیان دەبێت و بەکاریاندەهێنێت، بەردەوام پێویستی بە دۆزینەوەی ناوی نوێ هەیە بۆ ناونانیان، ئەو ناونانەش پێواژۆی لەبریدانانە (نوێنەرایەتیی) و ناوەکەش لە زانستی زماندا پێیدەوترێت وشە، کە لە بری شتێك دادەنرێت. زمانەوانەکان لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانیاندا پێناسە و لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ

[٤٤]– ئەم خاڵانە دەکرێت، بۆ لێکدانەوەی زمانپژانیش سوودیان لێوەربگیرێت.

کردووە. یەکێك لەوانە ئەم پێناسەیەیە، کە دەڵێت، وشە "بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو، مانایەك دەبەخشێت (وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٩: ١١٢)". کەموکورتی ئەم پێناسەیە لەوەدایە کە مەرج نییە هەموو کاتێك بە زار دەربیبڕین، بەڵکو دەکرێت بیری لێبکەینەوە بێئەوەی بیڵێین (شەهاب،٢٠١٤: ٦٧). یان وەك دەوترێت، "وشە بریتییە لە یەك یان جووتێك مۆرفێمی بنەڕەتی، لەگەڵ یەك، یان جووتێك مۆرفێی لکاو (لارس مێلین،٢٠١٠: ١٩)". بەپێی ئەم پێناسەیە هەر وشەیەك لە مۆرفێم پێکدێت، واتە وشە هەیە یەکسانە بە مۆرفێمێکی ئازاد، وشەیش هەیە کە لە دوو مۆرفێمی ئازاد، یان دانەیەکی ئازاد و دانەیەکی یان زیاتری بەند پێکدێت. لە لایەکی تریشەوە دەوترێت: "وشە بچووکترین دانەیە، کە توانای بزواندن یان جوڵاندنی هەبێت، (لە لای هەندێکی تریش) وشە ئەو دانەیە، کە ڕۆنانێکی چەسپاوی لە ناوەوە هەیە و ئەو کەرتانەی، وشە پێکدەهێنێت، هەرگیز بە جۆریتر لەیەکنادرێن و کەرەستەیەکی تر ناتوانێت بچێتە نێوانیانەوە (شەهاب،٢٠١٤: ٦٨)".

هەر وشەیەك چ کۆن بێت یان نوێ، دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت (شەهاب،٢٠١٤: ٧٢-٧٣):

١- سیمایەکی فۆنەتیکی هەبێت و وێنەیەك، یان بیرێك لە مێشکدا بگەیەنێت. واتە واتادار بێت و ئاماژەیە بۆ شتێك لە جیهانی واقیعدا بکات، واتە ناونانی شتێك بێت لە جیهانی واقیعدا، کە بە سێگۆشەی هێمالۆژیی ناودەبرێت (محەمەد مەحوی،٢٠٠٩: ٥٨).

٢- "قەبارە و بەهای ڕێزمانی هەبێت، لە قسەکردندا وەك یەك یەکە بەکاربهێنرێت.

٣- یەك هێز (سترێس)ی هەبێت.

٤- توانای بەئیدیۆمبوونی هەبێت".

٥- توانای بەکارهێنانەوە و بەشداریکردنی لە دروستکردنی وشەی نوێدا هەبێت.

(دیساسۆر De Saussure ١٩٨٥)یش چەند مەرجی بۆ چەسپاندن و بڵاوبوونەوەی هەر وشەیەکی تازە دروستکراو دیاریکردووە، لەوانە (لا: ١٩١):

١- هیچ وشەیەك نایەتە ناو زمانەوە، تا لەلایەن ئاخێوەرانەوە تاقینەکرێتەوە. واتە مەرج نییە هەموو وشەیەکی داهێنراو بچێتە ناو زمانەوە، بەڵکو ژمارەیەکی کەمیان دەچنە ناو زمانەکەوە، وەك: (*دووچەرخە*) لە جیاتی (*پاسکیل*).

٢- هەر دیاردەیەکی نوێی زمان لە لایەن تاکێکەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام دواتر لەسەر زمانی خەڵکانی تر دووبارەدەبنەوە و ڕێگای خۆیان بەرەو زمان دەدۆزنەوە.

٣- هەر داهێنراوێك بەو شێوەیە شیکاردەکرێت کە وشەکانی تری زمانەکەی پێیدروستکراوە.

بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ئاخێوەرانیان، زمان بە چەند ڕێسایەك و لە چەند ڕێگەیەکەوە و بە چەند شێوازێك، ئەنالۆژییانە هەوڵی دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێی دەدات، بۆ گەیاندنی بیر و ئەندێشەی ئاخێوەر و ناونانی شتەکان، چونکە وشە بەشێکی هەرە گرنگیی زمانە و "زمانیش پێش هەمووشتێك ڕێکخستنێکی وشەییە وشە بەرهەمدەهێنێت و پەیوەندی نێوان وشەکان ڕێکدەخات (Benveniste,1966: 82)". پێواژۆکانی وشە دروستکردن و وشە داڕشتن، دەمانبات بۆ پێواژۆیەکی بەردەوامی نوێبوونەوەی فەرهەنگی زمان، کە بە دووبارە بەکارهێنانەوەی کەرەستەکانی ناو زمانەکە ئەنجامدەدرێن. ئەوەش لە سێ گریمانەی سەرەکییدا کورتیان دەکەینەوە:

١- داهێنانی فۆڕمی وشەیەکی نوێ بە واتایەکی نوێوە، کە پێشتر نەبیستراوە. ئەویش بە بەکارهێنانەوەی فۆنێمەکانی زمانەکە، وەك نموونەی (٤٩)، کە لە کاتی خۆیدا وشەیەکی نوێ بووە و واتایەکی نوێی گەیاندووە.

٢- بەکارهێنانەوە فۆڕمە کۆنەکان و لێکدانیان بۆ دەربڕینی واتای نوێ. واتە بەکارهێنانەوەی وشە و مۆرفێمەکان، وەك نموونەی (٥٠).

٣- داهێنانی فۆڕمی نوێ بۆ واتا کۆنەکان. واتە بەکارهێنانەوەی واتایەکی کۆن، بە فۆڕمێکی نوێوە، وەك نموونەی (٥١).

٤- ناونان لەسەر بنەمای لێکچوونی نێوان شتەکان، وەك نموونەی (٥٢)، کە گیانداریکی ئاوییە شێوەی لە گیاندارەکانی (***مار***) و (***ماسیی***) دەچێت. یان ناونانی (ماوس Mouse)ی کۆمپیوتەر لەسەر ناوی (مشك Mouse)، لەسەر بنەمای لێکچوونیان لە شێوەدا.

٤٩)/*مار*/

٥٠)/*نارنجۆك*/

٥١)*خامە*> *قەڵەم*> *پێنووس*.

٥٢)/*مارماسیی، ماوس*/

زۆرینەی وشەکانی زمان لەسەر بنەمای وشەکانی تری زمانەکە دروستدەکرێن، ئەوە شتێکی باو و ئاساییە و لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێت. واتە وشەیەك وەك نموونەی سەرە وەردەگیرێت و وشەی تری لەسەر دروستدەکرێت، یاخود داهێنانێکی نوێن و دەبن بە ڕێسای نوێی زمانەکە. هەر وشەیەکی نوێیش کە دروستدەکرێت، یەکە پێکهێنەرەکانی پێشتر لە زمانەکەدا هەبوون، چونکە زمان هەمیشە چاو بەسەر

یەکەکانیدا دەخشێنێتەوە و بۆ ئەوەی دووبارە بەکاریانبهێنێتەوە، بەو پێیەش ئەنالۆژیی لە دروستکردنی وشەدا سێ بنەمای سەرەکیی هەیە، کە یەکە باوەکە و یەکە بەرامبەرەکەی و ئەو سرووشتە کۆمەڵییەی، کە لەو ڕێژانە پێکهاتووە و لە دروستکردن و دارشتنی یەکە نوێیەکەدا بەشدارن (فردیناند دیساسۆر،١٩٨٥: ١٨٦ و ١٨٨).

کەواتە هەر وشەیەك کە دروستدەکرێت، بەرئەنجامی کردەیەکی ئاوەزییە و کارلێکی نێوان توانستە زمانییەکە و شارەزایی لە ڕێسا و یاساکانی وشە دروستکردن و ژینگەی کۆمەڵایەتیی بەکارهێنانی ئەو زمانەیە. لەسەر ئەم بنەمایە و دەربارەی ئەو چوار گریمانەیەی، کە باسمانکردن و ڕێبازەکانی وشە دروستکردن و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، چەند شێواز و ڕێگەیەکی جیاوازن، کە هەر یەکەیان ئەنالۆژییانە وشە دروستدەکەن. کۆمەڵێك بیروبۆچوونی جیاواز لە بارەیانەوە هەیە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو:

یەکەم: (ستیف اولمان،١٩٧٥) پێیوایە، تەنها سێ ڕێبازی سەرەکیی دانپێدانراو هەیە بۆ وشە دروستکردن، ئەوانیش:

١- داهێنانی وشە.

٢- وشە دارشتن: کە (لێکدان، دارشتن، پێکەوەبەستنی شاراوە، ئاوێتەکردن) لە خۆدەگرێت.

٣- وشە وەرگرتن: کە (وەرگرتنی بیانی، وەرگرتن لە زارەکان، وەرگرتنی کۆمەڵایەتیی).

دووهەم: (فاروق عومەر سدیق، ٢٠١٣)یش لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە هێڵکارییەك، ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و دروستکردنی وشەی نوێی بە (وشەی تاکواتا و فرەواتا، هۆمۆنیم، ئەنتۆنیم، سینۆنیم، ئیدیۆم، وشەی خاوەن دووفۆرم یان زیاتر لە فۆرمێك، زاراوە، لەسەر بناغەی وشەی وەرگیراو لە زمانانی تر، لەسەر بناغەی دیالێکتیزم، مۆرفۆلۆژیی، وشەسازیی بە ڕێگای سینتاکسی)ی دیاریکردووە.

سێهەم: (محەمەد مەحوی، ٢٠١٠)یش ڕێبازەکانی دروستکردنی وشەی بەم شێوە دیاریکردووە:

١- وشە داهێنان: وشە لەسکەدان (داهێنان) و وێنەگرتنی دەنگ بە دەنگ دەگرێتەوە.

٢- وەرگرتن: وشەی بیانی، وشە هاوبەشەکانی زمانە خزمەکان، گونجێنراوی فۆنۆتاکتیکی و وەرگێڕانی وەرگیراو دەگرێتەوە.

٣- بەکارهێنانی نوێی مۆرفیمەکان: وەرگێڕانی بیانی و بەکارهێنانەوەی ناوی کەسەکان دەگرێتەوە.

٤- وردکردنەوە و کورتکردنەوەی وشەیی: دووړستکردنی وەرگەڕاوە (Back Formation)، کورتکردنەوەی ئەلفوبێیی/سەرەتا-بڕگەیی (Acronyms) و کورتکردنەوەی وشەیی لەخۆدەگرێت.

٥- تێکەڵکردن، وەرچەرخان، فرەپێواژۆیی، سێ پێواژۆی تری جیاوازن.

٦- مۆرفۆلۆژیی: لە هەڵگواستن، شکانەوە، لێکدان پێکدێن.

چوارەم: (شیروان خۆشناو ٢٠١٦)یش لە دوکتۆرا نامەکەیدا چەند ڕێگەیەکی دەستنیشانکردووە، بۆ دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێ و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ دەستنیشانکردووە: (داڕشتن، لێکدان، لێکدان و داڕشتن، وەرگرتن، تێکەڵکردن، سەروشە/ئەکرۆنێم، گۆڕینی پۆلی وشە لە سینتاکسدا، کورتکردنەوەی وشە، دووبارەکردنەوەی هەمان وشە، داهێنان، میتافۆڕ/ خوازە/ ئاوەڵواتا و وشەسازی بە ڕێگەی سینتاکسیی (لا: ١١٨-١٣٦).

دەبێت ئەوە بڵێین، ئەم ڕێسایانەی لە پێشەوە باسمانکرد، دەکرێت ڕێکخستنەوەیەکی نوێیان بۆ بکەین، بە شێوەیەك کە هەندێکیان پێکەوە لە چوارچێوەی نوێدا ڕێکبخەینەوە و هەندێکی تریشیان وەك خۆیان بمێننەوە. ئێمە ئاخێوەری زمانی کوردیی بۆ دروستکردن و داڕشتنی وشەی نوێ، نائاگایانە پێڕەوی لەم ڕێسا ئەنالۆژییانە دەکەین:

یەکەم: وشە داهێنان: داهێنانی وشە لە هیچەوە.

دووەم: مۆرفۆلۆژیی: وشەداڕشتن، وشەلێکدان، داڕشتنەوەی لێکداراوەکان و ئاوێتەکردن/داتاشین (Blending).

سێهەم: فرێزی بەلێکسیمبوو: بە وشەبوونی فرێزە سینتاکسییەکانە.

چوارەم: وشە کورتکردنەوە: کورتکردنەوەی دەنگیی/ ئەلفوبێیی (ئەکرۆنێم Acronym) و کورتکردنەوەی وشەیی.

پێنجەم: وشە وەرگرتن: وشە وەرگرتنی دەقاودەق، وەرگیراوی گونجێنراو، وەرگێرانی وەرگیراو.

شەشەم: مێتافۆڕ/ خوازە.

## ٢/٣-٤-١) وشە داهێنان

بەو واتایە دێت، کە ئاخێوەر بەبێ ئەوەی پێشتر ئەو وشەیەی بیستبێت، داییهێنێت لەو ژمارە فۆنێمەی زمانەکەی و بەپێی یاساکانی بڕگە دروستکردن و ڕیزکردنی دەنگەکان و بڕگەکان لە تەکیەکدا، فۆڕمی وشەی تاك مۆرفێمی دروستبکەن. واتە دەنگەکان بە شێوەی جیاجیا ڕێکدەخرێنەوە، بۆ ئەوەی هەر بەشێکیان ببن بە وشەی نوێ (بەهار زایر،٢٠٠٩: ٤٨). یان وەك (محەمەد مەحوی) دەڵێت: "لەسکەدانی وشەی نوێ، دەگمەنترین و دانسقەترین ڕێگە و سەرچاوەیەکی وشەی نوێیە، یان بریتییە لە داهێنان لە هیچەوە: بە گشتیی، ئەسڵی داهێنانەکە نە لە ڕێی بەکارهێنان و سوودبینین لە مۆرفێمی زمانەکانی دیکەوە دەکرێت و نە لە مۆرفێم و وشەکانی زمانە خۆماڵییەکەوە (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ١٢٢)".

ئەو داهێنانەش لە ناو ئاخێوەرانی هەر زمانێکدا جیاوازە، چونکە هەر زمانێك لە ڕووی ڕیزبوونی دەنگەکان و بەدوایەکداهاتنیان و نواندنی دەنگەکان لە ڕێنووسدا و برگەسازی و دروستکردنی برگەوە ڕێسای ئەنالۆژی تایبەت بەخۆی هەیە و ئاخێوەران نائاگایانە پێڕەوی لێدەکەن. بۆ نموونە لە زمانی کوردییدا هەندێك دەنگمان هەیە، کە نە لە برگەیەکدا و نە لە کۆتایی و سەرەتای دوو برگەدا پێکەوە نایەن، یان هەر دەنگێکیان خۆیان لە تەنیشت یەکترەوە دووبارە نابنەوە وەك: /ۆ، ی، ا، ە/. بەڵام لە زمانێکی تری وەك زمانی ئینگلزییدا، هاتنی دوو دەنگی بزوێن بە دوای یەکدا شتێکی ئاساییە، وەك نموونەکانی (٥٣). هەروەها لە زمانی کوردییدا هەموو دەنگێك/فۆنێمێك لە ڕێنووسدا یەك پیت دەینوێنێت. بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا هەندێك دەنگ زیاد لە ڕێنووسێکیان هەیە و هەندێك کاتیش بەچەند پیتێکەوە دەنگێك دەنوێنن. ئەمەش جیاوازیی و تایبەتمەندیی ڕێسا ئەنالۆژییەکانی زمانی کوردیی و زمانی ئینگلیزیی دەردەخات. هەروەها ڕێسایەکی تری ئەنالۆژی زمانی کوردیی ئەوەیە کە فۆنیمەکانی /ر/ و /ڵ/ لە سەرەتای وشە و برگەوە نایەن. هەر ئاخێوەرێك کە زمانی کوردیی زمانی یەکهەمێتی، بە بێ ئەوەی ئاگای لێبێت، ئەنالۆژییانە پێڕەوی لەو ڕێسایانە دەکات و جێبەجێیاندەکات. هەروەها هەر ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی خاوەنی چەند ڕێسایەکی برگەییە کە بە شێوەیەکی ئەنالۆژییانە برگەیان لەسەر دروستدەکرێت و بە لێکدان و ڕیزکردنیشیان وشەیان لێ دروستدەکرێت، وەك نموونەکانی (٥٤).

٥٣) /Ocean, Door, Wood/

٥٤) *بر+دن: بردن* — *چاو* — *دوور*

*شیر*

*مر+دن: مردن* — *ڕاو* — *سور* — *بیر*

*کر+دن: کردن* — *داو* — *تور* — *سیر*

بەڵام ئەوەی گرفت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕێساکانی برگە لە زمانی کوردییدا، دروستدەکات، بوونی ڕا و بۆچوونی جیاوازە لە ساغکردنەوەی ژمارەی ڕێساکانی برگە و چۆنێی دیاریکردن و کارکردنیان. دوو بۆچوونی جیاواز دەربارەی برگە لە زمانی کوردییدا هەیە کە هەندێکیان پێیانوایە، قاڵبی برگە لە زمانی کوردییدا (٦) قاڵبە، هەندێکی تریشیان پێیانوایە قاڵبی برگە لە زمانی کوردیید(٧) قاڵبە[45].

---

[45]– ئەو دو بەرەیەش بەپێی ئەلفوبێی نوسین، بنەمای بۆچونەکانیان بونیادناوە:

ا– بەرەی یەکەم بە پێی ئەلفوبێی عەرەبی بە کوردی کراو (٧) قاڵبیان جیاکردووەتەوە: (CV، CVC، CVCC، ، CVCCC، CCV، CCVC، CCVCC). بەرەی دوهەمیش بە پێی ئەلفوبێی لاتینی بە کوردی کراو (٦) قاڵبیان جیاکردووەتەوە: (V، VC، VCC، CV، CVC، CVCC).

## ٣/٢–٥–٢) وشە دارِشتن

بۆ دەربڕین و گەیاندنی واتایی نوێ، یان تایبەتتر و جیاوازتر لەو واتایەی پێشتر گەیاندوویانە، یەکە فەرهەنگییەکان دووبارە بە شێوەی جیاواز بەکاردەهێنینەوە. ئەم شێوازەی پێکهێنانی وشە، بریتییە لەوەی، کە زیاد لە مۆرفیمێك، بە پێی چەند یاسایەك لەیەکدەدرێن. بەو یاسانەش دەوترێت یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، کە بە بەکارهێنانەوەی مۆرفیمەکانی بە شێوەیەکی ئەنالۆژییانە، توانای بەرهەمهێنانی وشەی نوێ بە ئاخێوەر دەبەخش. هەموو ئەمانەش زانستێك لێیاندەکۆڵێتەوە کە پێی دەگوترێت (مۆرفۆلۆژیی[٤٦]).

هەموو زمانەکان مۆرفیمەکانیان لە دوو گرووپی سەرەکیی پێکهاتوون، کە مۆرفیمە بەندەکان و مۆرفیمە ئازادەکانن. مۆرفیمە بەندەکان دەکرێن بە دوو گرووپی سەرەکییەوە، ئەوانیش مۆرفیمە بەندە وشە دارێژەکان و مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕ/ ڕێزمانییەکانن. ئەمانیش لەناو خۆیاندا دەبن بە گرووپی بچووکترەوە. مۆرفیمە بەندە وشە گۆڕە ڕێزمانییەکان بۆ گەیاندن و بەخشینی چەمك و واتای ڕێزمانی وشەکان، هاوبەشی لە ڕۆنانی پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا دەکەن. بەڵام وشە دارێژەکان لە فەرهەنگدان و کار بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ دەکەن. ئەویش، بە دارِشتنی وشەی نوێ بەرامبەر بە چەمك و دیاردەی نوێ (سازان زاهیر سەعید،٢٠١٣:

---

ب– بەرەی یەکەم باوەڕیان بەوە هەیە کە دەنگی بزوێن ناکەونە سەرەتای بڕگە و وشەوە. بەڵام بەرەی دوهەم باوەڕیان بەوە هەیە کە دەنگە بزوێنەکان دەکەونە سەرەتای بڕگە و وشەوە.

[٤٦] لەم بارەوە سەبارەت بە زاراوەی (مۆرفۆلۆژیی) لە زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە. لە (Morphe) واتە شێوە یان فۆرم و (Logos) واتە زانست یان لێکۆڵینەوە، پێکهاتووە. لە پێناسەکردنی (مۆرفۆلۆژیی)یدا، (محەمەد مەحوی، ٢٠١٠) دەڵێت: مۆرفۆلۆژیی لێکۆڵینەوەی پێکەوەهاتن و پێکەوەبوونی جۆراو جۆری پێڕەوبەندانەی (Systematic) فۆرم و واتایە لە وشەدا، یان لێکۆڵینەوەیە لە پێکەوە گرێدانی گونجاوی مۆرفیمەکان بۆ دەسخستنی وشەکان. دەتوانیین بەشێوەیەکی تر بڵێین مۆرفۆلۆژیی ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیم (Morphem)ی وشەی زمان دەکۆڵێتەوە، لە ڕووی فۆرم و جۆر و واتاوە، واتە زانستی بناغەی وشەکانە و لە دارِشتن و گۆڕانی وشە دەکۆڵێتەوە. مەبەستیش لە (مۆرفیم) کە لە زۆرینەی پێناسەکردنەکان لێکدانەوەکاندا واتا کراوەتە بناغەی ناساندنی، "ئەو دانە ئەبستراکتەی زمانە، کە لە هەموو زمانەکاندا هەست بە بوونی دەکرێت و خاوەنی چەمکێکە. یان وەك (بلۆمفێڵد Bloomfield) دەڵێت کە مۆرفیم بە بچووکترین دانەی واتاداری زمان دادەنرێت. (لارس، ٢٠٠٩)یش پێگەی مۆرفیمی بەوە دیاریکردووە کە دەکەوێتە نێوان (فۆنێم–گرافێم) و وشە. کەواتە لەمەوە دەردەکەوێت، کە مۆرفیم "گچکەترین یەکەی خاوەن–واتا/ واتاهەڵگری زمانە، کە ناتوانرێت لە ڕێی لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەوە بکرێت بە یەکەی گچکەتری خاوەن واتا/ واتا–هەڵگر". بەو واتایەی مۆرفیم ئەگەر دەنگێکی لێکەمبکرێتەوە، ئەوا واتاکەی لەدەستدەدات یان دەگۆڕێت. هەروەها مەرجێکی تری مۆرفیم ئەوەیە کەلە بەکارهێناندا دووبارە ببێتەوە و بەشداری دارِشتنی مۆرفیمی گەورەتر بکات.

بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە ئەم سەرچاوانە: محەمەد مەحوی (٢٠١٠: ١–٢)، و: مەحوی (٢٠٠٩: ٢٣٣)، لارس (٢٠١٠: ١٨)، شیروان (٢٠١٦: ٢١)، شەهاب شیخ تەییب (٢٠١٤: ٥٨ ) و ئەو سەرچاوانەشی سوودیان لێوەرگرتووە.

٢٢-٢٣). ئەم مۆرفێمە بەندانەش لە رووی شوێنەوە، دابەشدەبێتەوە بۆ دوو گرووپی، تر کە (پێشگر و پاشگرەکان)ن.

مەبەستیش لە (مۆرفێمی ئازاد) ئەو مۆرفێمانەیە، کە خاوەن واتان. ئەم جۆرە مۆرفێمانە بەرامبەرن بە وشە. واتە هەر مۆرفێمێکی واتادار یەکسانە بە وشەیەك یان کۆدێك، یان هەر وشەیەك لە مۆرفۆلۆژییدا (سەگمێنت)ێکە. هەروەها هەر وشەیەك دروستەیەکی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی هەیە (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٣-٤).

ئەمانیش دابەش دەبن بۆ مۆرفێمە سادەکان (وشەی تاکمۆرفێمی) و مۆرفێمە ناسادەکان، کە لە دوو مۆرفێم یان زیاتر پێکهاتوون، واتە لە لێکدانی دوو مۆرفێم یان زیاتر دروستبوون، ئەوانیش مۆرفێمە داڕێژراو و مۆرفێمە لێکدراوەکانن، کە بەرامبەرن بە وشە داڕێژراو و لێکدراوەکان. ئەویش بە پێی کۆمەڵێك ڕێسا و یاسای بیرکاری ئاسا. واتە لە لێکدانی مۆرفێمە بەند و ئازادەکانەوە وشەی نوێی فەرهەنگی دروستدەکرێت، ئەویش چەند جۆرێکن:

یەکهەم: وشەی داڕێژراو: لە لێکدانی مۆرفێمێکی بەند، یان زیاتر لەگەڵ مۆرفێمێکی ئازاددا دروستدەبێت. بە وردبوونەوە لە وشەکان، بۆمان دەردەکەوێت، کە لە مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییدا سێ ڕێسای سەرەکیی هەیە بۆ دروستکردنی وشەی داڕێژراو. ئاخێوەری زمانی کوردیی بە پێڕەویکردن لەم سێ ڕێسایەی وشە دارشتن، بە شێوەیەکی ئەنالۆژییانە ژمارەیەکی زۆر وشەی دارشتووە. ئەو ڕێسایانەش ئەمانەن:

١- مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ (پێشگر) +مۆرفێمی ئازاد، وەك نموونەکانی (٥٥-ا).

٢- مۆرفێمی ئازاد+مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ (پاشگر)، وەك نموونەکانی (٥٥-ب).

٣- مۆرفێمی بەندی وشەدارێژ (پێشگر)+مۆرفێمی ئازاد+مۆرفێمی بەند (پاشگر)، وەك نموونەکانی (٥٥-پ).

٥٥) *ا) بەهێز، هەڵگەڕان، داگەڕان، ڕاپەڕین، ڕۆنیشتن...*

*ب) گەڕانەوە، چاویلکە، برایەتیی، بەردەڵان...*

*پ) هەڵگەڕانەوە، بەهێزیی، نەزانیی...*

دووهەم: وشەی لێکدراو: واتە لێکدانی دوو مۆرفێمی ئازادە. ئەمیش ڕێبازێکی تری مۆرفۆلۆژییە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیی کوردیی. وشە لێکدراوەکان لە ڕووی واتاوە دەبن بە چەند شێوەکەوە:

١- یەکێکیان واتای ئەوی تر ڕووندەکاتەوە، وەك نموونەی (٥٦-ا).

٢- یەکێکیان واتا بە ئەوی تریان دەبەخشێت، وەك نموونەی (٥٦-ب).

٣- واتاکانیان ئاوێتە دەبێت، وەك نموونەی (٥٦-پ).

٤- واتایەکی نوێدەبەخشن، وەك نموونەی (٥٦-ت، ج ).

٥- واتایەك دەگەیەنن كە پەیوەندی بە واتا كۆنەكانییەوە نییە، دەبن بە ئیدیۆم، وەك نموونەی (٥٦-ج).

٥٦) ا- /مارماسیی/

ب) /نەرمونۆڵ/

پ) /هێلكەوڕۆن/

ت) /ڕەشماڵ/

ج) /ڕێ ڕێ، چین چین، پۆل پۆل/

چ) " /جنگلەسەرشان/ (محەمەد مەحوی، ٢٠١٠)".

لە ڕووی فۆڕمیشەوە، لێكدانی دوو مۆرفێمی ئازادە بە تەنها، یان بەهۆی ئامرازی لێكدەرەوە، ئەمیش سێ یاسای سەرەكیی هەیە:

ا- مۆرفێمی ئازاد+ مۆرفێمی ئازاد، وەك نموونەكانی (٥٦-ا).

ب- دووبارەكردنەوەی هەمان مۆرفێمی ئازاد، وەك نموونەكانی (٥٦-ج).

پ- مۆرفێمی ئازاد+كۆنجێكشن+ مۆرفێمی ئازاد، وەك نموونەكانی (٥٦-پ).

سێهەم: دارشتنەوەی لێكدراوەكان: ئەم جۆرە لەو وشانەدا بەدیدەكرێت، كە پێشگرێك، یان پاشگرێك، یان هەردووكیان دەخرێتە سەر وشە لێكدراوەكە، وەك نموونەكانی (٥٧).

٥٧) /بەدەستوبرد، دوورەپەرێزیی، بەسەركردنەوە/...

چوارەم: ئاوێتەكردن: ئەمیش هەر لێكدانی دوو مۆرفێمی سەربەخۆیە، بەڵام لە كاتی لێكدانیاندا بەشێك لە دەنگەكانیان (لە سەرەتای وشەكانەوە بێت، یان لە كۆتایی) دەقرتێن. یان وەك (دیساسۆر De Saussur) دەڵێت: "پێكەوە نووساندنی دوو یەكەی زۆر باو و بەكارهاتووی زمانە لە ڕستەدا لە شێوەی سینتاگمێكدا، تا وایان لێدێت بە تەواوی پێكەوە دەنووسێن و جیاكردنەوە و شیكردنەوەیان ئەستەم دەبێت (دیساسۆر،١٩٨٥: ١٩٩[٤٧])" و ئاخێوەرێكی ئاسایی ناتوانێت جیایانبكاتەوە و وەك یەك وشە مامەڵەی لەگەڵ دەكات. وەك نموونەكانی (٥٨).

---

[٤٧]- (دیساسۆر De Saussure ١٩٨٥: ٢٠٠)) باوەڕی وایە، كە ئەو پێواژۆی ئاوێتەكردنە كە چەمكی (Agglutination)ی بۆ ناونانی بەكارهێناوە، ئانالۆژیی نییە، واتە وشەكان ئانالۆژییانە دروستنابن. هەروەها چەند جیاوازییەكی لە نێوانیاندا دیارییكردووە، وەك:

"١- ئاوێتەكردن دو یەكە یان زیاتر لێكدەدات و ئاوێتەیان دەكات. بەڵام ئانالۆژیا لە یەكەیەكی بچووكەوە دەستپێدەكات و یەكەی تریان لەسەر بونیاددەنێت.

ئەوەش بە سێ قۆناغ ڕوودەدات (دیساسۆر،١٩٨٥: ١٩٩):

١- پێکەوە نووساندنی چەند یەکەیەك لە سینتاگمێکدا.

٢- یەکگرتنی ڕاستەقینەی یەکەکان لە سینتاگمێکی نوێدا. هەر گۆڕانێك لە بیر و واتای یەکە نووساوەکاندا، بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێت و دەیانکات بە وشەیەکی سادە.

٣- هەر گۆڕانێکی پێویست کۆمەڵ ئاماژە و نیشانە کۆنەکان دەگۆڕن بۆ یەکەیەکی سادە.

٥٨) */دابیاب، فوتسالْ/*

٥٩) ا) *"/ڕۆژڤار/=ڕۆژنامە+گۆڤار*

ب) */زانکۆ/= زان (زانین) + کۆ (کۆکردنەوە)* (شیروان،٢٠١٦: ١٢٧)".

٦٠) ا) *"/ئەنگلۆئەمەریکیی، ئەفراسیا، ئۆراسیا/*

ب) */شت+مەك = شمەك، گا+ئاسن= گاسن/* (نەریمان،٢٠١٦: ١٢٢)".

لە هەندێك لە سەرچاوەکانماندا و لەو پێناسانەشدا، کە بەکاریانهێناوە، ڕایانوایە ئاوێتەکردن تەنها قرتاندنی سەرەتای وشەیەکیان و قرتاندنی کۆتایی ئەویتریانە، پاشان لێکدەدرێن (محەمەد مەحوی،٢٠١٠) (شیروان، ٢٠١٦). بەڵام ئەوە لە نموونەکانی (٥٩)دا نەپێیکاوە، چونکە هەردووکیان لە کۆتایی هەردوو بەشە ئاوێتەکراوەکە قرتێنراوە. هەروەها شێوەیەکی تریشی هەیە، کە باسنەکراون، ئەویش ئەوەیە، کە تەنها بەشی کۆتایی وشەی یەکەم دەقرتێت و وشەی دووهەم وەك خۆی دادەنێین، وەك نموونەکانی (٥٩-ا، ب)، یان وەك نموونەکانی (٦٠-ا،ب).

## ٢/٣-٤-٣) فرێزی بەلێکسیمبوو

یەکێکی تر لە ڕێگەکانی وشە بەرهەمهێنان، لە ڕێگەی سینتاکسەوەیە. ئەویش بە ڕەقبوونی فۆرمی فرێزەکە و بەکارهێنانی، هاوشێوەی وشەیەکی لێکدراو. ئەوەش بە فرێزە بەلێکسیمبووەکان، یان پێواژۆی بوون بە لێکسیمی سەربەخۆ ناسراوە (Lexicalization Process) (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٢٢١)، کە بە زۆری لەو فرێزە ناویی و فرێزی ئاوەڵناویی و فرێزی کاردا بەدیدەکرێت کە شێوەی ڕێکخستنیان هاوشێوەی وشە

---

٢- ئاوێتەکردن لە چوارچێوەی سینتاگمێکدا کاردەکات و کاریگەریی بەسەر کۆمەڵێکی دیارییکراودا هەیە و هیچی تر لەخۆناگرێت. بەڵام ئانالۆژیا تایبەتە بە پەیوەندییە ئاماژەدەریی و سینتاگمییەکان.

٣- لە هەموی گرنگتر، ئەوەیە کە ئاوێتەکردن خاڵییە لە ئیرادە و ڕۆڵی کاریگەری باش، چونکە کردەیەکی سادەیە، کە تێیدا دو یەکە ئاوێتەدەکرێن. بەڵام ئانالۆژیا بە پێچەوانەی ئەوەوە، پێویستی بە شیکردنەوە و پێکەوەبەستنەوە و کاری ئاوەزیی و ئیرادە هەیە".

لێکدراوەکانە، یان لەیەکدەچن و چڕبوونەوەی واتا و بە چەمکبوونی تێدا ڕوویداوە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانی کوردیی ئاوێتە بە یەکتربوون و جیاکردنەوەیان بە تەواوەتی ئەستەمە و شێوەی لێکدان و داڕشتنی مۆرفۆلۆژییانەی وشەکانی زمان، هەمانشێوەی لێکدان و ڕیزبوونی مۆرفێمەکانیان هەیە لە ناو فرێزە سینتاکسییەکاندا (بڕوانە محەمەد مەحوی،٢٠١٠). (فارووق عومەر،٢٠١٣) دوو جۆر بە فرێزی بەلێکسیمبووی دەستنیشانکردووە، ئەوانیش (فرێزی پێکهاتە قایمکراوی بنەڕەتیی) و (فرێزی دانە ئیدیۆمییەکان) (لا:١٢٢). هەروەها (محەمەد مەحوی)یش سێ جۆر بە لێکسیمبووی دەستنیشانکردووە و لەژێر سەرناوی (دروستبووی تاکوتەرا/ تاکوتەنها)دا پۆلێنیکردوون: بەئیدیۆمبوو، وەك وشەکانی (٦١-ا)، بێهۆماندەر، وەك وشەکانی (٦١-ب)، بەئیدیۆمبووی بێ هۆماندەر، وەك نموونەکانی (٦١-پ) (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٢٢١-٢٢٢).

٦١)-ا) */دەستودەم، دەستبەجێ، دەمەوەر/*

-ب) */توتڕك، بنمیچ/*

-پ) */وشکوبرینگ، شلومل، خڕومڕ/*

-ت) */حکومەتی هەرێمی کوردستان/* (محەمەد مەحوی،٢٠١٠).

کەواتە فرێزە بە لێکسیمبووەکان بە دوو شێوەی سەرەکیی دەچنە ناو فەرهەنگی زمانەوە:

یەکەم: ئەم شێوەیەی وشە دروستکردن، بە زۆریی بۆ گەیاندنی چەمکێکی دیاریکراوی ئەبستراکت، یان لە ناونانی دامودەستگا و ڕێکخراوەکان، یان شوێن و کەسایەتییە دیارەکاندا بەدیدەکرێت، وەك نموونەکانی (٦١-ت).

دووەم: شێوەیەکی تری فرێزە بە لێکسیمبووەکان، ئەوانەن، کە بوون، یان دەبن بە ئیدیۆم، کە تێیدا واتای گشت وشەکە پەیوەندییان بە یەکە پێکهێنەرەکانیەوە نامێنێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنن، وەك نموونەی (٥٦-چ).

### ٢/٣-٤-٤) کورتکردنەوەی وشەیی

ڕێگەیەکی ئابووریکردنی زمانییە، نەك دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ. ئەویش بە کورتکردنەوەی وشە فرەبڕگەییەکان یان لێکدراوەکان و زنجیرە وشەییەکان و فرێزە بە لێکسیمبووەکانە. زیاتر بۆ ناوی کەس و دەستگا و دامەزراوە باو و بەناوبانگەکان دەبێت و پێویستییەکی زۆریان بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی هەیە.

دوو شێوەی سەرەکیی هەیە:

١–کورتکردنەوەی وشەیی Cliping: کورتکردنەوەی وشەیەکی چەند برگەییە بۆ فۆرمێکی کورتتر، وەك نموونەکانی (٦٢–ا). شێوەیەکی تری کورتکردنەوەی وشەیی کورتکردنەوەی فرێزەکان و وشە لێکدراوەکانە، کە لە شێوەی زنجیرەی وشەییدان. دەشتوانین ناوی بنێین سادەکردنەوەی وشە لێکدراوەکان و فرێزە بە لێکسیمبووەکان و دەربڕینیان لە شێوەی وشەیەکی سادەدا. هەندێکجار کۆتا وشە و هەندێکجاریش یەکەم وشە وەردەگرین. ئەوەش بە پێی باو و بڵاوی وشە کورتکراوەکان و ئەوەی لێیکورتکراوەتەوە دەگۆڕێت. وەك نموونەکانی (٦٢–ب).

٦٢) *–ا) "محەمەد> حەمە، قادر> قالە، پەروین> پەرە (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ١٦٠–١٦١)"*

*–ب) ترافیك لایت> ترافیك، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا> ئەمەریکا،*

*یەکێتی نیشتیمانی کوردستان> یەکێتی...*

٢– ئەکرۆنێم (Acronym): جۆرێکە لە دروستکردنی وشەی نوێ[٤٨]، ئەویش بەوەی، کە دەنگی یەکەمی برگەی یەکەمی وشە لێکدراوەکان و فرێزەکان وەردەگیرێت و پاشان لێکدەدرێن (شێروان،٢٠١٦: ١٢٨). ڕێگەیەکی باووبڵاوی جیهانییشە. زۆرکات خەڵك بە گشتیی وشە کورتکراوەکە پێش وشەلێکدراوەکە و فرێزەکان کە ئەکرۆنێمەکەی لەسەر دروستکراوە، فێردەبن (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ١٦٨)، وەك وشەکانی نموونەی (٦٣–ا)، کە زۆرینەی خەڵك بەکاریاندەهێنن، بەبێ ئەوەی بزانن فرێزەکەیان چین. هەموو وشەیەکی لێکدراو یان فرێزەکان ناتوانرێت کورتبکرێنەوە، وەك نموونەکانی (٦٣–ب) کە دوو ئەکرۆنێمن هەن، بە بێ بەکارهێنانی سینتاکسیی، بەڵام نموونەی (٦٣–پ) هەیەتی. ئەوەش لەسەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی و بەکارهێنانیان وەستاوەتەوە.

٦٣) *ا) /BBC, CNN, CIA, NASA/*

*ب) (ی.ن.ك/ PUK) و (پ.د.ك/ PDK/KDP)*

*پ) /پەکەکە/*

[٤٨]– واتە وشەداڕشتن نییە، وەك ئەوەی، کە (شیروان خۆشناو،٢٠١٦) دەیڵێت، چونکە داڕشتن بە مۆرفیم دەکرێت لە مۆرفۆلۆژییدا و بەشە پێکەوە بەستراوەکانی ئەکرۆنێم، مۆرفیم نین.

## ٢/٣-٤-٥/ وشە وەرگرتن

ڕێگەیەکی زیندوو و بەردەوامی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانە. دیاردەیەکی جیهانییە و لە هەموو زمانێکدا بەدیدەکرێت. بە ڕێگەیەکی دەستتێوەردانی زمانییش دادەنرێت. "وەرگرتنی فەرهەنگیی پێوازۆییەکە وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگوازرێتەوە و لە زمانی وەرگردا دەبێتە وشەیەکی ئاسایی و باو و ڕەگداکوتاو (Bullock & Toribio,2009: 77)". یان وەرگرتنی ڕاستەوخۆی وشە، یان زاراوەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر (نەریمان،٢٠١٦: ١٠٥). هەرچەند وشە وەرگیراوەکان هۆکارێکی دەوڵەمەندبوونی زمانن، بەڵام زیانیشیان هەیە و زیادبوونیان هۆکارێکی سەرەکیی مردنی وشە ڕەسەنەکانی زمانە (العبیدان،٢٠٠٤: ٢٣) و دەبنە هۆی توانەوە و لەناوچوونی وشە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگی زمان.

بەهۆی بەریەککەوتنی کۆمەڵی قسەکردنی زمانەکان چ بەهۆی پەیوەندییە کەسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و بازرگانی و ڕۆشنبیریی و سیاسییەکانەوە بێت، یان کۆچکردن و جەنگ (وەك ئەوەی لە وەچەپاری (١/١-٤)بەشی یەکەمدا باسمانکرد)، ئەوا زمانەکانیش بەریەکدەکەون و وشە لەیەکتر دەخوازن. هەروەها بە زۆری بۆ ئەو چەمك و واتاو ناونانی ئەو کەرەستانە پێویستمان پێی دەبێت، کە ئێمە بەکاریاندەهێنین، نەك دروستمانکردوون. وەرگرتنی وشە لە هەموو زمانەکاندا، دەکرێت وشەکە هەمووی پێکەوە یان بەش بەش وەربگیرێت، وەك ئەوەی لە وشە وەرگرتندا، چوار بەشی وەردەگیرێت (Bullock & Toribio,2009: 80):

١- فۆرمی وشەکە و تایبەتمەندییە دەنگییەکانی.

٢- تایبەتمەندییە واتاییەکانی.

٣- شێوازی پێکەوە نووسانی وشە و مۆرفێمەکانی.

٤- دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانەکان.

ئەمەش وا دەکات کە وشە وەرگیراوەکان چەند شێوەیەکیان هەبێت، وەك:

١- وەرگرتنی دەقاودەق، واتە بە هەمان فۆرم و واتای زمانی یەکەمەوە وشەکە وەردەگرین، وەك نموونەکانی (٦٤-ا). گونجاندنی وەرگیراو بەپێی باری فۆنەتیکیی زمانی کوردیی. (پیتەر مۆیسکین) ئەم جۆرەی وشە وەرگرتن دەبەستێتەوە بە پەیوەندی و بەریەککەوتنی نێوان زمانەکانەوە و سێ گریمانەدەخاتە ڕو: (Muysken,2000: 139)

ا- بەکارهێنانی چەند یەکەیەکی پەیوەندیدار، بەڵام جیاواز لە هەر زمانێکیاندا.

ب-گفتوگۆکردن بە هەردوو زمانەکە.

ج-ئەستەمە زمانی خاوەندار لەو یەکانە دیارییبکرێت.

٢- وەرتنی گونجێنراو: ئەو وشە وەرگیراوانەن، کە لەگەڵ ڕیزبوونی فۆنێمەکانی دەستکاریی کراوە و لەگەڵ پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانی وەرگردا گونجێنراوە. واتە ئاخێوەری زمانی کوردیی کاتێك وشەکە دەخوازێت، پێداچوونەوە بەو فۆنێم و بڕگە و مۆرفێمانەدا دەکات کە بەلایەوە بۆ دەربڕین گرانن و دەیگۆڕێت بۆ شێوەیەك کە لەگەڵ فۆنێم و بڕگە و مۆرفێمی زمانەکی و شێوازی ڕیزبوونیاندا بگونجێت، وەك نموونەکانی (٦٤-ب)

٣- وەرگێڕانی وەرگیراوەکان: لەم جۆرەیاندا تەنها واتای وشەکە وەردەگرین و وەریدەگێڕین بۆ زمانی خۆمان و فۆرمی وشە بیانییەکە فەرامۆشدەکەین. بەڵام فۆرمە بیانییەکەی دەکرێت وەك (ئەکرۆنێم)ێك لەنووسیندا بەکابهێنین. ئەم جۆرەیان شێوەیەکی ئەنالۆژییانەیان تێدایە، بە تایبەت دەربارەی جێبەجێکردنی ڕێسابەندییەکان (Barbara & Almedia,2009: 80). نموونەی وەرگێڕراوی بیانی وەك نموونەکانی (٦٤-پ).

٤- وەرگرتنی فۆرمی وشە: لەم شێوەیاندا تەنها فۆرمی وشەکە وەردەگرین و واتاکەی دەگۆڕین (Barbara & almedia,2009: 78)، وەك نموونەی (٦٤-ت)، کە لە زمانی کوردییدا هەمان واتای (لەفە/ سەندوویچ)ی پێدراوە، بەڵام لە زمانە بنەڕەتییەکەیدا بە مانای (لەفەی گۆشتی بەران) دێت.

*٦٤) ا) /میلۆدی، ستادیۆم، مۆبایل، پرێنتەر، کۆپیی/...*

*ب) /کابینە، دۆمینە، کافتریا، تاران، پەتاتە، تەماتە، فلیم، پاسکیل/...*

*پ) United States of America = وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (USA)،*

*تعمیم = گشتاندن،*

*ذاتیة = خۆیەتیی.*

*ت) /هەمبەرگر/.*

## ٢/٣-٤-٦) مێتافۆر

ڕێگەیەکی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان لە ڕووی واتاوەیە. واتە بە بێ ئەوەی فۆرمی نوێ دروستبکەین، واتای نوێ دەردەبڕین. واتە بەهۆی دانەپاڵی واتای نوێوە، وشەکانی فەرهەنگی زمان دەکەین بە فرەواتا. لە کاتی بەکارهێنانی وشەکان لە ڕستەدا دەردەکەوێت. واتە خوازە (مێتافۆر) دیاردەیەکی مۆرفۆلۆژیی نییە، بەڵکو فراوانکردنی واتای وشەیە (شیروان،٢٠١٦: ١٣٥).

لەم جۆرەدا وشەکە واتایەکی فەرهەنگی هەیە (واتای ناوەوە) ناودەبرێت، لەگەڵ واتایەکی تر، کە دراوەتە پاڵی، پێیدەوترێت (واتای دەرەوە)، کە بەهۆی لێکچوونی واتایی و پەیوەندی وشەکە بە وشەکانی ترەوە دروستبووە، وەك نموونەکانی (٦٥).

(٦٥ "أ) بەرانێکی شاخدارێکی کڕی.

ب) درۆیەکی شاخداری کرد. (ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا،٢٠٠٧: ١٨٠-١٨١)"

## ٢/٣-٥) ئەنالۆژیی و گۆڕانی زمانیی

وەك پێشتر گوتمان، ئەنالۆژیی زمانیی داهێنان و داڕشتنی وشەی نوێیە لەسەر وشەکانی تری زمانەکە و بنەما و ڕێسا چەسپاوەکانی دروستکردنی ئەو وشانە، لەسەر دوو بنەما: (لێکچوون) و (پاڵپشتکردن/ پاسادان)چ لە ڕووی فۆرمەوە بێت یان ناوەڕۆك (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپارەکانی ٢/٣-١، ٢/٣-٣ و ٢/٣-٤). بەڵام (گۆڕانی زمانیی) ناچەسپاویی و شلۆقیی پێکهاتەکانی یەکە زمانییەکان و بنەما و یاساکان و دۆخی دروستبوونیان پیشاندەدات. مەبەست لە گۆڕانی زمانیی، کە لە بەشی یەکەمدا باسی هۆکارەکانیمان لە ڕووی کۆمەڵایەتیی، جوگرافی، سیاسی و زمانییەوە کرد و بەوەش پێناسەمانکرد کە دوو شێوەی جیاوازیی هەمان دەربڕراوە و بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە سەردەمییەکانی ئاخێوەر دێتەکایەوە (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپاری ١/١-٤).

بەپێی سەردەم و لە کاتە جیاوازەکانی ژیانماندا بە بێ ئەوەی هەستی پێبکەین، گۆڕان بە پلەی جیاواز لە ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات، وەك (گۆڕانی دەنگیی، پێکەوە لکاندنی یەکەکان، شکانەوە و توانەوەی یەکەکان لەناو یەکتردا)، ئەوەش هۆکارێکی گرنگیی جیاوازیی لێکدانەوە و شیکردنەوە زمانییەکانە دەربارەی هەمان بابەت لە دوو سەردەمی جیاوازدا، بەڵام ئەو جیاوازییانە لەو شیکردنەوانەدا هەر هۆکارێکی هەبێت، بەهۆی بوونی ڕێژە ئەنالۆژییەکانەوە، سادەوساکار دەردەکەون (دیساسور،١٩٨٥: ١٩١-١٩٢). بۆ نموونە ژمارەی دەنگ/ فۆنێم و یاسا ڕێزمانییەکان زۆر بە هێواشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام فۆنێمەکان ئەلۆفۆنیان بۆ پەیدادەبێت، کە بەردەوام لە گۆڕاندان. هەروەها لە ئاستەکانی مۆرفێم و وشە و واتا و فەرهەنگ و یاسا مۆرفۆلۆژییەکان، خێراتر و زوتر و بە پێی پێویستیی ڕۆژگار، گۆڕانیان بەسەردا دێت. بۆ نموونە ئەگەر هەر لە ماوەی ژیانی خۆماندا لە شتەکانی دەوروبەرمان بڕوانین دەبینین چەند بە خێرایی وشەکانی فەرهەنگی زمانی کوردیی گۆڕاون و نوێبوونەتەوە و لێیان فەرامۆشکراوە و چەند وشەی نوێ هاتوونەتە ناوی، وەك نموونەی (٦٦).

٦٦)  /جێبەڕوبعە> بەرازیلیی> دکسی تایەپان> پاترۆڵ، ڤۆلگزڤاگن/.

٦٧)  /نانەوا، پێشەوا/

لە بەرامبەردا ئەوەدا هەندێك پێانوایە، كە ئەنالۆژییش دەگۆڕێت، لە پەیوەندی نێوان فۆڕمە كۆنەكان و فۆڕمە نوێیەكاندا ئەو بۆچوونەیان بۆ دروستبووە (دیساسور،١٩٨٥: ١٨٧). بۆچوونێكی تریش هەیە، پێیوایە كە "گۆڕانەكان ڕێژە شازەكان زیاددەكەن و ڕێسا ئەنالۆژییەكان كاڵدەكەنەوە (دیساسۆر،١٩٨٥: ١٨٤)". هەروەها (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٤٥ و ٢٢٢)یش ئاماژەی بە هەندێك وشە كردووە، كە ناویناون (دروستبووی تاكوتەرا)ن و هاوشێوەیان نییە، لە ڕووی واتا و ناوەڕۆكەوە ئەنالۆژیی نین، بەڵكو وشەگەلێكی تاكوتەنهان و بەهۆی گۆڕانی زمانییەوە، وەك شێوەی یەكهەمجاریان نەماونەتەوە و وشەی تریان لەسەر دروستنەكراوە، لە لایەكیتریشەوە لە لێكدانی چەمكەكانی (گۆڕان) و (ئەنالۆژیی)وە چەمكی (گۆڕانی ئەنالۆژیی)ی دروستكردووە (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ٤٥ و ٢٢٢).

سەرەڕای ئەوەش پێشتر ئاماژەمان پێكرد، كە چەمكی ئەنالۆژیی گشتگیرە و هیچ چەمكێك لە دەرەوەی خۆی ناهێڵێتەوە و ڕێسای نوێ بۆ گۆڕانە زمانییەكان و شێوە و فۆڕمە ناباوەكان دادەنێت، یان وەك ڕێسایەكی نوێ لە شێوەی دروستبوونیان دەڕوانێت، ئەوەش بە پێی جۆرەكانی ئەنالۆژیی (لێكچوون، پاڵپشتكردن، یان ئەنالۆژیی بەراییەكان) (Anderson,1967: 1-30). واتە دەكرێت ڕێسای دروستبوونیان، یان یەكە پێكهێنەرەكانیان ببێتە ڕێسایەكی ئەنالۆژی نوێ، یان دووبارە بەكاربهێنرێنەوە، بۆ دروستكردنی وشەی نوێ و ئەو وشە تاكوتەرا و گۆڕاو و ناباوانە كە لە (٦٧)دا خراونەتەڕوو، ببن بە سەرەی ئەنالۆژی. كەواتە هەرچەند وا دەردەكەوێت، كە (گۆڕان) و (ئەنالۆژیی) دژ بە یەكن، بەڵام دەكرێت گۆڕانی زمانیی یارمەتیدەرێكی باشی فراوانبوون و زۆربوونی گریمانە و قاڵبە ئەنالۆژییەكان بێت بۆ دروستكردنی وشەی نوێ، وەك نموونەكانی (٦٨)، هەرچەندە ڕەنگە لە ڕووی بڕشت و دارشتنەوە وەك ڕێساكانی تر نەبن.

٦٨)  طعن (عەرەبیی) ← تانە (كوردیی) گۆڕاوەكە

طعم (عەرەبیی) ← تام (كوردیی) لەبەرگیراوە

## ٢/٣-٦) ئەنالۆژیی و پێشبینیكردن

لە ڕوونكردنەوەی چەمكی (ئەنالۆژیی) و (ئالۆژیای زمانیی)یشدا باسی تایبەتمەندییەكی ئەو چەمكەمان كرد، ئەویش پێشبینیكردنە (چ داهێنانی وشەیەك بێت یان دارشتنی، یان هەر شێوەیەكی تر). واتە ئەوەی كە

ئێمە بتوانین لەسەر بنەمای ڕێسا چەسپاوەکان، پێشبینی هاتنەکایەی دیاردەیەك یان چەمکێکی نوێ بکەین (Anderson,1967:15). ئەوەش کاتێك ڕوودەدات، ئێمە توانستی ئاوەزیمان کارێك بکات کە توانای دەستەڵاتشکانەوەمان بەسەر زماندا هەبێت و شارەزاییمان لە ڕێسا زمانییەکاندا هەبێت. ئەوەش بەوە دەبێت، دەزگا زمانییەکهەمان کۆمەڵێك یەکە وەردەگرێت و لێکیاندەدات و وشەو دەربڕاوی نوێیان لێدروستدەکات (Hauser & Ltd, 2010:268). بەڵام چەند شتێك دەبێت پێشەکی بەردەستبن، بۆئەوەی پێشبینی چەمك و وشەیەك یان دەربڕاوێکی نوێ بکەین:

١- بیر و واتا، یان ڕووداو و کەرەستەی نوێ، کە پێویستیان بەوەیە ناویان بنێین. واتە هەتا بیرەکە یان شتەکە بوونی نەبێت، پێشبینیکردنی داهێنان یان دارشتنی وشەیەك کارێکی نەکردەیە، وەك گۆڕینی (th)ی کۆتایی کردار بۆ (S)، کە بە خێرایی لە زارەکانی باشوورەوە بۆ سەرجەم ناوچەکانی تری بەریتانیا تەشەنەیکرد (Ferguson,1996:244). "بە تەنها لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زمانەوەیە کە زمانەوان دەتوانێت ئەو پرۆسانەی قسەکەر دیاری و دەستنیشانبکات، کە لە ڕابردوودا لە دروستکردنی وشە نوێیەکاندا بەرپرسیاربوون و لەم ڕێگەیەوە کە دەتوانێت بگات بە تێگەیشتنێکی ڕێگە و ڕێبازەکانی وشە دروستکردن و وشە داهێنان (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ١٢٠)".

٢- کەی، بۆ کێ و لە چ بارودۆخێکدا؟ وشە دروستدەکەین (فارووق، ٢٠١٣: ١٥٢).

٣- توانای بەکارهێنانەوەی وشە و یەکە کۆنەکان بۆ ناونانەوەی شتە نوێیەکان (Chamberlain,2014:442).

٤- هەروەها هەستکردن بە پەیوەندی نێوان ڕێسا بەرهەمدارەکان و ئەو دەرئەنجامەی کە بەراوردکردنەکان پێیدەگەن. واتە ئەو ڕێسایەی کە ئاخێوەر هەڵیدەبژێرێت، بۆ دەربڕینی بیرەکەی (دیساسور،١٩٨٥: ١٨٨). هەروەها شیاوی و توانای وشەکان لە پێکهێنانی وشەی نوێدا، ئەوەش بەستراوە بە شیاوی و توانای شیکردنەوەیانەوە.

٥- هەستکردن بە دیاردە باوەکانی کۆمەڵ و پێشبینیکردنی هاتنەکایەی وشەی نوێ لەسەر ئەو بابەت و دیاردە باوانە. واتە هاوشێوەیی لە نێوان دیاردە زمانییەکان و دیاردە نازمانییەکاندا هەیە و پەیوەندی لە نێوان ڕۆشنبیریی و کەلتووری کۆمەڵ و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی زمانییدا هەیە (اولمان،١٩٧٥: ٦٦٣-٦٦٤). هەر کاتێك و لە هەر دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا ڕەفتاری دیاریکراو و گونجاو لەگەڵ ئەو دەوروبەرە هەڵدەبژێرێت.

٦- بۆ دروستی پێشبینییەکان، گۆڕانە زمانییەکان و زانیارییەکان لە پێدراوەکانەوە دیاریدەکەین. هەر گۆڕانێکیش زیاد لە جارێك دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ هەڵهێنجان (Skousen,2002:18)".

٧–دروستکردنی ئەنالۆژییانە، دەکرێت لە شێوەی هاوکێشەیەکدا دەربببڕێت.

## ٣/٢–٨) ئەنالۆژیی کۆدگۆڕینەوە:

مەبەستمان لە ئەنالۆژیی کۆدگۆڕینەوە، لێکچوونە، یان چوونیەکییە لە نێوان شێوەکانی کۆدگۆڕینەوەدا. واتە ئاخێوەری جووت_زمان وەك چۆن قسەکردن بە زمانی دایکیی و زمانی دووهەم بکات، بە هەمانشێوەش دەتوانێت، یەکە و یاسا زمانییەکانی هەردوو زمانەکە پێکەوە بەکاردەهێنێت و کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن ئەنجامدەدات. هەروەها دەتوانین بڵێین، کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن هاوشێوەیەکی ئەو شێوە زمانە تێکەڵانەیە، کە پێیان دەوترێت زمانە تێکەڵکان، وەك (پیجین) و (کریۆل)، کە لە پێکهاتەدا فرەجۆرن و بۆ پەیوەندیکردنن و لە شێوەو ئەرکدا کورتکراونەتەوە (Jukil,2012: 234). هەروەها بەپێی تیۆریی (تاك ڕەچەڵەکیی)، هەموو زمانەکانی ئەمڕۆ لە بنەڕەتدا تێکەڵەی چەند زمانێك بوون (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە وەچەپاری ٢/٢–٣–١). واتە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن دوو شێوەی ئەنالۆژییانەی زمانە تێکەڵەکانن، دەشتوانین بڵێین شێوەی ئەنالۆژییانەی بنەڕەتیی دروستبوونی زمانەکانی ئەمڕۆن.

شێوە ئەنالۆژییەکانی کۆدگۆڕینەوە لە ئاستە زمانییە جیاوازەکاندا ڕوودەدەن و بەدیدەکرێن، وەك فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و تەنانەت سیمانتیکیش. بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە کۆدگۆڕینەوە بە یاسا دەکرێت و ئەنالۆژییانە دروستدەکرێت. ئەنالۆژیا پاش هاتنەناوەوەی کۆدەگۆڕراوەکان، دەستدەکات بە دروستکردنی وشە و پێکهاتەی نوێ، بەڵام بەهەمان یاسای زمانیی. کۆدگۆڕینەوە تەنها لە ئاستی سینتاکسییدا ڕوودەدات و کۆد_تێکەڵکردنیش لە ئاستە جیاوازەکاندا ڕوودەدات، وەك مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس (Barbara & Almedia,2009: 211-215). کەواتە کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن سەرەرای جیاوازییە کەسییەکان، بەڵام پێشبینی ناکرێت کە پێڕەوبەندانە نەبن (Barbara & Almedia,2009: 207-209). تەنانەت هەندێکجار بەهۆی گونجاوی شێوەی پێکهاتنی ئەو ڕستانەوە بۆ زمانەکەی تر، ڕوودەدەن. هەر بۆیە (پۆپلاك Poplack,1981) دوو مەرجی گرنگیی بۆ کۆدگۆڕینەوە دیاریکردووە، بۆ ئەوەی هەڕەمەکیی و بێ یاسا و ڕێسا نەبێت و واتابەخش بێت:

١– گۆڕینەکان بە مۆرفیمی سەربەخۆ بێت، کە مەرجێکی زمانییە.

٢– ڕاگرتنی هاوسەنگی کەرەستە گۆڕاوەکان، بۆ ئەوەی گونجاوبن و پێکهاتەی زمانەکە تێکنەدەن. ئەوەش مەرجێکی گرنگیی ناسنامەی زمانیی و کۆمەڵایەتییە.

لە بارەی کۆد_تێکەڵکردنیشەوە لە ئاستی سینتاکسدا، کاتێك ئاخێوەری جووت_زمان دەیەوێت ڕستەیەك دەربڕێت بە زمانێکیان، بە مەبەست بێت، یان بێ مەبەست، بەهۆی بەردەستبوونی بژاردەی جیاوازیی دوو

زمانەکەوە، لەگەڵ مۆرفێمەکان و تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی زمانەکەی تردا تێکەڵیاندەکات. بەڵام بیەوێت یان نەیەوێت، دەبێت بەپێی پێڕەوی سینتاکسی یەکێك لە دوو زمانەکە دەریببڕێت، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك نموونەکانی (٤١) و (٤٢)، کە تێکەڵکراوێکی زمانی کوردیی و ئینگلیزییە، شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی ڕستەی زمانی کوردییە، چونکە شێوەی ڕیزبوونی وشە و فرێزەکانی ڕستەکە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ شێوەی ڕێزمانیی ڕستەی کوردییدا (S.O.V) هەیە، چونکە وەك لە واتای ڕستەکەوە دەردەکەوێت، ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی ویستویەتی بیرۆکەی ڕستەیەکی وەك (٦٩–ا)، بە زمانی ئینگلیزیی دەربېڕێت، کە شێوەی دەربڕینەکەی لە ڕێزمانی کوردییشدا بەدیدەکرێت، وەك لە نموونەی (٦٩–ب)دا خراوەتەڕوو.

٦٩) ا– A care parcked in the garage

ب) سەیارەیەك لە گەراجەکەدا پارککراوە.

لە بابەتی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان و وشە تێکەڵکردندا، بە هەمانشێوە پێڕەوبەندانەیە و لادان لە یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی هەرکام لە دوو زمانەکە زۆر ئەستەمە. لە هەر زمانێکدا وشە تێکەڵکراوەکان، وەك شێوازێکی تری دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی وشەی زمان، بە زۆرێك لە ڕێسا ئەنالۆژییەکانی وشە دروستکردن پێکدەهێنرێن. ئەم وشە کۆد_تێکەڵکراوە ئەنالۆژییانەی باسیدەکەین، لە هەموو زمانەکاندا هەن. لە زمانی کوردییشدا هەن و بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە لە (٢–٣–٥)دا باسمانکردن، دروستدەکرێن. لە بەشی سێهەمدا هەوڵدەدرێت کارەکییانە و ورد و زانستییانە، بە مەبەستی سەرلەنوێ پاساودانی لایەنە تیۆرییەکانی بەشی دووهەم، ئەم پێواژۆیە لە دیاردەی کۆد_تێکەڵکردندا شیبکرێتەوە و ئەو وشانە لە ڕووی فۆڕم و ناوەرۆکەوە شیدەکەینەوە.

# بەشی سێهەم

# ئەنالۆژیی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان

## ١/٣) ئەنالۆژیی فۆرم و واتای وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان

لە بەشەکانی یەکەم و دووەمدا لێکۆڵینەوەمان لە کاریگەریی زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتر، بەریەککەوتنەکانی کۆمەڵی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان، فێربوونی زمانی دووەم و کۆمەڵە جووت_زمانەکان کرد، کە دەبنە هۆی وەرگرتن و گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی دەنگ و وشە و ڕستە لە نێوان زمانەکاندا، بۆ ئەوەی کەلێنە زمانییەکانی زمانێکی پێپڕبکرێتەوە. ئەمەش بەرەو چەند دیاردەیەکی زمانیی جیاوازی بردین، وەك گۆڕینەوە و تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو زمان، یان زیاترە. ئاخێوەری هەر زمانێك هەوڵدەدات گۆڕین و تێکەڵکردنی کۆدەکان بە شێوەیەك ئەنجامبدات، کە کاریگەری لە یاسا و ڕێساکانی زمانەکەی نەکەن و نەیانشکێنێت. واتا چوونیەکیی و هاوشێوەیی ئەنالۆژییانە لە نێوان وشە و ڕستە بنەڕەتییەکانی زمانەکە لەلایەك و وشە و ڕستە کۆدگۆڕراو و تێکەڵکراوەکاندا هەبێت. ئەوەش دەمانبات بۆ دیاردەیەکی تری زمانیی، کە لەناو زمانی کوردییدا هەیە، ئەویش (ئەنالۆژیی کۆد_تێکەڵکردن)ە. لەناو ئەو دیاردەیەدا و بە دیاریکراوی، هەوڵدەدەین ئەو وشە کۆد_تێکەڵکراوانەی زمانی کوردیی شیبکەینەوە، کە بە هۆی گۆڕین و تێکەڵکردنی کۆدێکی زمانی ئینگلیزییەوە، وشەی نوێیان لێدروستکراوەتەوە.

بۆ شیکردنەوەی ئەنالۆژییانەی ئەو وشە کۆد_تێکەڵکراوانە لە ڕووی فۆرم و واتاوە، سوود لە هەندێك لە ڕێگەکانی وشە دروستکردن وەردەگرین، کە لە (ئەنالۆژیی وشە دروستکردن (لە وەچەپاری ٢/٣-٥))دا باسمانکردن. لە ڕووی هاوشێوەیی، یان هاوبنچینەیی و پاڵپشتیکردنیانەوە، لەلایەن وشە دروستکراوەکانی زمانی کوردییەوە، کە دەتوانین بڵێین ئەم وشانە سەرەی ئەنالۆژیین بۆ وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان. واتە هەر وشەیەکی کوردیی، کە هاوشێوەی ئەمانە دروستکراون، دەتوانن ببن بە سەرەی ئەنالۆژیی بۆ وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان. لە ڕووی واتایشەوە، لە واتای سێمانتیکیی و پراگماتیکیی وشەکان دەکۆڵینەوە. کە باسی واتای پراگماتیکیی دەکەین، مەرج نییە هەموو ئەو وشانەی شیکردنەوەیان بۆ دەکەین، واتای پراگماتیکییان هەبێت، بەڵکو تەنها ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە جگە لە واتای سێمانتیکییان، واتایەکی تریان لێبارکراوە. لە شوێنی خۆیدا ئاماژە بە واتا پراگماتیکییەکانی هەر وشەیەکیان دەکەین.

لە ڕێبازەکانی وشە دروستکردن، کە وشەکانیان دەچنە ناو فەرهەنگەوە و دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیی، ڕێبازەکانی (داهێنان، مۆرفۆلۆژی، بەلێکسیمبووەکان، کورتکردنەوە، وشەوەرگرتن و خوازە)ن. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، چەند ڕێبازێکیان وەك ڕێبازی (داهێنان) و ڕێبازی (وشە وەرگرتن) بە گشت شێوەکانیانەوە، نایەنە ناو ئەم باسەی ئێمەوە کە (ئەنالۆژیی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان)ە، لەبەر چەند هۆکارێك:

له گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە وامان لێدەکەن (وشەداهێنان) لە باسەکەمان جیابکەینەوە ئەوەیە، کە ئەو وشانەی ئێمە باسیاندەکەین، لە زیاد لە مۆرفیمێك پێکهاتوون و لە پێواژۆکانی دارشتن و لێکدانی مۆرفیمەکاندا لێکدراون. بەڵام وشەداهێنان، وەك لە پێشتریشدا باسمانکرد، داهێنانی وشەیەکی سادەی تاك مۆرفێم و نوێیە، کە پێکهاتەکەی پێشتر لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی زمانەکەدا بەدینەکراوە و بەکارنەهێنراوە. سەرەڕای ئەوەی کە تێکەڵکردنی کۆدەکان ڕێسا بەندە و ئەنالۆژییانە لەسەر بنەما و شێوەی وشەکانی تری زمانەکە دروستدەکرێن و دادەڕێژرێن، بەڵام داهێنان هەرچەندە ئەنالۆژییانە لەسەر بنەمای قاڵبی وشەکانی تری زمانەکە و ڕێساکانی لێکدانی بڕگەکان دروستدەکرێن. واتە کۆد_تێکەڵکردن، پێشتر کۆدەکانمان هەیە و تێکەڵیاندەکەین، بەڵام داهێنان واتە کۆدەکە نییە و دایدەهێنین، وەك لە نموونەی (٧٠–ا)، کە دوای هاتنی (مۆبایل) داهێنراوە و تاکمۆرفێمە پێشتر نەبینراوە. بەڵام نموونەی (٧٠–ب) کە پێشتر هەردوو بەشەکەی هەبوون و دوای وەرگرتنی */سێرچ/* لە زمانی ئینگلیزییەوە، بە مۆرفۆلۆژیی لێکدراون و بوون بە وشەیەکی نوێی زمانیی کوردیی.

*٧٠) ا) "/نوکە/* (محەمەد مەحوی،٢٠١٠: ١٢٢)"

*ب) /سێرچکردن/*

هەروەها (وشەوەرگرتن)یش لەم باسەماندا جێگەی نابێتەوە، چونکە لێرەشدا تێکەڵکردنی مۆرفێمەکان ڕوونادات. ئێمە لە بەشی دووهەم (لە وەچەپاری ٢/٣–٥–٥) داچوار شێوەی سەرەکیی وشە وەرگرتنمان باسکرد. بەڵام هیچیان وشە/کۆد_تێکەڵکردن نین. بۆ نموونە:

١– لە (وەرگرتنی ڕاستەوخۆ)ی وشەدا بە واتا و فۆرمە بیانییەکەیەوە وەریدەگرین، وەك نموونەی (٧١)، کە وشەیەکی ئینگلیزییە، ئاخێوەرانی زمانی کوردیی وەك خۆی وەریانگرتووە. ئەمەش نابێتە کۆد_تێکەڵکردن، چونکە هەم ڕێسابەند نییە و هەمیش لەگەڵ کۆدێکی زمانی کوردییدا تێکەڵ نەکراوە.

٢– هەروەها گۆڕینی فۆنۆلۆژییانەی وەرگیراوەکانیش، تەنها دەستکاریکردنی جۆری دەنگ و بڕگە، یان ڕیزبوونی دەنگ و بڕگەکانی وشەیە، نەك کۆد_تێکەڵکردن بێت، وەك لە نموونەکانی (٧٢)دا دەردەکەوێت.

٣– لە وەرگێڕانی وەرگیراوەکانیشدا، کۆد_تێکەڵکردنی ئەنالۆژییانە بەدیناکرێت، چونکە هەر لە واتای چەمکەکەوە دیارە، کە وەرگێڕانی واتای وشە بیانییەکانە بۆسەر زمانی مەبەست (بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی کوردیی)، وەك لە نموونەی (٧٣)دا دەردەکەوێت، کە هەردوو وشە

وەرگێڕدراوەکە کوردیین و تەنها ناوەڕۆکی وشە ئینگلیزییەکان وەرگیراون و بە فۆڕمی کوردیی داڕێژراونەتەوە.

٤- هەروەها لە وەرگرتنی وشەی زارەکانی زمانێك لە لایەن زمانێکەوە، یان لە لایەن زارەکانی تری زمانەکەوە. لەمیشدا هەروەك سێ شێوەکەی تر، کۆد_تێکەڵکردن نییە.

٧١) /تویتەر/

٧٢) /فلیم=فیلم، ئوتێل= هۆتێل، پاسکیل=بایسکڵ/

٧٣) /نەتەوەیەکگرتووەکان/

خاڵێکی گرنگی تر لە وشە وەرگرتندا پەیوەست بە ئەنالۆژیی کۆد_تێکەڵکردنەوە، ئەوەیە کە مەرجی سەرەکیی کۆد_تێکەڵکردن، بوونی وشەی زمانێکی ترە، کە هەندێکجار وەرگیراوەکانن. واتە ئێمە وشە لە زار و زمانەکانی ترەوە وەردەگرین، پاش چەسپاندنی بەکارهێنانی لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا، دواتر لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسەوە تێکەڵی وشە و فرێزەکانی زمانەکەمانی دەکەین و دووبارە وشەی نوێیان لێدروستدەکەینەوە. ئەویش بە ڕێگە مۆرفۆلۆژییەکانی وەك: (لێکدان و داڕشتن، داڕشتنەوەی لێکدراوەکان، ئاوێتەکردنی وشەکان)، کورتکردنەوەکان و ڕێگەی سینتاکسیی وەك فرێزە بەلێکسیمبووەکان، ئەنجامدەدرێن.

بەڵام سەبارەت بە خوازە کە لایەنی واتایی و واتای زیادە دانەپاڵ دەگرێتەوە، لە وشە تێکەڵکردندا سەرەتا فۆڕمەکانیان لێکدەدرێن، پاشان دوای بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی، دەکرێت واتای تر بدرێتە پاڵیان.

لێرەدا ئەو وشە کۆد_تێکەڵکراوانە شیدەکەینەوە، کە بە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیی دروستکراون، کە بە وردبوونەوە لە فۆڕمی وشەکان، ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

١- ئەنالۆژیی وشە داڕێژراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان.

٢- ئەنالۆژیی وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان.

٣- ئەنالۆژیی داڕشتنەوەی وشە لێکدراوەکان.

لەبەرئەوەی ئەم سێ جۆرە کرۆکیی و بنەماییین بۆ لێکۆڵینەوەکەمان، بۆیە لە وەچەپارەکانی داهاتوودا نموونەی پێویست وەردەگرین و شیکردنەوەیان بۆ دەکەین.

### ٣-١-١/ ئەنالۆژیی وشە داڕێژراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان:

لەو نمونانەدا دەیانخەینەڕوو، کەرتێکیان گۆڕاون بۆ کۆدێکی زمانی ئینگلیزیی، کە یان مۆرفێمە وشە داڕێژەکەیە یان مۆرفێمە ئازادەکەیە.

**یەکەم:** ئەم وشانەی (٧٤-ا) و (٧٥-ا) لە (پێشگری کوردیی+وشەی ئینگلیزیی) پێکهاتوون[٤٩].

٧٤) ا) */بێپرەنسیپ، بێئیتیك، بێسیم/.*

ب) */بێهێز، بێزمان، بێئابڕو/.*

٧٥) ا) */بەئەتەکێت/*

ب) */بەئابڕو، بەهێز/.*

٧٦) ا) *کابرا کەسێکی بێپرەسیپە.*

ب) *کەسێکی بێئیتیکە.*

پ) *بەبێسیمەکەپەیوەندی دەکات.*

ت) *پیاوێکی بە ئەتەکێتە.*

نموونەکانی (٧٤-ا) و (٧٥-ا) لە ڕووی فۆڕمەوە لە مۆرفێمێکی بەند و مۆرفێمێکی ئازاد، واتە لە پێشگرێکی کوردیی و وشەیەکی ئینگلیزیی پێکهاتوون.

لە ڕووی واتایشەوە، پێشگری (بێ-) واتایەکی لە خۆیدا هەڵگرتووە:

> +نەبوونی شتێك، یان خاڵی لە شتێك (وەك لە (٧٤-ب)دا دەردەکەوێت).

لە بەرامبەردا پێشگری (بە-) یش بە واتا:

> +خاوەندارێتی ئەو شتە، یان هەبوون پڕێتیی لەو شتە (وەك لە (٧٥-ب)دا دەردەکەوێت).

لە بەرامبەریشدا مۆرفێمە ئازادەکانی */پرەنسیپ/* بە واتای (بنەما، ڕێسا) و */ئیتیك/* بە واتای (نەریت، ڕەوشت) و */سیم/* بە واتای (تەل) و */ئەتەکێت/* بە واتای (ڕەوشتی خانەدانانە) وەرگیراون. ئاخێوەری زمانی کوردییش لەسەر بنەمای لێکچوونی پۆلی وشەی وشە وەرگیراوەکان لەگەڵ وشەکانی زمانی کوردیی و لێکچوونی واتایی نێوانیان، بە هەمان شێوەی وشە کوردییەکان دایڕشتونەتەوە، بۆ ئەوەی دژواتاکەی دەستبکەوێت و بیانکات بە ئاوەڵناو، بۆ پەسنکردنی کەسێك یان شتێك، وەك */بێپرەنسیپ/* و */بێئیتیك/*،

[٤٩]- بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو ڕێسایانەی کە لە شیکردنەوەی نمونەکان ئەم وەچەچارەوە هەڵیاندەهێنجین، پێویستە بەراوردی بکەین بە نموونە و ڕێساکانی وەچەپاری (٢/٣-٥-٢ یەکەم: وشەی داڕێژراو).

بەڵام لە /*بێسیم*/ دا هەرچەند لە بنەڕەتدا بۆ پەسنکردنی تایبەتمەندییەکی ئامێرێکی پەیوەندیکردن دانراوە، بەڵام ئێستا وەك ناوێکی داڕێژراو، بۆ ناونانی ئامێرەکە بەکاردەهێنرێت (بڕوانە ڕستەکانی (٧٦)).

لەمەوە دەردەکەوێت، کە نموونەکانی (٧٤–ا) لەسەر بنەمای وشەکانی (٧٤–ب) و نموونەکانی (٧٥–ا)یش لەسەر بنەمای وشەکانی (٧٥–ب) داڕێژراون. بەو پێیەی وشەکانی (٧٤–ب) و (٧٥–ب) داڕێژراون و لە (پێشگر+ مۆرفێمی ئازاد)، کەواتە وشەکانی (٧٤–ا) و (٧٥–ا)یش هەر بە یاسای (پێشگر+مۆرفێمی ئازاد) داڕێژراون، کە لە یاسای ئەنالۆژیی (پێشگر+ناو) و (پێشگر+ئاوەڵناو) پێکهاتوون.

**دووهەم:** نموونەکانی (٧٧–ا) و (٧٨–ا) بە یاسای (وشە+پاشگر) پێکهاتوون.

*٧٧) –ا) /جەلالییزم، سۆفییزم، ئاپۆییزم/.*

*ب) /کۆمۆنیزم، لیبراڵیزم/.*

*پ) /سۆفیگەریی، ئاپۆچی/*

*٧٨) –ا) /ڤایرۆساوی، فیدراڵیی، مۆبیلیات، فایلدار/.*

*ب) /خۆڵاویی ، ئازادیی، ساماندار/*

*٧٩) –ا) گۆشتی ڤایرۆساوی دەفرۆشن.*

*ب) جەلالیزم لە شەستەکانەوە سەریهەڵداوە.*

*پ) سۆفیزم ڕێبازێکی خواپەرستی جیهانییە.*

*ت) پشتیوانانی بیری ئاپۆیزم لە فراوانبووندان.*

*٨٠) عێراقی فیدراڵیی، حکومەتی فیدراڵیی، سیستەمی فیدراڵیی...*

لە وشەکانی (٧٧–ا) لە ڕووی فۆڕمەوە لە مۆرفێمێکی ئازاد ناوێك[٥٠] و پاشگرێکی ئینگلیزیی پێکهاتوون. لە ڕووی واتایشەوە، پاشگری (–یزم ism–) واتای ناوێکی تایبەتیی گۆڕیوە بۆ ناوی ڕێباز و بیر و ئایدیایەکی دیاریکراو. (جەلال) ناوی تایبەتی کەسێکە، (سۆفی) یش ناوی تایبەتی ڕێبازێکی ئایینییە، (ئاپۆ)یش نازناوی کەسێکە. هەرسێکیان بە خستنەسەری پاشگری (یزم)، گۆڕاون بۆ ناوێکی واتایی، بۆ ناونانی ئایدیایەکی دیاریکراو. هەرچەندە ئەم وشانە بە پاشگری وشەداڕێژی کوردییش داڕێژراون و بوون بە ناوێکی واتایی (بڕوانە نموونەکانی (٧٧–پ))، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا پاشگری (–یزم) بەکارهێنانی فراوانبووە و

[٥٠]– ناوەکانیش لە بنەڕەتدا بیانین و وەرگیراون، بەڵام ئێستا وەك ناوێکی تایبەتیی، بۆ ناونانی کەس و بیر و شتەکان بەکاردەهێنرێت.

هاتووەتە ناو فەرهەنگی چینێکی ڕۆشنبیریی جیاوازی کۆمەڵی کوردییەوە (بڕوانە ڕستەکانی (٧٩-ب،ت،پ)).

لە (٧٧-ا)دا وشەی */فیدراڵیی/* لە */فیدراڵ+یی/*، واتە لە مۆرفیمێکی ئازادی ئینگلیزیی و پاشگرێکی وشەدارێژی کوردیی پێکهاتووە. لە ڕووی واتاییشەوە، ئاخێوەرانی زمانی کوردیی وشەی */فیدراڵ/* بە واتای (یەکگرتن) یان (یەکگرتویی) ی ئارەزومەندانە و خاوەندارێتی هەر لایەنێك لە خۆی، وەریگرتووە و پاشگری *(-یی)* کردوویەتی بە ناوێکی ئەبستراکت بۆ گەیاندنی بیرێك، وەك لە نموونەکانی (٨٠)دا دەردەکەێت. لە */ڤایرۆساویی/*یشدا کە لە */ڤایرۆس+اوی/*، واتە لە ناوێکی ئینگلیزیی و پاشگرێکی وشەدارێژی کوردیی پێکهاتووە، لە ڕووی واتایشەوە پاشگری *(-اویی)* کە واتای بارگاوییکردنی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ناوی */ڤایرۆس/ی* لە (+ناو، +گیانەوەر، +-زیانبەخش)ەوە گۆڕیوە بۆ ئاوەڵناوێکی دارێژراو */ڤایرۆساویی/* کە تەنها سیفەتی (+زیانبەخشیی) تێدا ماوەتەوە (بڕوانە (٧٩-ا)).

هەروەها هەر لە (٧٨-ا)دا، */فایلدار/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */فایل+دار/*، واتە لە ناوێکی ئینگلیزیی و پاشگرێکی وشەدارێژی کوردیی پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، */فایل/* بە واتای زانیاریی کۆکراوە لەسەر کەسێك، یان شتێك دێت، کە لە دووتوێی بەرگێکدا پارێزراوە، بەرامبەرە کوردییەکەیشی (دۆسیە)یە. پاشگری *(-دار)* خاوەندارێتی، یان هەبوونی شتێك لە کەسێکدا دەگەیەنێت، وەك لە (٧٨-ب */بەهرەدار، ساماندار/*)دا دەردەکەوێت. پێکەوە ئاوەڵناوێکی دارێژراویان دروستکردووە و پەسنی کەسێك، یان شتێك دەکات. لە ڕووی واتای سێمانتیکییەوە، بە واتای ئەوە دێت کە (کەسێك، یان شتێك فایلی هەیە، یان خاوەن فایلە). بەڵام وەك لە ڕستەکانی (٨١)دا خراوەتەڕوو.

ئەم وشەیە هەڵگری واتایەی پراگماتیکییشە. واتە لە ناو کۆمەڵدا واتایەکی تری دراوەتەپاڵ و بۆ گەیاندنی بیرێکی تر بەکاردەهێنرێت، ئەویش وەك پەسنکردن و نازناوێك بۆ ئەو کەسانەی، کە تاوانبارن، یان تۆمەتبارن بە سیخوڕیکردن بۆ ڕژێمی بەعس. ئەوەش دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق بوو، کە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی سیخوڕیی بەرپرسە حیزبیی و حکومییەکانی کورد لە دژی حیزب و حکومەت و کەسایەتییەکان، کە بۆ بەعسیان کردبوو، ئاشکرا بوون. دواتر لە ناو کۆمەڵی کوردییدا ئەو کەسانە بە فایلدارەکان ناسێنران. وشەکە ئێستا زیاتر وەك تانەیەك، بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت. واتە لێرەدا چڕبوونەوەی واتایی، یان تایبەتکردنی واتایی ڕوویداوە.

*(٨١) ا) فایلدارەکان شەرمەزاری کەسوکاری شەهیدانن.*

*ب) حیزب لە فایلدارەکان خۆشبوو و پلەشیانی بەرزکردەوە.*

بەڵام هەر لە (٧٨–ا)دا وشەی */مۆبیلیات/*، کە لە */مۆبیل+ات/*، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+پاشگرێکی عەرەبیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە */مۆبیل/* کە واتای کەرەستەی کەمالیاتی ناو ماڵ دێت و (قەنەفە و مێز و کورسی و ژوری نووستن و کەلوپەلی تری ناوماڵ...) دەگرێتەوە، پاشگری *(–ات)* عەرەبیشی ئەرکی کۆکردن و نیشاندانی ژمارەیەکی زۆرە لەو کەرەستە و شتانە. لە ڕاستیدا ئاخێوەری زمانیی کوردیی وشەی */مۆبیل/* بە تەنها بەکارناهێنێت و ئەگەر کەسێکیش بەکاریبهێنێت، کەس لە واتاکەی تێناگات، بەڵام بە خستنە سەری پاشگری (–ات)، لە لای ئاخێوەری کورد بووە بە وشەیەکی واتادار و بە هەمان واتای وشە ئینگلیزییەکەی بەکاریدەهێنن.

ئەم وشەیە */مۆبیلیات/* شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی وشەی */چەرەسات/*ە، چونکە وشەی دوو سەردەمی جیاوازن و تەمەنی */چەرەسات/* زۆر لە */مۆبیلیات/* کۆنترە. واتە ئاخێوەری کورد */مۆبیلیات/*ی لەسەر قاڵبی */چەرەسات/* داڕشتووە.

ئەم وشانەی (٧٧–ا)دا باسمانکردن و شیمانکردنەوە، شێوەی ئەنالۆژییانەی وشەکانی (٧٧–ب)ن و ئەوانەش کە لە (٧٨–ا)دا باسمانکردن شێوەی ئەنالۆژییانەی (٧٨–ب)ن. پاڵپشتی یەکتر دەکەن، بەو پێیەی وشەکانی (٧٧–ب) کە قاڵب و فۆڕمەکەشیان ئینگلیزییە و وشەکانی (٧٨–ب)یش کە وشەی داڕێژراوی زمانی کوردیین و فۆڕمەکەیان لە پاشگرێکی وشەداڕێژ و مۆرفیمێکی واتادار پێکهاتوون، ئەوا وشەکانی (٧٧–ا) و (٧٨–ا)یش هەمان شێوە پێکهاتنیان هەیە، بەڵام کۆدێکی زمانی ئینگلیزییان تێکەڵکراوە. واتە لەسەر بنەمای وشە داڕێژراوەکانی زمانی کوردیی داڕێژراونەتەوە، یان دەتوانین بڵێین، کە بە هەمان شێوە شیکاردەکرێن و هەمان ڕێسایان هەیە، کە (مۆرفێمی ئازاد+پاشگری وشەداڕێژ)ە، واتە (ناو+پاشگر).

**سێهەم:** نموونەی (٨٢–ا) لەسەر یاسای ئەنالۆژیی (پێشگر+وشەی بیانیی (ناو) +پاشگر)

*٨٢) –ا)/نادیموکراتیی/.*

*ب) /ناتەبایی، ناڕەزایی/.*

*٨٣) سیستەمی سیاسی ئەم وڵاتە نادیموکراتییە.*

له (٨٢–ا)دا وشەی */نادیموکراتیی/* له */نا+دیموکرات+یی/*، واته له (پێشگرێکی کوردیی[٥١]+ناوێکی لێکدراوی ئینگلیزیی+پاشگرێکی وشەدارێژی کوردیی) پێکهاتووه. له ڕووی ناوەرۆکیشەوه، وشەی */دیمۆ+کراتۆس/ی* که به واتای (ڕای گەل) دێت، له زمانی یۆنانییەوه چووەته ناو زمانی ئینگلیزیی و زمانەکانی ترەوه و لەوێشەوه ئاخێوەرانی کورد، وەك یەك وشه وەریانگرتووه. بەهۆی باووبڵاویی و پێوستیی ئاخێوەرانەوه، بەکاهێنانەوەی دووبارەی زۆره و وشەی نوێی لێ دروستکراوەتەوه. به خستنەسەری پاشگری *(–یی)* بەناوکردن، بووه به ناوێکی دارێژراوی واتایی( */دیموکراتیی/*). پاشان ئەم ناوه واتاییه جارێکی تر به پێشگری *(نا–)* دارێژراوەتەوه و بووه به */نادیموکراتیی/* که دژواتای */دیموکراتیی/*یه و وەك ناوێکی واتایی دارێژراو، بۆ ناونانی ئەو کەس و سیستەم و دەستگا و ڕێکخراوانەی که ئاستەنگ بۆ */دیمۆکراتیی/* دروستدەکەن، بەکاردەهێنرێت، وەك له (٨٣)دا دەردەکەوێت.

لەمەشەوه ئەگەر له وشەکانی (٨٢–ب) بڕوانین، بۆمان ڕووندەبێتەوه که ئەم وشه کۆد_تێکەڵکراوەی (٨٢–ا) شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی وشه دارێژراوەکانی زمانی کوردییه و به هەمان یاسای وشەکانی (٨٢–ب) دروستکراوه و مۆرفێمه بەندەکانیشی هەمان ڕۆڵی واتایی و مۆرفۆلۆژیی (٨٢–ب)یان هەیه، چونکه ئەوانیش له مۆرفێمێکی واتادار و دوو مۆرفێمی بەند (پێشگرێك و پاشگرێك) پێکهاتوون. واته به هەمان یاسای ئەنالۆژیی (پێشگر+ناو+پاشگر)ی زمانی کوردیی دروستکراون.

## ٣/١–٢) ئەنالۆژیی وشه لێکدراوه کۆد_تێکەڵکراوەکان[٥٢]:

لێرەدا ئەو وشه لیکدراوانەی زمانی کوردیی شیدەکەینەوه، که یەکێك یان زیاتر له کۆدەکانی گۆڕاوه بۆ کۆدێکی زمانی ئینگلیزی و له بنەڕەتدا ئەنالۆژییانه لەسەر بنەمای لێکچوون و هاوشێوەیی نێوان شێوەی پێکهاتنی وشه لێکدراوەکانی زمانی کوردیی دروستکراون. واته وشه کوردییه لێکدراوەکان دەبن به سەرەی ئەنالۆژی بۆ ئەم وشه کۆد_تێکەڵکراوانه.

وشه لێکدراوەکۆد_تێکەڵکراوەکانی زمانی کوردییش له لێکدانیاندا، پەیڕەوی چەند ڕێسایەکی وشەلێکدان دەکەن، که لێرەدا دەیانخەینەڕوو.

[٥١]– ئێمه لێرەدا مۆرفێمی بەندی (نا–) به مۆرفێمێکی وشەدارێژ دادەنێین، چونکه له دارشتنی وشەی تردا بەشداریکردووه، وەك: /ناڕازیی، ناشیرین، ناخۆش، نارەوا/...هتد.

[٥٢]– پێویسته بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لێرەدا نموونه و ڕێساکانی ئەم وەچەپاره به نموونه و ڕێساکانی وەچەپاری (٣/٢–٥–٢ دووهەم: وشەی لێکدراو) بەراوردبکەین.

**یەکەم:** نموونەکانی (٨٤–ا) بە یاسای ئەنالۆژیی (وشە+وشە) دروستکراون کە لە (ناوی کرداریی ئینگلیزیی+ناوی کرداریی کوردیی) پێکهاتوون.

لە وشەکانی (٨٤–ا)دا وشەکانی *(/کۆپیی/، /لایك/، /کۆنێکت/، /سێرچ/، /هاك/، /دیلیت/)* هەموویان گرووپێك وشەی وەرگیراوی نوێن و پەیوەستن بە بووارە تەکنەلۆژیی و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە و پێویستیان بە ئەنجامدان هەیە، یان کردەیەکن پێویستە کەسێك ئەنجامیانبدات. ئەنجامدانیشیان لە لای ئاخێوەرێکی زمانی کوردیی بە بەکارهێنانی دووگمە و پلاکی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە بەستراوەتەوە، کە بەرهەمهێنراوی بیانین. ناوی ئامێرەکە و بەکارهێنانیشیان هەر بە وشەی ئەو زمانانە ناونراون، کە ئاخێوەرەکانیان دروستیکردووون.

هەروەها تایبەتمەندییەکی تری ئەم وشانە ئەوەیە، کە ئەمانیش لە زمانی ئینگلیزییدا وەك ناو و کرداریش بەکاردەهێنرێن، بەڵام ئێمەی کورد وەك ناو وەرمانگرتون، نەك وەك کردار، چونکە زمانی کوردیی پێویستی بە کرداری نوێ نییە. ئەم وشە لێکدراوانەی، کە لە (٨٤–ا) دروستکراون، بەکارهێنانی سینتاکسییان زیاتر وەك کرداری ڕستەیە، نەك وەك ناوی کرداریی (بڕوانە نموونەکانی (٨٥)). بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی ناویشیان هەیە، واتا وەك ناو لە ڕستەدا گۆدەکرێن (بڕوانە نموونەکانی (٨٦)).

*٨٤) ا) /سێرچکردن، کۆپیکردن، لایککردن، کۆنێکتکردن، هاککردن، دیلیتکردن، پلاندانان/...*

*ب) /دروستکردن، جێبەجێکردن،بەرنامەدانان.../.*

*٨٥) ا) بابەتەکەم کۆپیکرد.*

*ب) سێرچم بۆ ناوەکەت کرد، بەڵام هیچم نەدۆزییەوە.*

*پ) وێنەکانم دیلیتکرد.*

*ت) بەشی سێهەمم تایپکرد.*

*٨٦) ا) بە سێرچکردنەوە خەریکبووم.*

*ب) وەزارەتی پلاندانان هیچ پلانێکی نییە.*

*پ) دروستکردنی خانوو بۆ ماڵە هەژارەکان لە تەواوبووندایە!*

لە نموونەکانی (٨٤–ا)دا، وشەی */سێرچکردن/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */سێرچ+کردن/*، واتە لە وشەیەکی ئینگلیزیی و وشەیەکی کوردیی پێکهاتووە. چاوگی */کردن/* یەکێکە لە وشە چالاکەکانی زمانی کوردیی لە

داڕشتن و لێکدانی وشەی نوێدا و  ناوی کرداریی داڕێژراو و لێکدراو دروستدەکات، بۆ بیر و واتایەکی نویێ. لە ڕووی واتاییشەوە گونجاوییەك لە نێوان وشە کوردییەکە (چاوگی /*کردن*/) و وشە ئینگلیزییەکە /*سێرچ*/دا هەیە کە وایکردووە لێکدانیان ئاسانبێت (ئەمە بۆ نموونەکانی تری (٨٤-ا) هەر دروستە)، چونکە چاوگی /*کردن*/ لە لای ئاخێوەری کورد بە واتای:

*+بەجێهێنان و بەئەنجامگەیاندنی کارێك.*

*+هەستان بە کارێك.*

*+کردە و جوڵەیە.*

لە بەرامبەر ئەوەشدا /*سێرچ*/ بە واتای کارکردن و چالاکیی دێت بۆ گەڕان و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی شتێك، کە لە بەرچاوماندا ونە و نادیارە. ئەم وشەیە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە هاتە ناو زمانی کوردییەوە. پێکەوە ناوێکی کرداریی لێکدراویان دروستکردووە و واتای هەردووکیانی تێدا تواوەتەوە و جەختێکی واتایی زیاتری بەخشیوە بە وشە ئینگلیزییەکە، وەك لە نموونەکانی (٨٥-ب) و (٨٦-ا)دا دەردەکەوێت.

بەڵام لە ئێستادا سەرەڕای بووارە تەکنەلۆژییەکان، واتای پراگماتیکییشی هەڵگرتووە و چووەتە ناو هەندێك بوواری ترەوە. وەك ئەوەی کوڕێك لەبەردەم خوێندنگەی کچان وەستاوە و لە گفتوگۆیەکی وەك نموونەی (٨٧)دا، وشەکە بە واتای (گەڕان بە دوای کچی جوان)دا بەکاردەهێنێت. یان کەسێك بەدەم خەیاڵکردنەوە، دەستی کردووە بە لوتییدا، خەڵك وەك تانەلێدان ڕستەیەکی وەك (٨٨)ی بۆ بەکاردەهێنن. ئەوەش بەهۆی لێکچوونیی واتاییەوە ڕوودەدات، چونکە لە هەموویاندا سیمایەکی واتایی هاوبەش هەیە، کە (گەڕانە بۆ دۆزینەوەی شتێك). ئەوەش بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی ئەندامانی ئەو گرووپە خەڵکەی کە بەکاریدەهێنن، ڕوودەدات.

٨٧)	*یەکەم: ئەوە چی دەکەی؟*

*دووەم: خەریکی سێرچکردنم.*

٨٨)	*سێرچی بۆ دەکات.*

هەر لە (٨٤–ا)دا وشەی */کۆپیکردن/*[٥٣] یش لەڕووی فۆڕمەوە لە */کۆپیی+کردن/*، واتە لە *(ناو+ناوی کردار)* پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، */کۆپیی/* بە واتای لەبەرگرتنەوەی شتێك دێت و هەر بەو واتایەیش وەرمانگرتووە. وشە لێکدراوەکەش بە واتای ئەنجامدانی کردەی لەبەرگرتنەوەکە دێت. ئەم وشە واتاکەی پێشتر لە دوو فۆڕمی جیاوازدا هەبووە، وەك لە نموونەکانی (٨٩–ا)دا خراونەتەڕوو.

*٨٩) –ا) /ئیستنساخکردن/، /قۆپییکردن/*

*ب) قۆپییکردن پیشەی خوێندکاری تەمبەڵە.*

*پ) خوێندکارە قۆپییکارەکان بێزارکەرن.*

یەکەمیان لە تێکەڵکراوی وشەی عەرەبییە و دووهەمیشیان گۆڕاوی فۆنۆلۆژیی وشەی */کۆپیی/*یە. وشە لێکدراوەکەش بە واتای ئەنجامدانی کردەکە بەکاردەهێنرێت و لەویشەوە وشەی */قۆپییکەر/*مان داڕشتووە بۆ پەسنکردن و وەك نازناوێکیش بۆ ئەو خوێنکارانەی کە لە تاقیکردنەوەکاندا بۆ نمرە بەدەستهێنان و دەرچوون لە وانەکاندا، فێڵ و گزییدەکەن (بڕوانە نموونەی (٨٩–ب،پ)).

یەکێکی تر لە نموونەکانی (٨٤–ا) */لایککردن/*ە کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە */لایك+کردن/*، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+ناوی کرداریی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتاییشەوە، */لایك/* بەم واتایانە بەکاردەهێنرێت:

*+حەزلێبوون.*

*+بەدڵبوونی شتێك.*

*+پەسنکردن.*

ئێمەی کورد وشەی */لایك/* ڕاستە بیستبوومان، بەڵام پێویستمان نەبوو، بەڵام دواتر بەهۆی تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك)ەوە، هاتە ناو زمانی کوردییەوە و بە واتای بەدڵبوونی پۆست و بابەتی بڵاوکراوە بەکاریدەهێنین. هەروەها وشەی */کۆنێکتکردن/* لە */کۆنێکت+کردن/*، واتە */ناو+ناوی کرداریی/* پێکهاتووە. */کۆنێکت/* بە واتای (گرێدان، پەیوەستکردنی میتافیزیکیی) بەکاردەهێنرێت. بەڵام ئاخێوەری زمانی کوردیی

---

[٥٣]– ساڵانی پێشو لە جیاتی */کۆپیکردن/، /ئیستنساخکردن/* بەکاردەهات، بەڵام ئێستا هەردوکیان بەکاردەهێنرێت، بەڵام */کۆپیی/* جێی بە */ئیستنساخ/* لێژکردووە. ئیستا تەنها بۆ بوارە کاغەزییەکان و ناوانی ئەو دوکانانەی، کە کاری کۆپییکردنی نوسراوەکان دەکەن، وەك (ئیستنساخی چیا)، بەکاردەهێنرێت. بەڵام لە هاوشانیدا */کۆپیی/*یش بۆ پەڕەکان و نوسراوەکان بەکاردەهێنرێت. بەڵام لە کردە کۆمپیوتەریی و ئەنتەرنێتیی و تەکنەلۆژییەکانی تردا */کۆپیی/* جێگەی */ئیستنساخ/*ی گرتووەتەوە و وشەی تریشی لەسەر داڕێژراوە، وەك: */کۆپییکراو/*. ئەوەش بۆ ئەو لایەنە کۆمەڵایەتیی و کەلتورییانەی زمان دەگەڕێتەوە، کە لە بەشی یەکەمدا باسمانکردن. ئەمە بۆ وشەکانی تریش هەر دروستە. ئەوەش بە هۆی کاریگەری تەکنەلۆژیا و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و پاشەکشەی کاریگەری عەرەب لەسەر کورد و زیادبونی کاریگەری کەلتوریی وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەمەریکا و ئەوروپا)، وایانکردووە کە ئەو وشە عەرەبییە تێکەڵکراوانە بەکارهێنانیان کەمببێتەوە و بەرەو نەمان بچن.

لە بوواری ئینتەرنێتدا و بۆ پەیوەستکردنی (مۆبایل) و (کۆمپیوتەر) و ئامێرەکانی تر بە هێڵەکانی ئینتەرنێتەوە، وەرگرتووە و بەکاریدەهێنێت و لە /*کۆنێکتکردن*/دا واتای (کردەی پەیوەستکردن)ەکە دەگەیەنێت.

هەروەها /*هاککردن*/یش لە وشەی /*هاک+کردن*/، واتە لە (ناوێکی کرداریی ئینگلیزیی+ناوێکی کرداریی کوردیی)پێکهاتووە. /*هاککەر* *Hacker*/ کەسەکەیە و/*Hacked*/ واتا کرداری ڕابردووی/*Hack*/. وشەکە لە ئینگلیزیدا بە چەند واتایەك بەکاردەهێنرێت:

*+بڕینی شتێك بە توندیی.*

*+دەستکەوتنی زانیاریی کەسێك بە نهێنی.*

*+ڕامکردن، غاردان.*

*+کۆکینی بێتام.*

*+نووسینی بازاڕی.*

بەڵام لە ڕاستیدا ئاخێوەری کورد واتای وشەکەی لە دەستبەسەرداگرتنی ئەکاونت و سایتی کەسێك، یان دەستگایەکدا کورتکردووەتەوە و وەریگرتووە، کە زیاتر بە واتای لەژێردەستدەرهێنان دەگەیەنێت. وشەلێکدراوەکەیش /*هاککردن*/ هەر بە واتای (کۆنترۆڵکردن و دەستبەسەرداگرتنی زانیاریی) بەکاردەهێنرێت. بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا، واتایەکی پراگماتیکییشی هەڵگرتووە و بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە گێژ و وڕن و ئاگایان لە خۆیان نییە و لەسەر خۆیان نین، یاخود ناخودئاگایانە ڕەفتاردەکەن (بڕوانە نموونەی (٩٠)).

*٩٠) –ا)ئەڵێی هاککراوە، وا دەڕوات بە ڕێگادا.*

*ب) چییە ئەڵێی هاککراویت؟*

هەروەها لە /*دیلیتکردن*/دا، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە /*دیلیت+کردن*/، واتە (ناوێکی کرداریی ئینگلیزیی+ ناوێکی کرداریی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، /*دیلیت*/ بە واتای (سڕینەوە)وە وەرمانگرتووە لە بووارە کۆمپیوتەرییەکاندا بۆ سڕینەوەی بابەت و فایلە کۆمپیوتەرییەکان. /*دیلیتکردن*/یش هەر بە واتای کردەی سڕینەوە بەکاردەهێنرێت، وەك لە (٨٥–پ)دا دەردەکەوێت. بەڵام سەرەڕای بوواری کۆمپیوتەرییەکان واتای پەڕیوەتە بۆ ناو بووارە کۆمەڵایەتیی و مرۆڤییەکان. وەك لە نموونەی (٩١)دا خراوەتەڕوو. ئەوەش، بەهۆی لێکچوونی واتاییەوە ڕوویداوە. بە واتای ئەوەی سڕینەوەی زانیاریی و یادەوەرییەکانی لە مێشکی کەسەکەدا بەکاردەهێنرێت، وەك چۆن فایل و بابەتەکانی کۆمپیوتەر لە میمۆریی

کۆمپیوتەرەکەدا دەسڕێنەوە. ئەو لێکچوواندنەی نێوان سڕینەوەی زانیارییەکانی مێشك و زانیارییەکانی کۆمپیوتەر، بە ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیی ڕێکخراوە و چەسپێنراوە.

٩١) ا- *تۆم لە ژیانی خۆمدا دیلیتکردووە.*

*ب) دیلیتکردنی تۆ لە ژیانمدا لە ئاوخواردنەوە ئاسانترە.*

پ) لە ژیانی خۆمدا تۆم سڕییەوە.

هەر لە نموونەکانی (٨٤)دا، /*پلاندانان*/یش لە ڕووی فۆرمەوە لە /*پلان+دانان*/، واتە (چاوگێکی ئینگلیزیی+چاوگێکی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، /*دانان*/ بە واتای یان بۆ هەڵگرتنی شتێك و دانانی لە شوێنێکی تردا بەکاردێت، بەڵام لەم وشەیەدا بە واتای دانانی ئەوەی لە بیر و مێشکی کەسەدایە بەکاردێت، بۆ دەرخستنی و دیاریکردنی ئامانجێك. /*پلان*/ لە ئینگلیزییدا بە چەند واتایەك بەکاردەهێنرێت:

*+ویستی کردنی کارێکە لە داهاتوودا.*

*+نەخشە ڕێگایەکە.*

بە هەمان ئەو واتایانەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە و لە /*پلاندانان*/دا واتای داڕشتنی هەنگاوەکانی پلانەکە دەبەخشێت.

ئەو وشانەی کە لە نموونەکانی (٨٤-ا)دا شیکارمانکردن، ئەنالۆژییانە لەسەر بنەمای وشەکانی (٨٤-ب) دروستکراون، چونکە هەمان یاسای پێکهاتن و هەمان شێوازی شیکارکردنی وشەکانی زمانی کوردییان هەیە و بە یاسای ئەنالۆژیی (وشە+وشە)، واتە (ناوی کرداریی+ناوی کرداریی) دروستکراون. هەروەها هەمان ڕۆڵی سینتاکسییش دەبینن (بڕوانە پێکهاتەی وشەکانی (٨٤) و ڕستەکانی (٨٥) و (٨٦)).

بەڵام لە نموونەکانی (٩٢-ا)دا کە بە هەمان یاسای ئەنالۆژیی (وشە+وشە) دروستکراون، بەڵام پێکهاتەکەیان جیاوازە و لە وشەی جیاواز پێکهاتوون و وشەی کەتیگۆریی جیاواز دروستدەکەن و پێکەوە واتایەکی نوێیش دەبەخشن.

٩٢)ا) */سەرتۆپ، پاسکیلسوار، سینەماکار، مۆبایل فرۆش،.../.*

*ب) /سەردار، ئەسپسوار، کرێکار، گوڵفرۆش،.../.*

٩٣)ا) *سەرتۆپی جوانای کوردستانە.*

*ب) شوان عەتوف سینەماکارە.*

*پ) پاسکیلسوارەکە هات.*

*ت) کچە ئەسپسوارەکە هات.*

لە (٩٢–ا)دا وشەی */سینەماکار/* لەڕووی فۆڕمەوە لە */سینەما+کار/، واتە (ناوێکی ئینگلیزیی+ناوێکی کوردیی)* پێکهاتووە. لە زمانی کوردییدا وشەی */سینەما/* مێژوویەکی کۆنتری لە وشەی */سینەماکار/* هەیە، چونکە لە پێشدا فیلمی سینەمایی هاتووەتە کوردستانەوە و پەخشکراوە، وشە ئینگلیزییەکهەمان بۆ وەرگرتووە. پاشان دوای پەیدابوونی دەرهێنەری کوردیی و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی و ڕۆڵبینینیی دەکتەرە کوردەکان، وشەی */سینەماکار/* پەیدابووە. واتا */سینەماکار/* بە واتای ئەو کەسەی، کە کاری نواندنی سینەمایی دەکات، یان کار لە بوواری سینەمادا دەکات، بەکاریدەهێنیین[٥٤]. هەروەها /پاسکیلسوار/یش لە */پاسکیل+سوار/،* واتە (ناوێکی ئینگلیزیی+ناوێکی کوردیی) پێکهاتووە. واتاکەشی بریتییە لە ناونانی ئەو کەسەیە، کە سواری پاسکیل بووە، وەك ئەوەی کە*/ئەسپ/* ئاژەڵی گواستنەوەیە و */ئەسپسوار/*یش ئەو کەسەیە، کە سواری ئەسپەکە بووە. */پاسکیل/،* کە شێوە گۆڕاوەکەی */بایسکڵ/ی* ئینگلیزییە، لە پێش */پاسکیلسوار/*ەوە، هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە. واتە دوای هاتنی ئامێرەکە و بەکارهێنانی و وەرگرتنی ناوەکەی، */پاسکیلسوار/*یشمان دروستکردووە. هەروەها */سەرتۆپ/*یش لە */سەر+تۆپ/،* واتە لە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. لە ڕووی ناوەرکیشەوە بە واتای ترۆپك یان لوتکەی شتێك، یان ئەوپەڕی ڕادەی شتێك دێت و بەکاردەهێنرێت (بڕوانەنموونەکانی (٩٣)).

بەڵام */مۆبایلفرۆش/* جیاوازترە لە پێکهاتەکەیدا، چونکە لە */مۆبایل+فرۆش/،* واتە (ناوێکی ئینگلیزیی+ڕەگی چاوگێکی کوردیی) پێکهاتووە. پێکەوە ئاوەڵناوێکی بکەریی لێکدراویان دروستکردووە. لە ڕووی واتاوە */مۆبایل/* ئامێرێکی تەکنەلۆژییە و بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، /فرۆش/یش کە ڕەگی چاوگی /فرۆشتن/ە و بە واتای فرۆشتنی شتێك بە کەسێك دێت. */مۆبایلفرۆش/* پێکەوە بە واتای ئەو کەسە بەکاردەهێنرێت، کە کڕین و فرۆشتن بە */مۆبایل/* دەکات (چ دوکان بێت یان دەستگێڕی سەر شەقامەکان).

ئەو وشانەی کە لە (٩٢–ا) باسمانکردن، ئەنالۆژییانە لەسەر وشەکانی (٩٢–ب) دروستکراون. واتە */پاسکیلسوار/* و */سینەماکار/* بە یاسای ئەنالۆژیی (ناو+ناو) دروستکراوە، کە هەمان پێکهاتە و شێوە لێکدان و ڕیزبوونی وشە کوردییەکانی (٩٢–ب)یان هەیە، بەڵام */مۆبایلفرۆش/* لە (ناو+ڕەگی کردار) پێکهاتووە، کە دوو ڕێسای ئەنالۆژیی وشە دروستکردنی زمانی کوردیین. هەروەها لە ڕووی واتا و بەکارهێنانی سینتاکسییەوە هاوشێوە و هاو ڕەفتارن (بڕوانە نموونەکانی (٩٣)).

---

[٥٤]– هەندێك لە بەتەمەنەکان لە جیاتی وشەی (پەرلەمانتار) وشەی (پەرلەمانکار= پەرلەمان+کار) بەکاردەهێنن.

**دووهەم:** نموونەکانی (٩٤–ا) شێوەیەکی تری وشەلێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکانن، کە بە پێچەوانەی نموونەکانی (٨٤–ا) و (٩٢–ا)ەوە پەیوەندیی نێوان دوو وشە لێکدراوەکە هاوتا نییە، بەڵکو پەیوەندی نێوانیان لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی بوونیادنراوە، بەڵام بە هەمان یاسای (وشە+وشە) دروستکراون، بەڵام لە (ناو+ناو) پێکهاتوون.

٩٤) ا) */کاسۆمۆڵ، کوردسیتیی، سلێمانیپالاس، جافتاوەر، تیشکنێت، گۆراننێت/...*

ب) */فۆرگاسن/*

پ) */ماکزیمۆڵ Maximall، مانچێستەرسیتی Manchestercity/*

ت) */مارماسی، براژن، ژنبرا/...*

٩٥)ا) *ئەمڕۆ لە کاسۆمۆڵ بووم.*

ب) *سلێمانیی پالاس بەرامبەر بە باخی گشتییە.*

پ) *مەکینە فۆرگاسنەکەم فرۆشت.*

ت) *مارماسییەکم ڕاوکرد.*

ئەم وشانەی نموونەکانی (٩٤–ا) هەموو لە لێکدانی دوو ناو دروستکراون و بە زۆری بۆ ناوی شوێن و شت بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە */کاسۆمۆڵ/* لە */کاسۆ+مۆڵ/*، واتە لە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕووی پەیوەندیی نێوان دوو وشەکەوە، */کاسۆ/* بووە بە دیارخەری */مۆڵ/*. واتە بەهۆی */کاسۆ/*وە، تایبەتمەندیی و دیاریکراوی دەبەخشین بە واتای */مۆڵ/*. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، */کاسۆ/* لە ئێستادا وەك ناوێکی تایبەت، بۆ ناونانی منداڵان بەکاردەهێنرێت، */مۆڵ Mall/*یش وشەیەکی ئینگلیزییە و بۆ شوێنە بازرگانییەکان و فرۆشگا گەورەکان بەکاردەهێنرێت. پێکەوە بوون بە ناوێك بۆ بازاڕێك و تەلارێکی بازرگانیی شاری سلێمانیی.

هەروەها */ کوردسیتیی/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */کورد+سیتیی/*، واتە لە *(ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی)* پێکهاتووە. بە هەمانشێوە پەیوەندی نێوان ئەم دوو وشەیەش لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی بوونیادنراوە و دیاخەر */کورد/* پێش دیارخراو */سیتیی/* کەوتووە، واتە بەهۆی وشەی */کورد/*ەوە واتای وشەی */سیتیی/* تایبەتکراوە و دیاریکراوە. لە ڕووی واتایشەوە، */کورد/* ناوێکی تایبەتە بە گرووپێکی

کۆمەڵایەتیی مرۆڤ، کە لە شوێنێکدا دەژین. /*ستیی*/یش لە زمانی ئینگلیزییدا بۆ جیاکردنەوە قەبارە و پێگەی شوێنەکانی نیشتەجێبوون بەکاردەهێنرێت[55] و بە واتای:

+شاری زۆر گەورە

+ناوەندی ئیداریی پارێزگا، ناوچەیەکی فراوان.

+قەرەباڵغ و دانیشتووانی زۆر.

بەڵام ئێمەی کورد وشەکەمان بۆ واتا ڕاستەقینەکەی خۆی وەرنەگرتووە، بەڵکو هەوڵدراوە ئەم ناوە بۆ ناونانی ئەو شوێنانەی نیشتەجێبوون بەکاربهێنرێن کە بازرگانیین و لەسەر شێوەی خانوو و ڤێللا و باڵاخانەکانی ئەو وڵاتانە دروستکراون. واتە فۆڕمەکەمان وەرگرتووە و واتایەکی نوێمان پێداوە، ئەویش بەوەی، کە بۆ ناونانی شوێنی نیشتەجێبوونی دەستکرد و بچووك و بازرگانیی بەکاریدەهێنین، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو واتایانەیە، کە ئاخێوەرێکی زمانی ئینگلیزیی وشەکەی بۆ بەکاریدەهێنێت. *هەربۆیە* /*کوردسیتیی*/ بووە بە ناو بۆ شوێنێك، کە لە ژمارەیەك خانوو و باڵاخانەی نیشتەجێبوون پێکهاتووە و کۆمپانیاکانی بوواری بیناسازی لە شاری سلێمانیی دروستیانکردووون.

هەر لە نموونەکانی (٩٤–ا)دا، لە /*سلێمانیی پالاس*/یشدا، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە /*سلێمانیی+پالاس*/، واتە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە، /*سلێمانیی*/ دیارخەرە و /*پالاس*/ دیارخراوە و بەهۆی ئەوەوە واتای وشەی /*پالاس*/ ڕوونکراوەتەوە. وشەی /*پالاس*/ لە زمانی ئینگلیزییدا بۆ کۆشك و تەلاری ڕازاوە و جوان بەکاردەهێنرێت، کە مەرج نییە میوانخانە بێت. بەڵام ئاخێوەری زمانی کوردیی لە /*سلێمانیی پالاس*/دا، هەرچەندە کە میوانخانەیە، هەر بۆ ئەو واتایەیش وەریگرتووە، ئەوەش بۆ ئامانجی بازرگانیی و سەرنجڕاکێشانی میوانەکانێتی. /*جافتاوەر*/یش وشەیەکی تری لێکدراوی کۆد_تێکەڵکراوە، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە /*جاف+تاوەر*/، واتە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتاکەیشیانەوە، وشەی /*جاف*/ ناوی هۆزێکی گەورەی کوردە، وشەی /*تاوەر*/یش بە واتای باڵاخانەی زۆر بەرز و باریك بەکاردەهێنرێت. وشەی /*جاف*/ بووە بە دیاخەری وشەی /*تاوەر*/ و دیاریکردووە و /*تاوەر*/یش بووە بە دیارخراو. ناوەڕۆکی وشە لێکدراوەکەیش ناوی باڵاخانەیەکی بەرزە لە شاری سلێمانیی، وەك نموونەکانی (٩٥–ا) و (٩٥–ب)دا دەردەکەوێت.

هەر لە نموونەکانی (٩٤–ا)دا، /*تیشکنێت*/ و /*گۆراننێت*/ کە ناوی دوو کۆمپانیای بەڕێوەبەری هێڵەکانی ئینتەرنێتن. /*تیشکنێت*/ لە /*تیشك+نێت*/، واتە لە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی پارچەلێوەرگیراوی ئینگلیزیی)

[55]– بۆ نمونە لە کوردستاندا ئینگلیزەکان بە (سلێمانی) دەڵێن (Slemani City)، بە (دەربەندیخان)یش دەڵێن (Darbandikhan Town).

پێکهاتووه. /*تیشك*/ *دیارخەرە* و کەوتووەتە پێش ناوە دیارخراوەکەوە /*نێت*/. /*گۆراننێت*/یش لە /*گۆران+نێت*/، واتە لە (ناوێکی کوردیی+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە.

بەڵام لە (٩٤–ب)دا وشەی /*فۆرگاسن*/ لەم وشانەی پێشتر باسمانکرد، جیاوازترە. لە ڕووی فۆڕمەوە لە /*فۆر+گاسن*/، واتە لە (ئاوەڵناوێکی ژمارەی ئینگلیزیی+ناوێکی ئاوێتەکراوی کوردیی) پێکهاتووە. ئاوەڵناوە ژمارەییەکە بووە بە دیارخەریی ناوەکە و دیاریکردووە و دەریخستووە. لە ڕووی واتاوە، واتە گاسنێکی چوار دەمە بۆ کێڵانی زەوی، هەموو مەکینەیەك ناتوانێت ڕایبکێشێت، تەنها جۆرێکیان نەبێت، کە پێیدەوترێت /*مەکینەی فۆرگاسن*/ *کە جیاوازە* لە /*مەکینەی عەنتەرناش* (ئەنتەرناشنال)/.

ئەم وشانەی لە (٩٤–ا، ب)دا شیمانکردنەوە، لێکچوونێك یان چوونیەکییەکی ئەنالۆژییانەیان لەگەڵ وشەکانی (٩٤–پ)دا هەیە. دەتوانین بڵێین یاسای دروستکردنی /*مارماسی*/ پاڵپشتی ڕێسای لێکدانی وشە لێکدراوەکانی وەك /*کاسۆمۆڵ*/ و /*جافتاوەر*/ دەکات، یان ئەمان شێوە ئەنالۆژییانەی /*مارماسیی*/ن، چونکە لە (ناو+ناو) پێکهاتوون و پەیوەندی نێوان دوو وشەکە هاوتا نییە، بەڵکو دیارخەر پێش دیارخراو کەوتووە. بەڵام ئەم وشانە زیاتر بە کاریگەریی ڕێسای وشەلێکدانی زمانی ئینگلیزیی دروستکراون. هەربۆیە دەتوانین بڵێین، وشەکانی (٩٤–ا، ب) شێوەی ئەنالۆژییانەی وشەکانی (٩٤–ت)یە، کە بە قاڵبی وشەی لێکدراوی ئینگلیزیی دروستمانکردوون، چونکە وشەکانی /*ماکزیمۆڵ*/ و /*مانچیستەر سیتیی*/، کە بە ڕێسای وشەلێکدانی زمانی ئینگلیزیی دروستکراون، بە هەمان شێوە لە دیارخەر و دیاخراو پێکهاتوون و دیاخەرییش پێش دیارخراو خراوە. بۆ تێگەیشتن لە واتا سێمانتیکیی و بەکارهێنانە سینتاکسییەکانیان بڕوانە نموونە (٩٥).

نابێت ئەوەشمان بیربچێت، کە ئەو وشانەی لە (٩٤–ا،ب)دا خستمانەڕوو، دەتوانیین بڵێین کە لە بنەڕەتدا فرێز بوون و ئێستا بوون بە وشەیەکی لێکدراو، (بڕوانە نموونەکانی (٩٤–ا)، (٩٤–ت)، (٩٦) و (٩٧)، بەڵام ئەم وشانە لای ئاخێوەری کورد بەو شێوەیەی لە (٩٦) و (٩٧)دا خراونەتەڕوو، بەکاریانناهێنێت.

٩٦) /*مۆڵی کاسۆ*/، /*تاوەری جاف*/، /*پاڵاسی سلێمانی*/، /*سیتیی کورد*/...

٩٧) /*برای ژن*/، /*ژنی برا*/...

**سێهەم:** شێوەیەکی تری وشە لێکدراوەکان، کە جیاوازترن لەوانەی پێشتر باسمانکردن، ئەوانەن کە لە نموونەکانی (٩٨–ا)دا دەیانخەینەڕوو، کە لە (وشە+وشە)، واتە لە (ناو+ناو)، یان (ناو+ئاوەڵناو) پێکهاتوون. بەڵام لێرەدا وشەی یەکەم دیارخراوە و وشەی دووهەم دیارخەر.

٩٨) ا) /*ئوتێل ئاشتیی، گالاکسی پێنج، ئایفۆن حەوت* /...

*ب) /ڕێژوان، جێخەرمان/...*

*٩٩) ا) ئایفۆن حەوتێکم کڕی.*

*ب) ڕێژوانم بینی.*

لە نموونەکانی (٩٨–ا)دا /*ئوتێل*[٥٦] *ئاشتی*/ لە /*ئوتێل+ئاشتیی*/، واتە (ناوێکی ئینگلیزیی+ناوێکی کوردیی) پێکهاتووە. پەیوەندی نێوان دوو وشەکە لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی ڕێکخراوە و ئامرازی خستنەپاڵ لابراوە، بەڵام بە پێچەوانەی نموونەکانی (٩٤)وە، لێرە دیارخراو پێش دیارخەر کەوتووە، واتە دیارخراو /*ئوتێل*/+دیارخەر /*ئاشتی*/. ئەوەش وایکردووە واتای وشەی ئوتێل لەناو هەموو ئوتێلەکاندا سنووردداربکات لە یەك ئوتێلدا. بەهۆی ئەوەشەوە وشە لێکدراوەکە بووە بە ناوی ئەو شوێنەش.

هەر لە نموونەکانی (٩٨–ا)دا، /*گالاکسیی پێنج*/یش لە ڕووی فۆرمەوە لە /*گالاکسیی+پێنج*/، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+ئاوەڵناوێکی ژمارەیی کوردیی) پێکهاتووە و لێرەشدا دیارخراو /*گالاکسیی*/ پێش دیارخەر /*پێنج*/ کەوتووە. لە ڕووی واتایشەوە، وشەی /گالاکسیی/ ناوی ئەو گەلە ئەستێرەیە کە لە زمانیی کوردییدا پێیدەوترێت (ڕێگەی کاکێشان). وشە لێکدراوەکەیش بۆ ناونانی جۆرێکی (مۆبایل) بەکارهێنراوە، کە (کۆمپانیای سامسۆنگ) بەرهەمیهێناوە. ئەوەش بۆ جیاکردنەوە لە جۆر و شێوە و ڤێرژنە جیاوازەکانی تری بەرهەمی کۆمپانیاکە و کۆمپانیاکانی تریش. ئەمە بۆ /*ئایفۆن حەوت*/یش دروستە، کە لە /*ئایفۆن+حەوت*/، واتە (ناوێکی ئینگلیزیی + ئاوەڵناوێکی ژمارەیی کوردیی) پێکهاتووە و بە هەمانشێوەش ڕیزکراون و لێکدراون. واتە دیارخراو /*ئایفۆن*/ کەوتووەتە پێش دیارخەرەوە /*حەوت*/. ئەمیش ناوێکە بۆ جۆر و ڤێرژنێکی دیکەی (مۆبایل)، کە (کۆمپانیای ئەپڵ) دروستیکردووە. بەوەش دەتوانین بڵێین ئەم دوو وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوە شێوەی ئەنالۆژییانەی یەکترن و پاڵپشتی یەکتر دەکەن.

ئەو مۆبایلانەی هەردوو کۆمپانیاکە بەرهەمیدەهێنن، بۆ هەر مۆدێل و ڤێرژنێك ناوێکی نوێی بۆ دادەنێن بە ژمارە و ئەکرۆنێم و کورتکردنەوەی وشەیی، کە زۆر جار لە زمانی بەکارهێنەراندا وەك خۆیان بەکاردەهێنرێن، زۆرجاریش هەوڵدەدەن بە پێی توانا لەگەڵ زمانەکەیاندا بیگونجێنن چ فۆنۆلۆژییانە بێت یان مۆرفۆلۆژییانە بێت، بۆ نموونە: کە دەوترێت /*ئایفۆن حەوت*/ لە بنەڕەتدا مەبەست (حەوتەم ڤێرژنی مۆبایلی ئایفۆن)ە، یان کە دەوترێت /*گالاکسیی پێنج*/، مەبەست لێی (ڤێرژنی پێنجەمی مۆبایلی گالاکسی)یە (بڕوانە نموونەکانی ٩٩).

---

[٥٦]– وشەی /ئوتێل/ لای ئاخێوەری زمانی کوردیی نوێیە، چونکە پێشتر (فندق)ی عەرەبی لە جێگەی بەکاردەهات. واتە یەکێکە لەو وشانەی، کە وشە عەرەبییەکەمان فەرامۆشکردووە و لە جێگەی ئەوە، وشە ئینگلیزییەکەیمان بەکارهێناوە.

ئەم وشانە لە (٩٨–ا)دا خستماننەڕوو، شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی وشەکانی (٩٨–ب)ن و لەسەر بنەمای ڕێسای دروستکردنی ئەوان دروستکراون، چونکە وشەکانی (٩٨–ا) بە هەمانشێوەی وشەکانی (٩٨–ب)، فرێزێکی بە لێکسیمبوون و کۆنجێکشەکەیان قرتێنراوە، ئەو وشانە بەهۆی ئابووریکردنی زمانییەوە ڕوویداوە. واتە بە هەمان ڕێسای وشەکانی زمانی کوردیی دروستکراون. بۆ نموونە وەك چۆن لە */ڕێژوان/* لە بنەڕەتدا */ڕێی ژووان/* بووە، هەر بەو شێوەیەش */ئوتێل ئاشتیی/* لە بنەڕەتدا */ئوتێلی ئاشتیی/* بووە. بۆ وشەکانی تریش بە هەمانشێوەیە.

لەو سێ شێوەیەی وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان، کە لە نموونەکانی (٨٤–ا)، (٨٩)، (٩٢–ا)، (٩٤) و (٩٨–ا)دا خستماننەڕوو، ئەنالۆژییانە لەسەر بنەمای ڕێسایەکی وشە لێکدانی نموونە کوردییەکانی (٨٤–ب)، (٩٢–ب)، (٩٤–پ،ت) و (٩٨–ب) دروستکراون، چونکە لە شێوەی پێکهاتن و ریزبوونیاندا هاوشێوەن، کە یاسای (وشە+وشە)یە. بەمەش ڕۆڵ و توانای ئەم یاسایەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، چونکە توانایەکی بێسنووری بە ئاخێوەر بەخشیوە، بۆ لێکدانی وشەکان و دروستکردنی وشەی نوێ.

**چوارەم:** نموونەکانی (١٠٠–ا) بە یاسای (وشە+بەستەر+وشە)، واتە (ناو+بەستەر+ناو)دروستکراون.

*(١٠٠ –ا) /دژەتیرۆر، تازەمۆدێل، شەڕەکۆمێنت/...*

*ب) /دژەکورد، دژە گەندەڵ، تازەبابەت، شەڕە جنێو /...*

*(١٠١ –ا) هێزەکانی دژە تیرۆر مەخموریان ڕزگارکرد.*

*ب)ئەم مۆبایلە تازە مۆدێلە.*

*پ) ئەم کراسەت مۆدێلێکی تازەیە.*

*ت) هاندەرانی بەرشەلۆنە و ڕیاڵمەدرید لە فەیسبوك شەڕەکۆمێنت دەکەن.*

*ج) لە پەیجەکانی فەیسبووك شەڕە کۆمێنت بوو لەسەر بابەتی نەوتی کەرکوك.*

ئەم نمونانەی (١٠٠–ا) بەهۆی ئامرازی لێکدەر/ بەستەرەوە، لێکدراون. */دژەتیرۆر/* لە */دژ+ ە+تیرۆر/* واتە لە (ناوێکی کوردیی+ئامرازی لێکدەر+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. وەك تایبەتمەندییەکی ئەو وشانەیە، کە بە ئامرازی لێکدەری (–ە–) لێکدراون، پەیوەندی نێوان ئەم دوو وشەیە لەسەر بنەمای دیارخراو و دیارخەریی ڕێکخراوە: دیارخراو */دژ/* پێش دیارخەر */تیرۆر/* کەوتووە و پێکەوە ئاوەڵناوێکیان دروستکردووە. لە ڕووی واتایشەوە وشەی /دژ/ بە واتای (ڕکابەری توند، یان بەرامبەرکێی توند، توانای وەستانەوە و

ڕوبەڕووبوونەوەی شتێك) دەگەیەنێت و /*تیرۆر*/یش واتای (ترساندن و تۆقاندنی خەڵك) و لە ئێستاشدا (کردەوەی ڕەشەکوژی و تەقینەوە و ڕفاندن و سەربڕینی خەڵك دەگرێتەوە) و /دژەتیرۆر/یش پێکەوە بەو پێواژۆیە دەوترێت، کە لە دژی /*تیرۆر*/ جێبەجێدەکرێت. ئەم چەمکە لە دوای ڕووداوەکانی (یانزەی سێبتەمبەر)ەوە سەریهەڵدا و بە زەقی دەرکەوت و جیهانی کرد بە دوو بەرەوە، بەرەی /*تیرۆر*/ و بەرەی /*دژەتیرۆر*/. ئێستا لە لای ئاخێوەری کورد وشەکە بووە بە ناو بۆ هێزێکی چەکدار، کە ئەرکیان بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە تیرۆریستییەکانە (بڕوانە (١٠١–ا).

وشەی /*تازەمۆدێل*/یش لە (ئاوەڵناوێکی کوردیی+بەستەر+ناوێکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. پەیوەندی وشەکان لەسەر دیارخەریی و دیارخراویی ڕێکخراوە و وشەی /*تازە*/ کە ئاوەڵناوێکە و پەسنی /*مۆدێل*/ دەکات، واتە دیارخەر پێش دیارخراو کەوتووە. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە /مۆدێل/ بە واتای دەرکەوتە، یان ڕێسایەکی دەرکەتو، یان شتێکی باو، یان بەباوبوو بەکاردێت. /تازە/یش بە واتای نوێ و بۆ شتی نوێ بەکاردێت. پێکەوە لە /*تازەمۆدێل*/دا پێکەوە بۆ ئەو شتانە بەکاردەهێنرێن، کە تازە هاتوونەتەبەرهەم، یان دروستبوون و دروستکراون. لە بنەڕەتیشدا /*مۆدێلی تازە*/ بووە و دواتر گۆڕاوە بۆ /*تازەمۆدێل*/ (بڕوانە نموونەکانی (١٠٢–ب و پ)).

هەروەها هەر لە (١٠٠–ا)دا وشەی /*شەڕەکۆمێنت*/ لە /*شەڕ+ە+کۆمێنت*/، واتە لە (ناوێکی کوردیی+بەستەر+ وشەیەکی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. پەیوەندی نێوان ئەم دوو وشەیەیش لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی ڕێکخراوە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە، وشەی /*کۆمێنت*/ سەرەتا بە واتایە بەکاردەهات، کە بۆ نووسینی تێبینی و سەرنج لە فەیسبووکدا لەسەر بابەتەکانی هاوڕێیانی فەیسبوك بەکاردێت، بەڵام دواتر بۆ گوتنی سەرنجیش بە دەمی بەکارهات و ئێستا بەو دوو واتایەوە لە ناو کورددا بەکاردێت. لە /*شەڕە کۆمێنت*/یشدا بە واتای بوونی ڕای جیاواز و وەڵام و وەڵامدانەوەی یەکتر لەسەر ئەو بابەتەی گفتوگۆی لەسەردەکەن، بەکاردێت.

نموونەکانی (١٠٠–ا) بە ڕێسایەکی ئەنالۆژییانەی دروستکردنی وشەی لێکدراوی کوردیی دروستکراوە، کە وشەکانی (١٠٠–ب)ی پێدروستکراوە. بۆ نموونە لە وشەی /*دژەکورد*/دا، کە هەمان پێکهاتە و ڕیزبوونی وشەی /*دژەتیرۆر*/ی هەیە و هەردووکیشیان لە بنەڕەتدا فرێزن و بوون بە لێکسیم، بەستەرەکەیان لە (–ی–)ەوە گۆڕاوە بۆ (–ە–) و بە یاسای (وشە+بەستەر+وشە)، لەناو ئەویشدا بە یاسای (ناو+بەستەر+ناو) دروستکراون. /*کورد*/ دیارخەری /*دژ*/ە و کەوتووەتە دوایەوە و تێیدا /*کورد*/ کە گەلێکی داگیرکراو و چەوسێنراوەیە، /دژەکورد/ی لێدروستکراوە و بە واتای ئەوانە دێت، کە دژایەتی بوونی کورد دەکەن و هەوڵی

تواندنەوە و لە ناوبردنی دەدەن. وشەی /*دژ*/ لە /*دژەکورد*/دا چ ئەرك واتەیەکی گەیاندبێت، بە هەمانشێوە بۆ وشە کۆد_تێکەڵکراوەکەیش هەمان واتا و ئەرکی هەیە. هەروەها /*تازەمۆدێل*/یش ئەنالۆژییانە لەسەر بنەمای /*تازەبابەت*/ دروستکراوە. ئەوە بۆ /*شەڕەکۆمێنت*/ هەر دروستە (بڕوانە نموونەکانی ١٠٠–ا و ب). ئەوەش وادەکات، کە بڵێین (١٠٠–ا) شێوەی ئەنالۆژییانەی (١٠٠–ب)ە.

١٠٢) ا) /*کۆپیپەیست*/

ب) (*کۆپیوپەیست*)/

ت) /*هێلکەورۆن*/

١٠٣) ا) *ئەم نووسینە کۆپیپەستە.*

ب) *کۆپیپەیستەکان پۆز لێدەدەن.*

بەڵام لە (١٠٢–ا)دا وشەی /کۆپیپەیست/ کە لە /*کۆپیی+پەیست*/، واتە لە (دوو وشەی ئینگلیزیی) پێکهاتووە، لە بنەڕەتدا بەهۆی بەستەری (–و–)ەوە لێکدراون، بەڵام لە قسەکردندا قرتێنراوە. شێوەی لێکدانی دوو وشەکە بە قاڵبی وشەی لێکدراوی کوردیی دروستکراوە. لە شێوەی ڕێکخستنیاندا بەپێی پلەبەندیی واتایی ڕیزکراون. واتا دەبێت /*کۆپییکردن*/ هەبێت پاشان /*پەیست*/ی دەکەین. وەك پێشتر گوتمان /*کۆپیی*/ واتە لەبەرگرتنەوەی شتێك و /*پەیست*/یش واتا دانانی کۆپییەکە لە شوێنێکی مەبەستدا. ئەم وشەیە، کە لە بنەڕەتدا فرێزێکی ناویی سینتاکسیی بووە، بۆ گوزارشتکردن بووە لە بیری /*کۆپییکردن*/ و /*پەیستکردن*/ بە گشتی. بەڵام لە ئێستادا چڕبوونەوەی واتاییان بەسەردا هاتووە و بوون بە ئاوەڵناوێکی لێکدراو بۆ واتایەکی نوێ و پراگماتیکییانە بۆ پەسنکردنی ئەو توێژینەوانە بەکاردەهێنرێن، کە وەرگیراوی نایاسایی و دزی زانستیین و هەندێکجار بۆ نازناوی کەسی ئەنجامدەریش بەکاردەهێنرێت (بڕوانە نموونەکانی (١٠٣–ا و ب)).

ئەم وشەیە /*کۆپیپەیست*/ وەك پێشتر وتمان، لە بنەڕەتدا /*کۆپیی و پەیست*/ بووە و لەسەر بنەمای وشەی /*هێلکەورۆن*/ دامانڕشتووە، کە فرێزێکی سینتاکسیە و لە دوو وشەی کوردیی و ئامرازی لێکدەری (–و–) دروستکراون. لەم جۆرە فرێزەدا هەردوو وشەکە لە ڕووی ئەرکەوە یەکسانن، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەم جۆرە وشانە ئەوەیە، کە کامیان لە پێشدا دابنێین و ئەوی تری پێوە بنووسێنین. بۆ نموونە لە وشەی /هێلکەورۆن/دا دەبێت /هێلکە/ هەبێت و بیکەینە ناو /ڕۆن/ەوە.

ئەوەی لە نموونەکانی (١٠٠–ا) و (١٠٢–ا)دا باسمانکردن، شێوەیەکی تری وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان بوو، کە لەسەر بنەمای ڕێسایەکی ئەنالۆژیی وشەلێکدانی کوردیی دروستکراون، وەك لە نموونەکانی (١٠٠–ب) و (١٠٢–پ)دا خراونەتەڕوو، ئەویش ڕێسای (وشە+بەستەر+وشە).

## ٣–١–٣/ ئەنالۆژیی وشە لێکدراوە داڕێژراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان[٥٧]:

لێرەدا شێوەیەکی تری وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکانی زمانی کوردیی دەخەینەڕوو، کە ئەویش (داڕشتنی وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان)ە. ئەوانیش بە چەند شێوەیەك دەردەکەون.

**یەکەم:** لێرەدا باسی ئەو نمونانە دەکەین، کە وشە لێکدراوەکە دادەڕێژین. واتە بە ڕێسای (وشە+وشە+ پاشگر) دروستکراون.

١٠٤) ا) */دۆلارخۆر، پلاندانەر/...*

ب) */نانخۆر، پارەخۆر/...*

لە (١٠٤–ا)دا وشەی */دۆلارخۆر/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */دۆلار+خۆ+ر/*، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+ڕەگی چاوگی کوردیی+پاشگرێکی وشەداڕێژەر (–ەر)) پێکهاتووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کۆتایی ڕەگی کردارەکە، دەنگێکی ڤاوڵە، دەنگە ڤاوڵەکەی پاشگرەکە قرتێنراوە و تەنها (–ر) ماوەتەوە. لە ڕووی واتایشەوە، وشەی */دۆلار/* بیانییە و ناوی دراوی چەند وڵاتێکە. بەڵام لە کوردستاندا هەر مەبەست لێی دراوی فەرمی (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا)یە. وشەی */بخۆر/* ناوێکی داڕێژراوی بکەرییە و لە چاوگی /خواردن/ەوە داڕێژراوە، واتە لە (دۆلار خواردن)ەوە (دۆلارخۆر)مان داڕێژاوە و پەسنی ئەو کەسە دەکات کە شتێك دەخوات، یان زۆر زۆر دەخوات. واتە ئەو کەسە (دراوی دۆلار)ی هەیە و بەردەوام مامەڵەی پێوە دەکات. لە ڕاستیدا مەرجیش نییە پارەکە هەر دۆلار بێت، ڕەنگە پاوەن، یان یۆرۆش بێت، بەڵام چونکە ئەو دوانە لە ناو کۆمەڵ زۆر بەکارناهێنرێت، هەر بە دۆلار ئەژماردەکرێن[٥٨].

[٥٧]- پێویستە بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لێرەدا نموونە و ڕێساکانی ئەم وەچەپارە بە نموونە و ڕێساکانی وەچەپاری (٣/٢–٥–٢ سێهەم: وشەی لێکدراوە داڕێژراوەکان) بەراوردبکەین.

[٥٨]– بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە، کە ئاخێوەری کورد بە گشتیی، ئەوەندەی ئاشنای وردەکاریی دراوی دۆلاری ئەمەریکیین، هێندە ئاشنای دراوەکانی یۆرۆ و پاوەن نین. بۆ نمونە هەر لەگەڵ دۆلاردا چەند وشەیەکی تریش بەکاردەهێنین، وەك: (سەنت، دۆلار، گەڵا، دەفتەر و بلۆك) کە هەموویان لە چوارچێوەی چەمکی دۆلاردان، بەشێوەیەك پەیوەندی نێوان ئەو وشانەشمان ڕێکخستووە، وەك:

١٠٠ سەنت = ١ دۆلار.

١٠٠ دۆلار = ١ گەڵا.

١٠٠ گەڵا = دەفتەرێك.

ئەم وشە لەناو کۆمەڵی کوردییدا واتای نوێی دراوەتە پاڵ و بۆ پەسنکردنی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە کەسێکیان لە دەرەوە هەیە و پارەیان بۆ دەنێرێتەوە، یان لە کۆمپانیایەکی بیانیی ئیشدەکات و پارە بە دۆلار وەردەگرێت. هەندێکجاریش وەك تانەوتەشەر دەوترێت، یان بۆ جیاکردنەوەی چین و ئاستی کۆمەڵایەتیی نێوان کەسەکان و خێزانەکان (بڕوانە نموونەکانی ١٠٥)

١٠٥) ا) *ماڵەدۆلارخۆرەکان/ دۆلارخۆرەکان تالانکران.*

*ب) ڕۆڵە ئەمانە دۆلارخۆرن، ئێمە لە ئاستی ئەواندا نین.*

یەکێکی تر لە نموونەکانی (١٠٤-ا)، وشەی /پلان دانەر/ە، ئەویش لە ڕووی فۆرمەوە لە */پلان+دان+ەر/*، واتە لە (چاوگێکی ئینگلیزیی و ناوێکی داڕێژراوی بکەریی کوردیی) پێکهاتووە. لە بنەڕەتیشدا لە چاوگی /پلاندانان/ەوە داڕێژراوە. وشەی /پلاندانەر/ بە واتای ئەو کەسە یان گرووپە کەسە بەکاردێت، کە کۆی نەخشەڕێگاکە/پلانەکە دادەنێت، (بڕوانە نموونەی (٨٤-ا) */پلاندانان/*). بە ڕوانین لە نموونەکانی (١٠٤)، دەردەکەوێت کە سیفەتێك، یان پیشەیەك دراوەتەپاڵ بکەری کارەکە. ئەو دانەپاڵەیش بەهۆی پاشگری (-ەر)ەوە ڕوویداوە.

١٠٦) ا) *کەسی پلاندانەر/(پلاندانەر)ی کردەوە تیرۆریستییەکانیان دەستگیرکرد.*

*ب) بەرپرسە پارەخۆرەکان/پارەخۆرەکان هاتن.*

نموونەکانی (١٠٤-ا) لە بنەڕەتدا هەر هاوشێوەی ناوەکرداریيەکان (چاوگەکان)ی نموونەکانی (٨٤-ا)ن، بەڵام لێرەدا داڕێژراونەتەوە و لە یەکهەمیاندا کراون بە ناو و ئاوەڵناوی بکەریی. هەروەها بە ڕوانین لە پێکهاتە و ڕەفتارە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکانی وشەکانی (١٠٤-ب)، بۆمان دەردەکەوێت، کە نموونەکانی (١٠٤-ا) شێوەی ئەنالۆژیی نموونەکانی (١٠٤-ب)ن و بە هەمان ڕێسا لێکدراون و داڕێژراون، وەك */نانخۆر/* کە لە */نان+خۆ+ر/*، واتە (ناو+ڕەگ+پاشگر) پێکهاتووە. واتە دەتوانین بڵێین کە وشەکانی (١٠٤-ب) سەرەی ئەنالۆژیی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکانی (١٠٤-ا)ن.

بەڵام لە نموونەکانی (١٠٧-ا) شێوەیەکی جیاوازیی وشەی لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەخەینەڕوو، کە بە یاسای (.

١٠٧) -ا) */دیلیتکراو، کۆپیکراو، هاککراو/...*

---

بەڵام دو دراوەکەی تر تەنها بە ژمارە لێکیان جیادەکەینەوە، وەك: پاوەنێك، دە پاوەند، سەد پاوەند...، یان یەك یۆرۆ، دە یۆرۆ، سەد یۆرۆ،...

ب) /*تەڕکراو، دروستکراو، ناوبراو/...*

ت) /*دەستپیانراو/...*

١٠٨) *–ا) وێنە دیلیتکراوەکانم دەستکەوتەوە.*

*ب) بابەتە کۆپیکراوەکە/(*کۆپیکراوەکە)م بۆ ناردی.*

*پ) ئەکاونتە هاککراوەکەم دەستنەکەوتەوە.*

لە نموونەکانی (١٠٧–ا)دا /*دیلیتکراو*/ لەڕووی فۆڕمەوە لە /*دیلیت+ك+ر+او*/، واتە لە (ناوێکی کرداریی ئینگلیزیی+ڕەگی چاوگی کوردیی+پاشگری نادیاریی (–ر)+پاشگرێکی وشەدارێژ (–او)) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، بۆ پەسنکردن و ناونانی ئەو فایل و بابەتانە بەکاردەهێنرێت کە لە مۆبایل و کۆمپیوتەردا سڕراونەتەوە (بڕوانە نموونەی (١٠٨–ا)). هەروەها /کۆپییکراو/یش لە /*کۆپیی+ك+ر+او*) پێکهاتووە، واتە هەمان پێکهاتە و ڕیزبوونی /*دیلیتکراو/ی* هەیە. لە ڕووی واتایشەوە، واتای (لەبەرگیراوە) دەگەیەنێت. بۆ ئەو شت و بابەتانە بەکاردەهێنرێت کە لەسەر شێوەی یەکێکی تر گیراونەتەوە (بڕوانە (١٠٨–ب)).

هەر لە (١٠٧–ا)دا /*هاککراو*/ لە ڕووی فۆڕمەوە لە / *هاك+ك+ر+او*/، واتە لە (ناوێکی کرداریی ئینگلیزیی+ڕەگێکی کوردیی+مۆرفێمی بەندی نادیاریی+پاشگر) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، وشەی /*هاك*/ بە هەمان واتای بنجی خۆی کە لە (٨٤–ا)دا خستمانە ڕو، بەکارهاتووە، کە بڕینی بەربەستەکان و دەستبەسەرداگرتنی زانیارییەکانە، بەڵام لێرەدا وەك ئاوەڵناوێکی کراوی لێکدراو، پەسنی سایت و ئەکاونتە ئەلیکترۆنییە دەستبەسەرداگیراوەکان دەکات (بڕوانە (١٠٨–پ)).

کەواتە وشەکانی (١٠٧–ا) هەموو یەك شێوە دروستکردن و ڕیزبوونیان هەیە کە (وشەیەکی ئینگلیزیی+ڕەگی چاوگی کوردیی /*کردن*/+پاشگری نادیاریی (–ر)+پاشگری وشەدارێژی (–او)) پێکهاتوون. واتە خۆیان لەناو خۆیاندا شێوەی ئەنالۆژییانەی یەکترن و پشتڕاستی یەکتر دەکەنەوە. هەروەها شێوەی ئەنالۆژییانەی وشەکانی (١٠٧–ب)ن، چونکە هەمان ڕێسای دروستبوون و داڕشتنیان هەیە، چونکە ئەوانیش لە (وشە+ڕەگ+پاشگری (–ر)+پاشگری (–او)) پێکهاتوون، وەك /*تەڕکراو*/، کە لە /تەڕ+ك+ر+او/ پێکهاتووە.

**دووهەم:** شێوەیەکی تری وشە لێکدراوە داڕێژراوەکان ئەوانەن کە لە (وشەیەکی سادە+وشەیەکی داڕێژراو)، یان لە دوو وشەی داڕێژراو، دروستکراون وەك لە نموونەکانی (١٠٩–ا) و (١١١–ا)دا خستومانەتەڕوو.

١٠٩) *ا) /پولپیانان/...*

*ب) /دەستپیانان/...*

١١٠)      *ا) پولپیانانی نامەکان تەواوبوو.*

*ب) پولم نا بە کابرادا و لەکۆڵمکردەوە.*

لە نموونەکەی (١٠٩–ا)دا وشەی */پولپیانان/* لەڕووی فۆڕمەوە لە */پول+پێدا+نان/*، واتە لە (وشەیەکی ئینگلیزیی+ فرێزێکی مۆرفۆسینتاکسیی پێشناویی+چاوگێکی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی واتاشەوە، وەك لە (١١٠–ا)دا خراوەتەڕوو، بە واتای پێواژۆی چەسپاندنی پارچە کاغەزێکە (پوڵی نامە) بە نامەکەدا بەکاردەهێنرێت، کە لە فەرمانگەی پۆستەدا ئەنجامدەدرێت. جگە لەو واتا سێمانتیکییەکەی، واتایەکی تریشی لە خۆیدا هەڵگرتووە. بە واتای دەستبەڕووەوەنان و بەڕێکردنی کەسێك بە شێوەیەکی نەشیاو، یان ناشیرین دەگەیەنێت، کە چووێنراوە بە شێوەی پولپیانان و بەڕێکردنی نامە و پۆستەکانی فەرمانگەی پۆستە، بەڵام واتای ئەوەش ناگەیەنێت، کە پوڵی نامەیان ناوە بە کەسەکەوە، بەڵکو بەڕێیانکردووە، وەك لە (١١٠–ب)دا خراوەتەڕوو.

ئاخێوەری کورد نموونەی (١٠٩–ا)ی ئەنالۆژییانە لەسەر شێوەی (١٠٩–ب) داڕشتووە، واتە لە پێکهاتن و بەکارهێنان و  شیکردنەوەشیاندا هاوشێوەن. واتە بە (وشەی سادە+وشەی داڕێژراو)ی زمانی کوردیی دروستکراون.

١١١)      *ا) /پولپیانراو/...*

*ب) /دەستپیانراو/...*

١١٢)      *ا) نامە پولپیانراوەکان بگەیەننە ناونیشانەکانیان.*

*ب) وەزیرە پولپیانراوەکە هەڕەشە دەکات.*

لە نموونەی (١١١)دا */پولپیانراو/*، لە ڕووی فۆڕمەوە لە */پول+پیا+ن+راو/*، واتە لە (وشەیەکی ئینگلیزیی+فرێزێکی پێشناویی کوردیی+ڕەگ+پاشگری نادیاریی (–ر)+پاشگری (–او)) پێکهاتووە. لە بنەڕەتدا لە نموونەی ((١٠٩) */پولپیانان/*)ەوە داڕێژراوە. لە ڕووی واتاشەوە مەبەست لێی ئەو نامانەیە کە لە (فەرمانگەی پۆستە)ەوە دەردەچن، پارچە کاغەزێکیان پێدا چەسپدەکرێت، بەو پارچە کاغەزە دەوترێت (پوڵی نامە)، بەو نامانەش دەوترێت */نامەی پولپیانراو/* (بڕوانە (١١٢–ا)). سەرەڕای ئەو واتایە، ئەم وشەیە بۆ پەسنکردنی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت، کە دەست بە ڕوویانەوە نراوە و دەرکراون، وەك لە نموونەی

(١١٢–ب)دا خراوەتەڕوو. ئەوەش بەهۆی لێکچوونیی واتاییەوە، کە بەڕێکردنە (چ نامە بێت، یان کەسێك)، ڕوویداوە.

ئەمیش شێوەیەکی ئەنالۆژیی هەمان وشەی (١١١–ب)ە و لەسەر هەمان ڕێسا دروستکراوە، چونکە ئەویش لە */دەست+پیا+ن+ر+او/* پێکهاتووە. سەرەڕای ئەوەش، هاوشێوەی نموونەکانی (١٠٧–ب)ە، کە هەموو ئاوەڵناوی کراون و پەسنی کارلەسەرکراو دەکەن. هەروەها ئەوەشیان لە باردا هەیە ببن بە ناو. ئەم گرووپە بۆ ئەوەی بەمشێوەیە دابڕێژرێن و هاوەڵناوێکی کراوی لێکدراو دروستبکەن، پێویستە بناغەی ئاوەڵناوە کوردییە داڕێژراوەکە لە چاوگێکی تێپەڕەوە وەرگیرابێت، چونکە ئاوەڵناوە کراوەکە پەسنی بەرکاری ئەو کردارانە دەکات، کە لە چاوگە تێپەڕەکانەوە دروستکراون.

بەڵام لە نموونەکانی (١١٣)دا شێوەیەکی تری وشە لێکدراوە داڕێژراوەکانمان خستووەتەڕوو، کە بە یاسای (وشەی داڕێژراو+وشەی سادە)، واتە بە یاسای (ناوی داڕێژراو+ناوی کرداریی) دروستکراون.

*١١٣) ا–) /بەفیدراڵییکردن، بەفلیمکردن/...*

*ب) /بەحیزبییکردن/...*

*١١٤) ا–) پێواژۆی بە فیدراڵییکردنی سوریا دەستیپێکرد.*

*ب) ڕۆمانی ژانی گەل کرا بە فلیم.*

لەو نموونەیەی (١١٣)دا، وشەی */بە فیدراڵیکردن/* لە */بەفیدراڵیی+کردن/*، واتە لە (فرێزێکی ناویی تێکەڵ+چاوگ) پێکهاتووە. فرێزە ناوییەکەش لە */بە+فیدراڵ+یی/*، واتە (پێشگر+ناوێکی ئینگلیزیی+پاشگر) پێکهاتووە. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە مەبەست لە */فیدراڵی/* چەمکێکی سیاسییە و مەبەست لێی چەمکی */سیستەمی فیدراڵیی/*یە کە بە واتای دابەشکردن و شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بەکاردەهێنرێت بۆ ناوچە جیاوازەکانی ناو سیستەمێکی سیاسی. چاوگی */کردن/*یش وەك پێشتر وتمان کرد کردەیەك ئەنجامدەدرێت. وشەی */بەفیدراڵیکردن/*یش واتای کردەی گۆڕینی سیستەمی سیاسی وڵاتێك دەگەیەنێت لە هەر سیستەمێکەوە بۆ */سیستەمی فیدراڵیی/* وەك لە (١١٤–ا)دا خراوەتەڕوو.

هەر لە نموونەکانی (١١٣–ا)دا وشەی */بەفلیمکردن/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */بە+فلیم+کردن/*، واتە لە (فرێزێکی ناویی تێکەڵ+ناوی کرداریی کوردیی) پێکهاتووە. فرێزە تێکەڵەکەش لە (پێشناوی (بە–)+ناوێکی ئینگلیزیی (فلیم) پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، وشەی */فلیم/* شێوەی فۆنۆلۆژیی */فیلم Film/*ە و بە هەمان واتا ئینگلیزییەکەیەوە وەرمانگرتووە، کە بە واتای وێنەگرتنی ڤیدیۆیی ڕووداوە ڕاستیی و خەیاڵییەکان دێت، کە

بە شێوەیەکی هونەریی و جوان ڕێکخرابێت، بۆ ئەوەی پەیامێك، یان وێنەیەك بەمەبەست بگەیەنێتە بەرامبەرەکەی، وەك لە (١١٥–ب)دا خراوەتە. بەڵام لە ناو ئاخێوەرانی زمانی کوردییدا واتایەکی دیکەشی دراوەتە پاڵ. ئەویش وەك لە نموونەکانی (١١٥–ا،ب)دا دەردەکەوێت، زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن و گاڵتەوگەپ پێکردنی کەسێك، یان گرووپێکە لەلایەن کەس یان گرووپێکی ترەوە. بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرین، کە شێوەی چاوگە لێکدراوەکە لەگەڵ شێوەی ڕیزبوون و ڕێکخستنی بەشەکانی ئەو کردارەی، کە لێیەوە دروستمانکردووە، لەیەکتر جیاوازن.

(١١٥) ا) *بەرشە ڕیاڵی کرد بە فلیم.*

ب) *پێواژۆی بەفلیمکردنی بەرشەلۆنە لەلایەن ڕیاڵمەدریدەوە، دەستییپێکرد.*

هەروەك چۆن لە نموونەی (١١٣–ب)دا وشەی /*بەحیزبیکردن*/ لە فرێزێکی ناویی و چاوگێك پێکهاتووە و واتاکەشی بەرامبەرە بە باڵادەستی حیزب لە کاروبارەکانی کۆمەڵدا. ئەوەش وادەکات، کە بڵێین نموونەکەی (١١٣–ا) شێوەی ئەنالۆژییانەی نموونەکەی (١١٣–ب)ە. ئەوەش لە ڕووی فۆرم و یاسای پێکهاتنەوە.

(١١٦) –ا) /*بەئیدیۆمبوو، بەلێکسیمبوو*/...

ب) /*بەبەردبوو*/...

(١١٧) *وشە بەئیدیۆمبووەکانی زمانی کوردیی بەکارهێنیان لە قسەکردنی ڕۆژانەدا فراوانە.*

لە نموونەکانی (١١٦–ا)دا، /*بە لێکسیمبوو*/ لە ڕووی فۆرمەوە لە فرێزی ناوی /*بە+لێکسیم*/ کە کۆدێکی تێکەڵکراوی ئینگلیزییە لەگەڵ قەدی چاوگی /*بوون*/، ئاوەڵناوێکی کراوی لێکدراویان دروستکردووە. /*لێکسیم*/ بە واتای وشەی فەرهەنگی زمان دێت و /*بەلێکسیمبوو*/ بۆ ئەو یەکە زمانییانە بەکاردەهێنرێت، کە لە ئاستی سینتاکسیی زمانەوە، یان لە زمانەکانی ترەوە وەردەگیرێن و دێنەناو زمانەوە و وەك دانەیەکی فەرهەنگیی هەڵدەگیرێن و تۆماردەکرێن و بەکاردەهێنرێنەوە. بەڵام /*بەئیدیۆمبوو*/، کە هەمان پێکهاتە و شێوە ڕیزبوونی /*بەلێکسیمبوو*/ی هەیە و لە /*بەئیدیۆم+بوو*/ پێکهاتووە. بە ئەو دەربڕدراوە سینتاکسییانە دەوترێت، کە لە وشەیەك، یان زیاتردا واتاکەیان چڕکراوەتەوە و پێکەوە واتایەك دەگەیەنن، کە لە واتای وشەکانی ناو فۆرمە بەئیدیۆمبووەکە جیاوازترە و بۆ ئەو یەکە زمانییانە بەکاردەهێنن، کە بە قۆناغەکانی (بەئیدیۆمبوون)دا تێپەڕیون و بوون بە ئیدیۆم (بڕوانە (١١٧)).

وشەکانی (*/بەلێکسیمبوو/ و /بەئیدیۆمبوو/*) کە دوو چەمکی زانستیی تایبەتمەندن و لە چوارچێوەی زانستی زماندان، لەسەر بنەمای */بەبەردبوو/* دروستکراون. واتە نموونەکانی (١١٦–ا) شێوەی ئەنالۆژییانەی (١١٦–ب)ن. هەروەها چ لە ڕووی فۆڕم و داڕشتنیانەوە و چ لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکەوە، لێکچوون لە نێوان (*/بەلێکسیمبوو/ و /بەئیدیۆمبوو/*) هەیە، چونکە هەردووکیان لە چاوگە لێکدراوەکانی */بەلێکسیمبوون/* و */بەئیدیۆمبوون/* وەرگیراون و دروستکراون و هەردووکیشیان ئاوەڵناوی کراون.

ئەوەی لە نموونەکانی (١٠٤)، (١٠٧)، (١٠٩)، (١١١)، (١١٣) و (١١٦)داباسمانکردن، ئەو وشە لێکدراوە کۆد_تێکەڵکراوانە بوون، کە لە دوو وشەی سەربەخۆ و لاگرێك یان زیاتر پێکهاتوون و لەسەر بنەمای ڕێسای دروستکردنی وشەکانی زمانی کوردیی داڕێژراون. دوو شێوەی سەرەکییمان لێجیاکردەوە:

یەکهەم: ئەو وشانەی، کە دوو وشەی لێکدراوەکەمان داڕێژاوەتەوە، وەك لە نموونەکانی (١٠٤) و (١٠٧)دا شیمانکردنەوە.

دووهەم: ئەو وشانەی کە لە وشەیەکی سادە و وشەیەکی داڕێژراو پێکهاتوون، وەك لە نموونەکانی (١٠٩) و (١١١) و (١١٣) و (١١٦) خستماننەڕوو.

## ٣/١–٤)ئەنالۆژیی وشە ئاوێتەکراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان[٥٩]:

١١٨) –ا) */کوردسات، تەڤدەم/...*

ب) */عەرەبسات، نیلسات، ئۆراسیا، ئەفراسیا، دایباب، فوتسالّ/...*

١١٩) –ا) *کوردسات ماڵی هەمووانە.*

ب) *گەڕەکی کوردسات، پەیجی کوردسات، دەنگی کوردسات...*

١٢٠) *تەڤدەم وەڵامی ئەنەکەسەی دایەوە.*

لە نموونەکانی (١١٨–ا) دا وشەی */کوردسات/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */کورد+سات/*، واتە لە (ناوێکی کوردیی و ناوێکی کورتکراوەی ئینگلیزیی) پێکهاتووە. واتە وشەی */کورد/* بەبێ کرتاندن دانراوە، بەڵام وشەی */سات/* پارچە لێوەرگیراوی وشەی */سەتەلایت/ی* ئینگلیزییە. تایبەتمەندییەکەی ئەم وشە لە شێوازی ئاوێتەکردنەکەیدایە، چونکە لە زمانی کوردیی و زمانەکانی تریشدا زۆرجار کورتکردنەوە لە وشەی یەکهەم و سەرەتای وشەی دووهەمدا ڕوودەدات، بەڵام ئەم وشە تەنها لە کۆتایی وشەی دووهەمدا لێیقرتێنراوە، چونکە

[٥٩]- پێویستە بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لێرەدا نموونە و ڕێساکانی ئەم وەچەپارە بە نموونە و ڕێساکانی وەچەپاری (٢/٣–٥–٢ چوارهەم: وشەی ئاوێتەکردن) بەراوردبکەین.

خۆی لە بنەڕەتدا فرێزێکی بە لێکسیمبووە و قاڵبی دروستکردنەکەی لەسەر بنەمای وشە و فرێزی زمانی ئینگلیزی لێکدراوە.

لە ڕووی واتایشەوە وشەی */کورد/* ناوێکە بۆ گەلێکی خاوەن تایبەتمەندیی جیاواز لە هەموو گەل و نەتەوەکانی تر دانراوە. وشەی */سات (سەتەلایت)/*، ناوێکە بۆ پەخشی ئەو مانگە دەستکردانە بەکاردەهێنرێت کە بۆ پەخشی تەلەفزیۆن و پێکەوە بەستنەوەی تۆڕەکانی پەیوەندییکردنی تەلەفۆن و مۆبایل و ئینتەرنێت و هێڵەکانی دیکەی پەیوەندییکردن بەکاردەهێنرێن. پێکەوە وشەی */کوردسات/*یان لێدروستکراوە و ئێستا ناوی دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ و سایت و پەیج و گەڕەکێکی شاری سلێمانییشە (بڕوانە نموونەکانی (١١٩)).

هەروەها وشەی */تەڤدەم/* لە */تەڤ+دەم/*، واتە لە (ناوێکی کورتکراوەی کوردیی*/تەڤگەر/*+ناوێکی کورتکراوەی ئینگلیزیی */دەموکراسیی/* پێکهاتووە. لە ڕووی واتایشەوە، */تەڤگەر/* بە واتای جوڵانەوە، یان بزوتنەوەیەکی ئامانجدار بەکاردێت و واتای */دەموکراسیی/* پێشتر لە نموونەی (٨٢)دا باسمانکردووە. پێکەوە وشەی */تەڤدەم/*یان دروستکردووە و واتای بزوتنەوەی دیموکراسیی، یان تەڤگەری دیموکراسیی دەبەخشێت (بڕوانە (١٢٠)).

ئەم دوو وشەیە بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە، وایان لێهاتووە، کە وەك یەك وشەی سادە ببینرێن و لێکجیانەکرێنەوە. هەندێك لە زمانەوانان باوەڕیانوایە، کە ئەم وشانە هەڕەمەکیین و ئەنالۆژیی نیین. بەڵام لە ڕاستییدا ڕێسابەندن و هەر شێوەیەکی زمانیی ڕێسابەندییش واتە ئەنالۆژیین، چونکە شێوازیی کورتکردنەوە و قرتاندنی وشەکان لە چەند شێوەیەکی دیاریکراودا کورتکراونەتەوە و دیاریکراون. بەڵام لە ڕێژەی قرتاندنی فۆنێمەکانی وشەکاندا جیاوازن. (بڕوانە نموونەکانی (١١٨–ا) و (١١٨–ب))، دەبینین کە وشەی */فوتساڵ/* سەرەی ئەنالۆژیی */تەڤدەم/ە*، چونکە لە */فوتساڵ/*یشدا کۆتایی هەردوو وشەکە قرتێتراوە */(فوت (فوتبۆڵ)+ساڵ (ساڵۆن)/)*.

## ٢/٣) ئەنالۆژیی فرێزە بەلێکسیمبووە کۆد_تێکەڵکراوەکان[٦٠]:

لە هەر قۆناغێکدا فرێزەکە بۆی هەیە و دەتوانێت ببێت بە لێکسیمێکی فەرهەنگیی. ئەمانەی، کە باسیاندەکەین، زۆرینەیان ئەو فرێزانەن، کە وەك خۆیان چوونەتە فەرهەنگی زمانەوە و هەمان واتا و چەمکی فرێزەکەیان هەڵگرتووە.

[٦٠]- پێویستە بۆ تێگەیشتنی زیاتر، لێرەدا نموونە و ڕێساکانی ئەم وەچەپارە بە نموونە و ڕێساکانی وەچەپاری (٣/٢–٥–٣) بەراوردبکەین.

١٢١) ـا) /*کەمپی خوار، کۆمپانیای کار، تێرمینالّی شارەزور، گەراجی سلێمانیی/...*

*ب) /قەیسەری نەقیب، کارگەی جگەرە، ترشیاتی بەلّێن/...*

١٢٢) ـا) *لە کەمپی خوار ئاهەنگی نەورۆز دەکرێت.*

*ب) کۆمپانیای کار کاری بازرگانیی نەوت دەکات.*

لە نموونەکانی (١٢١ـا)دا، وشەی /*کەمپی خوار*/، لە ڕووی فۆڕمەوە لە /*کەمپ+ی+خوار*/، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+کۆنجێکشنی (ـیـ)+ ناوێکی شوێنیی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە، وشەی /*کەمپ*/ بە واتای شوێنی نیشتەجێبوونی کاتیی بۆ ئەرکێك، یان کارێکی تایبەت و ماوە دیاریکراو، واتە کۆمەلّێکی کاتی، بەکاردەهێنرێت. هەروەها /*خوار*/ ناوی شوێنییە و بۆ دیاریکردنی ئاراستە، بەلاّم ئێستا /*کەمپی خوار*/ پێکەوە بوون بە ناوی گەڕەکێك لە شاری (دەربەندیخان) (بڕوانە نموونەی (١٢٢ـا)).
هەر لە نموونەکانی (١٢١)دا، لە /کۆمپانیای کار/دا، کە لە ڕووی فۆڕمەوە لە وشەی /*کۆمپانیا+ی+کار*/، واتە لە (ناوێکی ئینگلیزیی+کۆنجێکشنی (ـیـ) +ناوێکی کوردیی) پێکهاتووە. لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە، /*کۆمپانیا*/ واتای دەستگایەکی ئابوورییە، کە کاری بەرهەمهێنان و بازرگانییکردن ئەنجامدەدات بۆ قازانجکردن، وشەی /*کار*/یش بە واتای ئەرك و ئیشێك دێت، کە پێویستی بە جێبەجێکردن هەبێت. پێکەوەش بوون بە ناوێکی نوێ بۆ شوێنێکی تایبەت /*کۆمپانیای کار*/ (بڕوانە نموونەی (١٢٢ـب)).
کە دەلّێین ئەم نمونانەی (١٢١ـا) فرێزی بەلێکسیمبوون، مەبەستمان ئەوەیە کە وەك یەکەیەکی چەسپاوی یەکپارچە ڕەفتاردەکەن. واتە بە زیادکردن، یان کەمکردنەوەی هەر فۆنێم و مۆرفێمێکی، واتاکەی، یان گۆکردنە سینتاکسییەکەی دەگۆڕێت. بە واتایەکی تر، بە لێکسیمبووەکان دەبن بە ناوێك بۆ شتێك، بەلاّم فرێزە سینتاکسییەکان واتایەکی گشتییان هەیە و نەبوون بە ناو بۆ شتێکی دیاریکراو، وەك لە نموونەکانی (١٢٣ـا،ب)دا دەردەکەوێت.

١٢٣) ـا) *ئەستێرەی گەش > ئەستێرە گەشەکە.*

*ب) /کۆمپانیای کار/ > /کۆمپانیا کارەکە/* .*

هەر لە وشەکانی (١٢١ـا)دا، /*تێرمینالّی شارەزور*/ و /*گەراجی سلێمانی*/یش کە بە کۆنجێکشنی (ـیـ) لێکدراون، هەریەکەیان کۆدێکی بیانییان تێکەلّکراوە. واتە لە ناوێکی ئینگلیزیی و ناوێکی کوردیی پێکهاتوون (/*تێرمینالّ+ی+شارەزور*/، /*گەراج+ی+سلێمانیی*/). لە ڕووی واتایشەوە، وشەی /*گەراج*/ بۆ شوێنی

گواستنەوەی نێوان شارەکان و گواستنەوەی ناو شارەکان بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ شوێنە تایبەتکراوەکان بە ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل بەکرێ و شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە ماڵاندا. لە ئێستاشدا هەرچەندە بە واتا کۆنەکەشی هەر بەکاردەهێنرێت، بەڵام زیاتر بۆ هێڵەکانی گواستنەوەی ناو شارەکان بەکاردەهێنرێت. */تێرمیناڵ/* بە واتای دوا وێستگەی گەیشتنی هەر هۆکارێکی گواستنەوە دێت، کە مرۆڤەکان بۆ گواستنەوە بەکاریدەهێنن. لەم ساڵانەی دواییشدا لە کوردستان بۆ گەراجە تازە دروستکراوەکانی گواستنەوەی نێوان شارەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئاخێوەری کورد درکی بە جیاوازی و لێکچوونی واتایی نێوانیان کردووە، بۆیە لە وشە و فرێزی جیاوازدا بۆ مەبەستی ناونانی جیاواز بەکاردەهێنێت. واتە لە هەندێك شوێندا هاوواتان و لە هەندێك شوێنی تریشدا بە واتای جیاواز بەکاردەهێنرێن (بڕوانە نموونەکانی (١٢٤) و (١٢٥)).

ئەم وشانە شێوەی ئەنالۆژییانەی تریشیان هەیە کە لەسەر هەمان ڕێسا دروستکراون و وشەی زمانی ئینگلیزییان تێکەڵکراوە، وەك لە (١٢٦)دا دەردەکەوێت. هەروەها ئەو وشانەی لە (١٢١–ا)دا باسمانکردن، شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی فرێزی کوردیی بە لێکسیمبوون، چ لە ڕووی پێکهاتەوە (لە دوو ناو پێکهاتوون) و چ لە ڕووی واتا و ئەرکی سینتاکسییەوە هاوشێوەن، وەك ئەوانەی لە (١٢١–ب)دا خستماننەڕوو. ئەم وشانە شێوەیەکی بە لێکسیمبووی فرێزە ناوییەکانن و بوون بە وشەی لێکدراو. واتە ئێستا ناتوانین بڵێین، فرێزن، بەڵکو وشەیەکی لێکدراون، بۆ گەیاندنی چەمکێك و بوون بە ناو بۆ شتێك. بەڵام بە لێکجیاکردنەوەیان، یان زیادکردن و گۆڕینی مۆرفێمەکانی، واتاکەی نامێنێت یان دەگۆڕێت، وەك لە (١٢٤) و (١٢٥)دا ڕوونکراونەتەوە.

١٢٤) –ا) *گەراجی پاسەکانی سەرچنار.*

ب) *دەرگای گەراجییمان هەیە.*

١٢٥) –ا) *دەرگای تێرميناڵییمان هەیە.**

ب) *تێرميناڵی پاسەکانی سەرچنار.**

١٢٦) –ا) */کەمپی باریکە، کەمپی دیبەگە/...*

ب) */کۆمپانیای نۆکان، کۆمپانیای وشە/...*

پ) */گەراجی بەغدا، گەراجی سیامەند/...*

شێوەیەکی تری فرێزە بەلێکسیمبووە کۆد_تێکەڵکراوەکان، ئەوانەن کە یەکێك لە بەشەکانی ئەکرۆنێمن، وەك لە نموونەکانی (١٢٧)دا خراونەتەڕوو.

١٢٧) */کەناڵی ئێن.ئارِ.تیی/...*

١٢٨) *فرۆکەی ئێف شانزە (F16)، فرۆکەی بی پەنجاودوو (B52)/...*

١٢٩) *کەناڵی (ئێن ئارِ تیی) کەناڵێکی پرۆفیشناڵە .*

نموونەی (١٢٧) کە */کەناڵی ئێن.ئارِ.تیی/*یە، لە ڕووی فۆڕمەوە لە */کەناڵ+ی+ئێن.ئارِ.تیی/*، واتە لە وشەیەکی بیانیی و ئەکرۆنێمێکی بە ڕێسای ئینگلیزیی دروستکراو پێکهاتوون (دواتر لە وەچەپاری ٣/٣-٢ دا باسیاندەکەین)، بە یارمەتی کۆنجێکشنی (-ی-) لێکدراون. لە ڕووی واتایشەوە هەریەکەیان چەمکێك دەگەیەنن.لە */تەلەفزیۆنی ئێن ئارِ تی/*دا */ئێن ئارِ تی/* کە کورتکراوەی ناوی دەستگاکەکەیە، فرێزێکی ناوییە کە */ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نالیا/*یە. وشەی */کەناڵ/*یش وشەیەکی ئینگلیزییە و لە بنەڕەتدا (Channel) بووە، کە بە واتای ڕێگە، دەرچە، یان دەروازە بەکاردەهێنرێت. پێکەوە فرێزێکی بەلێکسیمبووی تێکەڵکراویان دروستکردووە کە */کەناڵی ئێن ئارِ تیی*[٦١]*/*یە، کە وەك یەك یەکەی مۆرفۆلۆژیی ڕەفتاردەکەن (بڕوانە نموونەکانی (١٢٩)).

نموونەی (١٢٧) شێوەی ئەنالۆژیی کۆد_تێکەڵکراویی تریان هەیە کە پاڵپشتی یەکتر دەکەن و لەسەر هەمان ڕێسا دروستکراون، وەك لە نموونەکانی (١٢٨)دا خراونەتەڕوو. هەروەها نموونەکانی (١٢٧) و (١٢٨) شێوەیەکی ئەنالۆژییانەی نموونەکانی (١٢١-ب)ن کە لە دوو وشە پێکهاتوون و بە هەمان پێکهاتەی سینتاکسییانەوە چوونەتە ناو فەرهەنگەوە.

لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە فرێزانە، ئەوەیە کە هەموویان لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی ڕێکخراون، وەك لە نموونەکانی (١٢١)، (١٢٦) و (١٢٧)دا خراونەتەڕوو. هەروەها تایبەتمەندییەکی تری ئەو فرێزە کوردییانەی کە بە کۆنجێکشنی (-ی-) لێکدراون، ئەوەیە کە دەتوانین بە پێی خواست و پێویستیی فراوانیانبکەین. واتە زیاد لە دیارخەر و دیارخراوێك بە دوایەکدا ڕیزبکەین، وەك لە نموونەکانی (١٣٠)دا دەردەکەون.

---

[٦١] - زۆرجار دەبیستین کە کەسێك دەڵێت /تەلەفزیۆنی ئێن ئارِ تیی/ واتە (تەلەفزیۆنی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نالیا) کە ئەمەش نەگونجاوە و هەڵەیە، واتە ڕەنگە بە ئەکرۆنیمی گونجاو بێت، بەڵام کە دەیکەینەوە بە فرێزە بە لێکسیمبووەکە، ئەوا نەگونجاوە. ئەوەش لەبەر دو هۆکارە: یەکەمیان ئەوەیە، کە ئاخێوەر وەك یەك وشەی سادە لە ئەکرۆنێمی (ئێن ئارِ تیی) دەڕوانێت. دووهەمیشیان ئەوەیە، کە نازانێت واتای ئەکرۆنێمەکە چییە. ئەمە بۆ نمونەکانی تریش، دەگونجێت هەروابێت.

١٣٠) أ) */پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستان/...*

ب) */یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان/...*

لە نموونەکانی (١٣٠)دا، */پارتی دیموکراتی کوردستان/* لە ڕووی فۆڕمەوە لە */پارت+ی+دیموکرات+ی+ کوردستان/*، واتە لە ناوێکی (ناوێکی ئینگلیزیی+کۆنجێکشنی کوردیی+ناوێکی لێکدراوی ئینگلیزیی+کۆنجێکشنی کوردیی+ ناوێکی داڕێژراوی کوردیی) پێکهاتووە. */حیزبی دیموکراتی کوردستان/*یش لە */حیزب+ی+دیموکرات+ی+ کوردستان/*، واتە لە (ناوێکی عەرەبیی+کۆنجێکشنی کوردیی+ناوێکی لێکدراوی ئینگلیزیی+کۆنجێکشنی کوردیی+ناوێکی داڕێژراوی کوردیی) پێکهاتووە. هەردووکیشیان لە خستنەپاڵیەکی چەند وشەیەك دروستکراون و پەیوەندیی هەریەکە لە وشەکانیان لەسەر بنەمای دیارخەریی و دیارخراویی بوونیادنراون، بە شێوەی (دیارخراو+دیارخەر) ڕێکخراون. هەموو پێکەوە وەك وشەیەکی لێکدراو ڕەفتاردەکەن و لە بۆنە و بووارە سیاسیی و فەرمییەکاندا وەك ناو بۆ شوێن و دەستگایەکی تایبەت و دیاریکراو کە دوو پارتی سیاسیی کوردستانن، بەکاردەهێنرێن.

ئەم دوو نموونەیە، هەرچەند لە ڕووی فۆڕمەوە جیاوازییەکیان هەیە، کە یەکەمیان وشەی */پارت/* ی ئینگلیزیی و دووهەمیشان وشەی */حیزب/*ی عەرەبیی تێکەڵکراوە، هەرچەندە بۆ ئاخێوەری زمانی کوردییش هاوواتان، بەڵام لە دوو وشەکەی تر و شێوەی ڕیزکردنیشاندا هاوشێوەن و وشەی /دیموکرات/یش لە هەردوولا بە هەمان فۆڕم و واتاوە بەکارهێنراوە. وشەکانی */پارت/* و */حیزب/* تایبەتمەندیی دەستگایەکە یان شتێکە بە گشتی، بەڵام وشەی */دیموکرات/* جۆری پارتەکەی لەناو جۆرە ئایدیۆلۆژییەکان جیاکردووەتەوە و وشەی */کوردستان/*یش شوێنی پارتەکەی دەستنیشانکردووە. ئەم دوو فرێزە لە ڕووی واتاشەوە هاوواتان و جیاوازییان نییە، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵەوە لەسەریان، وەك دوو ناو بۆ ناونانی دوو لایەنی سیاسیی جیاواز بەکاردەهێنرێت.

هاوشێوە ئەنالۆژییەکەی ئەم شێوە فرێزە بە لێکسیمبووانە بۆ ئاخێوەری کورد نوێ نین، بەڵکو دیاردەیەکی ئاسایی ناو زمانی کوردییە و ئاخێوەری کوردیی پێی ئاشنایە بۆ نموونە لە (١٣٠-ب)دا */یەکێتی نیشتیمانی کوردستان/*دا بە هەمانشێوە ڕیزبوون و ئەرکەوە ڕێکخراون، بەڵام بەو جیاوازییەی کە کۆدی بیانیی تێکەڵنەکراوە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم فرێزە تێکەڵکراوانە لەسەر هەمان بنەما و قاڵبی فرێزە سینتاکسییە کوردییەکان دروستکراون.

## ٣–٣/ ئەنالۆژیی وشە کورتکراوە کۆد_تێکەڵکراوەکان:

لێرەدا چەند نموونەیەك لەسەر وشە کورتکراوەکان شیدەکەینەوە، کە وەك لە بەشی دووەهەم (بڕوانە وەچەپاری ٢/٣–٥–٤) دا خستماننەڕوو، دوو شێوەی سەرەکییان هەیە، ئەوانیش کورتکردنەوەی دەنگیی/ ئەلفوبێیی (Acronym) و کورتکردنەوەی وشەیی (Clipping)ن.

### ٣–٣–١/ ئەنالۆژیی کورتکراوە وشەییە کۆد_تێکەڵکراوەکان:

١٣١) ـا) /پارتیی/...

ب) /یەکێتیی/...

١٣٢) پارتیی و یەکێتیی کۆدەبنەوە.

لە نموونەکەی (١٣١–ا)دا ( /پارتیی/ لە /پارت+یی/[٦٢]، (ناوێکی ئینگلیزیی+پاشگر) پێکهاتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا کورتکراوەی وشەیی فرێزی ناویی بە لێکسیمبووی (١٣٠–ا) /پارتی دیموکراتی کوردستان/ە و هەمان واتای فرێزەکەش دەگەیەنێت. بە گشتیی ئاخێوەری کورد، بەهۆی درێژی فرێزەکە و زۆر بەکارهێنانییەوە، هەوڵی کورتکردنەوەی دەدات و واتای وشەکەشی گۆڕیوە و لەو شێوەیەی (١٣١–ا)دا دەریدەبڕن، وەك لە (١٣٢–ا)دا خراوەتەڕوو.

ئەم شێوەیەی وشە دروستکردن، کورتکردنەوەی وشە و فرێزە لێکدراوەکانە لە وشەیەك یان زیاتردا و نموونەی (١٣١–ا)یش شێوەی ئەنالۆژییانەی لە زمانی کوردییدا هەیە، وەك لە نموونەکەی (١٣١–ب)دا دەردەکەوێ، چونکە /یەکێتیی/ کورتکراوەی فرێزی (١٣٠–ب) /یەکێتی نیشتیمانی کوردستان/ و هەمان واتای فرێزەکەیش دەگەیەنێت.

### ٣–٣–٢/ ئەنالۆژیی ئەکرۆنێمە دەنگیی/ئەلفوبێییە کۆد_تێکەڵکراوەکان:

١٣٣) ـا) /پەیەدە/...

ب) /کەی ئێن ئێن/...

پ) ئێن ئێن کەی NNK*

---

[٦٢]– هەرچەند وشە ئینگلیزییەکە /Party/یە، بەڵام کورد وەك /پارت/ وەریگرتووە، نەك وەك خۆی /پارتیی/، وەك لە /پارتە سیاسییەکان/ دا دەردەکەوێت.

ت) /CNN,BBC، یونسێف/...

١٣٤) ــا) /پارتی یەکێتیی دیموکرات/...

ب) تۆڕی هەواڵی کوردیی*

پ) Kurdish News Net

ت) نیوز نێتی کوردیی *

١٣٥) ــا) پەیەدە کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەبات.

ب) پارتی یەکێتیی دیموکرات کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەدەبات* .

پ) کەی ئێن ئێن کەناڵێکی حیزبییە.

ج) ئێن ئێن کەی کەناڵێکی حیزبییە.*

نموونەی (١٣٣ــا) /پەیەدە PYD/ کورتکراوەی ئەلفوبێیی /پارتی یەکێتیی دیموکرات/ە، واتە قاڵبی ئەم وشە کورتکراوە لە فرێزە کوردییەکەیەوە وەرگیراوە کە لە فرێزەکەیدا دوو وشەی ئینگلیزیی تێکەڵکراوە و لە کورتکردنەوە ئەلفوبێیەکەیدا بە دەنگێك/پیتێك نوێنراون:

پە P= پارت (ئینگلیزیی)

یە Y= یەکێتیی (کوردیی)

دە D= دیموکرات (ئینگلیزیی)

پێکەوە لە شێوەی وشەیەکی نوێدا بەکاردەهێنرێنەوە و هەمان واتای فرێزەکەیش دەبەخشێت (بڕوانە (١٣٥ــا) و (١٣٥ــب)). بۆ ئاخێوەری زمانی کوردیی لە باشووری کوردستان، هێندەی /پەیەدە/ بەکاردەهێنرێت، نیو هێندەش فرێزە ناوییەکەی /پارتی یەکێتیی دیموکرات/ بەکارناهێنرێت و ڕەنگە زۆرێك لە خەڵکی نەزانن کورتکراوەی چییە، یان هەر لە بنەڕەتەوە کورتکراوەیە، یان نا. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیاردەی ئەکرۆنێم لەناو کوردیی باشووردا تا ڕادەیەك نوێیە، یان زۆر باو نییە، هەروەها زۆرینەی ئەو ئەکرۆنێمانەشی، کە هاتوونەتە ناو زمانەکەوە، ئاخێوەرانی بەشەکانی تری کوردستان بە کاریگەریی ئەلفوبێی لاتینی، لەسەر وشە لێکدراوەکان و فرێزە ناوییەکان دایانڕشتووە. ئەمە بۆ نموونەکانی (١٣٦)یش هەر ڕاستە و دەکرێت بڵێین، شێوەی ئەنالۆژیی یەکترن و وەك وشەیەکی سادە واتادارن و بەکاریشدەهێنرێن.

بەڵام لە (١٣٣–ب)دا /*کەی ئێن ئێن KNN*/ شێوەیەکی جیاوازیی ئەکرۆنیمی کۆد_تێکەڵکراو بەدیدەکەین، چونکە کورتکراوەی ئەلفوبیی فرێزە ئینگلیزییەکەیە کە /*Kurdish News Network*/ە و واتاکەی (تۆڕی هەواڵی کوردیی)یە، کە ئەگەر کورتیبکەینەوە، دەبێتە (ت.هـ.ك). بەڵام ئەگەر فرێزە ئینگلیزییەکەشی بە کوردیی دەربڕین و کورتبکەینەوە دەبێتە /*نیوز نێتی کوردیی NNK*/. کەواتە قاڵبی دروستکردنی ئەم کورتکراوە ئەلفوبێییە بیانییە و وەرمانگرتووە، بەڵام سەرەڕای وشە ئینگلیزییەکان وشەی کوردیی تێکەڵکراوە. بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە ئاخێوەری کورد فرێزەکە و واتای فرێزەکەش نازانێت، بەڵکو تەنها کورتکراوەکە دەناسێت کە وەك ناوێك بەکاردێن بۆ شت و دەستگا و کەس و شوێنەکان، وەك ئەم ئەکرۆنێمە، کە بووە بە ناو بۆ دەستگایەکی ڕاگەیاندنی کوردیی.

ئەم جۆرە ئەکرۆنێمانە ئەمڕۆ لە ناو کورددا بڵاون، وەك نموونەکانی (١٣٣–ا، ب)دا خراونەتەڕوو، لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی وەرگیراون و لەسەر قاڵبی ئەکرۆنێمە ئینگلیزییەکان دروستکراون و هاوشێوەیەکی ئەنالۆژییانەی کورتکراوە ئینگلیزییەکانن کە لە (١٣٣–ت) خراونەتەڕوو، چونکە ئەوانیش کورتکراوەی ئەلفوبیین و لە فرێزە ناوییەکانەوە وەرگیراون.

# ئەنجام

لە پاش شیکردنەوەی بابەتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە و شیکردنەوەی کارەکییانەی نموونەکان، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- دیاردەکانی کۆدگۆڕینەوە و کۆد_تێکەڵکردن (کوردیی-ئینگلیزیی) لە زمانی کوردییدا دوای هاتنە ناوەوەی چەمك ودیاردە و کەرەستە ڕۆژئاواییەکان، زۆر تەشەنەی کردووە و نزیکە ببێتە نەریتێکی کۆمەڵایەتیی.

٢- بە پێچەوانەی ئەو سەچاوانەی پێیانوایە، وشە ئاوێتەکراوەکان ئەنالۆژییانە دروستناکرێن، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە پشتبەستن بە شیکردنەوەی نموونەکان سەلمێنراوە، کە یاسابەندن و قاڵبێکی دیاریکراویان هەیە.

٣- هەموو وشە کۆد_تێکەڵکراوەکانی زمانی کوردیی (کوردیی-ئینگلیزیی) ئەنالۆژییانە و لەسەر بنەمای وشەکانی تری زمانی کوردیی دروستکراون. واتە وشەکانی زمانی کوردیی ئانالۆژییانە پاڵپشتی وشە کۆد_تێکەڵکراوەکان دەکەن، یان پشتڕاستیان دەکەنەوە.

٤- لە ڕێبازەکانی وشە دروستکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا، مێتافۆڕ و وشە وەرگرتن و وشە داهێنان کۆد_تێکەڵکردن تیایاندا ڕوونادات.

٥- ڕێسای وشەلێکدانی (ناو+ناو)، کە یەکەمیان دیارخەرە و دووهەمیان دیارخراوە، هەرچەند لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام باو و بە بڕشت نەبووە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، بە کاریگەریی ڕێسای وشە لێکدانی زمانی ئینگلیزیی (ناو+ناو)، وردە وردە بڵاودەبێتەوە و دەبێتە ڕێسایەکی باوی وشە لێکدان. بە زۆریش بۆ ناونانی شوێنە بازرگانی و تەکنەلۆژییەکان و دەستگا و ڕێکخراوەکان بەکاردەهێنرێت.

٦- ئەو قۆناغانەی، کە فرێزە سینتاکسییەکان بۆ بوون بە لێکسێم پیایاندا تێپەڕدەبن، بۆ وشە کۆد_تێکەڵکراوەکانیش بە هەمان شێوەن و بۆ هەر قۆناغێك فرێزی کۆد_تێکەڵکراوی بە لێکسێمبووی (کوردیی-ئینگلیزیی)مان هەیە.

٧- زۆرینەی وشە ئەکرۆنێمەکان لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستدا فرێز، یان وشە لێکدراوە ئینگلیزییەکەی وەرگیراوە. واتە لە داڕشتنی ئەکرۆنێمەکەدا ڕێسای داڕشتنی ئەکۆرنێمی زمانی ئینگلیزیی پەیڕەوکراوە. بەڵام لە وشە و فرێزانەی کە لە زاری کرمانجیی ژووروووەوە وەرمانگرتوون، بەتایبەت تەوژمی سیاسیی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە داڕشتنی ئەکرۆنێمەکاندا پێڕەوییان لە ڕێساکانی زمانی کوردیی کردووە. واتە یەکەم پیتی وشەکانی وشە لێکدراوەکان، یان فرێزە کوردییەکانیان وەرگرتووە.

# سەرچاوەکان

## کوردییەکان

### یەکەم/ کتێب


١- ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (٢٠١٣)، **ڕێزگرتن لە زمانی کوردییدا**، ، چاپخانەی لەریا–سلێمانیی.

٢- ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، **پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردییدا**، چاپخانەی لەریا–سلێمانیی.

٣- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٧)، **زمان و زار**، چاپخانەی چوارچرا– سلێمانیی.

٤- بێرنارد کەمریێ، جێرید دایەمەند، دەوگ والّن و ک.دەیڤید هاریسن (٢٠٠٧)، **زمان**، و: کامیل محەمەد قەرەداغیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك.

٥- تالّیب حوسێن (٢٠١٤)، **زانستی زمان و زمانی کوردیی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلّات– هەولێر.

٦- حسێنی یەعقوبیی (٢٠٠٧)، **وەرگێڕان و پەیوەندی کەلتوورەکان**، و: ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس – هەولێر.

٧- ڕەحیم سورخی (٢٠٠٨)، **پرۆسەی پێوەندیی جەماوەریی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی–دهۆك.

٨- ڕۆژان نوریی عەبدوللا (٢٠٠٧)، **فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردیی**، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بلّاوکردنەوەی چوارچرا–سلێمانیی.

٩- ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٨)، **ڕستە و پاش ڕستە**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس– هەولێر.

١٠- سازان زاهیر سەعید (٢٠١٣)، **پێزی مۆرفێمە داڕێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا**، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

١١- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، **زمانەوانیی (بەرگی ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، 7)**، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە– هەولێر.

١٢- شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٣)، **تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کەلتوور**، چاپخانەی بینایی.

١٣- شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٤)، **دەربارەی زمانەوانیی**، نارین بۆ چاپ و بلّاوکردنەوە – هەولێر.

١٤- شیروان حوسێن خۆشناو (٢٠١٦)، **توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیی**، دەزگای چاپ و پەخشی نارین – هەولێر.

١٥- شیلان عوسمان (٢٠٠٩)، **کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر – هەولێر.

١٦- عەبدە ئەلڕاجحیی (٢٠١٣)، **زمان و زانستەکانی کۆمەڵ**، و: عەبدوڵڵا گەرمیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

١٧- عەبدولواحید ئەلوافیی (٢٠٠٧)، **زانستی زمان**، و: ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیریی– هەولێر.

١٨- عەبدولواحید موشیر دزەی (٢٠١٤)، **زمانەوانیی دەروونیی**، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر – هەولێر.

١٩- کریستین نۆردنستام (٢٠٠٩)، **زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە**، و: غازی عەلی خورشید، چاپخانەی ڕەنج – سلێمانیی.

٢٠- کۆمەڵێك نووسەر (٢٠٠٩)، **مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان**، و: محەمەد مەحوی، چاپخانەی ڕنج – سلێمانیی.

٢١- لارس مێلین (٢٠١٠)، **سایکۆلۆژیی زمان**، و: غازی عەلی خورشید، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك.

٢٢- لویس جان کالڤیی (٢٠١٢)، **شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانیی**، و: بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی–دهۆك.

٢٣- محەمەد ڕەزا باتنیی (٢٠١٥)، **دەربارەی زمان**، و: ئاکۆ عەبدوڵڵا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە–سلێمانیی.

٢٤- محەمەد مەحوی و نەرمین عومەر ( ٢٠٠٤)، **مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی**، چاپخانەی ژیر – سلێمانیی.

٢٥- محەمەد مەحوی (٢٠٠٩)، **هێما و زانستی هێما (هێما و واتالێکدانەوە)–بەرگی یەکەم**، چاپخانەی پەیوەند.

٢٦- محەمەد مەحوی (٢٠١٠)، **مۆرفۆلۆژیی (کوردیی) – بەرگی یەکەم**، زانکۆی سلێمانیی–سلێمانیی.

٢٧- محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، **لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان**، چاپخانەی موکریانیی– هەولێر.

٢٨- نایف خرما (٢٠١٣)، **چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان**، و: شەهاب شێخ تەییب، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامیی–کەرکوك.

٢٩- نەریمان عەبدوڵڵاخۆشناو (٢٠١٢)، **زار و زمان**، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب– هەولێر.

٣٠- نەریمان عەبدوڵڵاخۆشناو (٢٠١٦)، **زمانەوانیی کارەکیی – بەرگی دووهەم**، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

٣١- نوام چۆمسکیی، (٢٠١٣)، **زمانناسی دیکارتیی**، و: مستەفا غەفور، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی– هەولێر.

٣٢- **هـ**. د. ویدۆوسن (٢٠٠٨)، **سەرەتایەك بۆ زمانەوانیی**، و: هۆشەنگ فارووق، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی– دهۆك.

٣٣- هیمدادی حوسێن (٢٠٠٧)، **دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانیی– دهۆك.

٣٤- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٩)، **ئاسۆیەکی تری زمانەوانیی – بەرگی یەکەم**، چاپی دووهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر.


## دووهەم: نامەی ماستەر و دوکتۆرا:


٣٥- بەهار زایر محەمەد (٢٠٠٩)، **زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان**، (ماستەر)، کۆلێژی زمان – زانکۆی سەڵاحەدین.

٣٦- شادان شوکر (٢٠٠٨)، **زمان تێکەڵکردن لە قسەکردندا**، (ماستەر)، کۆلێژی زمان– زانکۆی سەڵاحەددین.

٣٧- شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤)، **شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردییدا** (ماستەر)، کۆلێژی زمان– زانکۆی سلێمانیی.

٣٨- کسپە ئەبووبەکر عەلی (٢٠١١)، **پەیوەندی بیر و زمان لە کوردییدا** (ماستەر)، کۆلێژی زمان–زانکۆی سلێمانیی.

٣٩- ناهیدە ڕەحمان خەلیل (٢٠١٣)، **زمانفێربوون و دیاردە سایکۆ–فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردیی**، (ماستەر)، بەشی کوردیی– سکوڵی زمان– فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سلێمانیی.

٤٠- نەوزاد ئەنوەر عومەر، (٢٠١٤)، **هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیك لە زمانی کوردییدا**، (دوکتۆرا)، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان–سکوڵی زمان–بەشی کوردیی–زانکۆی سلێمانیی.

٤١- هێمن عەبدولحەمید شەمس (٢٠٠٦)، **شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا**، (ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە– زانکۆی کۆیە.


## سێهەم: لێکۆڵینەوە:


٤٢- کاروان عومەر قادر و شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١٢)، **فێرکردن لە نێوان ڕستە و دەقدا**، بەشی کوردیی– سکوڵی زمان– فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سلێمانیی.

٤٣- محەمەد مەعروف فەتاح(٢٠٠٨)، **زمانی ستاندارد و زمانی یەکگرتوی کوردیی**، دەکادیمیای کوردیی– هەولێر.

## چوارەم: گۆڤار:


٤٤- شەهاب شێخ تەیبب، ٢٠١٠، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٥٧)، **زمان و کۆمەڵ**، چاپخانەی ئاراس– هەولێر.

٤٥- شێرکۆ حەمەئەمین و هێمن عەبدولحەمید شەمس، ٢٠١٠، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، **شێوازی قسەکردنی ژن لە کۆیە (تێڕوانینێکی پراگماتیکیی)**، ژمارە (١٤)، زانکۆی کۆیە.

٤٦- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، ٢٠١٥، گۆڤاری زمانناسی، **دەروزمانی**، ژمارە (١٧)، هەولێر.

٤٧- فارووق عومەر سدیق، ٢٠١٣، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، **پێز و بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردییدا**، ژمارە (٤٢)، **جێپەنجەی فرێزی بە لێکسیمبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردییدا**، ژمارە (٤٣)، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سلێمانیی.

٤٨- کاروان عومەر قادر، ٢٠١٤، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، **درکپێکردنی زمانی ستاندارد و شیانی فێربوونی زمانی دووهەم**، ژمارە (٤٥)، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان– زانکۆی سلێمانیی.

٤٩- محەمەد مەحوی و شاخەوان جەلال، ٢٠١٤، گۆڤاری زانکۆی سلێمانیی، **زمانی ستاندارد**، ژمارە (٤٥)، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانیی.

٥٠- محەمەد مەعروف فەتاح، ١٩٨٦، گۆڤاری ڕۆشنبیریی نوێ، **سنوور و بنەما و ئەرکەکانی کۆزمانەوانیی**، ژمارە (١١٢).

٥١- S.N.Bakir، ٢٠١٠، گۆڤاری زمانناسی، **دایەگلۆسیا لە زمانی کوردییدا**، و: ڕۆژگار جەلال، ژمارە (٦).


### فارسیی


٥٢- محمودزادە، کامیز. (١٣٨٨ی هەتاوی)، **دووزبانگی و ترجمە شفاهی**.


### عەرەبییەکان

## یەکهەم/ کتێب


٥٣- السعران، محمود (١٩٦٣)، **اللغة و المجتمع (رأی و منهج)**، الطبعة الثانيية، الاسكندرية-مصر.

٥٤- افيج، ميلكا (١٩٩٠)، **اتجاهات البحث اللسانى**، ترجمه:سعد عبدالعزيز مصلوح و وفاء كامل فايد، الهيئة العامة لشؤنالمطابع الاميرية.

٥٥- المسدی، عبدالسلام (١٩٨٤)، **دوور التعريب فی تطوير اللغة العربية**، دار التونسية-تونس.

٥٦- اولمان، ستيف (١٩٧٥)، **دوور الكلمة فی اللغة**، ت: كمال محمد بشير، مكتبة الشباب.

٥٧- بارتيشت، بريجيتة (٢٠٠٤)، **مناهج علم اللغة من هرمان باول حتى ناعوم جومسكی**، ت: سعد حسن بحيری، الطبعة الاولی، مؤسسة المختار-القاهرة.

٥٨- بای، ماريو (١٩٩٨)، **اسس علم اللغة**، ترجمه: احمد مختار عمر، الطبعة الثامنة، عالم الكتب-القاهرة.

٥٩- بيبرو، جان (٢٠٠١)، **اللسانيات**، ت: الحواس مسعودی و مفتاح بن عروس، دار اللآفاق.

٦٠- تشاندلر، دانيال (٢٠٠٨)، أسس السيميائية، ت: طلال وهبه، الطبعة الاولی، بيروت - لبنان.

٦١- جاس، سوزان م. و سلينكر، لاری (٢٠٠٩)، **اكتساب اللغة الثانيية**، (الجزء الاول)، ت: ماجد الحمد، جامعة الملك سعود-السعودية.

٦٢- خرما، نايف و حجاج، علی (١٩٨٨)، **اللغات الاجنبية تعليمها و تعلمها**، مطابع الرسالة-الكويت.

٦٣- ديتربووتيج، كارل (٢٠١٠)، **المدخل الى علم اللغة**، ترجمه: سعيد حسن بحيرى، الطبعة الثانيية، مؤسسة المختار.
٦٤- ديساسور، فرديناند (١٩٨٥)، **علم اللغة العام**، ت: يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق العربية-بغداد
٦٥- عبدالعزيز، محمد حسين (١٩٨٣)، **مدخل الى علم اللغة**، دار النمر- جامعة القاهرة.
٦٦- غارمادى، جولييت (١٩٩٠)، **اللسانة الاجتماعية**، ت: خليل احمد خليل، الطبعة الاولى، دار الطليعة-بيروت-لبنان
٦٧- فاسولد، رالف (٢٠٠٠)، **علم اللغة الاجتماعى للمجتمع**، ت: ابراهيم بن صالح بن محمد الفلاى،جامعة الملك سعود-السعودية.
٦٨- لويس، م. م. (١٩٥٩)، **اللغة فى المجتمع**، ترجمه: تمام حسان، دار الاحياء الكتب العربية.
٦٩- مارتيني، اندرية **مبادئ فى اللسانيات العامة**، دار الافاق، www.verypdf.com
٧٠- مارتينى، اندرية (٢٠٠٩)، **وظيفة الالسن و ديناميتها**، ت: نادر سراج، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة- بيروت.
٧١- مالبرج، برتيل (٢٠١٠)، **مدخل الى اللسانيات**، ت: سيد عبدالظاهر، الطبعة الاولى، المركز القومى للترجمة-القاهرة.
٧٢- مجموعة من الكتاب(كتاب دوورى)(٢٠٠٧)، **مفهوم اللغة فى ضووء النظريات اللسانيية الحديثة**، الخربى، محمد محمد محمد، دارغريث- مصر.
٧٣- نهر، هادى (١٩٨٨)، **علم اللغة الاجتماعى عند العرب**، الطبعة الاولى، الجامعة المستنصرية.
٧٤- هدسن (١٩٨٧)، **علم اللغة الاجتماعى**، محمود عبدالغنى عياد، الطبعة الاولى، دار الشؤن الثقافية العامة.

## دووهەم/ نامەی زانكۆيی

٧٥- سهام، بدرى (٢٠١٢)، **دوور المقربة المعجمية فى الاكتساب اللغة الانجليزية و علاقتها بالترجمة**، (رسالة ماجستير)، جامعة الجزائر- كلية الآداب واللغات- قسم الترجمة.

## سێهەم: ڕۆژنامە و گۆڤار:

٧٦- استيتية، سمير شريف (٢٠٠٤)، مجلة (جذور)، **اكتساب اللغة الثانيية- الكفايات و المشكلات**، مجلد (٨)-ج (١٨).
٧٧- العبيدان، موسى بن مصطفى (٢٠٠٤)، مجلة (التراث العربى)، **الممات فى اللغة**، سنة الرابعة والعشرون، العدد (٩٥)، سوريا.
٧٨- بنفنيست، اميل (١٩٩٩)، مجلة (نوافذ)، **الذاتية فى اللغة**، ترجمة: حميد سمير و عمر على، العدد (٩).
٧٩- رشيد، امينة (١٩٨١)، مجلة (الفصول)، **السيميوطيقيا "مفاهيم و ابعاده"**، العدد (٣)، مصر.
٨٠- ساكر، مسعودة (٢٠٠٩)، مجلة (علوم اللغة العربية و آدابها)، **مناهج تحليل الاخطاء اللغوية**، العدد (١)، الجزائر.
٨١- عواريب، حنان (٢٠١٤)، مجلة (الاثر)، **الاسس الاجتماعية لتعليمية اللغة فى ضووء علم اللغة الحديث**، العدد (٢٠).
٨٢- كريستيفا، جوليا (٢٠٠٢)، مجلة (ثقافات)، **اللغة ذلك المجهول**، محمد التحريشى، العدد (٢٥).
٨٣- محمود، إبراهيم كايد (٢٠٠٢)، مجلة (العلمية لجامعة الملك فيصل - العلوم الإنسانيية والإدارية، **العربية الفصحى بين الازدواجية اللغوية والثنائية اللغوية**، المجلد الثالث - العدد الأول.
٨٤- ميخائيل باختين (١٩٨٢)، مجلة (الكرمل)، **الآيدوولوجيا و فلسفة اللغة**، العدد (٦)، مطبعة الكرمل الحديثة- بيروت- لبنان.

## چوارەم: لێكۆڵینەوە:

٨٥- احمد، رشدى و كامل، محمود كامل، **مفهوم اللغة و وظائفها**.

٨٦- الدبيان، ابراهيم بن على (٢٠٠٦)، **الصراع اللغوى**، قسم علم اللغة والدراسات السامية و الشرقية-كلية دارالعلوم-جامعة القاهرة.
٨٧- بوقربة، لطفى ، **محاضرات فى اللسانيات التطبيقية**، جامعة البشار-معهد الادب واللغة- الجزائر.

## ئینگلیزیی و زمانە ئەوروپییەکانی تر:

88- Albert and Obler (1978), **The Bilingual Brain**, NewYork - Academic Press.
89- Anderson, James F.(1967), **Reflections on the Analogy of Being**, Originally published by Martinus Nijhoff, The Hague-Netherlands.
90- Anderson, John M. (2004\5), **Structural analogy and universal grammar**, Bermúdez-Otero, Ricardo and Patrick Honeybone, Linguistic knowledge: perspectives from phonology and from syntax. (Lingua special issue).
91- An-Nasralla, Muayad Juma. (2012), **The Advisability of Using English-Arabic Code Switching as a Teaching Strategy in EFL University Classroom: A Case Study**, مجلة (الاستاذ)، العدد (٢٠١).
92- Aranoff. Mark. and Ress-miller, Janie. (2003), **The Handbook of Lingustics**, Blackwell publishers- USA.
93- Bayley, Robert and Lucas, Ceil (2007), **Sociolinguistic Variation Theories, Methods, and Applications**, Cambridge University Press.
94- Benveniste, Emile. (1966), **Problèmes de linguistique générale**, Paris, Gallimard.
95- Bernistein, Basil (1971-1990), **Class. Codes and Control**, London.
96- Bloomfield, Leonard. (1933), **Language**, NewYork - Holt, Rinehart and Winston.
97- Bullock, Barbara E. and Toribio, Almeida Jacqueline. (2009), **The Cambridge Handbook of Linguistic Code-switching**, Cambridge University Press, www.cambridge.org.
98- Chamberlain, Alexander (2014), **Analogy in the Languages of Primitive Peoples**, The American Journal of Psychology, Vol. 18, No. 4, University of Illinois Press, www.jstor.org.
99- Crystal, David. (1989), **The Cambridge Encyclopedia of Language**, Cambridge-Cambridge University Press.
100- Duranti, Alessandro (2009), **Linguistics Anthropology A Reader,** Wily-blackwell, Second Edition.
101- Dwyer. Susan, Huebner. Bryce, and Hauser. Marc D., (2010), **The Linguistic Analogy: Motivations, Results, and Speculations**, Topics in Cognitive Science, ISSN: 1756-8757 print / 1756-8765 online.
102- Eco, Umberto. (1976), **A Theory of Semiotics,** Bloomington: Indiana University Press.
103- Ferguson, Charles. (1996), **Socio-Linguitic Prespectives (Papers of Language in Society, 1959-1994),** New York-Oxford, Oxford University Press.
104- Fiske, John. (1982), **Introduction to Communication Studies**, London.
105- Hall, Stuard. (1975), **Culture Media Language**, University of Bermingham-London.

106- Hauser, Marc. , Young, Liane. , and Cushman, Fiery (2008), **Reviving Rawls' Linguistic Analogy: Operative Principles and the Causal Structure of Moral Actions**, In Walter Sinnott-Armstrong (ed.), Moral Psychology, Volume 2. MIT Press.

107- Itkonen, Esa. (2005), **Analogy as Structure and Process Approaches in linguistics, cognitive psychology and philosophy of science**, John Benjamins Publishing.

108- Jackobson, Roman. (1990), **On Language**, Cambridge: Harvard University Press.

109- Jukil , Ali M. (2012), **Motivations of Code-Switching in the Classrooms of the Department of English**, (مجلة (الاستاذ)، العدد ٢٠٠) .

110- Llamas, Carmen. , Mullany, Louise. and Stockwell, Peter. (2007), **The Routledge Companion to Sociolinguistic**, London and New York.

111- Myers-Scotton, C. and Jake J.L. (1995), **Matching lemmas in a Bilingual Language Competence and production model: evidence from Intrasentential Codeswitching**. Linguistics 33: 981-1024.

112- Meyerhoff, Miriam. (2006), **Introducing Sociolinguistics**, published in the USA and Canada by Routledge.

113- Mills, Sara. (2003), **Gender and Politeness**, USA-Cambridge University Press-New York.

114- Muysken, Pieter (1995), **Codeswitching and Grammatical theory. In L. Milroy & P. Muysken (Eds.), One speaker two languages: Cross-disciplinary perspectives on code-switching** (pp.177-198). New York: Cambridge University Press.

115- Muysken, Pieter. (2000), **Bilingual Speech (A Typology of Code-Mixing)**, First published, Cambridge University Press-United Kingdom.

116- Prinz, Jesse J. (2008), **Resisting the Linguistic Analogy: A Commentary on Hauser, Young, and Cushman**, In W. Sinnott-Armstrong (Ed.), *Moral Psychology, Volume 2: The Cognitive Science of Morality: Intuition and Diversity*. MIT Press. jesse@subcortex.com.

117- Poplack, S. (1981), **Syntactic Stracture and Social Function of Code-Switching**, INR. P. Durain (Ed).

118- Poplack, S. (1993). **Variation theory and language contact. In D. Preston (Ed.), American dialect research: An anthology celebrating the 100th anniversary of the American Dialect Society,** (pp. 251-286). Amsterdam: Benjamins.

119- Ramasomanana, Rolande. (2005), **Langues et interculturalité, in Aménagements linguistique et diversités**, France.

120- Richards, Jack C. & Rodgers,Theodore Stephen (2001), **Approaches and Methods in Language Teaching**, Cambridge UK, Cambridge University Press, 2nd edition, op.cit.

121- Robert, Jean Pierre (2008), **L'Essentiel Français, Dictionnaire pratique de didactique du FLE**, édition Ophrys, Paris.

122- Roedder, Erica. & Herman, Gilbert. (2008), **Moral Theory: the Linguistic Analogy**, www.princeton.edu/~harman/Papers/Ling-Anal.pdf.

123- Skousen, Royal. , Lonsdale, Deryle. and Parkinson, Dilworth B. (2002), **Analogical Modeling: An exemplar-based approach to language**, John Benjamins Publishing Company Amsterdam –Philadelphia.
124- Spencer-Oatey, Helen. (2008), **Culturally Speaking Culture, Communication, and Politeness Theory,** The Second Edition, Helen Spencer-Oatey and contributors.
125- Tagliamonte, Sali A. (2006), **Analysing sociolinguistic variation**, United States of America by Cambridge University Press, New York
126- Thomas, Linda. , Wareing, Shân. , Singh, Ishtla. , Peccei, Jean Stilwell. , Thornborrow, Joanna. and Jones, Jason. (2004), **Language, society, and power**, Second edition, published in the USA and Canada by Routledge.
127- Winkin Y. (2001), **Anthropologie de la communication**, De la théorie au terrain, éd. Le Seuil.

# الخلاصة

هذه الرسالة تحت عنوان (تماثل تحويل الشفرة فى اللغة الكوردية)، في إطار قوانين علم الصرف في اللغة الكوردية، و هى دراسة حول ظواهر تحويل الشفرة و دمجها فى إطار علم اللغة الإجتماعي.
تنقسم الرسالة على ثلاثة فصول على هذا النحو:
الفصل الأول/ نبذة حول علم اللغة الإجتماعي و العلاقة بين اللغة و المجمتع: بالنظر الى الإنفتاح و التغيرات الإجتماعية و الثقافية و التراثية التي حدثت فى المجتمع الكوردي، مع الأدوات و الظواهر الجديدة التي دخلتها، لذا قسمت هذا الفصل الى ثلاثة مباحث. ففي مبحثه الأول تناولت (علم اللغة الإجتماعي)، حيث ركزت على علاقة اللغة و المجتمع و تأثراتهما على بعضهما البعض، و المجتمع الكلامي، و التنوع اللغوي، و أساليب الكلام للفرد و المجتمع، و أسباب التغيرات اللغوية. و جاء المبحث الثاني تحت عنوان (التغير اللغوي في تعلّم اللغة الثانية)، إذ تناولت فيه إكتساب اللغة و تعلم اللغة الثانية و تعليمها. و هذا بالاستناد على نظريات و طرق تعليم اللغة. و كرست المبحث الثالث لـ (تأثير التنوع اللغوي في تعليم اللغة الثانية). حيث سلطت الضووء على ثنائية اللغة و إزدواج اللغوي و أنواعهما و أسبابهما و ظروف حدوثهما و تأثيرهما في تعلم اللغة الثانية.
الفصل الثاني/ تماثل الشفرة و تبديلها فى اللغة الكوردية: جاء هذا الفصل على ثلاثة مباحث على منوال الفصل الأول، حيث خصصت المبحث الأول لـ (الشيفرة) و تناولت فيه الشفرة و أنواعها و وظائفها، و تشفير و تفكيك الشفرات في عملية التواصل، و عناصر التواصل وأساليب الكلامة و كفاءة تشفير و تفكيك الشفة. و جاء المبحث الثاني بعنوان (تبديل الشفرة و خلطها) حيث درسنا فيه تبديل و خلط الشفرة، بالإشارة الى نظرياتهما في اللغة، و أسباب حدوثهما و مستوياتهما اللغوية المختلفة، و ذلك كله بالاستشهاد الى الأمثلة التطبيقية من التخاطب اليومي للذين يجيون لغة أخرى بالاضافة الى لغة الأم.
و المبحث الثالث جاء تحت عنوان (التماثل و التماثل اللغوي)، إذ درسنا فيه التماثل و التماثل اللغوي و تماثل الكلمة. ثم ركزنا على تماثل الكلمة و قوانين و صيغ صنع الكلمات ( إبتكاراً و تركيبا) في اللغة الكوردية. و في ختام هذا القسم ذكرنا تماثل تحويل الشفرة.
الفصل الثالث/ تماثلية الكلمات المختلطة: طبقنا هذا الفصل على مجموعة من الكلمات المصنوعة من (كلمة كوردية و كلمة إنجليزية)، التي صنعت تماثلاً للكلمات الأصلية في اللغة الكوردية، شارحا من حيث الشكل و المعنى (السيَمانتيكي و البراغماتيكي). لذا قسمنا الفصل على ثلاثة مباحث. فالمبحث الأول جاء تحت عنوان (تماثلية الشكل و المعنى للكلمات المختلطة) درسنا فيه الإبداع الكلمات و إقتراضها كطريقتين لا تنسجمان مع موضوعنا الاساسي (تماثلية الكلمات المختلطة)، لان خلط الشفرة لا يحدث فيهما. ثم تناولنا الكلمات المركبة المختلطة بالشرح و التحليل. و أما المبحث الثاني فقد جاء تحت عنوان (العبارات النحوية المخطلة ) حيث أتينا بنماذج من العبارات النحوية المختلطة التى تحولت الى كلمات معجمية. و المبحث الثالث جاء تحت عنوان (الكلمات المختصرة المخطلة) إذ حللنا نماذج من الكلمات المختصرة المختلطة ابجديا و لفظيا. و ختمت الدراسة بعدد من النتائج.

# *Abstract*

The title of the study is "Analogy of Code-Switching in Kurdish Language". In this study, the Code-Switching and Code-Mixing in sociolinguistics are explained. Further, the core of this study consists of three chapters:

Chapter One\ Sociolinguistics:

Basically, the first chapter deals with these parts (sociolinguistics, Function of language variation in language learning, and effect of Multilanguage in second language learning).

It can be stated that the first part of the study explicates all social and an opening social to the entire world. Furthermore, all the changes in social, literacy and foreign cultures that had happened in the Kurd's society in spite of the recent phenomena that entered to the society are clarified. On the other hand, the relationship between language and society also their influences upon each other are mentioned. Then, the study shows some speakers and their language sorts, behaviors in single or groups and the cause of changing their languages is also given.

The second part of the study shows language accusation device and second language learning through many theories and methods of learning, finally, Multilanguage is studied.

Furthermore, bilingually of language (diglossia) and (bilingual) that deal with the cause, sort and the situation of happening and using the language are explained in the third part.

Chapter Two\ Analogy of Code and Code-Switching in Kurdish Language:

This chapter consists of three major parts which include (code, code switching and code mixing, analogy and language analogy).

In the first part, the code and its types, encoding and decoding, the code's sociological function, encoding and decoding in the communication process are clarified. Nonetheless, the style of encoding and decoding, elements of encoding and decoding (speaker, receiver, channel, subject, environment, and situation) are also explained. Finally, the encoding and decoding competence is exemplified.

In the second part, the code switching and code mixing, the cause of their happening, theories and the level of languages are studied. Further, they all clarify with a daily speech by Kurdish speakers.

In the third part, (Analogy, language analogy, and word analogy) are explained. Moreover, the production of language items analogically is given. Then, the study insists on word analogy and the rule of creating words in the Kurdish language. After that, the code-switching analogy is clarified.

Chapter Three\ Analogy of Code-Mixing Words:

In this chapter, the study shows some words such as practical examples of code mixing of Kurdish and English language that analogically formed on the basis of the other Kurdish words. It is also explained through forms and meanings (semantically, and pragmatically). The structure is divided into three parts: (analogy of form and meaning of code-mixing words, Analogy of mixed code lexical phrases, Analogy of mixed code acronym and back-formation).

In the first part, some morphological words which include (Derivational words, Compound words, Compound-Derivational words, and Blending Words) are exemplified. In the second part, the process of being lexical-syntactical phrases is studied. In the third part, Alphabetic acronym and backformation words are explained.